# گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی

فەرهاد شاکەلی

لێکۆڵینەوە

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
محەممەد خزری ئەقدەم

# گێڕانەوەی
# مۆدێرنی
# کوردی

سرشناسه : شاکلی، فرهاد، ۱۹۵۱ -م.
Shakely, Ferhad
عنوان و نام پدیدآور : گیرانه‌وه‌ی مودیرنی کوردی (تویژینه‌وه -زانستگه‌ی توپسالا)/
نووسه‌ر فه‌رهاد شاکه‌لی؛ وه‌رگیران له ئینگیلیزییه‌وه محه‌مه‌د خزرینه‌قده‌م.
مشخصات نشر :سنندج: مادیار، ۱۳۹۹.
مشخصات ظاهری :۱۷۶ ص.
شابک: ۹۷۸-۶۲۲-۶۵۲۵-۵۲-۷
وضعیت فهرست نویسی :فیپا
یادداشت : کردی.
یادداشت : عنوان اصلی: The modern Kurdish short story, ۲۰۱۶.
موضوع : داستان‌های کوتاه کردی --قرن ۲۰ --تاریخ و نقد
موضوع : Short stories, Kurdish -- ۲۰th century -- History and criticism
شناسه افزوده: خضری اقدم، محمد، ۱۳۶۴-، مترجم
رده بندی کنگره: PIR۳۲۵۶
رده بندی دیویی: ۸۹/۲۳۰۸فا۸
شماره کتابشناسی ملی : ۵۸۸۱۹۱۲

گێڕانده‌وه‌ی مۆدێرنی کوردی
ISBN:978-622-6525-84-8
انتشارات مادیار ۵۹۵۰۰ تومان

# گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی

فەرهاد
شاکەلی

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
محەمەد خزری ئەقدەم

کتێب: گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی

نووسەر: فەرهاد شاکەلی

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: محەممەد خزری ئەقدەم

پەڕبەندی: هەرمان سالاری

ڕووبەرگ: شیلان هووشیاری

نۆرەی چاپ: یەکەم ١٣٩٩ - ٢٠٢٠

ئەژمار: ١٠٠٠ دانە

شابەک: ٩٧٨-٦٢٢-٦٥٢٥-٥٢-٧

ناونیشان: سنە، چوارڕیانی شوهەدا، پاساژی عزەتی، وەشانخانەی مادیار؛ ٨٧٣٣١٢٤٤٤٥ (٠٠٩٨)

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە

ناو و یادی شەنگەسواری پەخشانی مۆدێرنی کوردی:

جەلادەت عالی بەدرخان

# لیزگەی بابەتەکان


پێزانینی وەرگێڕ ........ ٩
وتەی وەرگێڕ ........ ١١
وتەی نووسەر ........ ١٧
پێشەکی ........ ٣١
پاشخانی مێژوویی و بیبلیۆگرافی ........ ٥١
پەخشانە بەراییەکان ........ ٥١
ڕۆژنامەگەری ........ ٥٤
گێڕانەوەی مۆدێرن ........ ٥٧
دەستپێکی ئەزموونگەرا (١٩١٣-١٩٣٩) ........ ٥٧
نەوەی گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) ........ ٦٥
نووسەرانی بەبرەو (١٩٥٠-١٩٦٩) ........ ٧٣
نەوەیەکی نوێ ........ ٨٠

ناوەڕۆکی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی ..... ٨٩
مێژووی کورد ..... ٩١
کێشەی چینایەتی ..... ٩٦
خەباتی نەتەوایەتی ..... ١٠٤
پرسی ژنان ..... ١١٥
دواکەوتوویی ..... ١٢٤
فۆرم لە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا ..... ١٢٩
فۆرمی دەرەوە ..... ١٣٠
فۆرمی ناوەوە ..... ١٣٢
زمان و فۆرمی دەربڕین ..... ١٣٧
سووکەئاوڕێک لە بەرهەمی ساڵەکانی (١٩٨٨-٢٠٠٠) ..... ١٤١
پاشخانی سیاسی ..... ١٤١
سەراسوێیەکی بەرهەمەکان ..... ١٤٧
ئەنجامگری ..... ١٥٩
کتێبنامە ..... ١٦٣
لێزگەی ناوەکان ..... ١٦٩

# پێزانینی وەرگێڕ

وەرگێڕانی ئـەم پەڕتووکە، جیا لـەوەی بوو بە دەرفەتێک بۆ ئـەوەی بچمە وێژەی بەرهەمی بەشـێ لـە وێژەوانانی مۆدێرنی کـوردی و گوردی خۆمیان لـێ بگرم، بوو بە بەختێکیش بۆ ئەوەی بتوانم بە دەربەسـتی ببمە سپاسـوێژی ئەوانـەی وا لەم ڕێگەیەدا هەریەکەو بە لەونێ باڵی یارمەتییان بۆ ڕائەنگاوتم، کە لەو پێوەندییەدا پێویسـتە پێشەمی بدەم بە بنەماڵەکەم لەبەر داژدارییی دەروەستانەیان لەنێو ئەو ڕەوشە تووش و تنووکەی وا ئاسمان هەر دێ و لێمان دوور دەبێتەوە و زەویش پێم وا نییە جارێ ڕووی نەرمیی بنوێنێ.

ئەوجار، دەبێ باسی بەڕێز د. فەرهاد شاکەلی بکەم کە وەک خاوەنی دەق، جیا لەوەی ئیزنی ئەم کارەی دامێ، بە پێداهاتنەوە بە تێکسـتی وەرگێڕدراو، لاباری سەنگەلای منی هاوسەنگ کردەوە. ئەشێ ئاماژەش بە ڕێزدار ناسر ئیبراهیمزادە بکەم کە بە خوێندنەوەی بەر لە چاپی کارەکە، گەلێ چەوت و لاری بۆ ڕاست کردمەوە.

پێویستیشە باسی مامۆسـتایان ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل، ڕەئووف بێگەرد و د. نەجاتی عەبدوڵڵا بکەم کە بە ناردنی هەندێ لە تێکسـتە نایابـەکان، ڕەوتی ڕاییکردنی کارەکەمیان ڕاست هێنا.

وەشـانخانەی مادیاریش لەبیر ناکەم کە لە شـەوگوردم هات و گوردانە دەستی دایە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم پەڕتووکە.

# وتەی وەرگێڕ

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تووڕدراو لەم جیهانە، ڕێونگی ڕێیەکە وا لەنێوانی بوون و نەبووندایە. ڕێ و بازێک کە هەرکەسێ بە جۆرێ لە جۆرەکان دەیبڕێ. لێرەدایە کە هەندێک بۆخۆیان چۆنێتیی ڕێدەرکردن و ڕێگەبڕینەکە دیاریی دەکەن و تاقمێکی تریش بۆیان ڕۆدەنرێ. بە واتایەکی تر، دەستەی یەکەم مرۆڤە ڕەسەنەکانن[1] کە خۆیان بنووس و بکەری کرداریانن و بوون و مانیان لە سۆنگەی خۆیانەوەیە. بە پێچەوانەوە، مرۆڤە ناڕەسەن[2] و نامۆکان نەک تەنیا دروستکەر و داڕێژەری ڕۆک و ناوەڕۆکی خۆیان و بڕیاردەری ئەم قوڵەسەفەرە نین، بەڵکوو وەک بەرکار و کارلێکراوێک هەوساری هەستونەستیان دەکەنە دەسکەلای دەستی ئەوانی ترەوە و هەبوونی خۆشیان دەپەستێونە نێو قەپێلکی ناچارەکییەوە و لە بۆتەی ئەوانی دیکەدا دەتوێنەوە.

ئەگەر لەو ڕۆچنەیەوە بڕوانینە ئەم بارە بوونناسییە،[3] دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین کە نەزانین و خۆنەناسین یەکێ بن لە هۆکارەکانی ئەم ناڕەسەنێتییە؛ چونکە مرۆڤی نەبان و بانێنراو زێتر و بێتر لەوانی تر، مەترسیی ئەوەی لەسەرە پرزەی بیری ڕووناکیی لێ ببڕێ و نغرۆی گێژاوی ژیانێکی قەڵب و قەستی بێ. لەو نێوەدا، بەپێی مێژووی بیری بەرەی مرۆڤ، هەر لە ڕاسپاردە ئاسمانییەکانەوە بگرە تا دەگاتە گفتی فەلسەفەڤان و مۆژی

1. Authentic
2. Inauthentic
3. Ontologic

پیتۆڵان، دەبینین جەختێکی لەڕادەبەدەر لەسەر زانین کراوە و لەنێو بەشەکانی زانین و زانیاریشدا، خۆناسین[1] سەنگێکی زاقی لێ نراوە و بووەتە کاکڵی گشت زانستەکان و وەک بنرەخ و بنواشەی ژیانێکی ڕاستەوانە پێناسە کراوە.

بێتوو لەم ڕووەوە پتر ورد ببینەوە و مژارەکانی لە کەو دەین، دەردەکەوێ کە خۆناسین وەک بابەتێکی فرەڕەهەند، هەڵگری چەندین ئاستە و ئەوەش لەوەوە ئاو دەخواتەوە کە مرۆڤ خاوەنی ماکێکی فرەلوێیە. لەو بوارەوە، لایەنی تاکی[2] و جڤاکیی[3] مرۆڤ دوو جەمسەری گرینگی ئەم کرۆک و گەوهەرە پێک دێنن. هەر بەپێی ئەم دوو جەمسەرەش، دەکرێ خۆناسینیش دابەش بکرێ بەسەر ناسینی ئەو بوارانەی لە ناوەوەی مرۆڤدان و هەروەها ئەو بەشانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی خۆکەسێتی ئەو، واتە سیستێم و پەرگاڵی کۆمەڵایەتی،[4] کە ئەویش وەک گۆڕەپانێکی بەرین و بێپەرژین هەڵگری چەندین بەشە لە خۆیدا. یەک لەو بەشانەی گرێدراوی خودی گشتی و جڤاکیی[5] مرۆڤە، وێژەیە؛ وێژەش وەک لەرانەوەی تەلی هەست و نەستی مرۆڤ لە لایەک و زایەڵەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی تر، سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ خۆناسین و گەڕانەوە بۆ خود بە چەشنێک کە مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەدەبییات دەتوانێ بەشێ لە ڕاستییەکانی ژیانی خۆی، کە گرێدراوی ڕابردوو و ئەمڕۆی ئەوانی ترە، هەڵێنجێنێ.

لێرەدا؛ وێژەی مۆدێرن لە چاو جۆرەکانی تر هەڵگری ماتەوزەیەکی پترە و ئامیار و ئاریکارێکی باشتریشە بۆ مرۆڤی وەیلان بە شوێن خۆیدا بە چەشنێک کە ئادەمیزاد لە کلاوڕۆژنەی ئەدەبیاتەوە دەتوانێ سەر بە ماڵی ڕابردوو، زەینییەت،[6] ژیوار و ژینگاری خۆی و ئەوانی تردا بکا و جێگەوپێگەی ئێستای خۆی باشتر بناسێ. هەر لەم سۆنگەیەوە، ئەم ڕاستییە بۆ مرۆڤی کوردیش دەتوانێ لە سەرێکەوە ببێتە پێودانێک بۆ ناسینی خۆی

1. Self Knowledge
2. Individual Aspects
3. Social Aspects
4. Social System
5. Social Ego
6. Mentality

و مێــژوو و ماکی ئەدەبەکەی و لە ســەرێکی تریشــەوە، دەتوانێ ببێتــە دەلاقەیەک بۆ سەرەتاتکێی بەشێک لە ڕاستییەکان و سەراســوێی ئاوەز و ئاخاڤتەی زاڵ بەسەر خۆی و دەوروپشتیدا. جگە لەوانە، لە ئالیی جوانیناسیشەوە[1] ناخی وشکارۆ و پرسۆی بە ئاوی کانیاوی ئەدەبەکەی ئاوپرژێن دەبێ و ڕۆحی پڕژەنگ‌وژار و شــەکەت و شەلاڵیشی بە شنەی شەماڵی دیرۆکەکەی فێنکاییی پێ دەبەخشرێ.

بەپێی ئــەو گرینگایەتییەی وا لەبــارەی ئەدەبیات بە گشــتی و ئەدەبی مۆدێرن بە تایبەتی لە ســەرەوە باسی لێوە کرا، دەشــێ خوێنەر جگە لە چنینەوەی بەری بەرهەمی باهــۆی وێژەوانان، وەک ڕووبارێکــی بەخوڕوخرۆش بە ناخــی ڕەوت و گۆڕانکارییە ئەدەبییەکانیشدا بچێتە خوارێ و مێژووی وێژە وەک چلۆنایەتیی گووڕانی دەلاوی هزر و هۆشی کۆمەڵگەکەی سەیر بکا و بیکاتە دەراوێکی ڕوون بۆ پەیجۆریی پتر لەسەر خۆی و باشتر بەدیکردنی ژیان و ژیانگەی.

****

لــەو پێوەندییــەدا، بەبێ مەرایی دەتوانــم بڵێم کە پەڕتووکی بەردەســتتان کارێکی سەرەتایی و خنجیلانەیە بۆ بەرکوتی خەرمانی وێژەی نۆژینی کوردی و بەردەبازێکیشە بــۆ بازدان بەرەو ئەو مەبەســتانەی لە ســەرەوەدا لەســەریان ڕۆیشــتین. بەرهەمێک کە بەروبــاوی شــۆموتۆمی ئەدیــب و ئاکادیمیســتێکی گۆڕەپانی فەرهەنگــی کوردی و هەوڵێکی شــێوازمەندە[2] لەم بــوارەدا؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەتوانــێ ژێدەرێک بێ بۆ هەڵێنجانی گەلێک زانیاری لەسەر ڕەوتی ڕسکان، سەرهەڵدان و فراژووبوونی گێڕانەوەی نۆژینی کوردی، بە لەبەرچاوگرتنی بەستێنە مێژوویی و سیاسییەکەیدا؛ چونکینێ نووسەر بــە لاکردنی بە لای ئاڵوگــۆڕە کۆمەلایەتی و ڕامیارییەکان و شــەنوکەوی کارتێکەریی ئەوان لەســەر وێژەی کوردی، وێنایەکــی ڕوونتر لە بەرهەمە ئەدەبییــەکان ڕادەنێ و بە هەڵدانەوەی ڕووپەڕەکانی مێژووی لەدایکبوونی دەقی پەخشانی کوردیش، بنواشەیەکی

1. Aesthetics
2. Methodic

بتەو بۆ باسەکان دادەنێ و ئەدەبی مۆدێرنی کوردی بە ڕابردووە گرێ دەدا و لەو ڕوویەوە، شوناسـی هەنووکە لە ئاوێنەی دوێکـەدا دەبینێتەوە و ئەمـڕۆش وەک بەردی بناغەی داهاتوو سەیر دەکا.

شـیاوی ئاماژەیە کە لەم کارەدا، لەپاڵ بەسـەرکردنەوەی بەرهەمی گشت بەشەکانی نیشتگە و نیشتمانی کورد، خوارووی کوردستان بووەتە گۆڕەپانی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە. ئەمەش لە لایەک دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی وا ئەو مەڵبەندە بە هۆی تێکەوتن لە دۆخێکی تایبەتی جیۆپۆلیتیکییەوە، بەرەوڕووی گەلێک دەرفەتی لەبار بۆ چێبوونی سیاسەتێکی زمانـی[1] و پەروەردەییـی[2] خۆیی بووەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆکارێک هەتا ئەم بەشـە ببێتە لانکی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی لەو کاتدا و لەم سۆنگەشەوە بۆ توێژینەوە کێشەرتر بـێ. لە لایەکی ترەوە، دەگەڕێتەوە سـەر تایبەتمەندیی مژاری لێکۆڵینەوەی زانسـتی و بەربڵاونەبوونی گۆڕەپانی کار و پێویسـتیی بەرتەسککردنەوەی بەرکاری ئاکادیمیک[3] بۆ ڕۆچوونی زێدەتر بە مەبەسـتی دەردەسـتکردنی زانیارییە نەبەدییەکان و بەدیکردنی دیوی نەدیوی دیاردەکان و زەلالکردنی سـووچە پێوارەکان بۆ دۆزینەوەی نەدۆزراو و نەوتراوەکان.

****

لە بابەت وەرگێڕانی ئەم پەڕتووکەش دەبێ بڵێم کە سـەبارەت بە کورەک و کاکڵی ئاکادیمیکی بەرهەمەکە، ئەوەندەی بـۆم لوابێ جڵەوی وەرگێڕانی دەقاودەقم بەرنەداوە هەتـا لە جەغـز و جەرگی کارەکە نەترازێم، بـەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە بـە وەرگێڕانێکی ڕەق‌وتەق ساچابێتم و دەینداریکی بەبەینەتی ڕەسەنایەتیی زمانەکەم نەبوویێتم و سەری سـەربەمۆری گەنجینەی زمانۆک و زاراوە و وشەدووانەکانیم لانەبردبێ، یان ئەوەی کە پەساپەسـا بە ئاسـمانی تەیمانی تەنیا زاراوەیەکدا جەغزم کێشابێ و لە چەپەری هەمان

1. Linguistic Policy
2. Educational Policy
3. Academic Subject

بنزار و شێوەزاریشدا هەڵنیشتبێتم، بەڵکوو ئەوەندەی بیرم بڕی کردبێ و بیرگەم بنباڵی گرتبێتم، نیازم وابووە بەپێی نیازم کەڵکی خۆم لە شەنگەداری زمانەکەم لێ کەمەوە و کارەکەشم لەسەر چڵۆپکی ئەودا جێ کەمەوە، کەچی بەو حاڵەشەوە دڵنیام لە مەیدانی کردەوەدا و لە ڕاوی ئەم ئامانجانەدا، تەماڵم هەڵنەگرتووەتەوە. جگە لەوە، بە هۆی ئەوەی لە بواری ئەدەبیاتەوە پەیژەکانی زانستیم نەبڕیوە، سروشتی بووە کە لە هەندێ شوێن هەودای بیرم پسابێ، یا پێنووسم تلاسابێ و لەسەر ئەسپی خەیاڵ گلابم. لەگەل ئەمەشا، مەراقم هاویشتووەتە سەر و لە جەختا بووم بۆ ئەوەی زیاتر لە پێزوهێزم گاڵە بکەم و وەک ڕموودەیەکی وێژە و دەق ئەو کارە باوێمە باوەشی زمانی کوردی، بۆ ئەوەی بەو هەنگاوە گچکەیە بەردێکم لەبان بەردێکی تەلاری مێژووی وێژەی کوردی دانابێ. هاوکات لەسەر ئەوەش، ئۆگران و ئەزموونداران و ئاکادیمیسییەنانی ئەدەبی کوردییش بتوانن بەپێی ئەم پێودانگەوە پێبەستی پێوانی ڕێگەی پتر و کەندەوەوکۆژەوەی دوڕناسانە و کارناسانە بن لەم بوارەدا.

لە دوادواییدا، دەبێ بڵێم قسە زۆرە و چەشنی هەودای دوورمەودا بنەی نایە، بەڵام لێرەدا بەوەندە دەکەم ڕەسا و چیی تر وشە و وتان لێزگە ناکەم؛ چونکە دانەر بە نووسینی پێشگوتنێکی خەست ئەوەی لە دیزەیدا بووە لە ئەسکوێی کردووە و ئەو ئەرک‌وئورکەی لەسەر شانی‌ من هەڵگرتووە. تەنیا یەک شت دەمێنێتەوە و ئەویش ئەوەیە کە وەکوو وەرگێڕ لە داوێنی هەندێ بابەتدا شتێکم نووسیوە و ناوێکی تریشم کردووەتە سەردێڕ و سەربەندی کارەکە هەتا باشتر بتوانێ مەبەست و کڕوکی کتێبەکە لە ئامێز بگرێ.[1]

محەممەد خزری ئەقدەم

سەرماوەزی ١٣٩٧

مەهاباد

---

١. سەردێڕی دەقاودەقی ئەم کتێبە «کورتەچیرۆکی مۆدیرنی کوردی»یە، بەڵام بەپێی ئەو وێنا گشتییەی لەو تێکستە هەڵمهێنجاوە، بۆ «گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی» گۆڕیومە. لەو بوارەشەوە لام وابووە کە ئەو ناوە باشتر دەتوانێ دەربڕی ناوەڕۆک و کاکڵی باسەکە بێ.

# وتەی نووسەر

ئـەم لێکۆڵینەوەیە سـەربردەی خۆی هەیە کـە لێرەدا نامەوێ لـەدووی بچم. تەنیا دەبێ بڵێم بەشـی هەرەزۆری کارەکە لە سەرەتای نەوەدەکان و ئەوکاتەی بارودۆخێکی مەترسیداری سیاسی و فەرهەنگی باڵی بەسـەر کوردستاندا کێشابوو، نووسراوە و تێیدا کۆی ئەو کارانە بەسـەرکراونەتەوە کە تا ساڵی ١٩٨٨ بەرهەم هاتوون؛ ساڵێک کە لەودا دایکی نیشـتمان کەوتە ژێر تاوێرەبەردی ڕۆژگاری لارگەڕ و چەرخی چەپگەرد، بەڵام دواجار وەرەق وەرسووڕا و خۆری سەرکەوتن دای لە دەرگای ئەو وڵاتە و لەگەڵ خۆی مزگێنیی پێشـکەوتنی گەورەی لـە هەرێمەکانی ڕامیاری و فەرهەنـگ بە دیاری هێنا؛ بۆیە کاتێک تێزەکەم لە ساڵی ٢٠٠٢دا ئامادە دەکرد، پێویستیی پێوەلکاندنی بڕگەیەکی دیکەم هەست پێ کرد هەتا بپەرژێتە سەر ئەو چیرۆک و ڕۆمانە کوردییانەی کە لە بنەبانی سەدەی بیستەمدا نووسرابوون و بەر لەوە لە لایەن توێژەرانەوە سەردەقیان نەشکابوو.

ئەوا ئێسـتاکە چواردە ساڵ لە نووسـینی کارەکەم گوزەراوە و پاش ئەم ماوەیە نیازمە ئامـادەی چـاپ و بڵاوکردنەوەی بکەم، کەچـێ هەنووکەش پێم وایـە هەندێ بابەتی پێوەندیدار بە وێژەی کوردی هەیە، کە لێرەکانێ حەوجەمەندی باسکردنن. ئەگەرچی ئەم باسوخواسانە لە بازنەی لێکۆڵینەوەی ئێستادا ناگونجێن، بەڵام دەکرێ لە شوێنی تردا بێنە گۆڕێ بۆ گفتوگۆ لەسەر وێژەی کوردی. گرینگیی ئەم بابەتانە لەو ڕاستییەوە هەڵدەقوڵێ

کە دواجار بە هۆی ئەم گەنگەشـانەوە سەر دەسوێی بەشێکی سەرنجڕاکێشی دوێنێ و ئەمڕۆمان دەنرێتەوە و لە ڕێگەی ئەم جۆرە سەرەتاتکێیانەشە کە تێگەیشتن لە هەرچەشنە گەشەونەشەیەکی گۆڕەپانی فەرهەنگ و وێژەی کوردستان، دەردەست دەبێ.

## کوردستانێکی مەیلەوسەربەخۆ

لە دەستپێکی نەوەدەکانەوە قۆناخێکی نوێ و یەکلاییکەرەوە لە کوردستانی عێراق و هەموو بەشەکانی تری نیشتماندا هاتووەتە ئاراوە.لەو قۆناخەدا هەندێ بابەتی چاوڕاکێشی وەک دامەزرانی هەرێمێکی فێدراڵی نیوەسەربەخۆ، حەولودەولی بێپسانەوە بە مەبەستی بناخەدارێژی و بەهێزکردنی دامەزراوەگەلی ڕامیاری، ئابووری و فەرهەنگی دەبینرێ و گەلێک ڕێکخراو و دامەزراوەی پەروەردەیی و فەرهەنگییش وەکوو وێسـتگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیـۆن، گۆڤار، ڕۆژنامە، زانکۆ، ڕێکخـراو، ناوەند، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە، پێشـانگەی کتێب و گەلێک شـتی تری ئەوها، لەو مەودایەدا پێیان ناوەتە گۆڕەپانەوە. هاوکات لەژێر سـاباتی ئەو دۆخەدا، ئازادیی ڕادەربڕین ڕێزی لێ دەگیرێ، نووسـەران و هونەرمەندان باربوو دەکرێن و بەشـێک لە ئازادیخوازان، خوێندکاران، نووسـەران، هونەروەران و بەجەوهەرانی پارچەکانی دیکەش لەوێ دەگیرسێنەوە.

لە ئاکامێ ئەم ڕەوشەدا و لە سۆنگەی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و زانیارییەوە، گۆڕانی گەورەی فەرهەنگی لە دڵی کوردسـتانی عێراقدا چەکەرە دەسـتێنێ و پەلوپۆ داوێژێتە هەموو بەشـەکانی تری کوردستان و دەرەوەی وڵاتیشـەوە. بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکان لە ڕێگەی مانگی دەسـتکردەوە بەسـتێنی بەدواداچوونی وردی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان دەرەخسـێنن و خوێنەرانی کوردیش بە بۆنەی ئینتەرنەتەوە دەستیان دەگاتە بەشـێکی زۆری ئەو ڕۆژنامە، گۆڤار و پەڕتووک و بابەتە کوردییانەی لە کوردستان، یان لە هەرشـوێنێکی تردا چاپ و بڵاو دەبنەوە، بەڵام بەم حاڵەشـەوە ناکرێ حاشـا لە بڕێ هەرچیوپەرچێتـی و تێکەولێکەیی بکرێ و دان نەنرێ بەسـەر نەبوونی سیاسـەتێکی

بەردڵگر و تۆکمەی فەرهەنگی و زمانی لەو بەشەی کوردستاندا؛ سیاسەت و ڕێنامەیەک کـە لە نەبوونی ئـەودا ڕۆژنامە، حەفتەنامە، مانگنامـە و وەرزنامەیەکی زۆر کە هەنووکە خۆیان لە سـەرووی شەش سـەد دەدەن، بۆ حەشـیمەتێکی شـەش میلیۆن کەسی کە فرەیەکی نەخوێندەوارە، وەک ڕێژەیەکی یەکجار نالۆژیکی دێتە بەرچاو و دەبێتە هۆی سەرسووڕمان و واقوڕمان، یان ئەوەی کە ڕوخساری ڕووکار و ڕواڵەتیی فەرهەنگی ڕۆژاوا دزە دەکاتـە نێو ژیانی ڕۆژانەی مەردم و ڕەنگی خۆی هەڵدەسـوێتە بەرنامەی زۆربەی کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانەوە.[1] هەر لە ئاکامی نەبوونی سیاسەت و تەگبیرێکی وەهادایە کە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێرگە هەڵدەزنێ و دەکەوێتە زەلکاوی میدیای گشتی و ناوەندە فێرکارییەکانەوە. دیسانەوە، لە نەبوونی سیاسەتێکی پەروەردەییدایە کە ئەمێستا جیلێکی قوتابی و خوێندکار پێ گەیوە، کە جگە لە کوردییەکی سەروگوێلاکشکاو، سەرەدەر لە چ زمانێکی تر دەرناکا. لەوانەش بترازێ، یاداشـت و وتارگەلێک لەنێو چاپەمەنییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە کە هەڵەیەکی زۆری ڕێزمانی و ڕێنووسی و چاپییان لێ دەبارێ، کەچی ئەم دەقە پڕ لە هەڵە و هەڵەنگوتنانە سەرلەنوێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەی تردا چاپ دەکرێنەوە و خەڵات و بەراتیشیان دەکەوێتێ. گەندەڵیش لەوێ ڕاوەستێ کە هەموو کەلێن و کولێنی بەڕێوەبەرێتیی کوردیی سەنگوسووژن ناوە و پڕیشکی ئاگرەکەشی گەیوەتە کەرتەکانی گواستنەوەی فەرهەنگی و دامودەزگای پەروەردەوە.

لە مەودای نزیک بەم دوو دەیەدا، دونگەی ئەوە دەکرێ کە نووسـەرانی چیرۆک و ڕۆمان کەوتوونەتە سەر ڕێچکەیەکی نوێ. بەشێک لەو نووسەرانە لە سەرێنی دەسەڵاتی سەدام حسـێن و حیزبی بەعسدا ئاوی خۆشیان بە گەروودا نەچووەتە خوارێ و ئەوەی

---

١. بۆ شەنوکەوی پتری ئەم مژارە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

سـیوەیلی، ڕێبـوار (٢٠٢٠). ئەورووپاییەکانی کوردسـتان؛ گەڕانـەوەی کۆلۆنیالیـزم. هەولێر: ڕێکخـراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری.

هەروەها، بڕوانە:

شـاکەلی، فەرهاد (٢٠٠٩). دەرزیئاژن؛ پێوەندییە نایەکسـانەکانی ئێمە و ڕۆژاوا لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگی و سیاسییەوە. هەولێر: موکریانی.

ئازارە دیویانە و ئەوەی تاڵییەوە چێشتوویانە. تاقمێکیشیان جگە لە بیرەوەرییەکی لێڵ و تاری ئەو چەرخ‌وچاخە چ شتێکی تریان بۆ بەجێ نەماوە. تێیاندا خەڵکانێکیش هەن تەنانەت لەوەندە زانیاری و بیرەوەرییەش بەشبڕاو و بێبەشن، بەڵام ئەوانەی هەموو لەگەڵدا بێ، گشتیان لە ژیان لەنێو کوردستانێکی ئازاد و خۆبەڕێوەبەردا هەڤپار و هاوبەشن.

هەرچەند نەخشەکێشانی وردەکاریی ئەم نەوەیە کە هێشتا لە ڕسکاندایە، گەلێک ئەستەم دەکا، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەسانی توانا و بەهرەداری وایان تێدایە کە لە پاشەڕۆژدا بۆ ئەدەبی کوردی دەبنە ماڵ. خاڵێکی تر لێرەدا ئەوەیە کە ئەو وەچەیە بە کۆنەتەشییەکەی جاران ناپرێسێتەوە، بەڵکوو بە چاویلکەیەکی دیکە و جیاواز لە دید و بۆچوونی نەوەکانی پێشوو سەیری ناخ و ناوەڕۆکی چیرۆکان دەکا و مێژووی کوردیش لەسەر سەر و لەسەر چاوانی دانانێ. جیا لەوە، ئەوان چەمک و واتاکان لەگەڵ ڕیتکەی خەون و خەیاڵان هەڵدەشێلن، تا ئەو ڕادەیەی هەست بە ڕەنگدانەوەی واقیعەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە دەقەکانیاندا ناکرێ، یان ئەوەی کە ڕوخسار لای ئەوان گرینگی و پێشەمیی نامێنێ و فۆرمی پەسەنکراو و ئاڵکاوی[1] دەیەی حەفتاکانیش پشتی تێ دەکرێ؛ ئاخر بە لای ئەوانەوە ئەو شێوەیە قورسایی دەخاتە سەر شانی دەقەکان، لەجیاتی ئەوەی شڕوشکڵێکی مۆدێرنیان بداتێ.

## کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو

لە دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابردوودا، کوردانی سۆڤیەتی جاران دەست بە داڕشتنی هێمی وێژەی کوردی دەکەن و ئەم ڕۆنانەش نزیک بە شەست ساڵان تا کاتی بەتاڵان و تووناببوونی سیستێم و پەڕگاڵی سۆڤیەتی بەردەوام دەبێ. ئەگەرچی بوونی کورد لە لایەن کۆماری ئازەربایجانەوە نکۆڵی لێ دەکرێ، بەڵام هاوخوێن و هاوزمانەکانیان لە چوارچێوەی کۆمارەکانی ئەرمەنستان و جۆرجیادا وەکوو کەمایەتییەکی ئێتنیکی

1. Complicated

حیسـابیان بۆ دەکرێ و بە برێ لە مافە فەرهەنگییەکانی خۆیـان دەگەن وەکوو چاپ و بڵاوکردنەوەی پەڕاو و پەرتووکی کوردی و تەرخانکرانی چەند کاتژمێرێک لە حەوتوودا بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە خوێندگەکاندا.[1]

سـەرەڕای ئەوانـەش، لە ئەنجامـی دۆخێکی وەهـادا و بە سـەدەمی فەرمیبوون و هاوپشکێتیی ئەوساکەی زمانی ڕووسی لەنێو گشت گەلانی یەکێتیی سۆڤێتدا، کوردان بە فەرهەنگ و زمانی ترەوە دەبەسترێنەوە و چاویان بە وێژە و تۆرەی ڕووسیا دەکرێتەوە. لەگەڵ ئەوانەشـدا، نووسەرانی کورد لە سۆڤێتی بەرێ دەخرێنە تەنگانە و کۆتوبەندەوە؛ چونکە لە لایەک وەک شـارۆمەندێکی سـۆڤێتی لە ڕایەیاندا نابێ تـا لەگەڵ کوردانی بەشەکانی تری کوردستاندا لە ئاڵشت و ئامانوشیاندا[2] بن. لە لایەکی تریشەوە، ئەلفوبێی کریلیک[3] بە سـەریاندا دەسـەپێنرێ، کە ئەمەش بۆیـان دەبێتە بەرگـر و بەرگێڕەوە لە بـەردەم خوێندنەوە و بەگوێگەیشـتنی وێژەی بەشـەکانی تری کوردسـتان و هاوکات سـەرودەرنەکردنی کوردانی پارچەکانی دیکەی لە ئـەدەب و ئاوەزی مەڵبەندەکەیانی لێ دەکەوێتەوە. لە ئاکامی دۆخێکی وەهادا، وێژە و تۆرەی کوردانی یەکێتیی سـۆڤێت وەکوو ئەدەبیاتێکی ناوچەیی و خۆجێیی[4] قەتیس دەمێنێتەوە و نابێتە بەشێکی سەرەکی و تەواوکەری ئەدەبی ئەوسای کوردی لە واتا گەورە و بەربڵاوەکەی خۆیدا.

هەر لـە پێوەندی لەگەڵ کاروانی ئەدەب و ئەدیبانی کوردسـتانی سـۆڤێت، دەبێ بڵێین کە زۆربەی هەرەزۆری خامەبەدەسـتانی ئەم بەشـەی کوردسـتان شاعیر بوون و بەرهەمەکانیشـیان لە بواری کێش و وێنە شێعرییەکانەوە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕەگ

١. بۆ هەندێک زانیاریی تر [وەرگێڕ]، بڕوانە:

مەزهەر ئەحمەد، کەمال (٢٠٠١). پێریسـترۆیکە و کورد لە: چەنـد لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد. بەرگی٢. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. لل. ٤٢٥-٤٥٤.

هەروەها، بڕوانە:

Vanly, Ismet Cheriff (1992). The Kurds in the Soviet Union.in: The kurds. Edited by Philip G. Kreyenbroek & Stefan Sperl. New York. pp.152-172.

2. Contact
3. Cyrillic
4. Local

و ڕیشەی مۆسیقایی و ئێستێتیکی هەڵبەستی کوردییەوە نەبووە. بە پێچەوانەی ئەمە، پێویستە دان بەوە دابنێین کە قەوارە و چوارچێوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانیان لە پلەیەکی پێشکەوتوودا بووە و پێدەچێ لەم بارەوە پریشکی میراتی دەوڵەمەندی هونەری گێڕانەوەی ڕووسیایان وێ کەوتبێ. جگە لەوانە، ئەو دەق و نووسراوانەیان کە سەروکاری لەگەڵ یادەوەری و ڕابردوودا هەبووە، سا ئیتر تاکەکەسی بن، یا هیی کۆمەڵ، لێوڕێژن لە هەستی ڕەسەن و وەک سۆزی نەتەوەییش لە هیچ بەستێنێکی تردا بواری ئەوە نەبووە بهێنرێنە زمان و تۆمار بکرێن. بۆ ئاماژە بە نووسەرە ناوبەدەرەوەکانی ئەو مەڵبەندەش دەکرێ باس بکرێ لە کەسانێکی وەکوو حەجیێ جندی، قاچاخێ مراد، میرۆیێ ئەسەد، خەلیلێ مرادۆڤ، ئووسفێ بەکۆ، بابایێ کەلەش، عەلیێ عەبدوڕڕەحمان، سەعیدێ ئیبۆ، عەمەریکێ سەردار، تۆسنێ ڕەشید و وەزیرێ ئەشۆ و هتد.

## کورد و ئەدەبێکی دیکە

نووسین بە زمانی کۆلۆنیالیست[1] و داگیرکەر[2] وەک دیاردەیەکی جیهانی لە ئەدەبیاتدا، دەرئەنجامی داگیرکاری و کۆلۆنیکردنی بەشێکی زۆری وڵاتان و خەڵکانی ئاسیا و ئافریقا لە لایەن کۆلۆنیالیستە ئەورووپییەکانەوەیە.[3] کاتێک کە دەسەڵاتی کۆلۆنیال و داگیرکەر زمان و فەرهەنگی خۆی بە ئەستۆی وڵاتی داگیرکراودا دەبڕێ و ڕێگە نادا خەڵک بە زمانی خۆیان بنووسن و بدوێن، ئاکامەکەی دەبێتە پەروبالدەرکردنی جیلێک لە نووسەران، کە لانی کەم لە بواری نووسیندا جگە لە زمانی دەسەڵاتی داگیرکەر، چ زمانێکی تر نازانن. هەرچەندە ئەو زمانەش جاروبارە بووەتە چەکێکی تاقانە و کاریگەر بۆ داکۆکی لە خۆیان و دۆزەکەیان و هەندێ جاریش هەڵکەوتووە کە بەشێ لەو نووسەرانە

1. Colonizer
2. Occupier

٣. لەسەر ئەم دیاردەیە لە مێژوودا [وەرگێڕ]، بڕوانە:
Fieldhouse, D. K (1983). *Colonialism 1870–1945: An Introduction*. UK: Macmillan Education.

پلەی بەرزی وێژەییان بڕیوە و ناو و ناوبانگی بەرهەمەکانیان زار بە زار و شـــار بە شار لە پانتاییی فەرهەنگیی جیهاندا جاڕ دراوە.

زۆرێک لە نووســەرانی وڵاتی هیندســتان بە زمانی ئینگلیزی قەڵەمیـــان تاو داوە و هەنووکەش لێی بەردەوامن. نووســەرێکی زۆری ئەفریقیش بە ئینگلیزی و فرانســی و پورتوگالی[1] کارەکانیان بەرهەم هێناوە. لە جیهانی عارەبیشدا، نووسەرانی وڵاتی مەغریب و بەشـێک لە لوبنانییەکان شاکاری ئەدەبییان بە زمانی فرانسی ئافراندووە و دەیئافرێنن، کە ئەم دیاردەیە بەردەوام بووەتە مژار و مەوردێک بۆ لێکۆڵینەوەی بەربڵاو و مشتومڕ و قرەقڕی تیۆریک لە لایەن توێژەران و مێژووناسانی بواری ئەدەبەوە.

لێرەدا، پرسـیاری هەرەگرینگ ئەوەیە کە وێژەی بەرهەمهاتوو لە لایەن نووسەرانی ســەر بە نەتەوە داگیرکراوەکان کە بە زمانی داگیرکەرانیـــان دەنووسرێ، لە چ خانەیەکدا جێگە دەگرێ؟ بە واتایەکی ســادەتر، ئایا ئەو ئەدەبیاتەی لە لایەن کەسـانێکی وەک مەولوود فیرعەون،[2] کاتب یاســین،[3] ئاسـیا جەبار،[4] عەبدوللـــەتیف لەعبی[5] و ســەلاح ستێتییە[6]وە نووسراوە، گەلۆ دەکەوێتە خانەی ئەدەبی فرانسی، یان وەک وێژەی عارەبی دادەنرێ؟!

بەم شێوەیە، باس و بابەتێکی وەها سەبارەت بە کوردستانیش دێتە گۆڕێ. هەرچەند کە لێرەکانێ پرسـیارەکان بە ڕادەی قورسـایی و گرینگیتیی ئەم مژارانە لە وڵاتانی وەک مەغریب و هیندســتان نەورووژاون و هەندێ کەسـیش نایانهەوێ کوردســتان وەکوو نیشتمانێکی کۆلۆنیکراو پێناســە بکەن؛ ئاخر لە خەیاڵدانی ئەواندا کۆلۆنیالیست[7] تەنیا

1. Portuguese
2. Mouloud Feraoun
3. Kateb Yacine
4. Assia Djebar
5. Abdellatif Laabi
6. Salah Stétié

٧. دەربارەی ئەم مژارە [وەرگێر]، بڕوانە:

Memmi, Albert (2003). *The Colonizer and the Colonized.* UK: Earthscan Publications Ltd.

چاوشـــینێکی ســـپیلکەڵەیە[1] کە لە ئەورووپا و هەندەرانەوە هاتووە. بەڵام دەشـــێ بێژین ئەم وێنایە لە داگیرکەر خۆی لە خۆیدا هەڵگری واتایەکی ســـاویلکانەیە کە بەپێی ئەو، گەلانی دەســـەڵاتداری دراوســـێی کورد ناوێکی ئا لەم جۆرەیان بە سەردا نابڕێ. جگە لەوانە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتەی بە زمانێکی تر جگە لە زمانی زگماک لە لایەن نووســـەرانی کوردەوە بەرهەم هاتووە، ئەو پرسیارانە مێشـــکی مرۆڤ ختۆکە دەدەن کە داخۆ ئەو وێژەیە بە کوێوە دەلکێنرێ و پێوەندارێتی بە کامە فەرهەنگەوە هەیە؟ ئایا ئەو ئەدەبە دەشێ وەکوو بەشێ لە ئەدەبی کوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، یاخود نا؟!

لەو پێوەندییەدا، گەلێ کەســـی ســـەربەدەرەوەی بە ڕەچەڵەک کورد هەن کە ناویان لەنێو بازنەی ئەدەبیاتی عارەب، فارس و تورکدا تۆمار کراوە و بەرهەمەکانیان بووەتە ماڵ لەسەر زمانی هەرکام لەو نەتەوانە.[2] لێرەدا ئەگەر گەرەکمان بێ ئاماژە بە هەندێکیان بدەین دەشێ باسی مەحموود تەیموور و محەممەد تەیموور بکەین کە ڕۆڵی پێشەنگایەتییان لە چیرۆکی میسری و عارەبیدا گێڕاوە و بەرهەمەکانیان وەک بەشێک لە مێژووی وێژەی عارەبی لە قەڵەم دراون. بە هەمان شێوە و لە عێراقیشدا، نووسەرانێکی وەک عەبدولمەجید لوتفی و موحییەدین زەنگەنە گەلێک دەقی دەگمەن و ناوازەیان پێشکەشی ئەدەبیاتی عارەب کـــردووە. ســـەلیم بەرەکاتی ڕۆماننووســـی هەڵکەوتوو و خاوەننـــاوی کوردی کوردســـتانی سوریاش، کە پەڕتووکەکانی بۆ سەر چەندین زمان وەرگێڕدراون، یەکێکی تر لەو نووسەرە بە تۆرەمە کوردانەیە کە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی عارەبدا دێتە باسکردن.

---

1. White Skin

٢. جگە لە نووســـینی بەرهـــەم بەو چوار زمانـــە، هەندێ بەرهەمیش هەن کە نووســـەرانی کـــورد بەزمانەکانی ئەورووپی نووسیویانن و لەم ڕووەوە ئەم باسوخواس و پرسیارانە ئەوانیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە لەو پێوەندییەدا، «ئالیسۆن» ئاماژە بەوە دەکا کە دوو ساڵ دوای «شوانی کورد»ی عەرەبێ شەمۆ، ڕۆمانی هەڵۆی کوردستان "Der Adler von Kurdista" لە لایەن کامەران بەدرخانەوە بە زمانی ئاڵمانی چاپ کراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

Allison, Christine (2005). Kurdish autobiography, memoirs and novel: ‹Ereb ¥emo and His successors. Studies on persianate societies, 3. p. 106.

هەروەها [وەگێڕ]، بڕوانە:

Kamuran Aali Bedir-Khan & Herbert Oertel (1937). Der Adler von Kurdistan. Deutschland: Potsdam.

هەر لەم بارەوە، عەلی محەممەدی ئەفغانی کە بناغەدارێژێکی ناسراوی داستانی ئێرانییە، کوردێکی خەڵکی کرماشانە. جگە لەو، کەسانێکی وەکوو عەلی ئەشرەف دەروێشیان و مەنسووری یاقووتیش کە خەڵکی هەمان ناوچەن، لە ئەدەبی گێڕانەوەی فارسیدا خاوەنی جێگەوپێگەیەکی تەرز و بەرزن.[1] ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر ئەدەبیاتی تورکیش، کەمتر کەسێک هەیە ئەم ڕاستییە ڕەت بداتەوە،[2] کە لە چل ساڵی ڕابردوو و لە ئاستی نێونەتەوەییدا، ئەوە یاشار کەمالی کەڵەنووسەر و کورد بووە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بەربژێری نۆبلی[3] ئەدەبی بووە و ئەو خەڵاتەی لە داوی چاوەڕوانیی خۆیدا هێشتووەتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، لام وایە ئەو هەویرە ئاوێ زۆر دەبا و منیش لەم بارەیەوە قسەم هەیە، بەڵام لێرەدا تەمام نییە خۆم لەم بابەتە ئاڵۆزوپڵۆزە خورد کەمەوە. لەسەر ئەوەش، پێم خۆشە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشم کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە هیچ کلۆجێ نەمویستووە لەوە زیاتر ئەو ئەدەبە بهێنمە نێو باسەکەوە، هەرچەند کە ئەوە پرسێکی گرینگە و ئاتاجی بە وردبوونەوە و جوابی جیددییە.

## لەجێی ئەنجامگری

تاقولۆقە هەڵدەکەوێ توێژەرێک بتوانێ لەنێو مێژووی وێژەی گەلاندا ئەدەبیاتێکی سیاسەتلێدراوی چەشنی ئەدەبی کوردی بدۆزێتەوە. ئەدەبێک کە چ لە حاڵەتی گەشە

١. جیا لەمانە، «میرزا ئەحمەد عەلی خودادادەی کورد دینەوەری» (ل.١٨٧٧)، کە ئەویش خەڵکی ناوچەی کرماشانە، بە بۆنەی نووسینی ڕۆمانی «روز سیاه کارگر» (١٩٢٧/١٣٠٥)، کە لەودا دەپەرژێتە سەر باسی ژیان و بەسەرهاتی وەرزێرانی ناوچەی کرماشان، وەک باوکی ڕۆمانی ڕیالیستی سۆسیالیستی لە ئێران هاتووەتە ئەژمار. شیاوی باسە، ئەم بەرهەمە لە شاری کرماشان چاپ کراوە و ئینجا لە لایەن «ئەبولقاسمی لاهووتی»یەوە هاتووەتە سەر زمانی ڕووسی. جگە لەوانە، د. «عەبدوڵڵا مەردوخ» وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەژێر ناوی «چارەڕەشیی وەرزێر» لە ساڵی ١٩٩٥ و لە پاریس چاپی کردووە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

خداداده کُرد دینوری، احمد علی (١٣٠٥). *روز سیاه کارگر*. کرمانشاه: مطبعه شرکت سعادت.

2. Disagree

3. Nobel

و دەرکەوتن و چ لە ساتی نسکۆ و نوشەستی خۆیدا، وەکوو تابلۆیەک دۆخی ڕامیاریی شـەش سەدە بەر لە ئێستای کوردسـتان لە بەرچاو ڕادەنوێنێ. کەچی بەم حاڵەشەوە، لە لێکۆڵینەوەی بەردەستتاندا تیشـک ناخرێتە سەر تەواوی ئەو وێنە و تابلۆیە و هەوڵێش نادرێ بـۆ بەسـەرکردنەوەی زۆربەی هەرەزۆری ئەو سـەردێڕ و بابەتانـەی لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژووی پەخشانی هونەریی کوردیدا هاتوونەتە نێو ناوان.

ئەگەرچی یەکەمین نووسراوەگەلێک کە لە بەسـتێنی ژیانی ڕۆژانەدا بەکار هێنراون بەستراوەییی ڕاستەوڕاستیان بە فەرهەنگ و وێژەوە نەبووە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نوێ، واتە سـەدەی بیستەم، خاڵێکی وەرچەرخان بە سوودی سەرهەڵدانی پەخشانی هونەری هاتووەتە ئاراوە، کە لە کورتەچیرۆکدا ڕەنگی داوەتەوە و دەرکەوتەکەی لە هاتنەکایەی چەندین بەرە لە چیرۆکبێژانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا وەدیار کەوتووە.

هەرچەندە نیشـتمانی کوردان لە لایەن ئیمپریالیسـتی ئینگلیز و فرانسـاوە پشکی لێ هاویشـتراوە و لەنێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا دابـڕ و دارەبەش کراوە و لە بواری فەرهەنگی و سیاسیشـەوە داری نەیارانی کەوتووەتە سەر باری، بەڵام ڤەگۆڕینی فەرهەنگی[1] لەمابەینی هەرکام لەو بەشانەدا گەرموگوڕ ماوەتەوە و هۆشیاریی ڕامیاری و فەرهەنگیی کوردانیش لە دەمی داکوژانی ئاگری شەڕی دوویەمی گێتیگردا ئاڵوگۆڕی تێ کەوتووە و لە ئاکامدا پێکهاتنی چەندین ڕێکخراو و پارتی سیاسیی لێ شین بووەتەوە. ئەوانەش بە نۆرەی خۆیان، لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی، ڕێگەیان بۆ بزووتنەوە چەکدارییەکان خۆش کردووە. لە قۆناخەکانی دواییشـدا، پردی پێوەندیی فەرهەنگیی ڕووناکبیران و نووسـەرانی کورد لەگەڵ بیانییەکان هەڵبەسـتراوە و ئەمەش کاریگەریی لەسـەر داهاتنـی ڕەوت و بزاڤە مۆدێرنەکانی نێو گۆڕەپانی ئەدەبـی کوردی داناوە. جیا لەوانە، خوێنەر و هەڵبژاردە و ڕووناکبیری کورد ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە تا لە ئاستێکی بەرزدا فێری سێ زمانی گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، واتە عارەبی، فارسی و تورکی ببن. بە

1. Cultural Relationship

هەمان شێوە، کوردانی یەکێتیی سۆڤیێتی جارانیش توانیویانە لەگەڵ زمانەکانی ڕووسی و ئەرمەنی و ئازەریدا ڕابێن. لە دەیەی هەشتا و لەگەڵ شێوانی خمی سیاسیی کوردانیش، بە هەزاران لاوی ئەو گەلە پەڕیوەی وڵاتانی ئەورووپی بوون و لەوێوە بژاردەیەکی کوردی ئاشنا بە فەرهەنگیی مۆدێرن پێ گەیوە.

وەک ئاشــکرایە، لەنێو سیاســەتڤانانی کورد بڕوایەکی قووڵ بەوە هەیە کە ئەگەر لە سەدەی بیستەم، واتە ئەو سەدەیەی کە لەودا کوردان لە لایەن دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانەوە شەربەتی تاڵی ئێش و ئازاریان پێ نۆشێنراوە و بەرەوڕووی زەبروزەنگ و جەرگبڕترین چەشنەکانی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، ئەوە سەدەی بیستویەکەم دەبێتە سەدەی کورد. ئومێدی ئەوەش کراوە کە مێژوو بە شێوازێکی دادپەروەرانە لەگەڵ ئەم گەلە بجووڵێتەوە، پــاش ئەوەی بە هۆی هەڵکەوتەی جیۆگرافی و باری جیۆپۆلیتیکییەکەیەوە بۆ چەندین سەدە گوێی لێ کلا کراوە. هەرچەند ئەوە ڕەنگە گەشبینییەکی سیاسی، یان ڕوانینێک بێ کە لە کەشوهەوای جیهانی گەشەکردووی هاوچەرخدا هەناسەی دابێ و لە زەریای ئەودا مەلەوەر بێ. لێ هەرچییەک بێ، ئێمە دەتوانین هەروا خۆشبین بمێنینەوە و هەرهیچ نەبێ دڵمان بەو پەرە و پێشکەوتنانەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هاتوونەتە ئاراوە خۆش بکەین. هۆکارێکی تر بۆ ئەم خۆشبینییە دۆخی کوردستانی عێراقە؛ئەو شوێنەی کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا گەلی کورد توانیوێتی هەلەکان بقۆزێتەوە و باو لە چەشنێ سەربەخۆیی بهێنێ و بیســەلمێنێ نەتەوەی کورد دەتوانێ لە ســەرجەم گۆڕەپانەکانی سیاسی و فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەشدارییەکی بەربڵاوتر و کاریگەرتری هەبێ. هەروەها، خاڵێکی تر بۆ چاندنی تۆوی ئەو وەشبینییە[1] وەرگێڕانە. بەو پێیەی کە وەرگێڕان ئاوێنەی باڵانوێنی وزە و پرزەی زمانە، بزووتنەوەی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە عێراقدا دووهێندەی ئەوەیە کە بۆ وێنە وەردەگەڕێنرێتە سەر زمانی عارەبی، کە ئەوەش لە بواری فەرهەنگیدا هێمایەکی هومێدبەخشە.

1. Optimism

ئەوەی پتر لە هەرشتێک دەبێتە هۆی نیگەرانی سەبارەت بە دۆخی فەرهەنگی و زمانی لە کوردستان، نەبوونی سیاسەتێکە هەتا بتوانێ هەموو ئەم خەسار و کارەساتەی لەنێوان چەندین سەدە سەرکوت و داگیرکارییەوە بەسەر کەرتی فەرهەنگدا هاتووە، چارەسەر بکا و دەلاقەیەکی نوێ بکاتەوە بۆ بەشداریدان و تێوەردانی فەرهەنگی کوردی لە دەوڵەمەندکردنی ژیاری مرۆییدا. ئەوەش ڕەنگە بەشێک بێ لەو هەلومەرجە ناجێگیرەی کە هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی نوێی سیاسی پێوەی دەناڵێ. لەوانەیە ئەم دۆخە بە تێپەڕینی کات باشتر و سەقامگیرتر بێ، کەچی بەو حاڵەشەوە دەتوانین بڵێین داهێنانی ئەدەبی پێویستی بە خۆگونجاندن لەگەڵ یاسا و بڕیارە فەرمی و میرکارییەکانەوە نییە؛ چونکە ئەم جۆرە ئافراندنە چەشنی لافاوێکی هەڵچوو و کەفچەڕێنە[1] و لە هەموو خاک و زەوییەکدا ئاودڕ و ئاوڕێژگەیەک[2] بۆخۆی دەدۆزێتەوە و دەربایستی هیچ شتێ نییە. جا ئەگەر لە ڕابردوودا نووسەرانی کورد سەرەڕای ژیانی ناخۆش و دۆخی نالەباری ڕامیارییان باوی هەنگاویان بەرەو پێشکەوتن خۆش کردووە، بۆچی ئێستاکە چاوەڕوانیی دانانی بەرهەمی خنجوخۆڵ و بەپێزمان لێیان نەبێ؟!

****

لە کۆتاییی ئەم بەشە و لەو پێوەندگەیەدا،[3] حەز دەکەم لە ناخی دڵمەوە دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە بکەم، کە لە نووسین و بەرهەقکردنی ئەم کارە لە دوو توێی ئێستایدا، دەستیان خستە نێو دەستم. لێرەدا، نیازمە سپاسی گەرمی دڵم ئاراستەی مامۆستای سەرپەرشتیارم، بەڕێز پرۆفێسۆر بوو ئووتاس[4] بکەم لەبەر سەبر و لەسەرەخۆییی زۆر و ڕێنوێنیی شارەزایانە و فێرمەندانەی. هەروەها، پێم خۆشە سپاسبژێریی خۆم پێشکەشی دوو مرۆڤی دەروەست و خۆنەویستی تر بکەم کە بەشیان بەو کارەوە هەیە. ئەوانیش

1. Erupting Flood
2. Channel
3. Juncture
4. Bo Utas

یەکیان هاوکاری بەڕێزم، پرۆفێسۆر کارینا جەهانییە،[1] کە بەگەشبینیی بەردەوام و پشتگریی خۆی هاندەرێکی بێهاوتای من بووە. ئەوی دیکەیان، نقیسکار و توێژکاری کورد، نەمر محەممەدی مەلا کەریمە،[2] کە لە سلێمانیی کوردستانەوە گەلێ پەڕاو و سەرچاوەی بەبایەخی بۆ ئەم کارەم کل کرد. لەگەڵ ئەوانە، سپاسێکی قووڵی کریس گێسنەری[3] دانیشتووی ئۆپسالاش دەکەم کە زۆر بە دڵاوەڵەییەوە ئینگلیزییەکەمی ڕاستەوپاستە کرد. دیسانەوەش چەپکەگوڵی پێزانینی خۆم لە بەرۆکی ئەو کەسانە دەدەم، کە بە چەشنێ لە چەشنەکان پشکیان لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا هەبووە.

١٠ی نۆڤێمبەری ٢٠١٦

فەرهاد شاکەلی

ئۆپسالا

1. Carina Jahani
2. Mohammad Mala Karim
3. Chris Gessner

# پێشەکی

## یەکەم:

مرۆڤ بە خوێندنەوەی نموونە سەرەتاییەکانی کورتەچیرۆکی کوردی، کە زۆربەیان ڕسکاوی دەیەی دوویەمی سەدەی بیستەمن، سەری مەند دەبێ و لە هەڵاواردنی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان لە چیرۆکە هونەرییە نوێیەکان دۆش دادەمێنێ و دەبینێ شێعر ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا کێشاوە و دەرکەوتنی چەشنەکانی تری وێژە هێندە لەمێژ نییە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەم تایبەتمەندییانە کالایەک نین کە تەنیا و تەنیا بە باڵای وێژەی کوردییەوە بڕابن و ئەدەبی گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین وەک عارەب و فارس و تورک لێی بێبەری بن.

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر دەرکەوتنی پەخشانی هونەریی کوردی، دەبێ بڵێین کە ئەم ژانرە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا چاوی هەڵبڕیوە. ئەو چەند نموونەش کە لەو پێوەندییەدا لە بەردەستدان چ ڕەنگوڕوویەکی ئەدەبییان بە کاکڵ و توێکڵەوە نییە.

بە گشتی، پەخشانی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨دا بە خۆدا دێ و لە خەم دەڕەخسێ. ئەم هەڵکشانەش لەوساوە دێتە ئاراوە کە «*کوردستان*» وەکوو یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەست بە چاپ و بڵاوبوونەوە دەکا. ئەگەرچی ئەم ڕۆژنامەیە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لەنێوان ساڵەکانی ١٨٩٨-١٩٠٢دا بەردەوام بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا وەکوو خاڵێکی گرینگ بۆ ڕۆژنامەوانیی کوردی سەیر دەکرێ؛ ئەو ڕۆژنامەگەرییەی کە سەرەڕای تەواوی ئەو زەحت‌وزۆری، دابڕان و داخرانەی لە چاپ و بڵاوکردنەوەیدا هەبووە، لەپێناو

مانەوەی خۆی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا، لە تێکۆشان و خەبات نەوێستاوە.

لــەم بــوارەدا، ڕۆژنامەگەریی کــوردی لە دوو ســەرەوە دەوری بــاڵای نواندووە بە جــۆرێ کە لە لایەک، خزمەتی بە گەشەســتاندنی کوردایەتــی و بڵاوبوونەوەی هزر و هۆشیاریی نەتەوەیی کردووە و لە لایەکی دیکەوە، بووەتە بەستێنێک بۆ باڵاکردنی زمان و فەرهەنگــی کوردی. واوەتر لەوانە، بناوانی گێڕانەوەی هونەریی کوردیش ڕاســتەڕێ[1] دەگەڕێتەوە ســەر ڕۆژنامەگەری، بە چەشنێک کە شانبەشــانی هەراشبوونی ڕۆژنامەی کوردی، کورتەچیرۆکیش ئاراستەیەکی ئەرێنیی گرتووەتە بەر. بەو حاڵەشەوە، یەکەمین نموونــەی ئەو دەقانە لە هەردوو کێلەکی ڕوخســار و ناوەڕۆکەوە ســادە و بێگرێوگۆڵ بــوون و لەگەڵ هەڵدانەوەی هەر ڕووپەڕێک لە ڕۆژژمێری زەمەن، ناوەڕۆکیان قووڵتر و شێوازیان هونەریتر بووەتەوە. ئەو گوژم و گەرمییەش ناتوانێ دوور بێ لە هەوڵی لێزانانە و ئاگامەندانەی وەرگێڕانی کورتەچیرۆکە بیانییەکان، بە تایبەتی لە زمانە ئەورووپییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

وێڕای ڕۆژنامەگەری، ڕەوتی سیاسیی ڕووداوەکان و دۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی کوردســتانیش کاریگەرییەکــی ئەوتۆی بووە لەســەر گێڕانــەوەی مۆدێرنی کوردی لە هەردوو بواری ناوەڕۆک و شــێواز لە لایەک و زمان لە لایەکی تر و ئەو ڕاســتییەش بە وێکچوواندنێکی سەرپێیی لەنێوان چەندین کار لە قۆناخە جیاوازەکاندا دەسەلمێنرێ.

****

هێژای گوتنێیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەر لە هەرشتێ پاوانکراوی هونەری گێڕانەوەی مودێرنی کوردییە. جیا لەوە، بە هۆی ئەوەی ســەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی مێژوویەکی درێــژی نییە، هەر جــۆرە هەوڵێک بۆ لێکئاوارتنی[2] چەشــنەکانی ئەدەبــی گێڕانەوەی مۆدێرنــی کوردی مرومشــتی بێبەروبۆ و بێبڕانــەوە[3] بە دووی خۆیدا دێنــێ. لێرەدا، بێ

1. Directly
2. Delineation
3. Interminable

ئەوەی گوێ بدەمە سنوور و سەراوەردەکانی[1] سیاسەت، جوگرافیا، زاراوە و ڕێنووس، دەپەرژێمە سەر کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی وەکوو دیاردەیەکی تاقانە. میتۆدی ئاماژەپێکراو بۆ شەنوکەوی ئەم ژانرانە بەبێ ئارەقی نێوچاوان و ئاستەنگ نییە. ئەو وردەلێکۆڵینەوانەش کە تاوەکوو ئێستا لەسەر ئەم مژارە کراون، تەنیا بەرهەمی بەشێکی کوردستان، یانی تەنێ خوارووی ئەم نیشتمانەیان لە خۆ گرتووە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لە پاش بڕانەوەی شەڕی دوویەمی گێتییەوە تا دەگاتە ئێستا، کوردستانی عێراق بووەتە لانکی وێژەی کوردی و ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمانیش پێگەیشتووانی ئەو بێشکەیەن.

بەشێکی بنچینەییی مێژووی کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی ئەوانەن کە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی سی تا ئێستا لە کوردستانی سۆڤێتدا[2] بەرهەم هاتوون و بۆیە سەرەتا بە نیاز بووم باسی کارەکانی ئەو بەشەی کوردستانیش بکەم، لێ پاش سەراسوێیەکی سەرچاوەکانی بەردەستم و خوێندنەوەی چەندین بەرهەمی ئەو مەڵبەندە، بڕیارم دا باسەکەیان نەورووژێنم و بۆ توێژینەوەیەکی تایبەتی هەڵگرم. ئەمەش لەبەر ئەو دوو هۆکارەی خوارەوەیە:

- وێکنەچوونی پێشینەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ هونەری گێڕانەوەی مۆدێرن لە بەشەکانی تری کوردستان لە بەراورد لەگەڵ کوردستانی بندەستی سۆڤێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ڕێگریی سیاسەتی سۆڤێت لە ئاموشۆی نێوان کوردانی ئەو مەڵبەندە و هاونەتەوەکانیان لە بەشەکانی تری کوردستان.
- زۆرەملێبوونی ئەلفوبێی کریلیک[3] و سەپێنرانی بەسەر کوردانی کوردستانی بندەستی سۆڤێت. ئەمەش شانبەشانی لەمپەرە سیاسییەکان بووەتە چەت و لە ڕەوتی دادوبستی فەرهەنگیی نێوان کوردانی سۆڤێت و باقی پارچەکاندا خراوە. لە ئاکامی

1. Border
2. Soviet Kurdistan
3. Cyrillic Alphabet

ئــەوەدا، هیچ ئاڵوویــر و کارتێکەرییەک لەمابەینی ئــەو دوو گروپەدا نەهاتووەتە ئاراوە و جگە لە ڕۆمانی بەناوبانگی «*شوانی کورد*»[1]ی *عەرەبێ شەمۆ*،[2] کارەکانیان دەنگدانەوەیەکی وای نەبووە.[3]

## دوویەم:

ئەمڕۆکــە، بە هۆی گەشــەی وێژەی کــوردی، هەموو ژانرەکان لەنێو ئــەو ئەدەبەدا وەبەرچاو دێن، بەڵام ئەو دەستەواژانەی کاریان پێ دەکرێ کەم تا کورتێک دەقاودەقی

١. شوانی کورد یەکەمین ڕۆمانی کوردییە کە لە ساڵی ١٩٣٥ لە ئیرەوانی پێتەختی ئەرمەنستان چاپ کراوە و هەتا ئێستا دوو نوسخەی لەبەردەستدان و ئەوانیش یەکیان نوسخەی د. نوورەددین زازایە و ئەوی دیکەشیان نوسخەی مستەفا ئایدۆگانە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

*Ereb, şemo (-). şivanê Kurd: şivanê Kurd û Kurdên Alagoz.* Bêrot: çapxane Nassar.

شەمۆ، عەرەبێ (٢٠١٧). *شڤانێ کورمانجا*. بەرهەڤاندن مستەفا ئایدۆگان، تیپگوهەر زنارێ مەلەێ. دهۆک: دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ.

هەروەها بۆ خوێندنەوەی ئەو کارە بە داڕشتی کوردیی نێوەڕاست، بڕوانە:

شــەمۆ، عەرەبێ (١٣٩٨). *شوانی کورد؛ شــوانی کرمانجان و چیرۆکی کوردانی ئەلەگەز*. پێشەکی و وەرگێڕان بۆ کوردیی نێوەڕاست محەممەد خزری ئەقدەم. سنە: وەشانخانەی مادیار.

٢. عەربێ شــەمۆ ســاڵی ١٨٩٧ لە بنەماڵەیەکی کوردی ئیزەدی لە قارس لە دایک بووە و ساڵی ١٩٧٨ بارگەوبنەی بەرەو بینایی چاوان پێچاوەتەوە. شــەمۆ لە مێژووی وێژەی کوردیدا لەبەر نووســینی ڕۆمانی شــوانی کورد وەک باوکی ڕۆمانی کــوردی ئەژماری بۆ دەکرێ و جیا لەو کارەی، خاوەنــی چەندین ڕۆمانی وەک وەکوو بەربانگ (١٩٥٨)، ژیانا بەختەوەر (١٩٥٩)، دمــدم (١٩٦٦) و حۆپۆ (١٩٦٩)یە. ناوبراو جیا لە نووســینی ڕۆمان و دانانــی یەکەمین کتێبی فێرکاریی کوردی بە پیتی لاتین، چەندین پەڕتووک و وتاریشــی دەربارەی کۆمەڵگەی کوردی نووســیوە. ئەو یەکێ بووە لە بناغەدانەرانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەکوردستانی سۆڤیتی پێشوو و هەروەها یەکێکیش بووە لە پێشەنگانی بواری کۆدۆلۆژیی کوردانە، نەک ڕۆژهەڵاتناسە لە مەڵبەندی ئەرمەنستان [وەرگێڕ].

٣. «عەلیێ عەبدوڕڕەحمان» و «حەجیێ جندی»ش دوو ڕۆمانوسی دیکەی ئەو مەڵبەندەن، بەڵام بە هۆی ئەو هۆکارانەی نووسەر ئاماژەی پێ داون، ئەو جۆرەی کە پێویستە بۆ خوێنەرانی بەشەکانی تری کوردستان نەناسراون. خاتێ خانم (١٩٥٩) و گوندێ مێرخاسان (١٩٦٨)، لە نووسینی عەلیێ عەبدوڕڕەحمان و ڕۆمانی هاوارێ (١٩٦٧)ی حەجیێ جندی دەکەونەی خانەی ئەزموونە سەرەتاییەکانی ڕۆمانی مۆدێرنی کوردی [وەرگێڕ]، بڕوانە:

Yûsiv, Helîm. (2011). Romana Kurdî (Kurmancî û Zazakî 1930-2010). Ronahî. r. 5.

بەڵام شــیاوی ئاماژەیە کە ڕۆمانی «دمدم» لە نووســینی عەرەبێ شــەمۆ تا ئەم ســاڵانەی دواییشــدا، لەنێو بازنەی کوردیی نێوەڕاســتدا بەناوودەنگترین بەرهەمی ئەو مەڵبەندە بووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر دەرووەستیی «کۆڕی زانیاریی کورد» و دڵسۆزی و بوێریی مامۆستای نەمر «شوکور مستەفا» کە بە وەرگێڕانی ئەو کارە بۆ سۆرانی، بوو بە پردی پێوەندیی نێوان ئەو دوو بەشە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

شەمۆ، عەرەب (١٩٧٥). دمدم. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

هەمان ئەو شــتانە نین کە لە ئەدەبییاتی ڕۆژاواییدا هەن. دەبێ بڵێین کە بەکارهێنانی ئەو زاراوە هاوچەشــنانە دەگەڕێتــەوە بۆ حەفتاکان، کــە دواتر وەک بەرهەمــی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، بەر لە هەموو شــتێک لە ڕێگەی وەرگێڕانی حیکایەت و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژوو و بیردۆزی ئەدەبییەوە دادەکەون، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم زاراوە و دەستەواژانە بە شــێوازێکی میکانیکــی و ناهۆشــیارانە دەکار کرابــن و تایبەتمەندیــی ئەدەبییاتی کوردییان بۆ لە بەرچاو نەگیرابێ. بۆ وێنە، کاتێ باســی هەڵبەســتی کەون و کلاســیک دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە زاراوەگەلی کلاســیکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕوخسارە ڕەسەن و خۆماڵییەکانیاندا ئەوەندە کارامەن کە تەنانەت لەنێو لێکۆڵینەوەی ڕۆژاواییەکانیشــدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. زاراوەی وەکوو قەســیدە، غەزەل، ڕوباعی و ئەوانی تر ناکرێ لە کاتی نووســین لەســەر شــێعری ڕۆژهەڵاتیدا خۆیان لێ ببوێردرێ. هاوکات لەگەڵ بەرەوڕووبوونەوەی وێژەی سەردەمی مۆدێرن، دەستەواژە و چەمکە ئەدەبییەکانی ڕۆژاوا لەنێو وێژەی کوردیدا جێگە خۆش دەکەن و پەخشان بە گشتی و گێڕانەوە و حیکایەتیش بە تایبەتی لەو شتە بێبەری نابن.

لەو پێوەندییەدا، زۆربەی ئەو زاراوە و دەستەواژانەی بە ڕەچەڵەک عارەبین ئاماژەن بە قسەکردن، پێگوتن، گێڕانەوە، باسکردن و هتد. لە حاڵێکدا، ئەوانەی ڕیشەیان لە فارسیدایە زیاتر نوان و نیشاندەری *خەیاڵ* و *ئەفسـانەن*. مەلایێ جەزیری (١٥٧٠-١٦٤٠) کاتێک لە شێعرەکانیدا باســی چیرۆکی ئەویندارییی خۆی دەکا، لە وشــەی وەک «*ڕیوایەت*»، «*فەسـانە*» و «*داسـتان*» کەڵک وەردەگرێ (الزفنگــی، ١٩٨٧، ص. ٤٥٠). ئەحمەدێ خانــی (١٦٥١-١٧٠٧) لە ئێپیک[1]ی «مەم و زین»دا وشــەی «*حیکایەت*»، «*ڕیوایەت*»، «*فەسـانە*» و «*قیسسـە*» بەکار دێنێ (خانــی، ١٩٦٢). فەقییێ تەیرانی هەڵبەســتڤانیش (١٥٩٠-١٦٦٠)، کە هاوســەردەمی مەلایێ جەزیری بووە، بەهرە لە زاراوەکانی جەزیری وەردەگرێ (Sadînî, 2000, r.8). جیا لەوانە، شــێخ حســێنی قــازی (١٧٩١-١٨٧٠) لە

1. Epic

باسی چیرۆکەکانی نێو «مەولوودنامە»کەیدا، کە لە ساڵی ١٨٦٠دا نووسیویێتی و دەکەوێتە خانەی یەکێ لە هەوەڵین پەخشانەکانی کوردی، لە وشەی حیکایەت کەڵک وەردەگرێ (قازی، ١٩٣٥). مەلا مەحموودی بایەزیدیش (١٧٩٩-١٨٦٧) لەنێو ئەو کۆمەڵەچیرۆک و نەزیلە فۆلکلۆرییانەی[1] کۆیان دەکاتەوە و پاشان لە لایەن ئەلیکساندەر ژاباوە لە ساڵی ١٨٦٠ کراونەتە فرانسی، وشەی «حیکایەت» بەکار دەهێنێ (Jaba,1860, p.85).

چیـرۆک وەک زاراوەیەکی باو کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ حیکایەت کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لە قامووسێکی کوردی-عارەبیدا کە لە ساڵی ١٨٩٣ و لە ئەستەمبووڵ چاپ و لەژێر ناوی «الهدية الحميدية في اللغة الكردية» بڵاو بووەتەوە، بەکار هاتووە و لەوێدا ئاوا پێناسـە کراوە: «الحكاية و القصة و حاكيها چيرۆكڤان» (الخالدی المقدسی،١٨٩٣، ر. ٨٥). لێرەدا وشـەی ناوبراو بۆ داسـتانی زارەکی، نەنـووسراو و حیکایەت بەکار دێ و چیرۆکڤانیـش وەک زاراوەیـەک ئامـاژە بە کەسـێک دەکا کە سـەروکاری لەگەڵ خودی چیرۆکدا هەیە. ئەوانەشـی لەگەڵدا بێ، بەڵگە مێژووییەکان وا دەردەخەن کە لە سـاڵی١٩١٣دا وشـەی چیرۆک لەنێو کورددا بۆ یەکەم جار هاتووەتە سەر ڕووپەڕان و وەکوو زاراوەیەک بۆ داسـتانی نووسراو کاری پێ کراوە. ئەوەش هەڵدەگەڕێتەوە سـەر نووسـینەکەی «فوئاد تەمۆ»،[2] کە لە یەکەم ژمارەی «ڕۆژی کورد»[3] و بەبێ سەردێڕێکی

1. Folk-Tales

٢. فوئاد تەمۆ کوڕی «تۆفیق بەگ»ی شـاری «وان» و یەکێ لە ڕووناکبیرانی کورد بووە کە وێڕای «قەدری جەمیل پاشا»، «جەرراحزادە زەکی بەگ» و چەند کەسی تر یەکەمین ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی خوێندکاریی کوردییان بە ناوی «جڤاتا تەلەبەیێن کوردان» (١٩١٢) لە شاری ئەستەمبووڵ دامەزراندووە. ناوبراو وێڕای هەڵسوڕان لە بازنەی ڕامیاری و جڤاکی، لە گۆڕەپانی وێژە و تۆرەی کوردیشدا پێنووسی جووڵاندووە و لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناوی چووەتە ڕیزی پێشەنگانی کاروانـی ئەدەبـی مۆدێرنی کوردی و بە نووسـینی یەکەمین کورتەچیرۆکی کـوردی لە سـاڵی ١٩١٣دا نازناوی «باوکی کورتەچیرۆکی کوردی»ی پێ بەخشراوە. ناوبراو دوو بەشـی کورتەچیرۆکەکەی بە شـێوەی زنجیرە لە ژمارەکانی ١ و ٢ی گۆڤاری ڕۆژی کورد و بە پیتی «کوردی» و لەژێر سـەردێڕی «چیرۆک» بڵاو کردووەتەوە و هەتا ئێستا بەشەکانی تری ئەم کارەی نەکەوتووەتە بەردەستی توێژەرانی بواری وێژەی کوردی [وەرگێڕ].

٣. گۆڤاری ڕۆژی کورد لە شاری ئەستەمبووڵ بە هەر دوو زاراوەی کوردیی باکوور و کوردیی نێوەڕاست، واتە کرمانجی و سۆرانی و هەروەها، زمانی ترکی وەک ئۆرگانی جڤاتا تەلەبەیێن کوردان (هێڤی) دەرچووە و دوای وی گۆڤارێکی تر بە ناوی «هەتاوی کورد» چاپ بووە [وەرگێڕ].

تایبــەت و تەنیــا لەژێر ناوی «چیــرۆک»دا بڵاو کراوەتــەوە (تەمــۆ، ١٩١٣). هەرچەند کــە نازانرێ ئایا ئەو نازنــاوە لە لایەن تەمۆوە بە ســەریدا بڕاوە، یان لە لایەن دەســتەی نووسەرانەوە بۆ ئەو دەقە هەڵبژێردراوە. بەو پێیە، وێدەچێ پڕاییی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دواتــر بڵاوبوونەتەوە، لەســەر دابی ڕۆژی کــورد ڕۆیشــتبن و زاراوەی چیرۆکیان بەبێ لێکهەڵاواردنی چیرۆک و ڕۆمان لە یەکدی، بۆ داستانی نووسراو دەکار کردبێ.

بە دوای ئەوەدا، لە دوو بڵاوکراوەی گرینگی وەکوو «هاوار» و «گەلاوێژ»یشــدا کە لەســەر گەشەونەشــەی پەخشــان و گێڕانەوەی کوردی کارتێکەرییان هەبووە و پڕانیی پێشەنگانی کورتەچیرۆکی کوردی لەم دوو گۆڤارەدا دەستیان داوەتە نووسین و بەرهەمە بەراییەکانی خۆیانیان تێدا بڵاو کردووەتەوە، وشەی چیرۆک بەکار هاتووە.

یەکــەم بەرهەم کە لەم بــارەوە لە هاوار، واتە ئــەو گۆڤارەی لە ٥٧ ژمــارەی خۆیدا لە مــەودای ســاڵەکانی ١٩٣٢-١٩٤٣دا بڵاو بووەتــەوە، «بەر تەڤنا مەحفــووریێ» بووە، کە بە پێنووســی «جەلادەت عالــی بەدرخان»ی سەرنووســەری گۆڤارەکــە نووسراوە (Bedirxan,1932,r.87). لــە گۆڤــاری گەلاوێژیشــدا وێــڕای وشــەی چیــرۆک، «چیرۆکنووسەر»یش بۆ ئاماژە بە نووسەری چیرۆک، داهێنراوە (گەلاوێژ،١٩٢٤، ل. ٨٧). ئەمەش بەپێی ڕێســای وشــەڕۆنان[1] لە زمانی کوردیدا داتاشینێکی هەڵەیە؛ چونکە ئەم جۆرە زاراوانە بە شێوەیەکی ئاسایی بە لکاندنی ڕەگی[2] ڕانەبردووی[3] کردارێکی تێپەڕ[4] بە ناوێکەوە دروســت دەکرێن، کەچی چیرۆکنووسەر بە پێوەنووساندنی شێوەی بکەری[5] ڕانەبردووی چاوگی[6] نووسین بە وشەی چیرۆک داتاشراوە.

ئەوەنــدەی بزانــرێ، شــاعیری مۆدێرنی کــورد، واتە مامۆســتا «گــۆران» (١٩٠٤-

1. Word Construction
2. Root
3. Present-Form
4. Transitive verb
5. Present participal
6. Infinitive

١٩٦٢) یەکەمین نووسەر بووە کە هاتووە و زاراوەیەکی[1] تایبەتی بۆ لێککردنەوەی کورتەچیرۆک لە ڕۆمان بەکار هێناوە. گۆران بۆ ئەو کۆچیرۆکانەی لە زمانەکانی ئینگلیزی و عارەبییەوە وەریگێڕاون، لە «چیرۆکی کورت» کەڵکی وەرگرتووە، کە ئەویش وەک ناوێکی تێکەڵکراو و لێکدراو، بە پێکەوەبەستنی ناوێک و ئاوەڵناوێک لە پێکهاتەی لێ زیادکراو (ئیزافە)دا[2] داڕێژراوە. ئەوهەر لەو کتێبەدا، تێرمی چیرۆکنووسیش بۆ نووسەری چیرۆک بەکار دێنێ، کە ناوێکی لێکدراوە[3] و بەگوێرەی یاسای وشەداتاشین لە شێوەی شیاوی خۆیدا ڕۆنراوە (گۆران، ١٩٣٥). شیاوی باسە کە گۆران ئەو کورتەچیرۆکانەی لە سەرەتای چلەکان و ئەو کاتەی وا لە وێستگەی ڕادیۆی کوردی شاری یافا[4] بووە، وەرگێڕاوە و ئەم وێستگەیەش ئەوساکە لە لایەن هاوپەیمانانەوە[5] دامەزراوە.

ئێمە دەزانین، گۆران ئەودەم لەتەک وێژەی ئینگلیزیدا ئاشنا بووە؛ بۆیە ڕێی تێ دەچێ وشەگەلی کورتەچیرۆک[6] و چیرۆکنووس[7] لە زمانی ئینگلیزیدا بنەمای ئەو بووبن بۆ ئەو دوو زاراوەیە. لە وێژەی کوردیدا، وشەی چیرۆکنووس لە لایەن زۆر کەسەوە پەژێردراوە و مانای نووسەری چیرۆک دەدا. هەروەها، لە کوردیی ئەمڕۆکەدا باوترین وشە بۆ چیرۆکی زۆرکورت کورتەچیرۆکە، کە ئەویش ناوێکی لێکدراوە و لەوە دەچێ خۆماڵیتر و کوردانەتر بێ. ئەوە ڕوخسارێکی دروستی چیرۆکی کورتە کە لە لایەن گۆرانەوە ئافرێنراوە.[8]

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەنتەلۆجییەکەی گۆران لە ساڵی ١٩٥٣دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، نووسەرانی کورد لەوسادا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێوان کورتەچیرۆک،[9]

1. Term
2. Izafa-Construction
3. Compound Noun
4. Jaffa
5. Allies
6. Short Story
7. Story Writer
8. Coined
9. Shorter Short Story

چیرۆکی درێژ[١] و ڕۆمان[٢] دانەناوە. بۆ وێنە، محەممەد ساڵح سەعید لە پێشەکیی کتێبی «کاروانی»دا باس لە چوار جۆری جیاواز بۆ گێڕانەوەی داستان، یانی کورتەچیرۆک، چیرۆک، ڕیوایەت و حیکایەت، دەکا کە لە بنەڕەتدا ئاماژەن بە هەرکام لە کورتیلەچیرۆک،[٣] کورتەچیرۆک،[٤] ڕۆمان[٥] و ئەفسانە و هەقایەت[٦]. وشەی «ڕیوایەت» وەک هاوواتای عارەبیی ڕۆمان، لە لایەن نووسەرەوە بۆ چیرۆکی درێژ دانراوە. جگە لەوە، محەممەد ساڵح سەعید ناوی چیرۆکی بەسەر کارەکەی خۆیدا بڕیوە، کەچی هەر بەگوێرەی پێناسەکەی خۆی، لە کورتەچیرۆکێکی شەست لاپەڕەیی بەدەر نییە. هەروەها، ناوبراو کورتەچیرۆکی «خانزاد» لە نووسینی جەمال بابان، بە ڕیوایەت و ڕۆمان ناو دەبا، لە حاڵێکدا نووسەر کارە پەنجاوشەش پەڕەکەی خۆی بە چیرۆک قەبڵاندووە (سەعید، ١٩٥٧).

شیاوی سەرنجە کە لە لایەن زۆربەی نووسەرانی کورد لەنێوان پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا، درێژیی چیرۆک و ژمارەی لاپەڕەکانی وەکوو ڕەوتێک لەبەرچاو گیراوە. نووسەرانێکی لەگوێن موحەڕەم محەممەد ئەمین، محەممەد ساڵح سەعید، مستەفا ساڵح کەریم، جەمال بابان، جەمال نەبەز، مستەفا قەرەداخی، خالید دلێر، محەممەد عەلی مەدهۆش و ڕەحیمی قازیش کەوتوونەتە ئەو خانەیە و بە شێوازێکی هاوشێوە کارەکانیان درێژ کردووەتەوە. جیا لەوە، سەرپاکیان کەڵکیان لە وشەی چیرۆک وەرگرتووە و لایان لە وشەی ڕۆمان نەکردووەتەوە. لە حاڵێکدا هونەری ڕۆمان ئەوساکە بە باشی لەنێو وێژەی عارەبی، فارسی و تورکیدا جێگەی بووە و زانینی لانی کەمی یەک لەو زمانانەش بۆ نووسەران و خوێنەرانی کوردی ئەو سەردەمە دەستی داوە. بۆ نموونە، جەمال نەبەز یەکێ لەو نووسەرانە بووە کە ناسیاویی بە وێژەی ئینگلیزی هەبووە و پێشتریش چەندین کاری لەو زمانەوە بۆ سەر کوردی وەرگێڕاوە و ڕەحیمی قازیش ئەوساکە ئاکنجیی

1. Longer Short Story
2. Novel
3. Very Short Story
4. Short Story
5. Novel
6. Myth/Legend

سۆڤێت بووە، واتە شوێنێک کە ڕۆمان لە سەرەتای سەدەی١٨دا لەوێ بناغەی داکوتاوە و گەشەی ستاندووە.

وشـــەی ڕۆمان لەنێو کـــورددا بۆ یەکەم جار لە دەقێکی دەیـــەی ١٨٧٠دا و لە لایەن حاجـــی قادری کۆییـــی (١٨١٧-١٨٩٧)[1] هۆزانڤانـــەوە بەکار هێـــنراوە. حاجی (١٩٨٦، ل.١٠٦) لە هەڵبەســـتێکدا کە بە ئێپیکی نەتەوەیی کورد -مەم و زین- هەڵدەڵێ[2] و تێیدا ستایشی ئەحمەدێ خانی دەکا، ئاوا دەنووسێ:

«لەدەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە/ ئەگەرچی مەقسەدە زانینی باوە».

وێدەچێ ئەو شێعرە لە ساڵەکانی سەرەتای گەیشتنی ئەو بۆ ئەستەمبووڵ نووسرابێ، واتە ئەو ســـەروبەندەی حاجی قادر لەوێ تێکەڵی ماڵباتـــی بەدرخان دەبێ و چاوی بە کتێبی مەم و زین دەپشکوێ.

وشـــەی ڕۆمان لە وێژەی تورکیشـــدا لە دەوروبەری دەیەی ١٨٧٠دا بەکار هاتووە و لەگەڵکـــوو یەکەم کورتەچیرۆک وەرگێڕدراوەتە ســـەر زمانی تورکی، نووســـەرانی ئەو نەتەوەیـــە قۆڵیان لەو ژانرە هەڵماڵیوە و دەســـتیان بە دانانی ئەم چەشـــنە وێژەیە بە زمانی زگماکیان کردووە.

ئەگەرچـــی هەڵبەســـتەکەی حاجـــی قادر ســـەرەتا لە ســـاڵی ١٨٩٨ و لـــە گۆڤاری کوردســـتاندا چاپ بووە و ئینجا لە دوو توێی بەرهەمە شێعرییەکانیدا لە ساڵی ١٩٢٥، لە

١. بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر حاجی قادری کۆیی [وەرگێڕ]، بڕوانە:
محەممەد، مەسعوود (١٩٧٣). حاجی قادری کۆیی. بەرگی١. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.
___ (١٩٧٣). حاجی قادری کۆیی. بەرگی ٢. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.
___ (١٩٧٦). حاجی قادری کۆیی. بەرگی ٣. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.
هەروەها، بڕوانە:
سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٦). کتێبی حاجی قادری کۆیی؛ خوێندنەوەی فەلسەفییانەی ئەزموونی شێعری. هەولێر: ئەکادیمیای کورد.

٢. لەسەر ئەم مژارە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
شاکەلی، فەرهاد (٢٠١٩). ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی خانیدا. وەرگێڕانی سوداد ڕەسووڵ. هەولێر: موکریانی.

بەغدا بڵاو کراوەتەوە. ئا بەم حاڵەشەوە، وشەی ڕۆمان تا دەسپێکی دەیەی حەفتا، لەنێو وێژەی کوردیدا داناکەوتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناجێگیری و نەچەسپاوییەی هەنووکە لەنێو زاراوەکانی وێژەی کوردیدا هەیە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا بێ ئەوەی درێژی و قەوارەی دەقەکان بە هێند گیرابێ، زاراوەی کورتەچیرۆک بۆ هەموویان دەکار کراوە.[1] هەرچەند کە نموونەی واش هەن کە بە بڕوای من بەبێ هیچ چەندوچۆنێک دەکرێ بە ڕۆمان ناودێر بکرێن. جگە لەوانە، کاتێک نووسەر کارەکەی خۆی بە ڕۆمان، یان کورتەچیرۆک ناو هێناوە، ئەمنیش هەر ئەو ناوانەم بۆ دەکار کردوون.

**سێیەم:**

چەندین لێکۆڵینەوە،[2] وتار،[3] وتوویژ، کۆچیرۆک و ڕۆمان بوونە بڕبڕەی پشتی ئەم توێژینەوەیە، کە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

- *چیرۆکی هونەری کوردی* ١٩٢٥-١٩٦٠.

ئەم سەرچاوەیە هەوەڵین و جیددیترین توێژینەوەیە لەسەر هونەری کورتەچیرۆکی کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٢٥-١٩٦٠دا. لەو کتێبەدا، حسێن عارف کە خۆی یەکێک بووە لە نووسەرە سەرکەوتووەکان، ڕەوتی چیرۆکی کوردیی بەسەر سێ قۆناخدا دابەش و ئەنجا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوان، شەن و شرۆڤەیان دەکا. وێڕای ئەوانە، بەشێکی زۆری کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ باسی ناوەڕۆک، ڕوخسار و زمانی چیرۆکی کوردی، بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی لەنێوان ١٩٥٠-

١. وەکی لە پێشووشدا ئاماژەی پێ کرا، بە باشتر زانرا لە دەقی وەرگێڕدراودا، لە جیاتی کورتەچیرۆک بۆ ئاماژەدان بە هەرسێک جۆری «کورتەچیرۆک، چیرۆکی درێژ، ڕۆمان، لە زاراوەی» گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی کەڵک وەرگیرێ [وەرگێڕ].

2. Essay
3. Article

١٩٦٠دا نووسراوان (عارف، ١٩٧٧). گرینگێتیی ئەم کارە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە نووسەر لای کردووەتە هەر پەڕتووکێک، یا بەرهەمی هەر نووسەرێکی کوردستانی عێراق کە لەو مەودایەدا شتێکی هێنابێتە سەر کاغەز. وێڕای ئەو خاڵە بەهێزانە، عارف سەرەڕای نیشتەجێبوونی لە نێوخۆی وڵات و دەستپێڕاگەیشتنی بە هەموو ئەو وەرزنامە و ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە ماوەی نزیک بەو چل ساڵەدا کاری لەسەر کردبوون، بە قووڵی دەگژ بابەتەکانەوە ڕۆنەچووە. جیا لەوە، ئەگەرچی ناوبراو ئەم توێژینەوەیەی لەسەر داوای دەزگایەکی فەرهەنگی و ڕەسمیی ئەوساکە کردووە، لەگەڵ ئەوەشا کەوتووەتە ژێر گوشاری سیاسییەوە و بەربینگی پێ گیراوە.

کاتێ عارف لە کتێبەکەیدا وەک نموونە باس لە نەوەی گەلاوێژ دەکات، تەنیا ناوی دوو لە نووسەرانیان دێنێ و لە هێنانی ناوی ئیبراهیم ئەحمەد وەک نووسەرێکی گەورە و یەکێ لە دامەزرێنەران و هێمدانەرانی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی، خۆ دەبوێرێ. ئەم خۆلادانەش لە سۆنگەی ئەوەوە دێ کە ئیبراهیم ئەحمەد ئەوێ دەمێ وێڕای کاری نووسین، ڕێبەرێکی ڕامیاریی کوردی دوورەوڵات بووە؛ بۆیە لە کتێبەکەی عارفدا تەنیا یەک جار ناوی هێنراوە، ئەویش وەک وەرگێڕ. جگە لەوانەی باس کران، کەمایەسییەکی تر لەنێو کتێبەکەی عارفدا بەدی دەکرێ و ناکرێ گوێی لێ بئاخنرێ و جەب بدرێ؛ ئەویش لەبەرچاونەگرتنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە ماوەی ئەو سێ قۆناخەدا، بەڵام بە سەرنجدان لە دۆخی سیاسی کورد لە عێراق، بە تایبەتی لەنێوان ئەو ساڵانەی عارف کتێبەکەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، دەردەکەوێ کە ئەم کەموکوڕییە ناگەڕێتەوە سەر کەمیی زانیاریی نووسەر، بەڵکە ئەو دیاردەیە دەرئەنجامی گوشار و سانسۆری دەسەڵات بووە.

- لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩.

عومەر مەعرووف بەرزنجی لەم کارەدا ڕێچکەی عارفی گرتووەتە بەر و گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیی بەسەر چەندین قۆناخی جیاوازدا دابەش کردووە. لەگەڵ ئەوەشا،

مەودای نێـوان ١٩٦٢-١٩٦٩ی وەک دەورەی چوارەم پێوە لکاندووە و ناوی «ساڵانی بێدەنگی»لێ ناوە. بەشی پاشینی کتێبەکە بیبلیۆگرافیایەکە، کە هەڵگری گەلێک زانیارییە لە بارەی ئەو کورتەچیرۆکانەی لە ساڵەکانی ١٩٢٥-١٩٦٩ کەوتوونەتە بازاڕەوە؛ چ ئەوانەی بەرگی کتێبیان پۆشیوە، یا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە (بەرزنجی، ١٩٧٨).

کاتێک کتێبەکەی بەرزنجی لەگەڵ کارەکەی عارف بەراورد دەکرێ، دەردەکەوێ کە لە زانیارییەکانی عارف چ شـتێکی زیاتری پێشـکەش نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە قۆناخێکی نۆ سـاڵەی خستووەتە سـەری. هەروەها، ئەگەرچی بەرزنجی جەخت لەوە دەکا کە ڕچەی ڕێبازی زانستییانەی کوتاوە، بەڵام دەردەکەوێ کە شیکردنەوەکانی گەلێ لەنگ و لەجەر و لاوازن و بۆچوونەکانیشی سادەن و پتر بۆنی سیاسەتیان لێوە دێ.

- ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکی کوردیدا.[1]

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بنەڕەتدا وتارێکە لە لایەن حسێن عارفەوە لە سێمینارێکی پێنج ڕۆژی پێشکەش کراوە، کە لەسەر کورتەچیرۆکی عێراقی لە سەلاحەدین و لە ڕێکەوتی ٢٠ تا ٢٥ ئۆگۆستی ساڵی ١٩٧٨دا بەڕێوەچووە. لەو وتارەدا، کاکڵی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمی سـەرەتاکانی دەیەی ١٩٤٠ تا نێوەڕاسـتەکانی ١٩٧٠ لە لایەن عارفەوە دێتە بەر باس و بە ئاوڕدانەوە لە چیرۆکی نووسـەرانی کورد، بە چڕی بە ناخی کێشەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواریدا شۆڕ دەبێتەوە (عارف، ١٩٧٨).

- پاشکۆی گۆڤاری ئەلئەقلام، ژ. ٢-٣.

ئەلئەقلام کە بە زمانی عارەبی لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگیی عێراق بڵاو کراوەتەوە، پەنجاوهەشـت لاپەڕە لـە ژمارەکانی دوو و سـێی خۆی بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەسـەر کورتەچیرۆکی کوردی تەرخان کردووە. ئەم پاشـکۆیە چوار وتار و دە کورتەچیرۆکی وەرگێـڕدراو بە زمانی عارەبی لەخۆ دەگرێ. لەنێو وتارەکانـدا، دوو دانەیان بۆ ئەم کارە

---

١. الواقعية الانتقادية في القصة الكردية.

گرینگ بوون و ئەوانیش بریتین لە:

- چەند بیر و بۆچوونێک دەربارەی چیرۆکی کوردی.[1]

عیززەدین مستەفا ڕەسوول لەم وتارەدا دەچێتە سەر گەنگەشەی گەشەی هونەری چیرۆکی کوردی هەر لە دەستپێکەوە تا دەگاتە سەرەتای هەشتاکان. ئەو بە بایەخەوە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان ورد دەبێتەوە و بۆچوون و لێکدانەوەکانی لەسەر بنچینەی شیکردنەوەیەکی تیۆریی مارکسیستانەی ئەدەب هەڵدەچنێ (رسول، ١٩٨٤).

- شێوەکانی تەکنیکی نوێ لە چیرۆکی کوردیدا؛ ١٩٧٠ و دواتر.[2]

ئەم وتارە کە دەکرێ وەک تەواوکەری لێکۆڵینەوەکەی پێشووی حسێن عارف لەسەر ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دابنرێ، لە لایەن نووسەرەوە بۆ پرسەکانی تەکنیک و فۆرم تەرخان کراوە (عارف، ١٩٨٤)، کە دواجار ئەم دوو وتارە لە ساڵی ١٩٨٥دا لە لایەن گۆڤاری کاروانەوە لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی «بیست کورتەچیرۆکی کوردی» بڵاو کراونەتەوە.

جیا لەوانەی باسیان کرا، سەرچاوەیەکی دیکەی گرینگ و پێویست بۆ ئەم کارە بریتی بوو لە کۆی ئەو کورتەچیرۆک و ڕۆمانانەی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە تا ئەو کاتە بڵاو کرابوونەوە. پێویستە بڵێم کە لەم توێژینەوەیەدا کەڵکم لە کورتەچیرۆکەکانی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەرنەگرتووە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی لە لایەک، وەدەستهێنانی هەموو ئەو چاپەمەنییە جۆربەجۆرانەی وا ئەم ژانرەیان تێدا بڵاو بووەتەوە، کارێکی ئەستەم و ناشۆیە. لە لایەکی ترەوە، بەشێکی زۆری نووسەران دواجار چیرۆکی چاپکراوی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان لە قەوارەی کتێبدا بڵاو کردووەتەوە. دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە نزیکەی شەست کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمان بۆ ئەم کارە کەڵکی لێ

---

١. آرائنا في القصة الكردية.

٢. .أشكال التكنيك الحديث في القصة الكردية ١٩٧٠ وما بعدها.

وەرگیراوە،[١] کە لێرەدا بەخت بوو بە یارم و توانیومە بەشێکی زۆری ئەو کورتەچیرۆک و ڕۆمانانەی کەڵکم تێیان کەوتووە، وەدەست بخەم هەتا وێنەیەکی ڕاست لەسەر گێڕانەوەی تازەی کوردی وەچنگ بهێنم. جیا لەمانەی باسیان لێوە کرا، ژمارەیەک کتێب و توێژینەوە و وتاری لاوەکی دیکەشم خوێندووەتەوە کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا.

سەباحی غالب لەم کتێبەدا هەوڵی داوە لە ڕوانگەی چیرۆکنووسان سەبارەت بە ژن تێ بگات و بزانێ کە ئەم تێڕوانینانە چ ڕەنگدانەوەیەکیان لەنێو بەرهەمەکاندا بووە (غالب،١٩٧٩).

- کرێکار و چیرۆکی کوردی.

ڕەئووف حەسەن لەم کتێبەدا بە شوێن دەردەستکردنی وێنەی کرێکارانە لەنێو چیرۆکی کوردیدا (حەسەن،١٩٨٢).

- چیرۆکی نوێی کوردی.

حەسەن جاف لەم بەرهەمەیدا لە دەلاقەی جۆراوجۆری وەک ژن، سێکس، میراتی فەرهەنگی، هێماکان، تەکنۆلۆژیا و زمان و هتد چیرۆکی مۆدێرنی کوردیی بە گشتی و بەرهەمی حەفتاکان بە تایبەتی دەخاتە بەر توێژینەوە (جاف، ١٩٨٥).

سروشتی هاوبەشی ئەو سێ کتێبەی باسیان لێوە کرا، ئەوەیە کە هیچیان نەیانتوانیوە بچنە بنج‌وبناوانی باسەکان و لە ئاستێکی سادە و ڕووکەشیدا[٢] ماونەتەوە.

- هەڵبژاردەیەک لە ئەدەبی کوردی.[٣]

ئەم کتێبەی حسێن عارف ئەنتەلۆجییەکی هەڵبەست، وتار و کورتەچیرۆکی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عارەبی و چوار لە وتارەکانی نێو ئەم کارە پێوەندییان بە

١. لەو پێوەندییەدا، سەیری بەشی کتێبنامە بکەن.

2. Superficial

٣. مختارات من الادب الكردي.

گێڕانەوەی کوردییەوە هەیە (عارف،١٩٨٦).

- بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٨٩٣.

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گەلێک گرینگە بۆ هەرکەسێ گەرەکی بێ لە گێڕانەوەی نوێی کوردی بکۆڵێتەوە؛ چونکە حسێن عارف نە تەنێ ڕۆمان و چیرۆکەکان تاوتوێ دەکا، بەڵکوو دانە بە دانەی ئەو کارانە بەسەردەکاتەوە کە بیبلیۆگرافیاکە دەیانگرێتەوە. ئەم کتێبە لە دوو بەش پێک هاتووە، کە لە بەشی یەکەمدا کارەکان بەپێی ئەلفوبێ تۆمار و لە بەشی دوویەمدا ناوی نووسەران بەپێی ئەلفوبێ ڕیز کراون (عارف، ١٩٨٧).

ئەوانەشی هەموو لەگەڵ بێ، بەهرە لە هەندێ وتار، توێژینەوە و پێشەکی وەرگیراوە کە بە زمانی جۆراوجۆر نووسراون و لەنێو کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤاری هەمەجۆردا بڵاوکراونەتەوە. لەم نێوەدا، بەرهەمی کەسانێکی وەکوو مارف خەزنەدار، تۆما بووا،[1] جەمشید حەیدەری، محەممەد ئوزون، کەمال مەزهەر ئەحمەد و محەممەدی مەلا کەریم بەرچاون. هەروەها، دەبێ بڵێم بەشێک لەو وتارانە پێوەندیی ڕاستەوڕێیان بە بابەتی گێڕانەوەی مۆدێرنەوە نەبووە، بەڵکە لەبارەی ڕۆژنامەگەری و پەخشانی کوردییەوە بوون، کە ئەو دوو بابەتەش یارمەتیدەر بوون بۆ تێگەیشتن لە پاشخان و پێشینەی مەبەستی توێژینەوەکەم.

## چوارەم:

ئەم سەرچاوانەی لەسەرەوە ناویان هێنرا، نیشاندەری ئەوەن کە ژمارەیەکی زۆری کتێب، وتار و لێکۆڵینەوە لە پازدە بیستساڵی ڕابردوودا لەسەر کورتەچیرۆک و چیرۆکی کوردی نووسراوە. بەشێک لەو کارانە تیشک دەهاوێژنە سەر بنەڕەتی کورتەچیرۆکان و ڕەوتی گەشەکردنیان. لە حاڵێکدا، هەندێکی تریان پەرژاونەتە سەر تەشک و ناوەڕۆکی

1. Thomas Bois

بەرهەمـەکان. بێجگە لەوە، سـەرلەبەری ئەم توێژینەوانە چڕ بوونەتەوە سـەر بەرهەمی نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمان لە کوردستانی عێراق. بەدەر لەوانەش، سەرەڕای کەمبوونی ماتریال و کەرەسـتەی لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی تری کوردستاندا، ویستوومە گێڕانەوەی مۆدێرنـی کوردی لە واتا گشـتییەکەی خۆیدا باس بکەم و بۆ ئەم مەبەسـتەش ئاوڕم لە بەرهەمی نووسەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان داوەتەوە.

لە حاڵێکدا کە شێوازی نەریتانەی دابەشکردنی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی ئەوەیە کە بە سـەر قۆناخی ١٠ساڵیدا دەستەوار دەکرێن، ئەمن ئەو شـێوازەم ڕەتکردووەتەوە و لەباتیـی وی هەوڵم داوە بەپێی خاڵـی هاوبەش، ئاخێزگە، پێشـکەوتن و ناوەڕۆکی کارەکان، پێناسـەم بـۆ هەرکام لە جیلـەکان کردبێ. بۆ وێنە، گەلێ نووسـەر هەن کە بە تایبەتی لە پەنجاکاندا دەسـتیان بە نووسین کردووە، کەچی تا ساڵەکانی دەیەی شەست و حەفتا و تەنانەت تا دەگاتە هەشتاکانیش چالاک بوون. ئەمەش شایەدی و بەڵگەیەکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە دەستەبژێری و پۆلبەندی بەپێی دەورە دە ساڵییەکان کەمتر لەگەڵ ڕاستییەکاندادەگونجێ.

کاتێـک باس لـە دەورە جیاوازەکانی تەوژم و گوژمی کورتەچیـرۆک، چیرۆک و ڕۆمانی کوردی دەکەم، لە جەختی ئەوەدا بووم هەتا ئەم دیاردەیە بە دۆخی سیاسیی ئەو دەم و سەردەمەوە گرێ بدەم. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە هەر لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی، دەشێ لا لە هەلومەرجی سیاسیی کورد بکرێتەوە؛ چونکە داگیر و دابڕکردنی کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی فەرهەنگیی کورد هەبووە.

لەگەڵ ئەوەی کە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی مێژوویەکی کورتی هەیە، نووسەرێکی زۆر لەم مەیدانەدا قەڵەمیان گەڕاوە و دەگەڕێ، یان هەبوون کەسـانێک کە بۆ ماوەیەک لەو بوارەدا چالاک بوون و دواجار دەسـتیان لێ بەس کـردووە، یا ژانرەکەیان گۆڕیوە. لێرەدا دەکرێ محەممەد ڕەسووڵ هاوار (١٩٢٣-٢٠٠٣)، محەممەد ساڵح دیلان (١٩٢٧-١٩٨٨)، کامەران موکری (١٩٢١-١٩٨٦)، شـێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) و قەدریجان

(١٩١٤-١٩٧٤)وەک نموونە بێنینەوە، کە لەم کارەدا باسیان ناکرێ؛ چونکە تەنیا ویستوومە لەنگەر بهاوێژمە سەر ئەو کەسانەی بەرهەمەکانیان کارکرد و شوێندانەریی لەسەر گەشەی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی هەبووە و بەبێ ئەوان سازدانی وێنەیەکی ڕوون و ڕۆشنی ئەو قۆناخانە ئەستەم دەبوو. هەروەها، بە هۆی دەستپێڕانەگەیشتنیشم بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ناچار بووم پشت بەو کارانە ببەستم کە تەنیا بە شێوەی کتێب بڵاو بوونەتەوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە کورتەچیرۆکی نێو وەرزنامە و ڕۆژنامەکان دەرهاوێژرابن؛ ئەوە بە تایبەتی نووسەرانێک دەگرێتەوە کە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ قۆناخێکی دیاریکراودا باسیان لێوە بکرێ، وەک جەلادەت بەدرخان، یان ئەوانەی بەرهەمەکانیان تا ئەو دەمەی لە ژیاندا بوون، نەبووەتە کتێب وەک مەعرووف بەرزنجی (١٩٢١-١٩٦٣)، یان لەتیف حامید بەرزنجی (١٩٤٠-١٩٧٣). لەگەڵ ئەوەشدا، چیرۆکنووسانێک هەن کە ئەگەرچی کارەکانی خۆیان لە دووتوێی کتێبدا بڵاو کردووەتەوە، بەڵام چونکە لە بواری ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لەنێو لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا گرینگییەکی ئەوتۆیان نەبووە، بە سەرم نەکردوونەتەوە. جیا لەوانەش، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردییە، ئەو نووسەرە کوردانەی بە زمانێکی تر جگە لە زمانی کوردی قامکی قەڵەمیان جووڵاوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر کۆمەڵگەی کوردیشیان نووسیبێ؛ دەرمهاویشتوون. بەم پێیە، کەسانێکی وەک عەبدولمەجید لوتفی (١٩٠٥-١٩٩٢)، موحییەدین زەنگەنە (١٩٤٠-٢٠١٠)، محەممەد تەیموور (١٨٩٤-١٩٧٣)، سەلیم بەرەکات (١٩٥٠)، زوهدی داوودی (١٩٤٠)، عەلی ئەشرەف دەروێشیان (١٩٤١-٢٠١٧)، مەنسوور یاقووتی (١٩٤٨)، عەلی محەممەدی ئەفغانی (١٩٢٥)، یاشار کەمال (١٩٢٣-٢٠١٥) و یيلماز گوینای (١٩٣٧-١٩٨٤) لەم کارەدا ڕێی ژوورێیان لێ بڕاوە و جێگەیان پێ نەدراوە.

لە شیکردنەوەی بابەتەکانیشدا، هەوڵم داوە مژاری زاڵ و بەرچاوم هێنابێتە بەرباس، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان شوێندانەریی

لەسەریان بووە، وەک ناکۆکیی جووتیاران و گوندنشینان لەگەڵ دەرەبەگی خێوی زەوی کە لە چلەکان و پەنجاکان، واتە لە سـەردەمی دەسەڵاتی پادشایی عێراقدا بابەتێکی باو و بەرمێن بووە و گەندەڵی و گوشـار لەسـەر ژنان کە لە شەستەکاندا تێمێکی زاڵ بووە، یان خەباتی کورد بۆ ئازادی، پرسیارگەلی فەلسەفی و بوونگەرایانە، ژیان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، ڕەگەز و زایەند[1] و کێشـە خۆکەسـییەکان کە دواجار هاتوونەتە گۆڕێ. وێڕای ئەوانە، لەسەر فۆرم و تەکنیکیش قسەم کردووە.

## پێنجەم:

ئەو سیستێمی تیپگواستنەوەیەی[2] کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ نووسینی ناوی کوردی، فارسی و عارەبی بەکارهێنراوە، لە خشتەیەکی تایبەتدا و لە سەرەتای کارەکەدا نیشان دراوە. ناو و ناونیشانە کوردییەکانی کە بە پیتی لاتین، یانی ئەوانەی سەر بە کوردستانی تورکیان، بەپێی شێوازی گۆڤاری هاوار نووسراونەتەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر وەک ئەو سیستێمەیە کە لە ئەلفوبێی تورکیدا بەکار دەهێنرێ.[3] ئەوەندەشـی توانیومە کورتکراوە و کورتەناوم نەهێناوە و ڕێکەوتەکانیش بەپێی ڕۆژژمێری جولیانن.[4] لە هەندێ جێگەشدا، ڕۆژژمێری کۆچی لەگەڵ ڕۆژژمێری زایینی[5] بەراورد کراوە. لەو حاڵەتانەشدا کە بەرهەمەکە گرینگیی مێژوویی هەبووە، ئاماژە بە ڕۆژ و کاتی چاپی یەکەمی کراوە.

---

1. Gender
2. Transliteration
3. لە دەقی وەرگێڕاو و ڕێنووسی کوردیدا حەوجە بەو تابلۆیە نەبووە [وەرگێڕ].
4. Julian Calendar
5. Christian

# پاشخانی مێژوویی و بیبلیۆگرافی

## پەخشانە بەراییەکان

تا بەر لە دەرکەوتنی پەخشـان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، شێعر بۆ ماوەی سەدان سـاڵ ژانرێکی باو و باڵادەسـتی ئەدەبی کوردی بووە. هەرچەنـدە ڕەنگە نموونەکانی پەخشـانی ئـەو ڕۆژ و ڕۆژگارە زۆر کـەم بووبـێ، بـەڵام ئەم کارانە گەلـێ گرینگ و گەوهەرین بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی ساتەوەختی لەدایکبوونی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی. جیا لەوە، دەبێ ئەم ڕاستییەش لە بەرچاو بگیرێ کە لە سۆنگەی هەستیاربوونی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەڕاسـت دۆخی سیاسییەوە، ڕێکەوتی دەرکەوتە سەرەتاییەکانی پەخشان، شێعر و کورتەچیرۆکی کوردی بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە. وەک چۆن تا دەیەی حەفتا، کەونترین پەخشـانی کوردی بە هیی شێخ حسێنی قازی (١٧٩٠-١٨٦٩) دادەنرا، کەچـی دوای بڵاوبوونەوەی وتارێکی محەممەدی مەلا کەریم لە سـاڵی ١٩٨١دا، ئەو ڕێکەوتە بۆ زەمەنێکی زووتر گوازرایەوە؛[1] جا کە وا بێ وەها ئاڵوگۆڕێک کورتەچیرۆکی کوردییش دەگرێتەوە.

---

١. وەکی محەممەدی مەلا کەریم باسی لێوە کردووە، «عەقیدەنامە»ی «مەولانا خالید» یەکەمین پەخشانی کوردییە کە بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو نووسراوە، بەڵام شیاوی ئاماژەیە کە یەکەمین پەخشان کوردی بە دیالێکتی کرمانجیی سەروو، یان کوردیی باکوور نووسراوە و ناوی «سەرفی کوردی»، یا «تەسریفی کرمانجی»یە و «مەلا عەلی تەرماخی» (١٥٩١-١٦٥٣) لە سـەدەی ١٧دا نووسیوێتی. تەرماخی لە پێشـەکیی کتێبەکەیدا، باس لە گرینگیی کارەکەی دەکا و زانستی «سەرف» بە بنواشەی گشت زانستەکان ناو دەبا و لەم بارەوە ئاوا دێتە دوو:
«اعلم تو بزان ای مفردی مذکری مخاطب کو ژ بوی طایفا اکرادان را ژی لازمە کو ب زمانی کورمانجی او ژ علمی صرفی بزانن. لورا بنا و اساسا حمو عیلمان لسر علمی صرفی‌یە... .» [وەرگێڕ].

## دەقە گرینگەکانی پەخشانی کوردی

### عەقیدەی کوردی[1]

لەم دەقە ئایینییەدا کە نوسەرەکەی، واتە مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزوری (١٧٧٩-١٨٢٧) وەک پەڕتووکێکی فێرکاری[2] دایناوە و بە هەردوو ناوی «عەقیدەنامەی کوردی» و «عەقیدەی کوردی» ناوی هێناوە، تێیدا باس لە ئەستوندەک و کۆڵەکەکانی ئیسلام[3] دەکرێ.[4]

پێدەچێ ئەم تێکستە لەو ساتەدا نووسرابێ کە مەولانا لە کوردستان بووە و بە هەزاران قوتابی و فێرخوازی لێ هالاوە، نەک لەو کاتەدا کە ناوبراو چووەتە دیمەشق و لەوێ دەرسی بە خەڵکانی تر گوتووەتەوە؛ بۆیە دەبێ گریمانەی ئەوە بکرێ کە عەقیدەی کوردی لە ڕێکەوتێکی نێوان ساڵەکانی ١٨١١ - ١٨٢٣دا نووسرابێ. ئەوەش بڵێین کە ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ بڵاو کراوەتەوە (مەلا کەریم، ١٩٨١، لل.١٩٩-١٢٢).

### مەولوودنامەی شێخ حسێنی قازی

ئەم داستانە کە لە ساڵی ١٩٣٥دا بۆ هەوەڵ جار لە چاپ دراوە و لە مزگەوتەکانی کوردستانداوەکوو کتێبی خوێندنێ گوتراوەتەوە،لەئاستێکی بەرزی هونەری و ناسکوێژی و زمانپاراویدا دەردەکەوێ و تێیدا شێخ حسێنی قازی (١٧٩٠-١٨٦٨)لەسەر تافی جەحێڵی و ژیان و خەباتی ولامبەری[5] ئیسلام حەزرەتی محەممەد (د.خ) دەدوێ[6] (قازی، ١٩٣٥).

---

1. Kurdish Confession of Faith
2. Textbook
3. The Foundations of Islam

٤. مەولانا خالید لە دەستنووسەکەیدا سەرەتا ناوی خودای لێ دێنێ و ئینجا دەڵێ: «ئەگەر دەپرسی ئیسلام چییە؟ ئیسلام پێنج ڕوکنی هەیە، لەسەر هەموو کەسێ موسڵمان بێ، عاقڵ و باڵغ بێ، واجیبە بیزانێ، عەمەلی پێ بکەن». ئەوجار کە ڕوکنەکانی ئیمانی شی کردەوە، دێتە سەر باسی ئیمان و دەڵێ: «ئەگەر کەسێ دەپرسێ ئیمان چییە؟ ئیمان ئەمەتە باوەڕ و یەقینت بێ بە شەش ئەسڵان لەگەڵ هەموو لک و تەفسیلان» [وەرگێڕ].

5. Prophet

٦. شێخ حسێن لەو کارەیدا، سەرەتا دێتە سەر باسی مانگی مەولوود و گرینگیی خوێندنەوەی مەولوودی. ئەوجار،

## عادات و ڕوسووماتنامەی ئەکرادییە

ئەم تێکستە کە لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە (١٧٩٩-١٨٦٧) پێشکەشی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی ئەلیکساندەر ژابا[1] (١٨٠١-١٨٩٤) کراوە و دەستنووسەکەی لە سانت پیتەرسبورگ[2]-لینینگراد[3]ی پێشوو-پارێزراوە و بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن م.ڕۆدینکۆ[4]ی کوردناسەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە،[5] وەک کتێبێکی مرۆڤناسیی ڕەنگڕێژکراو بە ئەدەبییات دەردەکەوێ و تێیدا داب‌ودەستووری کۆمەڵی کوردەواری دێتە بەرباس[6] (بایەزیدی، ١٩٦٣).

## جامیع یێ ڕیسالەیان و حیکایەتان

ئەم کتێبەی مەلا مەحموودی بایەزیدی کە داگری پێنج پاژە، دەپەرژێتە سەر دۆخی هۆزە جیاوازەکانی کوردستان، ناوی باو بۆ کچان و کوڕان، پوختەیەک لەسەر شاعیرانی کورد و بەرهەمەکانیان[7] و کورتەباسێکیش لەسەر ڕێزمانی کوردی. بەشەکەی تریشی لەخۆگری چل چیرۆک و ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردییە، کە نووسەر ناوی حیکایەتی لێ ناون. ژابا ئەم تێکستەی بۆ فرانسی وەرگێڕاوە و وشەی «recite»ی لە بەرامبەر حیکایەت

---

باسی ئەو کەسانە دەکا کە پەسەنی خوێندنەوەی مەولوودییان داوە. دوای ئەوانە، بە وردەڕیشاڵان چۆنێتیی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە [وەرگێڕ].

1. M. Alexandre
2. St. Petersburg
3. Leningrad
4. M. Rudenko

٥. بۆ خوێندنەوەی نوسخەی ئامادەکراوی ڕۆدینکۆی [وەرگێڕ]، بڕوانە:
Beyazîdî, M. Mehmut (1963). *Adetên Kurdistan.* Amadekirin: M. B. Rûdenko. Holland: Den Haag.

٦. ئەم کارە لە لایەن د. شوکریە ڕەسووڵ بۆ زاراوەی کوردیی نێوەڕاست وەرگێڕدراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠١٥). *عادات و رسووماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)*. پێشەکی و وەرگێڕانی شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم. سلێمانی: ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی.

٧. ئەم کارە وەک یەکەمین کتێبی مێژووی ئەدەبی کورد دێتە ئەژمار و تێیدا ژیان و بەرهەمی هەشت شاعیری کورد بەسەردەکرێتەوە، کە ئەمانیش بریتین لە عەلی حەریری، مەلایێ جەزیری، فەقییێ تەیران، مەلای باتەیی، ئەحمەدێ خانی، ئیسماعیل بایەزیدی، میر شەرەفخانی هەکاری و موورادخانی بایەزیدی. شیاوی ئاماژەیە کە ئەم بەرهەمە لە کۆتاییی ١٨٥٠کاندا لە لایەن مەلا مەحموودەوە پێشکەشی ژابا کراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
شاکەلی، فەرهاد (٢٠١٢). پێشەکی لە: هەمیشە بەهار. نووسینی عەلائەددین سەججادی. ئاراس. ل.٢٣.

داناوە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا واتای گێڕانەوە و چیرۆک و باسکردن دەدا (Jaba,1860).

### تەواریخی قەدیمی کوردستان

ئەم پەڕتووکە وەرگێڕانێکی کورت‌وپوختی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بتلیسییە (١٥٤٣-١٦٠٤)، کە بایەزیدی ئەم کتێبەشی وەک ئەوانی تر ئاراستەی ژابا کردووە.[١] تێکستی ناوبراو بۆ هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٨٦دا بڵاو کراوەتەوە (بایەزیدی، ١٩٨٦).

### پەیمانا نوو[٢]

ئەم تێکستە وەرگێڕانی کوردیی ئینجیلە[٣] کە ساڵی ١٨٧٢ بە ئەلفوبێی ئەرمەنی[٤] و لە شاری ئەستەمبووڵ چاپ کراوە (پەیمانا نوو، ١٨٧٢).

## ڕۆژنامەگەری

لە نیوەی دوویەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، وێڕای مزگەوت و حوجرەی فەقێیان، کە ڕۆڵێکی بان و بەرچاویان لە پەرەپێدانی زانست و پەروەردەکردنی گەنجان و پاراستنی

---

١. مەلا مەحموود لە هەوڵی کارەکەدا، سەرەتا دەست دەکا بە سەنای خودای مەزن و سڵاواتلێدان لە دیداری پاکی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). ئینجا، باسی شەرەفخانێ دەکا و پاشان ئاوا دێتە سەر باسی ژابای: «ئی جاری ب ئستدعا و خواهش و همەتا مسیۆ ژابایی، ژ زمانێ فارسی‌یە عەینەن ب کورمانجی هاتیە تەرجمەکرین، خودێ تەعالا ئتمامێ راست بینە و حسن و تەوفیقێ احسان بکە، ئامین. تاریخا تەرجمەئێ د ڤێ سالا هجرەتێ واقع بوویە ١٢٧٥» [وەرگێڕ].

2. The New Tastement.

٣. دەربارەی وەرگێڕانەکانی تری ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردی [وەرگێڕ]، بڕوانە:
ئاشتی، سەلاحەددین (١٣٩٥). *ئینجیل و زمانی کوردی*. گۆڤاری مەهاباد، (١٨٣)، ١٥-١٩.

٤. بەر لە هاتنی ماشینی چاپ بە پیتی عارەبی لە لایەن پاتریارکەکانەوە لە ساڵی ١٧٠٢ بۆ حەڵەب، کتێب و دەستنووسەکانی ئەم مەڵبەندە بە کوردیشەوە بگرە، بە پیتی ئەرمەنی و لە هەندێ جێگەش بە پیتی سریانی چاپ کراون. لە پێوەندی لەگەڵ چاپی کتێبی کوردی بە پیتی ئەرمەنی جگە لە نەبوونی ماشێنی چاپ بە پیتی کوردی-عارەبی، هۆکاری تریشی هەن کە ئەمانیش بریتین لە: ١. هەوڵی موژدەگاران و ئەرمەنییە مەسیحییەکان بۆ ڕاکێشانی کوردان بەرەو فەرهەنگ و فیکری ئەرمەنی و مەسیحی و لە ئاکامدا، دوورخستنەوەیان لە ئەندیشە و هزری عارەبی-ئیسلامی، ٢. سەقامگیرکردنی ئەلفوبێی ئەرمەنی و سەرخستنی بەسەر ئەلفبای عارەبیدا و ٣. گرتنەدەستی جڵەوی بزاڤی نەتەوەخوازی کورد [وەرگێڕ]، بڕوانە:
پیربساڵ، فەرهاد (١٩٩٩). *ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا ١٨٥٧-١٩٥٧*. پێداچوونەوەی مەلا محەممەدی گەزنەیی. دهۆک: بنگەهێ ئاشتی بۆ بلاڤکرنێ.

زمان و فەرهەنگی کوردیدا هەبووە، چەندین قوتابخانە لەژێر ناوی ڕوشدییە،[1] بە مەبەستی ڕاهێنانی فەرمانبەری چەکدار لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانیدا دەکرێنەوە. لەمەولا، ئەم ناوەندانە دەبنە پاپۆڕی پەڕینەوەی لاوانی کورد بەرەو ئەستەمبوڵ، کە ئەوساکە شوێنێکی گرینگی فەرهەنگی و ڕامیاری بووە بۆ مەردمە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بە گشتی و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی بە تایبەتی[2] (ئەحمەد، ١٩٧٨)؛ بە جۆرێک کە لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەدا، ئەم شارە دەبێتە مەکۆ و جێڕاوکەی بەشێکی زۆری خوێندکاران و بەرپرسان و میرکاران.[3] ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرهەڵدانی بژاردەیەکی بەئاگا و بەبیری لێ دەکەوێتەوە، کە ئاشنابوون بە گەشەونەشەی فەرهەنگیی ئەستەمبوڵ و چاوهەڵاتن بە ژیاری ئەورووپا، دەبێتە کەڵکەڵەی سەر و ختۆکەی مێشکیان (هەمان، ل.٥١).

لە مەودای ساڵەکانی ١٨٣٠-١٨٧٠ و دوای شکستی سەرهەڵدانەکان، دەستەی دەستەبژێر و دانستەی کورد بۆ درێژەدانی خەبات دەکەونە خۆ و ڕێکاری تازە دادەڕێژن و ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەنە یەکێ لە مێتۆدە نوێیەکان بۆ هایداری و ڕزگاریی گەلەکەیان، بەڵام ئەم ڕۆژنامەگەرییە وا بە ئاسانی بۆی ناچێتە سەر؛ چونکە ڕژێمی سوڵتان عەبدولحەمیدی خوێنمژ و گەندەڵ کە لە ساڵی ١٨٧٦دا دێتە سەر تەختی دەسەڵات، دەستی دوژمنایەتی بۆ ئازادی و دێمۆکراسی درێژ دەکا و ئامبازی هەرچەشنە وردەچاکسازییەکیش دەبێتەوە. لە دۆخێکی وەهادا دەبێ کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئەستەمبوڵ بواری دەرکەوتنی بۆ نارەخسێ و ناچار لە ٢١ ئاپریلی ساڵی ١٨٩٨ دا یەکەمین ژمارەی لە لایەن «میقداد میدحەت بەدرخان»ەوە لە قاهیرەی پێتەختی وڵاتی میسرێ دەردەچێ، بەڵام دوژمن لە وڵاتی عارەبانیشدا تەنگی پێ هەڵدەچنێ و وای لێ

1. Rušdīya-Schools

٢. بۆ باسی زیاتر لەسەر ئەم مژارە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
بازان، لویی (٢٠٢٠). ژیانی ڕووناکبیری و فەرهەنگی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. وەگێڕ نەجاتی عەبدوڵڵا. سلێمانی: ئایدیا.

3. Public Officials

دێ کە ٣١ ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە کە لەنێوان ئاپریلی ١٨٩٨ و ئاپریلی ١٩٠٢دا دەرچووە،[١] لە چەند شاری جۆراوجۆری وەک قاهیرە، جێنێڤ، لەندەن و فۆلکستۆن[٢]دا بڵاو بێتەوە (ئەحمەد، ١٩٧٨، ل. ٦٦).

پاش ڕۆمرکانی یەکجارەکیی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی و قڵپبوونەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی، هەڵکەوتە و هزرڤانی کورد ئەستەمبوولی ڕووگەیان جێ دێڵن و دەگەڕێنەوە ئامێزی دایکی نیشتمان، کە لەوێ حوکمی پاشایەتیی بە شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨٢-١٩٥٦) دەبێ و لە سایەی دەسەڵاتی سەربەخۆی ئەودا گیانێکی نوێی دەکەوێتە بەر نووسینی کوردی. جیا لەوە، دوابەدوای پێوەلکاندنی[٣] ئەم بەشە لە نیشتمانی کورد بە دەوڵەتی تازەسازکراوی عێراقەوە، دەسەڵاتی بەغدا دەروەست بە دابینکردنی مافی کەلتووری کوردان دەبێ. ئەمەش بەستێنێک ساز دەکا بۆ کرانەوەی مەودای پەروەردە بە زمانی کوردی لە چەند بەشی دیاریکراوی کوردستانی عێراقدا و سنوور و پانتاییەکەشی بە بڕیار و ڕێژەی دەسەڵاتی هەرکام لە دوو لایەنی کورد و دەسەڵاتی عارەبی بەغداوە گرێ دەدرێ. لەوانەش بترازێ، بژاردەی کورد لە سایەی ئەم دۆخە تازەیەدا چالاکیی نوێ وەگەڕ دەخەن و دەبنە بناخەداڕێژی ڕۆڵی بووژێنەرەوەی خوارووی کوردستان لەمەڕ سیاسەت و فەرهەنگ و ویژەی کوردی. وێڕای ئەوانە، ڕۆژنامەگەریی کوردیش ڕوحێکی نوێی دێتەوە بەر و جێپەنجەی لەسەر هونەری گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی دادەنێ تا ڕادەیەک کە دواجار دەندووکەدان و چووزەدەرکردنی[٤] ئەم ژانرە وەک لێکەوتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قەڵەم دەدرێ.

---

١. هەریەک لە ژمارەکانی (١-٥) لە قاهیرە، (٦-١٩) لە جێنێڤ، (٢٠-٢٣) لە قاهیرە، (٢٤) لە لەندەن، (٢٥-٢٩) لە فۆلکستۆن، (٣٠-٣١) لە جێنێڤ چاپ کراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
فوئاد، کەمال (٢٠٠٦). پێشەکی لە: کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی. چاپی سێیەم. تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

2. Folkestone
3. Annexation
4. Emergence

# گێڕانەوەی مۆدێرن

## دەستپێکی ئەزموونگەرا[1] (١٩١٣-١٩٣٩)

هەموو توێژەرێک گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیی بەگوێرەی ئەو پێوەندییە سەیر دەکا کە لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپی هەیەتی. هەمان بۆچوون بۆ زۆربەی فەرهەنگەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش، ڕێی تێ دەچێ ڕاست بێ. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەمڕۆکە کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمانی پێ دەڵێین، لە ڕاستیدا شێوازێکی هونەریی ئەورووپین کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە وەژوور دیوەخانی گەلانی ڕۆژهەڵات کەوتوون و شوێندانەرییان لەسەر تۆرە و وێژەی ئەوان داناوە.

لەمەڕ چۆنێتیی تێکەڵاویی کوردان بە ئاوەز و ئەدەبی ئەورووپییەوە دەبێ بڵێین چونکە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کۆتاییی ساڵەکانی سەدەی ١٨٠٠دا هاتووەتە ڕووی دنیاوە و دوو دەیە دواتریش کتێب بە زمانی کوردی چاپ کراوە (نەریمان، ١٩٧٧)؛ کەوا بوو ئاشنایەتیی نووسەرانی کورد بەر لەو ڕێکەوتانە بە وێژە و ڕۆژنامەگەریی ئەورووپییەوە لە ڕێگەی زمانەکانی تورکی و فارسی و عارەبییەوە هاتووەتە ئاراوە. لەم بارەوە عومەر مەعرووف بەرزنجی (١٩٧٨، ل.١٠) دەڵێ:

> «تەنها سەرچاوەی بیر و نووسینیان بریتی بووە لە زمان و ئەدەبی بێگانە و لەو ڕێگایەوە کەرەستە و شێوازی بابەتەکانیان هەڵبژاردووە بە تایبەتی ئەدەبی فارسی و تورکی... لەم بارەیەشەوە نموونەمان لە بەردەستایە کە هەوێنی بیری شاعیر و نووسەرە کوردەکان بووە».

دوابەدوای لە گرێژنەچوونی میرنشینی بابان، تا بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانگر و دامەزرانی دەسەڵاتی سەربەخۆی پاشایەتی، کوردستان بەشێ بووە لە خاکی ئیمپراتۆریای عوسمانی و لەو ڕووەوە ژیانی فەرهەنگیی کورد کەوتووەتە ژێر ڕکێفی

---

1. Tentative

زمان و ئەدەبی تورکـــی. ئەوەندە پەروەردە و فێرکارییەش کـــە لەو چەند قوتابخانەیەدا هەبووە، بە زمانی تورکی بووە. ئەو پۆلە نووســـەر و ڕووناکبیرە کوردانەش کە دواتر پێیان ناوەتە گۆڕەپانەوە، لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە هەگبەی زانستیان پڕ کردووە. لەو بارەوە، خەزنەدار (١٩٧٦، ل. ٧) دێتە نێو ئەو باسە و بەم جۆرە کورت دەیبڕێتەوە:

«بێگومان لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم کە چیرۆک لـــە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بووە، ئـــەو چیرۆکنووســـانەی تاقیکردنـــەوەی چیرۆکنووســـینیان نەبووە، دەبێ ســـەرچاوەی خوێندەوارییان بە تایبەتی لە کوردستانی خوارووداو ئەو چیرۆکانە بووبن کە بە زمانی تورکی نووسراونەتەوە، یا ئەو چیرۆکە ئەورووپاییانە بن کە گۆڕدرابوونە سەر زمانی تورکی».

وەک پێشـــتریش گوتـــرا، ڕۆژنامەگەریـــی کـــوردی هۆکارێکـــی گرینـــگ و چارەنووســـازی لەدایکبوونی گێڕانـــەوەی مۆدێرنی کوردی بـــووە. ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەپاڵ گێڕانی ڕۆڵی خۆیان لەمەڕ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هزری ڕامیاری، دەســـتێکی باڵاشـــیان لە پەرەپێدانی چاند و فەرهەنگدا هەبووە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە عومەر مەعرووف بەرزنجی (١٩٧٨، ل. ٩) ڕای خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

«دەرکەوتنی چیرۆک یەکســـەر دەبەستینەوە بە سەرەتای ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییەوە کە وەک ڕاســـتییەک دەورێکـــی باڵایان بینیوە لـــە مەیاندن و خەمڵاندنی ئەم بەشـــە گرینگەی ئەدەبدا».

ئەم ڕاســـتییە کاتێ زیاتر دەردەکەوێ کە ئێمە ســـەرنج بدەینە سەر ئەوەی کە ١١٠٠ کورتەچیـــرۆک لەنێوان ســـاڵەکانی ١٩٢٥-١٩٧٥دا چاپ و ٨٠٠ دانەشـــیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە؛ بۆیەشە کە بوار نوورەدین (١٩٧٨، ل. ٣) لەو بارەوە دەڵێ:

«کورتەچیرۆکـــی کـــوردی و هۆیەکانی بڵاوبوونـــەوەی بەند بووە بـــە ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە».

سەروساختی نێوان ڕۆژنامەگەری و گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی تەنیا بابەتێکی فەرهەنگی و مێژوویی نەبووە، بەڵکوو لە هەندێ ئاستدا گرێدراوی تەکنۆلۆژیای چاپ بووە؛ هەر لەو سۆنگەیەوە بووە کە هەڵبەست وەک ژانرێکی باڵادەست و هەڵقوڵاوی یادگەی تاکەکان زۆر بە ئاسانی گەیشتووەتە چڵەپۆپە، کەچی بە پێچەوانەوە، ژانرە مۆدێرنەکانی گێڕانەوەی کوردی لە دۆخێکی تردا بوون. ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمان بە هۆی ڕوخسار و قەوارە و درێژییان پێویستییان بە چاپکردن بووە، کەچی حەوجەیەکی ئەوها بۆ هەڵبەست و هۆنراوە لە ئارادا نەبووە.

بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو قۆناخە، زایەڵەی میراتی دەوڵەمەند و فۆلکلۆریکی داستانی و پاڵەوانێتی لەنێو چیرۆکی مۆدێرنی کوردیدا دێتە بەر گوێی خەیاڵ و خوێنەر بەو قەناعەتە دەگا کە داستانە نەریتی و فۆلکلۆریکەکان شوێندانەرییەکی زۆریان لەسەر زمان و پێکهاتەی کورتەچیرۆکەکان هەبووە، کە لەم بارەیەوە عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٨٤، ل.١١٣) ئاوا بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ:

«گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی نە بەرینکردنەوە[1] و بە تانوپۆداهاتنەوەیەکی ڕووکەشی و سادەی ئەفسانە کوردییەکانن و نە وەرگێڕانێکی[2] دەقاودەق و دەمەلاسکێی ئەدەبی ئەورووپین، بەڵکوو ئەوان تێکهەڵکێش[3] و ئاوێتەیەکی داهێنەرانەن لەنێوان میراتی زارەکی و نووسراوی کوردی و شێوازی دەربڕین و گێڕانەوەی خەڵکانی تر».

ئەزیش لەسەر ئەو بڕوایەم کە فۆلکلۆر لە دەورەی یەکەمدا بە بەراورد لەگەڵ کورتەچیرۆکی ئەورووپی، کاریگەرییەکی زۆرتری لەسەر گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی بووە. نموونەی سەلمێنەریش لەم بارەیەوە بوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی لاساییکردنەوە و

1. Extension
2. Paraphrase
3. Synthesis

شوێنکەوتووییە لە داستان و حیکایەتە نەریتییەکان. ئەوەش وا نیشان دەدا کە نووسەرانی کورد ئەوساکە چ بە خوێندنەوە و چ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، ئاگاداری چیرۆکی ئەورووپی نەبوون؛ هەربۆیەشە کە تا دەگاتە دەیەی چل و ساتەوەختی دەرکەوتنی یەکەمین وەرگێڕانەکانی ئەم ژانرە بۆ سەر کوردی، هیچ بەرهەمێک نایەتە سەر ئەو زمانە و ئەمەش کار دەکاتە سەر بەرهەمەکانی دوای دەورەی یەکەم، واتە دەورەی دوویەم و دواتر.

قۆناخی یەکەم کە پتر لە بیستوحەوت ساڵان دەخایێنێ، وەک دەستپێکێکی دڕدۆنگانە[1] پێناسە دەکرێ، کە لەودا کارەکان بە هۆی پێشینەی سیاسی و فەرهەنگیی نووسەرەکانیانەوە، ڕوخسار و ناوەڕۆکی جیاواز بە خۆ دەگرن.

تا سەرەتای دەیەی هەشتا، هەموو لێکۆڵینەوەکان لەسەر ساڵی ١٩٢٥ وەک خاڵی دەستپێکی گێڕانەوەی نوێباوی کوردی ساخ ببوونەوە، کەچی لە کاتی لەچاپدرانەوەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕۆژی کورد، باسوخواسەکان دەربارەی کورتەچیرۆکی کوردی گەیشتنە ئەو ئاکامە کە دەمی دەرکەوتنی ئەو ژانرە سیازدە ساڵ بەر لە ڕێکەوتەکەی پێشوویە و بەو پێیە ساڵی ١٩١٣ ساتی ڕسکانی کورتەچیرۆکی کوردییە. لە ژمارەکانی یەکەم و دوویەمی ئەو گۆڤارەدا، کورتەچیرۆکێکی فوئاد تەمۆ لەژێر سەردێڕی چیرۆک، واتە ئەو زاراوە کوردییەی بۆ حیکایەت و کورتەچیرۆک بەکار دەهێنرێ، چاپ کراوە (ڕۆژی کورد، ١٩٨١، لل. ٤١-٤٢ و ٦٧-٧٧). لە ژمارەی دوویەمی ڕۆژی کورد و لە کۆتاییی بەشی دوویەمی ئەو بەرهەمەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە چیرۆکەکە درێژەی هەیە، بەڵام لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەم شتە وەڕاست ناگەڕێ و پاشماوەی کارەکە بڵاو نابێتەوە.[2] شیاوی

1. Hesitating

٢. جگە لەو چیرۆکە، کە بەسەرهاتی «شەوێش»ی مێرمنداڵ و باوکە شوانەکەی دەگێڕێتەوە، دوو چیرۆکی تریش لە ژمارەکانی سێ و چواری گۆڤاری ڕۆژی کورددا چاپ کراون. یەکیان «چیرۆکی کرمانجا»یە بە پێنووسی «کەندو» و لە ژمارەی سێدا چاپ کراوە. ئەوی تریشیان، کورتەچیرۆکێکە لەژێر ناوی «چیرۆک» و کەسێک بە ناوی «بابێ ڕەشۆ» نووسیوێتی و لە چوارەمین ژمارەدا بڵاوی کردووەتەوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
*ڕۆژی کورد گۆڤاری جڤاتی «هێڤی»ی قوتابیانی کورد، ئەستەموول ١٩١٣* (٢٠٠٥). ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: عەبدوڵڵا

باسە کە لە هەرلایەکەوە تەماشای ئەو کورتەچیرۆکە سێ لاپەڕەییە بکرێ، خاڵێکی بەهێز و بەپێــزی ئەوتۆی لێ بەدی ناکرێ، بەڵام ئەوەی بردوویەتە لای ســەرەوەی هەمووان، ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەکەیەتی کە وەک یەکەمین بەرهەم، بایەخی مێژوویی داوەتێ، دەنا ئەم بەرهەمە بە هیچ لەونێک شوێندانەریی لەسەر هونەری چیرۆکی کوردی نەبووە.[١]

دوای ئەو کورتەچیرۆکە، دەبێ تا ساڵی ١٩٢٥ ڕاوەستین و بەندەواری بڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی تر بین، کە ئەویش چیرۆکی «لە خەوما»یە لە نووســینی «جەمیل ســائیب» (١٨٨٧-١٩٥١)؛ کەســێک کە جێی خۆیەتــی وەک دامەزرێنــەری ئەدەبی چیرۆکی کــوردی بێتە ناســین. ئەم بەرهەمە ســەرەتا بە شــێوەی زنجیرە لە گۆڤــاری «ژیانەوە» و پاشانەکێ لە گۆڤاری «ژیان»، لە ٢٣ بەشدا لەنێوان ١ جولای ١٩٢٥ تا ٢٩ جولای ١٩٢٦ بڵاو کراوەتەوە (عارف، ١٩٧٧، ل.١٤). ئەم بیستوســێ بەشــەش، هەژدەی لە گۆڤاری ژیانەوە و پێنج بەشیشی لە ژیاندا لەچاپ دراوە، کە بە بڕوای زۆربەی توێژەران کارێکی ناتەواوە؛ چونکینێ لە دوایین بەشــیدا ئاماژە بە درێژەداربوونی کراوە. ئەگەرچی سائیب ساڵانێکی زۆر دوای ئەم کارەی ژیاوە، بەڵام نە بەرهەمێکی تری پێشکەش کردووە و نە چیرۆکەکەشی وەک کتێب لە چاپ داوە، بەڵکوو ئەوە لە ساڵی ١٩٧٥ و لە ساڵوەگەڕی پەنجــا ســاڵەی بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمــەدا دەبێ، کە «جەمال بابان» لەســەر بنەمای دەستنووسی نووسەری دەق و بەبێ هیچ زیادوکەمییەک، کارەکەی لە دووتوێی کتێبدا بڵاو دەکاتەوە (سائیب، ١٩٧٥).

لەم بارەوە، لەسەر ئەو بڕوایەم کە نووسەر خۆی بواردووە لە درێژەدان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی و هەربۆیەشە زیاتر پوخت کراوەتەوە؛ چونکە چیرۆکبێژ دەیتوانی کارەکەی بە تاقەڕستەیەکی وەکوو «ئیتر بە ئاگا هاتم» ببڕێتەوە، وەک بڵێی ئەم شتانە ڕوویان نەدابێ.

لەوانەش بترازێ، هەژەند و سەرســوڕهێنە کــە یەکەمین چیرۆکی ئەدەبی کوردی،

---

زەنگەنە. سلێمانی: بنکەی ژین.

١. ئەوە ڕای نووسەرە و دەبێ بۆ ئەم مژارە لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێ [وەرگێڕ].

دەکەوێتە خانەی ڕەخنە لە یەکەمین پاشا و دەسەڵاتی پاشایی لە مێژووی مۆدێرنی کوردستاندا، بە چەشنێک کە جەمیل سائیب لە چیرۆکەکەیدا دادەڕسکێتە[1] سەر شێخ مەحموودی حەفید و حکوومەتەکەی بە دەسەڵاتێکی زۆردار و خوێنمژ دەشوبهێنێ و وەکوو خەونێکی ناخۆشیشی دەقەبڵێنێ. ئەم تیروتەشەرتێگرتنانەش لە شێخ مەحموودی پاشای کوردستان، هۆکاری جۆراوجۆری تاکەکەسی و سیاسی هەبووە، کە لێرەدا حەوجە بە تەتەڵە و پەرەکردنی نییە، بەس تەنیا ئەم ڕاستییە کە چیرۆکی ناوبراو لە گۆڤاری ژیانەوەدا بڵاو کراوەتەوە، خۆی لە خۆیدا دەرخەر و وروژێنەری گەلێک شتە، کە حسێن عارفیش بە جۆرێ لە جۆرەکان بەڕەی لەسەر ئەم باسە هەڵداوەتەوە و لای وایە گۆڤاری ناوبراو، وەشاندنی پڕۆپاگاندای لە بەرژەوەندیی بەریتانیای مەزن لە ئەستۆ بووە[2] و لەو پێناوەشدا لاپەڕەکانی بە ڕیزەوتارێکی وەکوو پەسندانی بەریتانیا و باسی پشتیوانیی ئەم وڵاتە لە مافی کورد، ڕەش کردووەتەوە (عارف، ١٩٧٧، ل.١٥)

جەلادەت عالی بەدرخان (١٨٩٣-١٩٥١) وەک زمانناس و ڕۆژنامەوانێکی پڕبەرهەم، بەو پەڕی هەست و سۆزەوە ژیانی خۆی لەپێناو گەشەی بوارە جیاجیاکانی فەرهەنگیی کوردیدا تەرخان دەکا. ناوبراو گۆڤاری «هاوار» دەردەکا و لە ژمارەی چوارەمی گۆڤارەکەیدا، کورتەچیرۆکێک لەژێر ناوی «بەر تەڤنا مەحفوورێ» بڵاو دەکاتەوە. ئەم بەرهەمە سەرەڕای ئەوەی لە بواری زمان و ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە ئاستێکی هێندە باشدا نییە، دەخرێتە پارسەنگی یەکێ لە ئەزموونە بەراییەکانی چیرۆک لە مێژووی

1. To Attaking

٢. شیاوی ئاماژەیە کە لەو سەروبەندەدا جیا لە بەریتانیا، تورکە کەمالییەکانیش لە کوردستاندا خەریکی بەرفرەوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بوون، بە چەشنێک کە هاوتەریب لەگەڵ لێپرسراوانی بەریتانیا، کەسانێکی وەکوو «ئۆزدەمیر»یش کوردستان دەکەنە قووڵاییی ستراتیجیکی ئەوسایان و دەسەڵات و ئەنجوومەنی خۆیان لە شاری «ڕەواندز»ێ دادەمەزرێنن. لە ئاکامی دۆخێکی وەهادایە کە کوردستان دەبێتە مەیدانی تەراتی بەریتانی و تورکان و کۆمەڵگەی کوردیش بەسەر ئەو دوولایەنەدا دابەش دەکرێ. هەر لەو دەورەودووکانەدایە کە ململانێی فیکریش دێتە ئاراوە و ڕۆشنبیرانێکی وەکوو مستەفا پاشای یامولکی (١٨٨٦-١٩٣٦) و جەمال عیرفان (١٨٨١-١٩٢٢) بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبنە قۆچی قوربانی و لە لایەن بەرەی عوسمانیخواز و نەریتپارێزەوە دەسڕێنەوە [وەرگێڕ]،بڕوانە:

باوەڕ، ئەحمەد (٢٠١٧). ئۆزدەمیر و کورد؛ مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورک لە باشووری کوردستان. سلێمانی: سەردەم.

ئەدەبی کوردیدا. بەدرخان لەم کارەدا دەست بە گێڕانەوەی ئەو نەهاتی و نەگبەتییانە دەکا کە پاش سەرکوتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥دا بەسەر کورداندا هاتووە. ئەوەی لەم گێڕانەوەیەدا بەرچاوە، گەشبینیی سیاسی و ئەو باوەڕەیە کە زانست بەردەبازی ڕێگەی ئازادی و سەربەستییە و دەشێ نەتەوەی کورد بخرێتە بەر خوێندن و پەروەردەوە .(Bedîrxan,1932)

یەکێ لە سەرکەوتووترین چیرۆکەکانی ئەو دەورەیە، «مەسەلەی ویژدان»ی «ئەحمەد موختار جاف»ە (١٨٩٧-١٩٣٥)، کەچی سەرەڕای ئەمە، ناتوانێ جێگەوپێگەی شیاو و ڕاستەقینەی خۆی لەنێو ویژەی کوردیدا دەستەبەر بکا. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر وەشانی ئەم کارە لە دووتوێی کتێبدا پاش چل وسێ ساڵ لە نووسینی (جاف، ١٩٧٠). جێگەی ئاماژەیە کە بەر لە بڵاوبوونەوەی دەستنووسی ئەم چیرۆکە لە قەوارەی کتێبدا، ئەحمەد موختار جاف تەنێ وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر سەیری کراوە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم کارەی وەک چیرۆکنووسێکی دووربین و زیرەکیش ناو دەردەکا. دەبێ بڵێین کە ئەم چیرۆکەش وەک کارەکەی سائیب، بنەی نەهاتووە و ناتەواوە، بەڵام پلۆت[1] و بابەتەکە وا ڕادەنێ کە گێڕانەوەکە دەیتوانی درێژتر بێ. هەرچەند گریمانەی ئەوەش دەکرێ نووسەر نەیتوانیبێ داستانەکەی بە سەرئەنجام بگەیێنێ.

بە پێچەوانەی لە خەومای سائیب، مەسەلەی ویژدان چیرۆکێکی گۆڕانخواز و ڕادیکالە، کە تێیدا نووسەر سەری هەناسەی لەڕاست دەسەڵات هەڵداوێ و بە دامودەزگای عێراقی و بەریتانیدا هەڵدەخووشێ و دەکەوێتە لەقاودان و ئیدانەکردنی ئەو سیستێمە گەندەڵ و بیرۆکراتیکەش کە دوابەدوای داڕووخانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود لە لایەن ئینگلیزی داگیرکەرەوە لە کوردستان بازی دەسەڵاتی لەسەر شان دەنیشێ. لەو چیرۆکەدا، ئەحمەد موختار جاف لە ناکۆکیی نێوان مەردمی بەربێگار،

1. Plot

بێزەر، وەرزێر و جووتێر لە لایەک و گەندەڵانی نێو دەسەڵات و دەرەبەگی چاوچنۆک[1] و ستەمکار لە لایەکی تر، بەبێ هیچ دوودڵییەک لایەنی یەکەم هەڵدەبژێرێ. ئەوەشی لەگەڵدا بێ، ڕوانین و بۆچوونەکانی جاف کاتێک زیاتر خویا دەبن کە ئێمە لا دەکەین بە لای ئەو ڕاستییە کە نووسەر سەرەڕای ئەوەی کوڕی «وەسمان پاشای جاف» بووە و دەسەڵاتی ئەوسای هەڵەبجەی گێڕاوە، لە بەستێنی هەڵبەستیشدا وەک کەسێکی شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دەست و لەو مەیدانەدا سووری بە پێنووس داوە.

پیرەمێردی شاعیر (١٨٦٧-١٩٥٠) کەبە حاجی تۆفیقیش ناودێرەووەکوو ڕۆشنبیرێکی پێشەنگ[2] لە چەندین بواری وەک ڕۆژنامەگەری، وەرگێران، هەڵبەست، فۆلکلۆر و شانۆنووسیدا بە کەسێکی چالاک و شوێندانەر ناسراوە، لە کاری کورتەچیرۆکیشدا جێپەنجەی دیارە. شتێک کە لێرەدا پیرەمێرد لە نووسەرانی تر هەڵداوێرێ ئەوەیە کە ناوبراو بە گشتی چیرۆکی مێژوویی کردووەتە مژاری نووسینەکانی و لەم بارەوە «دوانزە سوارەی مەریوان» و «مەم و زین»ی بەرهەم هێناوە (پیرەمێرد، ١٩٣٥). جگە لەم دوو کارە، پیرەمێرد چەند بەرهەمی تریشی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردوونەوە کە تاوەکوو ئێستا بە شێوەی کتێب چاپ نەکراون.

هەر لەو قۆناخەدا دەکرێ ئاماژە بە «محەممەد عەلی کوردی» (١٨٩٨-١٩٥٧) بکرێ وەک نووسەرێکی دیکەی بواری گێڕانەوەی مۆدێرن. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ بەرهەمێک بە ناوی «دوای سەرخۆشیی زۆر شێتییە» لە «دیاریی لاوان»دا چاپ دەکا و ساڵی ١٩٣٦ش سێ بەشی ڕۆمانی «نازدار» کە هەتا ئێستا دەستنووسەکەی نەدۆزراوەتە، لە گۆڤاری «ڕووناکی»دا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی گۆڤاری ڕووناکی ڕێگەی لێ دەبەسترێ و بەشەکانی تری ڕۆمانەکەش دەرناچێ (عارف، ١٩٧٧، ل.٤٥).

---

1. Greedy Lord
2. Avant-Garde

## نەوەی گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)

لەنێوان ساڵەکانی دەیەی سی تا کوتاییی شەڕی دوویەمی جیهانی، لە لایەن بزاڤی کوردییەوە پێنگاڤی سیاسیی بەرز و مەزن داوێژرێ. حیزبی هیوا[١] و پاشان پارتی دێمۆکراتی کوردستان[کورد][٢] لە کوردستانی عێراقدا دەرسکێن و بڵێسەی شۆڕشی بارزانیش کە لە ١٩٣٣ دادەگیرسێ، هەتا ساڵەکانی ١٩٣٤، ١٩٤٣ و ١٩٤٥ لە کڵپە ناکەوێ.[٣] لە کوردستانی ئێرانیشدا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد[کوردستان][٤] (ژێکاف) پێک دێ و لەسەر بنەمای ئەو، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان[٥] لە شاری مەهاباد دادەمەزرێ و کۆماری کوردستانیش لە ساڵی ١٩٤٦دا لە دایک دەبێ.

جیا لە بواری ڕامیاری، تین و گوڕ وەبەر هەناوی فەرهەنگی کوردی دەکەوێ و چەندین کۆڕ و دەزگای سیاسەتداڕێژیی فەرهەنگی ئاوا دەکرێن. لە سەرەتاکانی ١٩٣٠دا، پۆلێک نووسەر و خوێندکاری کورد لە بەغدا کەشکۆڵێکی ئەدەبی[٦] بە ناوەکانی «یادگاری لاوان» لە ساڵی ١٩٣٣ و «دیاریی لاوان» لە ساڵی ١٩٣٤ چاپ و بڵاو دەکەنەوە.[٧] لە مانگی دیسامبری ١٩٣٩شدا، یەکەم ژمارەی گەلاوێژ دەردەچێ و تا سێپتەمبەری ١٩٤٩ ئەم گۆڤارە لە وەشانی خۆی بەردەوام دەبێ و دەچێتە ڕیزی

---

١. حیزبی هیوا لە ساڵی ١٩٤١ لەسەر بنەمای ڕێکخراوی لاوانی «دارکەر» وەک پارتێکی ڕاستڕەوی ناسیونالیست بە سەرۆکایەتی «ڕەفیق حیلمی» دامەزراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
قەرەداخی، عەتا(٢٠١٤). گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی. بەرگی ٢. سلێمانی: چوارچرا. لل.٢٩-٤١.

2. Democratic Party of Kurdistan

٣. لەسەر ئەم مژارە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
Brzanî, Mesud (2000). *Barzanî û Tevgera Azadixwazîya kurd 1931-1958.* werger.M.S. Cuma.Hewler: çapxana perwerde.

4. Union for Kurdistan's Revival
5. Kurdistan's Democratic Party
6. Literary Anthology

٧. ئەم دوو گۆڤارە لە لایەن «کۆمەڵی لاوان» بڵاو بووەتەوە. شیاوی باسە کە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٣دا، بە مەبەستی هەڵدانەوەی کەلەپووری کوردی، شەنوکەوی ڕابردوو، خوێندنەوەی نوێ بۆ پرسی کورد و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو خەڵکدا، لە شاری بەغدا دامەزراوە. هەڵسووڕێنەرانی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیەش بریتی بوون لە کەسانێکی وەکوو ئەمین زەکی بەگ، شاکر فەتتاح، حامد فەرەج، فازل ڕەئووف تاڵەبانی و حەسەن تاڵەبانی [وەرگێڕ]، بڕوانە:
میرزاکەریم، غەفور (١٩٧٨). *یادگاری لاوان و دیاریی لاوان*. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد. ل. ٢٦.

بایبدارترین و بانترین گۆڤاری کوردی و خاوەنباندۆرترینی ئەوان لەسەر پەرە و گەشەی ژانرە مۆدێرنەکانی گێڕانەوەی کوردی. پرسی فەرهەنگ لە ڕۆژهەڵاتی دوای دامەزرانی کۆماریشــدا دەکەوێتە گەشەســتاندن و پەروەردەکردنی مەردمی کــورد و پەرەپێدان بە کەلتووری کوردی دەبێتە کەڵکەڵەی ئەو دەوڵەتە[١] و لە پێناویشیدا هەژمارێکی بەرچاوی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب لە سەرەتای دەیەی چل تاکوو ڕووخانی کۆمار[٢] لە دیسامبری ١٩٤٦دا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.[٣]

جیــا لەو نموونانەی ســەرەوە، زلهێزان و داگیرکەرانێکی لەگوێن ئینگلیز و فرانســا بە مەبەســتی کردنەوەی مەیلی کوردان بۆ لای خۆیان و بــۆ بێباندۆرکردنی کۆمیونیزم، حــەز و هۆگریی خۆیان بــە فەرهەنگی کوردی ڕادەنێن و بــۆ دەربڕینی ئامانجەکانیان زمانــی کوردی دەخەنــە کار و پڕۆپاگاندەی پێ بڵاو دەکەنەوە. هــەر لەو پێناوەدایە کە باڵوێزخانــەی ئینگلیز لــە عێراق وەرزنامەیــەک بە ناوی «دەنگی گێتیی تــازە» لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٣-١٩٤٧ دەردەکا[٤] و لە فەلەستینیش، بەشی کوردی لە وێستگەی ڕادیۆی

١. لە ســەرێنی دەســەڵاتی کۆماردا، بەرنامەی فەرهەنگی لە چەندین بواردا لە ئارادا بووە وەکوو: ١. بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە هەموو مەیدانەکانی میری، ئایینی، یاسایی، بازرگانی و سەربازی ٢. ڕاگرتنی شکۆی ئایین و مزگەوت ٣. پەرەدان بــە خوێندن و خوێندەواری٤. دامەزرانی قوتابخانەی ڕۆژانە و شــەوانە ٥. دەرکردنی ڕۆژنامــە و گۆڤار ٦. چاپی کتێب ٧. دامەزرانی ڕادیۆ ٨. ڕۆنانی کتێبخانەی میللی ٩. دانانی سینەمای کوردستان [وەرگێڕ]، بڕوانە:

مستەفا ئەمین، نۆشیروان (٢٠٠٧). حکوومەتی کوردستان؛ *کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا ڕێبەندانی ١٣٢٤-سەرماوەزی ١٣٢٥*. چاپی سێیەم. سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان. لل. ١٥١-١٧٥.

٢. لەسەر ئەم مژارە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

William Eagleton, Jun (1963). *The Fall of Mahabad in: The Kurdish Republic of Mahabad: 1946*. Oxford University Press for the Royal Institute of Internatinal Affairs. pp.112-116.

٣. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بریتی بوون لە: نیشــتمان (١٩٤٣)، دەنگی ڕاســتی-لە لایەن لقی ســلێمانیی ژ.ک بڵاو بووەتەوە (١٩٤٤)، هــاواری کــورد (١٩٤٥)، ئاوات (١٩٤٥)، گۆڤاری کوردســتان (١٩٤٥)، ڕۆژنامەی کوردســتان (١٩٤٦)، هەڵاڵە (١٩٤٦)، هاواری نیشــتمان (١٩٤٦)، گڕوگاڵی منداڵانی کورد (١٩٤٦)، ئاگر[ی] (١٩٤٦)، زانســت (١٩٤٦)، دەنگی کورد (١٩٤٦) [وەرگێڕ]، بڕوانە:

تۆفیــق، جووتیار (٢٠٠٧). *بیبلیۆگرافیــای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و دەرەوەیدا (١٩٠٨-١٩٨٨)*. سلێمانی: بنکەی ژین. ل. ١٨-٣٨.

٤. لە دەنگی گێتیی تازەشدا نووسەرانی کورد ئاوڕیان لە چیرۆک داوەتەوە کە بەرچاوترینی ئەوان بریتین لە حسێن حوزنی موکریانی، دڵسۆز، ئیحسان مستەفا و فایق زیوەر [وەرگێڕ]، بڕوانە:

عارف، حسێن (٢٠١١). چیرۆک و چیرۆکنووسانی دەنگی گێتیی تازە، لە: چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠). هەولێر:

ڕۆژهەلاتی نزیک[1] دەکرێتەوە. فرانسـاییەکانیش ئیزنی دەرچوونی هەندێ بلاوکراوەی کوردی لە سـوریا و لوبنان دەدەن و تەنانەت لە بواری ماڵیشـەوە دەسگیرۆییان دەکەن. لە بەرامبەر ئەمەدا، بەشێک لەو گۆڤارانە وەکوو هاوار (١٩٣٢-٤٣)، ڕۆناهی (١٩٤٢-٤٥)، ڕۆژا نوو (١٩٤٣-٤٥) و سـتێر (١٩٤٣-٤٥) دەسـت دەکەن بە دەفژەنی و دەهۆڵلێدان بۆ هاوپەیمانان[2] و بە زۆرنای شەڕیان دەکەونە سەمایە و کێچیان دەکەن بە گایە.

لەو مەودا دە سـاڵەیەی وا گۆڤاری گەلاوێژی تێدا بـلاو دەبێتەوە، هێمی چیرۆکی مۆدێرنی کوردی دادەڕێژرێ و خێوی ئەم گۆڤارەش بۆ پەرە و پێشـڤەچوونی چیرۆکی مۆدێرنی کوردی تێ دەکۆشن. ئەوان بۆ ئەم مەبەستە لە لایەک، هانی نووسەرانی کورد دەدەن و کارەکانیـان بۆ چاپ دەکەن. لە لایەکی دیکـەوە، کورتەچیرۆکان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤارەکەیاندا بلاویان دەکەنەوە، بە جۆرێ کە لەو ١٥٠ ژمارەیەی لە ماوەی تەمەنی دە سـاڵەی گۆڤـاری گەلاوێژدا دەرچـووە، ١١٤ کورتەچیرۆک بلاو کراوەتەوە، کە ٨٢ دانەیان لە زمانی بیانییەوە هاتوونەتە سەر زمانی کوردی و ٣٢ دانەکەی تریشیان لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسراون (عارف، ١٩٧٧. ل. ٥٦-٥٧).

گی دو موپاسـان،[3] ئۆسـکار وایلد،[4] هۆنۆ دێ بالزاک،[5] ئانتۆن چێخۆف،[6] ماکسیم گۆرکی،[7] لیۆ تۆلسـتۆی[8] و ئیلیا ئێهرەنبورگ[9] لە بەناوبانگترینی ئەو نووسـەرانەن کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا کارەکانیان بە کوردی بلاو کراونەتەوە. هەر لەو سـەروبەندەدا دەبێ کە پیرەمێردی شـاعیر ڕۆمانی «کەمانچەژەن» لە زمانی تورکییەوە دەکاتە کوردی و بەبێ هێنانی ناوی نووسـەرەکەی لە سـاڵی ١٩٤٢دا بلاوی دەکاتەوە. گۆرانی شاعیریش کە

ئاراس. لل. ٦١-٧٢.

1. Near East Radio
2. Allies
3. Guy de Maupassant
4. Oscar Oilde
5. Honoré de Balzac
6. Anton Chekhov
7. Maxim Gorky
8. Leo Tolestoy
9. Ilya Ehrenburg

لە هەڕەمەی شــەڕدا لە وێســتگەی ڕادیۆ لە شاری یافا[1]ی فەلەســتین[2] دەبێ، ژمارەیەک کورتەچیرۆک وەردەگێڕێ و لە بەرنامەکانی ڕادیۆدا دەیانخوێنێتەوە و پاشــانەکێ ساڵی ١٩٥٣ لــە دووتوێی گوڵبژێرێکدا بڵاویان دەکاتەوە. گۆران (١٩٥٣، ل.٥) لە پێشــەکیی پەڕتووکەکەیدا کە لەخۆگری نۆ کورتەچیرۆکە، ویستی خۆی ئاوا دێنێتە زمان:

«نیازم ئــەوە بوو لە ڕێگەی بڵاوکردنــەوەی ڕادیۆوە بەپێی توانســت هاوکاری لەگەڵ تەقــەلای گۆڤاری مانگانەی گەلاوێــژ بکەم بۆ دانانی بناغە و گەشــەپێدانی هونەری چیرۆکنووســی لە زمانی کوردیدا. هەروەکوو نووســەرەکانی گەلاوێژ، منیش ڕێگای هەرە کورتی گەیشتنە ئامانجم وا هاتە پێش چاو کە لە پێشا لە گۆڕینی هەندێ چیرۆکی کورتی زمانە بێگانەکانەوە دەست پێ بکرێ».

ئەگەر بێینەوە سەر ڕچەی گۆڤاری گەلاوێژ، دەبێ بڵێین کە لەو ڕەوتەدا عەلائەددین ســەجادی (١٩١٧-١٩٨٤) و ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠) و شاکر فەتتاح (١٩١٤-١٩٨٨)، لەسەر یەک مژار ڕۆیشتوون، بەڵام لە دۆزینەوە و پێشنیاری ڕێکارەکاندا جیاواز دەرکەوتوون.

شاکر فەتتاح لە کورتەچیرۆکەکانیدا بە مەبەستی لەقاودانی کاربەدەستانی ئاوانتەچی و بەرتیلۆەرگر و دەرخســتنی ڕووی ڕاستەقینەی گزیرانی خوا و کوێخایانی دین، کێشە جڤاکییەکان و کەموکووڕیی ســەردەمی خۆی دێنێتە بەر باس. جیا لەم مژارانە، فەتتاح بــاس لە کەســانی بێئەنوا[3] و بێئیــش دەکا، یان دێــت و نەریتی ئــەو زەماوەندانە دەباتە ژێرپرسیار کە تێیاندا ژن و پیاو تا ڕۆژی بووکگواستنەوە ڕووی یەکتر نابینن. لە دۆزینەوەی چارەسەرەکانیشــدا، فەتتاح لە سیلەنیگای ڕێفۆرمیســتێکی ئایینییەوە سێرە لە بابەتەکان دەگرێ و لەو وایە کە لە شــەڕی نێوان چاکە و خراپەدا، هەمیشە دادی ئاسمانی نەخشی

1. Jaffa
2. Palestine
3. Destitute

خـۆی دەبینێ، بە جۆرێ کە زۆردار داری بۆ دەکـرێ و هەقداریش هەقی پێ دەدرێ.
شـیاوی باسـە، ناوبراو بەدەر لەو کورتەچیرۆکانەی لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، خاوەنی کتێبێکە بە ناوی «شەبەنگە بە ڕۆژ» کە لە خۆگری دە چیرۆکە و لە ساڵی ١٩٤٧دا چاپ کراوە (فەتتاح،١٩٤٧).

پێوەند بە عەلائەددین سـەججادی و بەگوێرەی ئـەوەی لە کارەکانی دەردەکەوێ، دەکـرێ بڵێین کە ناوبـراو ئاگادارییەکی ئەوتۆی لەسـەر جڤاتگەی کـوردی و ژیانی ڕۆژانەی گوندنشـینان و جووتیاران هەبووە و بە لێزانییەوە پەرژاوەتە سـەر سیسـتێمی عێراقی ئەوسا و زۆر بە جوانیش ڕەوتاری ئاژان و دارۆغە و شارەوانی ئەوکاتی هێناوەتە بەر تیلای چاوان و لێفەی لەسەر هاوکاریی ئەوان لەتەک سەرۆکهۆز و مەزنی بەرەباب و بنەماڵان هەڵداوەتەوە. بەوانەش نەوەسـتاوە و باری چەوسانەوە و نادادپەروەرییەکانی لێک دەداتەوە و قورسایی ئەو ڕەوشەشی لەسەر شانی چینی پاڵە و سەپانی بەشمەینەتی ئـەوێ دەمێ هێناوەتە بەر باس. ئەو لە کۆتاییـی کورتەچیرۆکەکانیدا، ڕێگەچارەیەکی بەردەسـت و ئامادەکراو پێشـنیار ناکا، بەڵام لەجیاتی ڕێکار و چارەسـەر، تەرِدەستانە پلانەکـەی دەباتە پێش هەتا هاوتەریب لەگەڵ پێشـڤەچوونی گێڕانەوەکە، کەسـێکی ئاسـاییش خۆی لەنێو باس و بابەتەکاندا بدۆزێتەوە و دەرئەنجامێکی ڕوون لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا دەستەبەر بکا. هەروەها، نەبەردی و چاونەترسیی خەڵکی کورد، جا چ ئەو کوردە پاڵەوانێکی سیاسی بێ، یان کەسێکی ڕەوشتبەرزی نێو خێڵ و بنەماڵەکەی، یەکێ بووە لەو بابەتە سـەرەکییانەی بەردەوام لە کارەکانی سـەججادیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەو بـارەوە دەکرێ ئاماژە بە کورتەچیرۆکەکانی «لەپێناوی ئافرەتا» و «جەوهەراغا»دا بکرێ، کە لەواندا پێنووسـی سـەججادی نوقمی جەوهەری خەیاڵ دەبێ و باسی جوامێری و کەڵەمێری[1] و سـوارچاکیی[2] کوردانی پێ دەنووسرێتەوە. سەججادی خاوەنی چەندین کورتەچیرۆکە کە لە سـاڵی ١٩٦٠دا و لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی «هەمیشـە بەهار»

1. Bravery
2. Skill in Horsing

چاپ و بڵاو کراونەتەوە (سەججادی، ١٩٦٠).

لەنێو نووسەرانی بەرەی گەلاوێژدا، ئیبراهیم ئەحمەد لە هەمووان ڕادیکالترە. هەرچەند بە بەراورد لەگەڵ سەججادی دەکرێ بڵێین کە بەرهەمەکانی ئەحمەدیش لەگەڵ ژیانی گوند و جووتیاراندا لە سەرەتاتکێدان، بەڵام پێدەچێ لەم بوارەدا شارەزاییەکی زۆری نەبێ. ئەو لە کارەکانیدا کە دواجار لە ١٩٥٩دا بۆ یەکەم جار چاپ بوون، پەردە لە ڕووی گەندەڵیی وردودرشتی مزدەوەران و فەرمانبەران هەڵدەماڵێ و دەربارەی دەردی ژنان دێتە دوو و هەرەوەزی بەڕێوەبەری پۆلیس و دەرەبەگەکانیش دەخاتە ڕوو. بە پێچەوانەی فەتتاح و سەججادی، ئیبراهیم ئەحمەد زۆر کەڕەتان لە ڕێگەی پەیامی دواییی قارەمانی داستان، ڕێکارە ڕادیکال و ناسازشکارانەکەی خۆی لەپێش چاوی خوێنەر ڕۆ دەنێ و دەیخاتە بەردەم ئەم ڕاستییە کە سیستێم بە لاچوونی گەندەڵێکی مووچەخۆر و دانانی یەکێکی تر، یان بە هۆی چاکبوونی تاکێکەوە ئاڵوگۆڕی بە سەردا نایە، کە بۆ نموونە ناوبراو (١٩٥٩، ل. ٤٦) لە دەراوی دەمی جووتێرێکی ڕووتوڕەجاڵەوە دەڵێ:

«ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە. خانوو لە بنەڕەتەوە وێرانە. تەقەلای هەرەوەزی ڕێکوپێک و بێوچان و بازووی بەهێز و ژیرانی دڵسۆزی ئەوێت بۆ لەسەرچاوەوە ڕوونکردنەوە و لە بنەڕەتەوەبنیاتنانەوەی».

لە نموونەیەکی تردا، ئیبراهیم ئەحمەد (هەمان، ل.٧٩) لە ڕێگەی قارەمانی چەوسێنراو و ستەملێکراوی داستانەکەیەوە دەڵێ:

«هۆی هەموو ئەو ئازار و جەورە، ناتەبایی و بێهۆشی و گەلۆریی خۆمانە».

ئەگەر بێینە سەر باسی گۆڤاری هاواریش، دەبێ بڵێین کە ئەم بڵاوکراوەیە لەبەر دۆخی ناسەقامگیری سیاسی لە سوریا لە سێ قۆناخی جیاوازدا لە شاری دیمەشق بە شێوەی خوارەوە بڵاو بووەتەوە (Bekir,1987,r. VII):

- لەنێوان مەی ١٩٣٢ و جولای ١٩٣٣ (ژمارەکانی ١-٢٣).

- لەنێوان ئاپریلی ١٩٣٤ و ئۆگۆستی ١٩٣٥ (ژمارەکانی ٢٤-٢٦).
- لەنێوان ئاپریلی ١٩٤١ و ئۆگۆستی ١٩٤٣ (ژمارەکانی ٢٧-٥٧).

هاواریش وەکوو گۆڤاری گەلاوێژ، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر فەرهەنگی کوردی بووە و نووسەرانی ئەم گۆڤارە لەپێناو پەرەپێدانی پەخشانی مۆدێرنی کوردی، هاوشێوەی ستافی گەلاوێژ ڕێچکەی نووسین و وەرگێڕانی کورتەچیرۆک بە زمانی کوردییان گرتووەتە بەر. وەک ئێستاکە بۆمان دەردەکەوێ، گۆڤاری هاوار لە بواری هونەری کورتەچیرۆکدا لە قۆناخی سێیەمی (١٩٤١-١٩٤٣) بڵاوبوونەوەیدا لەچاو قۆناخەکانی پێشووی دەوڵەمەندتر بووە؛ چونکە لەو ساتەوەختەدا کەڵەنووسەرانێکی وەکوو قەدریجان، بەشاریێ سەگمان، فواد جەمیل پاشا، عوسمان سەبری و د. نوورەددین زازا لە هاواردا بەرهەمەکانیان بڵاو کردووەتەوە.

عوسمان سەبری لە کورتەچیرۆکەکانیدا مژارگەلێکی وەک بیروباوەڕی ڕۆژانەی خەڵکی کورد سەبارەت بە هەبووی ئەوپەڕسروشتی[1] دێنێتە بەر باس و توانج و پلاریان تێ دەگرێ. یەک لەو باوەڕانە حیکایەتی ئەهریمەنێکە کە دەتوانێ گیانی مردووان بێنێتەوە بەر لەشیان و بیانکاتە کەسانێکی هێندە خراپ کە زیندووان بفڕێنن و زەندەقی کەسوکاریان بەرن؛ چونکە لەوان وایە گیانێکی خراپ چووە بە بەری مردووی ڕاستەوەبوویاندا. جگە لەو مژارانە، سەبری لە کارەکانی تریدا لا دەکا بە لای بابەتگەلێکی وەکوو ڕابوونی گەلی کورد لەپێناو سەربەخۆیی، یان دێت و لە نەریتی نێچیرەوانی لە کوردستاندا دەدوێ.

لەنێو ستافی گۆڤاری هاواردا، نوورەددین زازا کەسێکی پڕبەرهەم بووە کە بەوپەڕی زانایی و هۆشیارییەوە چەندین کورتەچیرۆکی نووسیوە و لەچاو ئامپا و ئاوالانیدا هەوڵی ڕەچاوکردنی ڕچەیەکی مۆدێرنی داوە. لە بواری ناوەڕۆکیشەوە، فیداکاری و پێوەندارێتیی کوردان بۆ خەبات لە ڕێی مەبەستی سەربەستی و تێکۆشان بۆ پەروەردەکردن و

1. Supernatural

بردنەسەری ڕادەی زانین بە تایبەتی بۆ جیلی نوێ، دوو جەمسەری سەرەکین کە کرۆکی کورتەچیرۆکەکانی زازا پێک دەهێنن. بۆ وێنە، لە کورتەچیرۆکی «خورشید»دا، لادێییەک دەیهەوێ کوڕەکەی هەلی خوێندنی بۆ بڕەخسێ و بە شێوازێکی مۆدێرن پەروەردە بێ کە بۆ ئەوەش، هەرچی لە ڕایەیدا بێ دەیکا. تەنانەت پاش مەرگی جگەرگۆشەکەشی بۆ ئەوەی منداڵانی گوند لە خوێندن بێبەری نەبن، دارووداهات و هەستونیستی خۆی دەکا بە گاوگەردوونی ئەو مەرام و مەبەستە (Zaza,1941,r.10).

زازا لە کورتەچیرۆکی «گولێ»دا، باس لە بەسەرهاتی کەنیشکێک دەکا کە بە زۆر و زۆردارەکی بە شوو دەدرێ. گولێ مێردەکەی لە بەرچاو دەکەوێ و دەیکوژێ. دەچێتە جەم پیاوێکی ئەشقیا و یاغی و لەگەڵی وە شاخی دەکەوێ. خەڵکی گوندیش بە سووکیوپووکی زاری لەسەر هەڵدەپچڕن و دەیخەنە ڕیزی کەسێکی بەدلغاو و نزم و ناوزڕاوەوە. تەنانەت «قۆچۆ»ی تازەمێردیشی ڕوومەتی ڕاناگرێ و دەستی ڕێزی لێ نانێ. کەچی بەو حاڵەشەوە، گولێ لەگەڵی پێ ڕادەکێشێ و دادەنیشێ. چەن ساڵ بەم جۆرە دەحاوێنەوە هەتا دەگاتە ئەو ڕۆژەی کە دوژمن پەلاماری مەڵبەندەکەیان دەدا. کابرای مێردی وەک پاڵەوانێک دەردەکەوێ و دنەی هاوڕێیانی دەدا کە سڵ نەکەن لە نەتەوی و نەیاران. پاش ماوەیەک و لە کاتی نیوەشەوا دەبێ کە گولێ لە جێمۆڵگەی دوژمنەوە دەگەڕێتەوە و خەڵکەکەش دەیبینن و لەوان وا دەبێ کە گولێ سیخوڕیی بە سەردا کردوون. ئەمێستا ئۆباڵی ئەوەشی دێتە ئەستۆ و لە لایەن مێردەکەیەوە دەکوژرێ. دێ و ڕادەبرێ و جەنگ بەردەوام دەبێ. دواجار کە کوردەکان دەست بەسەر شوێنی خەنیمدا دەگرن، ڕاستییەکان سەبارەت بە گولێ (Zaza,1941, r.9-8) ئا بەم جۆرە لە قەپێڵکی خۆیان دەردەکەون:

«سەرێ زابتێ دژمن ژ لەشێ وی هاتبوو بڕین و مەزەل ب خوین بوو. ل سەر نوینێ خەنجەرەک ب خوین دچرسی... قۆچۆ خەنجەر راکر؛ وی ئەو خەنجەر دابوو گولێ؟ د کولما زێبتا گوواشتی دە گورزەک پۆرێن گولێ یێن زەر پێل ددا».

**نووسەرانی بەبرەو (١٩٥٠-١٩٦٩)**

لە سـاڵەکانی ١٩٥٠-١٩٦٩دا ئاڵوگۆڕێکی زۆری سیاسی لە کوردستان ڕوو دەدا. لە لایەک، لە ئاخرییەکانی ١٩٤٦دا کۆماری دێمۆکراتیکی کوردسـتان وەک ناوەندێکی گرینگ بۆ پرسی سـەربەخۆیی و فەرهەنگیی کوردان، دەڕووخێ. لە لایەکی ترەوە، لە کلکەی سـاڵەکانی دەیەی چلدا، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و هێزە بەرهەڵستکارەکانی تـر لەبەرامبـەر ڕۆهاتن و هەڵمەتـی دڕندانەی عێـراق دەکەونە حاڵەتـی بەرگرییەوە. لەو دەمودەسـتەیەدایە کە بنەماڵەی بارزانییەکان بۆ باشـووری عێـراق ڕادەگوێزرێن و سەرکردەکانیان بەند دەکرێن. ئەفسەرانی بەشداربووی کۆماریش سەرەڕای دەرچوونی بەڵێنی لێبووردن لەمەڕ گەڕانەوەیان، بە تەپکەوە دەبن و داری سێدارەیان بۆ دەچەقێنرێ. پارتە سیاسـییەکانیش نسـکۆیان دێتە بـەرێ و ڕێبەرانیان دەگیرێـن و دەچنە بن پەتی قەنارەوە. وێـڕای ئەوانە، چاپەمەنیی کوردی دەکەوێتە بەر زەبروزەنگی ڕژێم و گۆڤاری گەلاوێژیـش، کە لە ماوەی دەرچوونی دە سـاڵەی خۆیدا گیانێـک وەبەر فەرهەنگی کوردی دەدا، لە ساڵی ١٩٤٩دا دادەخرێ. لەو دەورەیەدا، تا دەگاتە نیوەڕاستی پەنجاکان، حەوتەنامەی «ژین» دەبێتە تاقە بڵاوکراوەی ئەوسا، کە ناوبەناوەش بابەتێکی ئەدەبی تێدا چاپ دەکرێ.

پـاش چەندین سـاڵ تێکشـکان و دابـڕان، بزووتنـەوی ڕزگاریخـوازی کورد بۆ بەربەرەکانییەکی نوێ دەسـت بە ڕێکخسـتنەوە دەکاتەوە و لە بەغداش شـەڕ لە دژی دەسەڵاتی پاشـایی هاشـمی چڕتر دەبێتەوە. دواجار، هێزە بەرهەڵستکارەکان لە ساڵی ١٩٥٧دا بەرەیەکـی نەتەوەیی[1] بۆ ڕابوون لە ڕووی ڕژێمی ناوبراودا پێک دێنن. ئەمەش وا لە دەسـەڵات دەکا کە لە بەشـێ لە بڕیارەکانی خۆی پاشگەز بێتەوە و ئیزنی وەشانی سەرلەنوێی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بداتەوە. لەنێو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش کە لەمابەینی سـاڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨دا دەردەچن، «هیوا» و «شـەفەق»، کاریگەرییەکی

1. National Front

ئەرێنی و باش لەسەر فەرهەنگی کوردی دادەنێن. هەر لەو ساڵانەدا، چەندین وەرگێڕان لە ئەدەبی بێگانــەوە بڵاو دەبێتەوە، کــە لەنێو ئەواندا دەکرێ بەرهەمی نووســەرانێکی لەگوێن ڤۆڵتێر،[1] شەکســپیر[2] و گۆگۆڵ[3] وەکــوو کارە بەرچاوەکانی بواری وەرگێڕان لەو قۆناخەدا سەیر بکرێن (The Encyclopaedia of Islam,1981).

دێ و ڕادەبــرێ و دیواری پەڕگاڵی پاشــایەتی بە هۆی خەبات و تێکۆشــان تێک دەتەپێ و ئینجا عەبدولکەریم قاســم (١٩٠٥-١٩٦٣) لە ١٤ی جولای ١٩٥٨دا ســەری وە ســەرۆک کۆماری ڕادەگا و ســەرەپەتی دەوڵەتی عێراقیی دەکەوێتە دەستی. لەگەڵ وەرگەڕانی تەختی پاشــایەتی، حکوومەتێکی تا ڕادەیەک خەڵکپارێز و دێمۆکراتیکتر لەچاو ڕژێمی پێشــوو دێتە ســەر کار. لە سایەی ئەم دەســەڵاتەدا، مافی وەک یەک بە عارەب و کوردان دەدرێ و لە یاســای بنگەهیشــدا جێگەی بۆ دەکرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چاپەمەنیی کوردی ڕەهەندێکی یاســایی بــە خۆیەوە بگرێ و قۆناخێکی نوێی ئازادی بێتە ئاراوە.

ئەگەرچــی هەنــدێ بڵاوکــراوەی نوێی کــوردی لە ماوەی ســێ ســاڵی یەکەمی هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی تازەسەروەدەردەنێن، لێ ئەم قۆناخە مەیلەودێمۆکراتیکە هێندە ناخایەنێ، بە جۆرێ کە پاش حەول‌ودەولێکی بێسەرئەنجام بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی پرســی کورد، جمشــت و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردان لەساڵی ١٩٦١دا شۆڕشی پێشــمەرگانەی خۆی وەگەڕ دەخاتەوە. ئەم لڤینە[4] لەژێر پێشــبەرێتی و ســەرکردایەتیی مەلا مســتەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) تا ســاڵی ١٩٧٥ بــەردەوام دەبێ و جارجارەش لە کاتی دانوســتانەکاندا دۆخەکە تا ڕادەیــەک ڕووی تەناهی بە خۆیەوە دەبینێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەش، ئەم بیست ساڵە دەبێتە دەرەتانێکی لەبار بۆ گێڕانەوەی نوێباوی کوردی و گەشــەیەکی بەرچاو لە ژمارەی کارەکاندا دێتە ئاراوە. هەر لەمەڕ ئەم قۆناخە، دەکرێ

1. Voltaire
2. Sakespeare
3. Gogol
4. Movement

ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەگەر نووسەرانی هەڵکەوتوو لە سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژدا هێندەی قامکی دەستان بووبێتن، ئەوە لەم قۆناخە تازەیەدا لانی کەم دە نووسەری ناوازە لە کەلی ئەوێ دەمێ دەردەکەون و لە سۆنگەی بەرهەمەکانیانەوە وێژەی کوردی دەوڵەمەند دەکەن. هاوکات لەگەڵ ئەمانەش، کەسانێکی کەمترسەرکەوتوو هەبوون کە دواجار بەشێکیان بە تەواوی لە نووسین شل بوونەوە و دەستیان لێ هەڵگرتووە.

بە بەراورد لەگەڵ پێشوو، لەو قۆناخەدا بابەتەکان لە گۆڕەپانێکی بەربڵاوتردا دەستەچن دەکرێن و دەست بۆ بوار و مژاری زۆرتر ڕادەکێشرێ؛ ئەو مژار و بابەتانەی وەک چەوسانەوەی جووتیاران و ژنان کە لە چلەکاندا باڵیان کێشابووە سەر کورتەچیرۆکی کوردی، وەک خۆیان دەمێننەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانە، بەرکاری نوێ دەبنە نێوئاخنی کارەکان. دەسا نووسەران چیی تر لە کەشی سوار بەسەر مژاری گوند و جووتیاریدا قەتیس نامێننەوە و پەل ڕادەکێشنە سەر بابەتگەلی گرێدراو بە بازار و ژیانی شارنشینی. لەم بوارەدا دوو بابەتی سەرەکی سەر وەدەر دەنێن کە یەکەمیان، خەباتی سیاسی و خۆڕاگرییە لەبەرامبەر ڕژێمدا و ئەوی تریشیان، زەقکردنەوەی پرسی نەتەوەییی کوردە وەک هۆکارێک بۆ بەگژداچوونەوەی زوڵم و زۆرداری. جیا لەوانە، ئاستی تەکنیکی هونەریش بە شێوەیەکی بەرچاو لەنێو چیرۆکنووساندا جیاوازیی تێ دەکەوێ. بۆ وێنە، بەرهەمی کەسانێکی وەکوو مستەفا ساڵح کەریم و جەمال نەبەز لە بەراورد لەگەڵ کاری نووسەرانی بەرەی گەلاوێژ، لە پلەیەکی بەرزتری هونەریدا جێگە دەگرن، بەڵام هەر لەم قۆناخەدا کۆمەڵێک نووسەر هەبوون کە کارەکانیان لە بارێکی سادەدا بووە و بە ئاراستەکردنی ڕاسپاردەیەک بڕاوەتەوە.

ئەگەرچی لەگەڵ گۆڕانی ڕژێم لە عێراق و جێگیربوونی ئەو بڕەئازادییەی لە ساڵانی دواییدا هاتنە ئاراوە و ئەو کتێبە بێمۆڵەتانەی دیواری سانسۆڕیان بڕی و لە چاپخانان هاتنە دەر، پێشبینیی ڕەخسانی مەودا و ماوەیەک بۆ هەڵکشانی ئاستی چلۆنایەتیی کورتەچیرۆکی کوردی دەکرا، بەڵام ئەو چاوەڕوانییە نەهاتە دی و هیچ

گوهارتنێکیش بەسەر بابەتی کاری نووسەراندا نەبینرا. لەگەڵ ئەوەش، نووسەران لەگەڵ بای گۆڕانکارییەکان شەنیان کرد و شۆڕش و کۆمار و ڕێبەری تاقانەیان کردە سەربەند و پاشبەندی بابەتەکانیان. جیا لەوە، بەشێک لەو کارانەی لە مەودای سالآنی سەرەتای پاش گۆڕانی ڕژێم دێنە ئاراوە، بە ڕاشکاوی لەسەر حکوومەتی نوێ و بەهەشتی خەیاڵی و شادیهێنی خەڵک دەئاخێون. زۆر جاریش، قارەمانی داستانەکان بە کوڵوکۆوە دێنە دوو و خەڵکی دنە دەدەن بۆ ئەوەی بە خوێن داکۆکی لە کۆماری تازەدامەزراو بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش بەرهەمی بەپێز لە دڵی ئەم تێمە تازانەدا هەڵناقوڵێ.

موحەڕەم محەممەد ئەمین (١٩٢١-١٩٨٠) چیرۆکەکانی پاوانی گێڕانەوەی ژیانی خەڵکی کەمداهاتی شار دەکا. ئەگەرچی لە هەندێ جێگەدا بۆ وێنە پرسیاری خوێنەر لەمەڕ هۆکاری لە ناکاو مردنی ژن و پیاوێک، بەبێ وڵام دەهێڵێتەوە و ئەم شێوەنووسینەی دەکاتە کەمایەسییەک بۆ کارەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ناکرێ چاو لە کارە پڕپێز و پڕهێزەکانی بچوقێنرێ (ئەمین،١٩٥٩). یەک لەوان بەرهەمێکە کە لەودا ئەمین ژیانی دوو مرۆڤی کورد و قەرەج بەسەر دەکاتەوە و لەسەر دەرد و دەغەز و دڵەڕاوکێی ئەم دوو کەسە وەک نوێنەری دوو نەتەوەی بێدەوڵەت دەسووڕێتەوە (ئەمین،١٩٦٩).

محەممەد مەولوود (١٩٢٧-١٩٨٧) کە لەژێر ناوی خوازراوی (مەم)دا پێنووسی خۆی بزواندووە، ئاشنای ژیان و ژیواری خەڵکی باژار و گوند بووە. ئەو تێکەڵی و هەڤبەندییەش بووەتە بناغەیەکی بەپشت و بتەو و لەسەر بنەمای ئەودا توانیوێتی گەلێک ڕەهەندی نێو کۆمەڵگەی کوردی وێنا بکا. هەروەها، جگە لە خەڵکی شار و دێ، خوێندکاران و قوتابییان وەکوو چینێکی تری کۆمەڵگەی کوردەواری لە بەرهەمەکانی مەمدا دەروویان بۆ ئاوەڵە کراوە و هاتوونەتە ڕیزەی قارەمانانی سیاسییەوە. وێڕای ئەوانەش، مەم نە تەنیا پرسی نەتەوایەتی و تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردی هەڵنەبواردووە، بەڵکوو لەسەر ئەم بابەتە چڕبووەتەوە و کردوویەتە هەوێن و ئامیانی چیرۆکەکانی.

مستەفا ساڵح کەریم (١٩٣١-٢٠١٨)، کە لەچاو هەموو نووسەرانی ئەم گرۆیە

هونەرمەندانەتر قەڵەمی گەڕاندووە، سەرەتا خۆی لە باسی ژیانی گوند دەگلێنێ، بەڵام دەردەکەوێ کە لە ڕاستیدا ناسیاوی بەو شێوەژیانە نییە. ناوبراو لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا وێنەی ڕووداوی تراژیدیک دەکێشێ، کە ڕەنگە هیچ شتێکی بنیاتنەر نەخاتە سەر ناوەڕۆک، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەم مێتۆدە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی زیاتری خوێنەر، گەلێ جار پەنا دەباتە بەر دووپاتکردنەوەی. شیاوی باسە کە تێکهەڵکێشکردنی ئەم جۆرە بابەتانە ڕەنگە بۆ خوێنەری دەیەی پەنجا سەرنجڕاکێش بووبێ. ناوبراو لە چیرۆکی درێژی «شەهیدانی قەڵای دمدم»دا بە مەبەستی ئاشناکردنی نەوەی نوێ لەگەڵ هێما مێژووییەکان، ئازایەتی و گیانبازیی باوانی کورد لەپێناو گرتنەدەستی گوڵی سەربەستی، دێنێتە بەر تیلای چاوان و دەیانژێنێتەوە (کەریم، ١٩٦٠).

جەمال نەبەز (١٩٢٩-٢٠١٩) کە زیاتر وەک زمانناس و شرۆڤەکاری سیاسی ناوی دەرکردووە، لە هەرێمی ئەدەبیشدا جێدەستی دیارە. ئەو چیرۆکێکی بە ناوی «لالۆ کەریم» نووسیوە، کە لەودا لەسەر ژیانی جووتیارانی دیلی دەستی دەرەبەگان لەنگەر دەگرێ و دەڕواتەوە سەر ڕچە و بازی نووسەرانی بەرەی بەرێ. لێ جیاوازیی کاری نەبەز لەتەک ئەوانی دیکە لە بەرزیی ئاست و زمانی ڕەسەن و پاراویدایە، هەرچەند کە ناوبراو بەو جۆرەی پێویستە نەتوانیوە بە دەراوی زاری کۆمەڵی لادێیی بدوێ (نەبەز، ١٩٥٦).

جەمال بابانیش یەکێکی تر لەو چیرۆکنووسانەیە کە ڕێچکەی ئەوانی دی دەگرێتە بەر و بەرهەمەکانی وەک هەوڵێکی دەستکرد بۆ هێنانە بەر باسی باری ژیانی وەرزیاران و جووتیاران، دێنە پێناسەکردن. جگە لەو باسە، بابان دەچێتە سەر پرسی چەوساندنەوەی ژنانیش و لەم بارەوە یەکەمین کاری بە ناوی «خانزاد» تەرخانی ئەم مژارە دەکا (بابان،١٩٥٧). ئەوانەشی لەگەڵ بێ، بەرهەمەکانی بابان لە بواری هونەری و ناسکوێژییەوە لەڕ و لاوازن و زمانەکەشی گرێوگۆڵی لێ نەڕەویوەتەوە.

گۆڤاری شەفەق کە سەرەتا لە ژانویەی ١٩٥٨ دەردەکەوێ، لە دوویەمین ژمارەی خۆیدا بە دانانی کێبەرکێ و خەڵاتکردنی باشترین نووسەری کورتەچیرۆکان، دەبێتە

دەستپێکێکی باش کە لەودا پتر لە سێ بەرهەمی بۆ هەناردە دەکرێ. خەڵاتی یەکەم دەدرێتە حسێن عارف لەبەر نووسینی چیرۆکی «چای شیرین». لەو ملە و پێشبڕکێیەدا دەبێ کە ئەم نووسەرە بەهرەمەند و ئافرێنەرە دێتە ناسین. دوای ئەم کورتەچیرۆکەی کە عارف بۆ پێشبڕکێیەکە دەینێرێ، ساڵانێکی زۆری پێ دەچێ تا چیرۆکێکی باشی دیکەی لێ بڵاو بێتەوە. کەچی بەم حاڵەشەوە، لە دەیەی حەفتاوە تا دەگاتە نێوەڕاستی هەشتاکان، حسێن عارف سەرتۆپی چیرۆکنووسانی کورد و سەرقافڵەی کاروانیان بووە.

لە سەرەتای دەیەی شەستدا، ناوبانگی حەسەنی قزڵجی (١٩١٣-١٩٨٤) و ڕەحیمی قازی چوارقوڕنەی وڵات دەتەنێتەوە. حەسەنی قزڵجی کە یەکێ بووە لە نووسەرە چالاکەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، پاش نەمانی ئەو دەوڵەتە، وەکوو زۆربەی نووسەران و شۆڕشگێڕانی ئەوسا بە ناچاری پەڕیوەی دیوی باشوور دەبێ. لەوێش وەک زۆربەی هەرەزۆری کوردان لە گەڕ و گێچەڵ و گوشاران قوتار نابێ و دەکەوێتە نێو ژیانێکی پڕ لە چەت و چەتوونییەوە. سەرئەنجام لە ترسی پۆلیسی عێراق ناچار بە هەڵبژاردنی ناوێک جیا لە ناوی خۆی، واتە ناوی خوازراو دەبێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم خانەبەکۆڵی و نێز[1] و برسێتییە دەبنە ئەزموون و هۆی دەوڵەمەندیی کارەکانی. لە بواری شێواز و زمان و ڕوخساری ئەدەبیشەوە، دەکرێ بڵێین قزڵجی گۆی گرەوی لەنووسەرانی سەردەمی خۆی بردووەتەوە. ئەو چیرۆکەکانی بە فشە و گاڵتە و جەفەنگ ڕازاندووەتەوە و لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیشیدا وریایی و وردبینییەکی زۆری دەکار کردووە (قزڵجی، ١٩٧٢)؛ بۆیە لەم بارەوە دەکرێ بێتە بەراوردکێی عەلائەددین سەججادی، هەرچەند کە ژمارەی کارەکانی سەججادی ناگەنە بەرهەمەکانی وی.

ڕەحیمی قازییش ڕۆمانێک بە ناوی «پێشمەرگە»[2] بڵاو دەکاتەوە و لەوێدا وەک

1. Hungry

٢. چاپی یەکەمی ئەو ڕۆمانە ساڵی ١٩٦٠ لە ئیرەوانێ بڵاو بووەتەوە و ساڵی ١٩٦٢ش لە بەغدا بۆ جاری دوویەم چاپ کراوە. شایانی باسی کە ئەم ڕۆمانە لە لایەن *«زیا ئاوجی»*یەوە بۆ سەر زاراوەی کوردیی باکوور وەرگێڕدراوە و لە وڵاتی سوێد چاپ کراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

شـــایەدێکی زیندوو دێتە ســـەر باسی ڕووداوی مێژوویی ســـاڵەکانی ١٩٤٠-١٩٤٦، کە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ترۆپک و لوتکەی ئەم پێشهاتە دیرۆکییە بووە (قازی، ١٩٦٢).

لەنێو نووســـەرانی ئەو قۆناخـــەدا کاووس قەفتان (١٩٣٣-٢٠٠٧)، محەممەد ســـاڵح سەعید و مارف بەرزنجی (١٩٢١-١٩٦٣) سێ کەسی دیکەن کە لەنێو ناواندا دەردەکەون. لەمەڕ بەرزنجییەوە دەبێ بڵێین کە ناوبراو سەرەڕای کەمیی کارەکانی، بە هێنانە بەرباسی بابەتە نوێیەکان و نووســـینەوەیان بە شێوازێکی داهێنەرانە دەموجێ سەرنجی خوێنەر بۆ لێزانی و تواناییی خۆی ڕادەکێشێ. هەروەها، سەرەڕای ئەوە کە خۆی دەستپەروەردەی ماڵباتێکی ئایینی بووە، بە نەرینێکی نەرێنییەوە نواڕیویەتە مەزهەب و پەڕگاڵی شـــێخ و شێخایەتی. هاوکات لەگەڵ ئەوانە، مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و چالاکێکی سیاسیش بووە، کە ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە لە دار دراوە. کۆبەرهەمەکەی بەرزنجی هەڵگری حەوت کورتەچیرۆک، چەندین وتار، هەڵبەســـت، شـــانۆنامە و وەرگێڕانە کە لە ســـاڵی ١٩٩٣دا منداڵەکانی بۆیان چاپ کردووە (بەرزنجی، ١٩٩٣).

لە ســـێپتەمبەری ١٩٦١دا، پاش ئازار و دەستبەســـەرکرانی چالاکانی سیاسی کورد و بەربەستبوونی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و ڕاگرتنی ئۆرگانی ئەو حیزبە و دوای ئەوەی ڕژێم بەڵێنەکانی خۆی لەمەڕ دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد جێبەجێ ناکا، پێکدادانی چەکداری لە کوردستان هەڵدایسێتەوە. لەو دۆخەدا، گوڵزاری ئەدەبی کوردی شەختە لێی دەدا و بەرەوڕووی چەندین بەندوبەس و هەڕەشەوگوڕەشە دەبێتەوە؛ زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان بەریان پێ دەگیرێ و لە ١٩٦٢-١٩٦٦ هیچ ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ لە چاپ دەرناچێ. لەو حاڵەشـــدا، تەنیا دوو ســـێ بڵاوکراوە، ئەویش ساڵێ جارێک لە دواناوەندیـــی ســـلێمانی، یان لە ئەنجومەنی شـــاری هەولێر دێنـــە دەر و یەکێک لەوان گۆڤاری «تووتن» دەبێ، کە بە ســـێ زمانی عارەبی، ئینگلیزی و کوردی بڵاو دەبێتەوە. لە

Qazî, Rehîmê (1997). Pêşmerge. Kurmanciya wê Ziya Avcî. Stockholm: Weşanên Nûdem.

هەشت لاپەڕەی ڕۆژنامەی «الاخبار»یشدا، لاپەڕەیەک بۆ زمانی کوردی تەرخان دەکرێ (ئەحمەد، ١٩٧٨). لەو دۆخەدا، ژمارەی کتێبان، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە داکشان دەکا بە چەشنێک کە لەو پێنج ساڵەدا، تەنیا سی‌ونۆ کتێب بە زمانی کوردی بڵاو دەبێتەوە (نەریمان،١٩٧٧، ل.٥). لە نیوەی ١٩٦١یش تا دەگاتە نێوەڕاستی ١٩٦٧، هیچ چەشنە چیرۆک و کورتەچیرۆکێک چاپ نابێ؛ بۆیە بەپێی ئەوەی گوترا دەکرێ نازناوی ساڵە ڕەشەکانی مێژووی مۆدێرنی فەرهەنگی کوردی، وەپاڵ ئەو سەردەمە بدرێ.

## نەوەیەکی نوێ

لە نێوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد لە بواری ڕامیاری و چەکدارییەوە هێندە هێزدار دەبێ، کە دەسەڵاتی ناوەندی عێراق ناتوانێ بە ڕەی نەپێوێ و بە هەندی نەگرێ. سەرەڕای ئەو دابڕانەش کە لە ساڵی ١٩٦٤دا تێی دەکەوێ، خەڵکی کورد بە گشتی ڕەگی دڵیان بۆ هێڵی بەرخۆدان لێ دەدا. ئیدی ئەو تەڤگەرە دەبێتە جەمسەرێکی بەنهێم لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، بە جۆرێ کە ئاوڕدانەوە لە خەباتی ئازادیخوازی کورد، دەبێتە ئاتاجێکی بنەڕەتی بۆ هەموو ئەو حکوومەتانەی عەوداڵی تەناهی و ئارامیی عێراق بووبێتن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بووە کە بە درێژاییی دەیەی ١٩٦٠، ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی عێراق خاوتر قسەیان کردووە و بە لای وتوویژ لەگەڵ کورداندا خوار بوونەوە، هەتا لە لایەک، بڕشتی خۆیانی پێ زیاد بکەن و لە لایەکی دی، دەرفەت لە بەرامبەریان بستێنن. بۆ ئەم مەبەستەش، لە ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ و ١٩٦٦دا لەگەڵ کوردان کەوتوونەتە دانوستانێ و بەیاننامەی ٦٦ی ژۆئەنیان دەرکردووە. دواجاریش ناچار بە گرتنەبەری هەندێ سیاسەتی نوێ وەکوو پەژراندنی بەشێ لە ویستی کوردان و دانی بڕێ لە ئیمتیازات بوون، کە ئەمەش لە سۆنگە و سەدەمی شریخەی چەکی پێشمەرگە و وەگەڕکەوتنی میدیای کورد لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بووە.

لەو قۆناخە و لەگەڵ دەستپێکی ١٩٦٧دا، ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە وەکوو

«برایەتی»، «ڕووناکـــی»، «ڕزگاری» و «بەیان» ئیزنی دەرچوونیـــان دەدرێتێ، کە لەواندا مشـــوور لـــە کورتەچیرۆکی کوردی دەخـــورێ و ڕەنگێ تاکوتـــووک ژمارەیەکیان لێ دەرچووبێ، کورتەچیرۆکێکی تێدا بڵاو نەکرابێتەوە. جگە لەوە، بەشێک لە نووسەرانی گۆڕەپانی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی وەک ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل، ڕەئووف حەسەن و ســەدرەدین عارف یەکەمین کارەکانیان لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا دەنووســن. چەندین کۆمەڵەچیرۆکیــش چــاپ و بڵاو دەبنەوە کە لــە بواری ڕوخســـار و ناوەڕۆکەوە دەچنە خانەی وێژەی پەنجاکان و شەستەکانەوە. لەوانەش بترازێ، سەرەڕای سەرکەوتوونەبوونی کردوکۆشـــی مۆدێرنکردنەوەی بەشێ لە بەرهەمەکان و مانەوەیان بە شلکی و ساوایی و ســـنووورداری، لەو قۆناخەدا تۆوی ئەو تەقینەوە فەرهەنگییـــە دادەچێنرێ، کە دواجار لە سەرەتای حەفتاکانی کوردستانی عێراقدا دێتە ئاراوە.

ئەو ڕژێمەی کە لە جولای ١٩٦٨دا جەغزی دەسەڵاتی عێراق وەدەست دێنێ، وەکوو پێشینانی خۆی، حەوجەی بە کڕینەوەی کات دەبێ و بۆ ئەم مەبەستە لە نێوەڕاستەکانی ســاڵی ١٩٦٩ دەســـت بە وتووێژ دەکا لەگەڵ ســـەرانی بزووتنەوەی کوردی، کە دواجار ڕێکەوتنامەی ئاشـــتیی ١١ی مارســـی لێ دەکەوێتـــەوە. ئەمەش لە هـــەردوو ڕەهەندی سیاســـی و فەرهەنگییـــەوە گرینگیی خۆی دەبێ و دەبێتە دەســـتپێکێکی نوێ لە بواری فەرهەنگییەوە. لەوێ دەمێدا، لە دوو ســۆنگەوە فەرهەنگی کوردی دەگاتە چڵەپۆپە، کە ئەوانیش بریتین لە:

- بووژانەوە و دامەزرانی ناوەندگەلی ئەدەبیی کوردی وەکوو یەکێتیی نووسەرانی کورد، کۆڕی زانیاریی کورد، کۆڕی پەروەردە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، ئێستگەی کوردی تەلەڤیزیۆنی کەرکووک و بەشی کوردیی زانکۆکانی بەغدا و سلێمانی.
- چاپ و بڵاوبوونەوەی بەلێشـــاوی گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆری کوردی، ڕێپێدان بە ناوەندە مەدەنییەکانی وەکوو یەکێتیی قوتابیان بۆ نواندنی چالاکی، دەرچوونی هەژمارێکـــی زۆر لە بەرهەمـــی نووســـەران و هاتنەکایەی گەنجانی هەڵبەســـتنووس و

پێنووسبەدەست لەم قۆناخەدا.

لە بەهاری ١٩٧٠دا، خوێنەرانی کورد بەرەوڕووی تەوژمێکی تازە و تینداری تازەگەری لە هەردوو بواری هۆنراو و پەخشاندا دەبنەوە، کە ئەم بزاڤە لە کۆتاییدا مەیدان بۆ هەلایسانی چەقەوهەرا و شەڕەدەنووکەی نێو ڕۆژنامە و کۆڕگە ئەدەبییەکان فرت و فرەوانتر دەکا، بە جۆرێ کە بەر لەوە دەمەتەقەیەکی وەها لەنێو گۆڕەپانی فەرهەنگی کوردیدا نەبینراوە و نەبیستراوە. دەمەتەقە و گەنگەشەیەک کە زیاتر لەسەر پرسیارگەلی بنەڕەتیی ئەدەبی و بیردۆزگەلی[1] بەستراوە بە وێژە سووڕاونەتەوە وەکوو چۆنێتیی ڕوانین لە فۆلکلۆر و میراتی ئەدەبی ڕابردوو، لاساییکردنەوە، ئیلهاموەرگرتن لە ئەدەبی بێگانە، سیمبۆلیزم و ڕیالیزم و هتد. بێجگە لەوانە، گفتوگۆ و باس و لێکدانەوەی زیندوو و چڕوپڕ و بەردەوام لەبابەت دەقە تازە لەچاپدراوەکان لەنێوان داکۆکیکەران و توانجدەرانیانەوە هاتووەتە ئاراوە و لە لایەن نەوەی نوێوە پێشوازییەکی بەربلاوی لێ کراوە. هەر لە ساڵی ١٩٧٠دا، سەرەڕای کەمیی ژمارەی نووسەرانی تازەکار، بزاڤی نوێی ئەدەبی لە بوارەکانی شێواز و بابەتەوە دێتە ئاراوە و نووسەرانی بەرەی پێشووش بە بڕستێکی نوێ و شێوازێکی تازەوە بەپیر ئەم بزووتنەوەیە دەچن. لەنێو ئەو نووسەرە چالاکانەشدا کە لە ڕیزی نوێنەرانی نەوەی نوێ دانراون، پێنج شەش کەسیان تا پێش ساڵی ١٩٧٠، ناویان لەسەر هیچ بەرهەمێک نەبینراوە. لەو ساڵانەدا، بە هۆی چەندقاتبوونی هەژماری گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ڕەخسانی هەلی وەشانی کتێب، ڕێژەی بەرهەمە چاپکراوەکان هەڵکشانی خێرایان بە خۆوە بینیوە و جیلێکی لەگوێن نەوەی حەفتاکانیش سەری هەڵداوە و ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی نواندووە.

مەودای نێوان ساڵەکانی ١٩٧٥-١٩٧٨، یەکێ لەو قۆناخانەیە کە فەرهەنگی کوردی نسکۆی بە سەردا دێ و دەبێتە گاوگەردوونی گوشار و سانسۆری ڕژێم؛ هەرچەند کە چەت و چۆرتم نایەتە سەر ڕێی کاری چاپەمەنییەکانەوە، بەڵام نووسەرانی کورد بە هۆی

1. Theories

زەخت و زۆرییەوە، لایان لێ دەبڕدرێتەوە و دەرەتانی دەرکەوتنی ئازادانەیان بۆ نارەخسێ. ئیتر وای لێ دێ کە ئایدیۆلۆژیای بەعس دەبێتە ناوئاخنی وتار و وەرگێڕانەکان و ئەم چوار ساڵەش دەبێتە قۆناخێکی لێوانلێو لە نەهامەتی بۆ پرسی فەرهەنگ لە کوردستانی عێراق.

شیاوی گوتنە کە ژمارەیەک لە نووسەرانی ئەم نەوە نوێیە بەشێ لە کارە بەراییەکانیان جا چ بە کتێب، یان لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بێ، بەر لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاو دەکەنەوە. ئەگەرچی ئەوان لە بواری تەمەن، مژار و شێوازی کارەکانیان ناخرێنە نێو قاڵبێکەوە، بەڵام دەکرێ بێژین وەباوخستنەوەی کورتەچیرۆک لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی شێواز و ناوەڕۆکی تازەوە، خاڵی هاوبەشی ئەم گرووپە جۆراوجۆرانە بووە. شانبەشانی جیلی نوێ، نووسەرانی بەرەکانی پێشوو، واتە بەرەی گەلاوێژ و نەوەی پەنجاکانیش، نە تەنیا دەست هەڵناگرن، بەڵکوو بەشێکیان دەکەونە خۆنوێکردنەوە و ناویان دەکەوێتە سەر زار و زمانان کە لەم بارەوە دەکرێ ناوی مستەفا ساڵح کەریم وەک نموونە بهێنرێ.

لەوسادا، کارتێکەرییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر ئەدەبی کوردی بە جۆرێ بووە کە لە لایەک، بووەتە هۆی بازرەقەکردنی گەلێک کاری باش و سەردەقنەشکاو و لە لایەکی تریشەوە، چاولێکەری و دەمەلاسکێی نووسەرانی لە ئەدەبی سوواو و مۆرەبەسەرچووی[1] ئەوکاتی ئەورووپای لێ کەوتووەتەوە. هەر بەم هۆیەشەوە ئەدەبیاتی ناوبراو لەکن خوێنەری کورد بووەتە شتێکی نامۆ، هەستنەبزوێن و سەرنجلادەر. کەچی زۆری پێ ناچێ نووسەرانی کورد بە دانانی بەرهەمی باش و نوێ، ڕۆدەنیشنە سەر جێگە و پێگەی ئەدەبیی خۆیان.

لەو سەروبەندەدا، حسێن عارف کتێبێکی لەخۆگری چوار کورتەچیرۆک لەژێر ناوی «لە کۆڕی خەباتا» چاپ دەکا و تێیدا چەشنی بەرهەمێکی سیاسی بە شان‌وباڵای دەسەڵاتی تازەی کۆماری عێراقدا پەسنان دەڕێسێ[2] (عارف،١٩٥٩). بێجگە لەوانە، تا

1. Passé
2. praise for

دەسپێکی ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠، لەنێو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چەندین کورتەچیرۆک لە لایـەن ناوبراوەوە بڵاو دەکرێتەوە. لەوانەش بترازێ، ئەگەرچی عارف تا پێش دەیەی حەفتا وەکوو چیرۆکنووسێکی بەهرەدار نەناسرابوو، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ناوبراو هەر لە سەرەتاوە لەنێو باسوخواسەکانی پێوەندیدار بە تازەگەرییەوە سەری لەنێو سەراندا دیار بووە و بە هۆی کارەکانییەوە بووەتە هۆی وروژاندنی گەلێ باس و دەمەتەقە لەنێو بەردەنگانیدا. جیا لەوانە، عارف لە دوای حەفتاکانەوە، سێ کۆمەڵەچیرۆک، سێ ڕۆمان و کتێبێک لەسـەر هونەری گێڕانەوەی کوردی، بیبلیۆگرافیایـەک و ژمارەیەک وتار و وەرگێڕان پێشکەش دەکا.[1]

لە بواری جیاوازیی کارەکانی عارف لە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی نووسەرانی بەرەکانی پێشووشدا، دەبێ بگوترێ کە ئەم شـتە لە چەندین بواردا خۆی دەردەخا. بۆ وێنە، بازار دەبێتە مژاری چیرۆکەکانی و کەسـانی سەربە چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەش دەبنە کاراکتەریان، کە ئەم تایبەتمەندییانەش دەبنە گاڤ و هەنگاوی یەکەمی عارف بۆ دابڕان لە بابەتە زاڵ و کۆنباوەکانی کورتەچیرۆکی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان. جیا لەمانە، عـارف زۆرکەڕەتان لە کارەکانیـدا بەرگی قارەمانێتی لەبـەر ڕووناکبیرێکی کورد دەکا و بە هەڵبژاردنی ئەو وەک کاراکتەری سـەرەکی، ئەو دەرەتانە بە دانەری داسـتان دەدا تـا لە لایەک، خـەم و دڵەڕاوکێی خۆی هەڵڕێژێ و لە لایەکـی ترەوە، خودێکی دیکە بە خۆی ببەخشـێ هەتا لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانێ پرسیارە فەلسەفییەکان بخاتە بەر باس. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی نووسـەر دەتوانێ بیر و باوەڕەکانی خۆی لە سۆنگەی کاراکتەری نێو چیرۆکەکانییەوە هەڵڕێژێ. ئەوانەشی لەگەڵ بێ، عارف لە کارەکانیدا خۆ لە باسی سێکس نابوێرێ و ئەم مژارە وەکوو بەشێک لە ژیانی کاراکتەرەکانی دێنێتە بەر باس، بە جۆرێ کە لە هەندێ جێگەدا دەبێتە تێمی داسـتان و وەک وزەیەکی سروشتی و پاڵنەری کردەوەکانی مرۆڤ پێناسـە دەکرێ (عارف، ١٩٦٧، لـل. ٣-٦). بەدەر لەوانە،

---

١. بۆ دیتنی سەردێڕی کارەکانی حسێن عارف، سەردانی بەشی کتێبنامە بکەن.

بۆ عارف و نووسـەرانی تری سەر بەو جیلە، تێکۆشـەری ئازادی هەمان ئەو کاراکتەرە نییە کە لە چیرۆکەکانی دەیەکانی چل و پەنجادا بووە، واتە کەسـێک کە لە دژی ئاغا و دەرەبەگ -وەک هێماکانی داگیرکاری و دەسـەڵاتداری و کۆلۆنیالیزم -تێ بکۆشێ و چارەنووسیشی ببێتە بەندیخانە وەک ئەوەی لە بەرهەمەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و مستەفا سـاڵح کەریمدا هەیە، یان هاوشێوەی ئەوەی وا لەنێو داسـتانەکەی مارف خەزنەداردا هاتووە، قارەمانی چیرۆک باڵشەتەکدراوێکی پاڵنراوی ڕووەو چاڵەڕەشەکان بێ، بەڵکوو لە دەیەی شەسـتدا، ئەو تابلۆیە لە مرۆڤی سیاسـی و خەباتکار بۆ کەسـێکی بیرمەندی تامەزرۆی ڕێکخسـتن و ڕوونکردنـەوەی خەڵک دەگۆڕێ. لـە بەرهەمەکانی دەیەی حەفتاشدا، وریایی و هایداریی قارەمانی داستان هەڵدەکشێ و ئەمەش دەرگای مێتۆدی تـازەی بۆ ئاوەڵە دەکا. ئەم وێنایە لە قارەمانی چیرۆک لە بەرهەمەکانی ڕەئووف بێگەرد (١٩٤٢)، حسێن عارف و محەممەد موکری (١٩٤٣-٢٠١٢) و ئەوانی تردا دەدۆزرێتەوە، کە تێیاندا شەڕی چەکداری دەبێتە یەکێ لەو مێتۆدە نوێیانەی وا کاراکتەریی سەرەکی لە ڕێگەی هێز و وەرەی لەبڕاننەهاتووی خۆی، لەبەرامبەر داگیرکەراندا بەڕێوەی دەبا؛ وای لێ دێ کە لە چیرۆکی حەفتاکاندا، بەڕێوەبەرێکی پۆلیسـی قامچیوەشێن و تاسەمەندی بەندکـردن، وەک نەیاری کوردان نایەتە ئەژمار، بەڵکە ئەمێسـتا ناکۆکییەکان بەرگێکی ئاڵـۆز و پڕپێچوقەمچتر دەکەنە بەر و ململانێیەکان لە خانـەی داگیرکەر و داگیرکراودا هەڵدەخرێن. جۆری سـزا و سەرکوتەکانیش ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێ و هەندێ بابەتی نوێ وەکوو گەمارۆی ئابووری، ئەشـکەنجە، قەنـارە، زیندەبەچاڵکردن دێنە بەر باس. جگە لەوانەی باسـیان لێوە کرا، کەسـانێکی تر هەن وەکوو عەبدوڵڵا سـیراج (١٩٣٧)، محەممەد ڕەشـید فەتتاح (١٩٤١)، کاکەمەم بۆتانی (١٩٣٧)، محەممەد فەریق حەسەن (١٩٤١)، سـەلام مەنمی (١٩٣٧-٢٠١٤)، تاهیر ساڵح سەعید (١٩٤١-٢٠١٦) و عەبدوڵڵا ئاگرین (١٩٤٢) کە لە قۆناخی باسکراو لە کار و چالاکیی نووسیندا بوون.

بـە پێچەوانـەی هەلومەرجی کورد لـە عێراق، ڕەوشـی کوردانی باکـوور لەنێوان

ساڵەکانی ۱۹۷۵-۱۹۸۰ جۆرێک کراوەیی بە خۆیەوە دەبینێ بە چەشنێک کە سەرەڕای بوونی مادەگەلێکی یاسـای بنەڕەتی لەمەڕ قەدەغەبوونی زمانی کوردی، ڕژێمی تورکیا کەموزۆر ڕێگـە بە پەرەپێدانی ویژەی کوردی دەدا. لە مەودای ئەم قۆناخە ئامالْئارام و مەیلەوهێمنەدایە کە چەندین گۆڤاری دووزمانـەی تورکی-کوردی وەکوو «ڕزگاری»، «ڕێـگای ئـازادی»،[1] «ڕۆژا وڵات» و «تیرێژ» بـڵاو دەکرێنەوە. کتێبی تـازەی کوردی دەردەچێ. ئەوانەشی وا پێشتر لە تاراوگە بڵاوکرابوونەوە، دیسانەکێ لە نێوخۆی وڵات و لە نوسخەی نوێدا لەچاپ دەدرێنەوە. کەچی زۆری پێ ناچێ، ئەم قۆناخە کوتوپڕ لەگەڵ کوودەتای نیزامیی سێپتەمبەری ساڵی ۱۹۸۰دا، تیژ تێ دەپەڕێ و لە کەل ئاوا دەبێ.

لەو مەڵبەندەدا، محەممەد ئەمین بوزئەرسەلان (۱۹۳۵) و فلیت تۆتانی (۱۹٤٥)، وەک دوو نووسەری ناوداری کورتەچیرۆکی ئەوسا دەبینرێن. کارەکانی بوزئەرسەلان لە بواری شێواز و ناوەڕۆکەوە نەریتین و دەکرێ هاوشێوەیان لەنێو بەرهەمی نووسەرانی دەیەکانی چل و پەنجای کوردسـتانی عێراقدا بدۆزرێتەوە. پاشخانی گێڕانەوەی چیرۆکیش لای بوزئەرسـەلان ژیانی لادێ و گوندنشـینانە و تێیدا جەخت لەسەر دیاردەگەلێکی وەک گەشەنەسەندوویی، نەخوێندەواری، بێدارومالْی، لارەملی و لەشبەباری و باوەڕ بە خەرافە و ئەفسـانەکان دەکرێتەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا، بە شـێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەرگە بۆ پرسی ناکۆکیی نێوان جووتیاران و دەرەبەگان لەنێو بەرهەمەکانیدا ناکرێتەوە، هەرچەند کە ئەم باسە تا کۆتاییی سەدەی ڕابردوو مژارێکی باوی کۆمەڵگەی کوردستانی تورکیا بووە و تەنانەت لەنێو برێ لە چیرۆکەکانی بوزئەرسەلاندا چەوسانەوەی کوردان و دڕندایەتیی پۆلیس و جاندرمەی تورک هاتووەتە بەر باس. لە بواری شێوازیشـەوە، نووسەر بە هیچ جـۆرێ بۆ دەکارکردنی تەکنیک و ڕوخسـاری نوێ تێ نەکۆشـاوە و لەجیاتی ئەوە لە شێوازی وەسفی نەریتی کەڵکی وەرگرتووە (Bozarslan,1979).

فلیت تۆتانی کارەکانی بە تارای تانە و گاڵتەوە دادەپۆشـێ، کە ئەمەش تا ڕادەیەک

1. Özgürlük Yolu

لەنێو چیرۆکنووسانی کورددا بێهاوتا و بێمیناکە. جیا لەوە، کاراکتەرەکانی بە تێکڕایی شارەکین و چەمکی بازاڕیش لە چیرۆکەکانیدا تەنیا بابەتێکی جیۆگرافیاییە و شارۆمەندانیش هەمان ئەو وەرزێرانەن کە دابونەریت و ڕیوڕەسمی دەشتەکییان بەکۆڵدا داوە و لەگەڵ خۆیان هێناویانە بۆ شار. بەشێکیشیان کەسانێکن کە دەستی دژایەتی بۆ دەوڵەت درێژ دەکەن و دەوڵەتیش لێرەدا وەکوو دامەزراوەیەکی تازە دەردەکەوێ، کە لە هەمان کاتدا بەرهەمهێنەرەوەی عەقڵییەتی خێڵ و ڕەچاوکەری ڕێوشوێنێکی شۆڤێنیستی و هێرشکارانەیە و هۆکارێکیشە بۆ جەزرەبەدانی خەڵکی (Barnas,1997).[1]

ئاواڵدوانەی تۆتانی لە کوردستانی ئێران ئەحمەدی قازییە (١٩٣٦-٢٠١٥). ناوبراو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩،[2] یەکەمین کۆچیرۆکی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە هەڵگری شەش کورتەچیرۆکی لێک گرێدراوە و تێیدا بە زمانێکی پاراو ژیانی جڤاکی دەداتە بەر تیری تەوس و توانجەوە (قازی،١٩٨١). لە بواری ڕوخسارەوە، پێدەچێ قازی ئاشنای ئەزموونی چیرۆکنووسانی کوردی پێش خۆی نەبووبێ و توێشووی نووسینی لە ئەدەبی فارسی وەرگرتبێ. لە ڕەهەندی شێوازیشەوە دەبێ بڵێین کە ڕسکاندنی ئەم چەشنە بەرهەمە کە هەڵگری چەند کورتەچیرۆکی پێکەوەبەستراوەیە، لەنێو وێژەی کوردیدا شتێکی تاق و دەگمەنە.[3]

١. تۆتانی کورتەچیرۆکەکانی خۆی لەنێو وەرزنامە کەمتەمەنەکەی «تیرێژ» چاپ کردووە کە لەنێوان ساڵەکانی (١٩٨١-١٩٨٠)دا چوار ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

٢. لەو سەروبەندەدا، واتە لە ساڵی ١٩٧٩، چیرۆکی «ئاشەوان»یش لە لایەن مستەفا ئیلخانیزادە (بۆکان-١٩٤٦) چاپ بووە، کە تێیدا نووسەر لە ڕێگەی کورتەچیرۆکەکانییەوە چەندین مژاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زاڵی ئەوساکەی هێناوەتە بەرباس و ڕەخنەوە [وەرگێڕ].

٣. دوای بەرهەمەکەی د. ڕەحیمی قازی، دوویەمین ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٨١ (١٣٦٠/٨/٢٠ ه) و لەژێر ناوی «کارمامز» بە پێنووسی عەلی حەسەنیانی (هاوار) (١٩٣٩ مەهاباد-١٩٩٢ کۆپێنهاگ)، دێتە سەر ڕووپەڕی پەڕاوێ، بەڵام ئەم بەرهەمەش نەقڵی «لە خەوما» و «مەسەلەی ویژدان»ی لێ بەسەر دێ و چەند ساڵ دوای نووسین دەدرێتە چاپ و ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی هۆڵەند بڵاو دەبێتەوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
حەسەنیانی، عەلی (١٩٩٩). کارمامز. ڕۆتێردام: گلاڕا. لل.٣-٤.
حوسێنپوور، جەعفەر (١٩٩١). کێ ڕچەی کوتا؛ کورتەمێژووی شێعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا. گۆڤاری خەرمانە(٣).

# ناوەڕۆکی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی

لــە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیــدا چەندین بابەتی جۆراوجۆر ســەر هەڵدەبڕن، کە هەرکامیان بە گشتی ڕەنگدەرەوەی ژیواری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن و نووسەرانی کورد بە درێژاییی شەست تا حەفتا ساڵ مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ڕووبەڕە بەربڵاوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا کردووە، کە لەو پێوەندییەدا دەکرێ لە پێنج پۆلی خوارەوەدا خەستیان کەینەوە:

١. مێژووی کورد.

٢. کێشەی چینایەتی.

٣. خەباتی نەتەوایەتی.

٤. پرسی ژنان.

٥. دواکەوتوویی.

جگە لەو پێنج باسە سەرەکییە، چەندین بابەتی دیکەی وەکوو ئەوینی ئەفلاتوونی،[1] ژیانی زایەندی،[2] پرسیارگەلی فەلسەفی و داستانی زانستی-خەیاڵی تاکوتەرا هاتوونەتە بەر باس. دەبێ ئەوەشی لێ زیاد کەین کە ئەم بابەتانە بە سەرەکی و لاوەکییەوە، بەردەوام لە

1. Platonic Love
2. Sex Life

گـۆڕان و جێگۆڕکێدا بوون. بۆ نموونە، سـەرهەڵدانی جووتیاران و ڕاپەڕینی چینایەتی لەبەرامبەر پەرگالّی دەرەبەگایەتی تا بنەبانی دەیەی پەنجا باڵ بەسـەر بابەتەکانی ئەوێ سەردەمێدا دەکێشێ، کەچی هەمان مژار لە ئاکامی هاتنەئارای نەختێ ئاڵوگۆڕ لە قەوارەی سیاسیی عێراق و کوردستاندا، وەلا دەنرێ. بەدوای ئەودا، بابەتی خەباتی ئازادیخوازی کورد دەست بەسەر ئەدەبییاتی پەنجاکاندا دەگرێ و جۆری دەربڕینەکەشی هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانی شـێوازی خەبات، وەردەسـووڕێ و هەڵدەخولێ. جگـە لەوانە، گۆڕانە جڤاکییەکان لە دەیەکانی حەفتا و هەشتا هاوشێوەی چلەکان و پەنجاکان نابێ و ئەوەش بە نۆرەی خۆی کار دەکاتە سەر گێڕانەوەی کوردی، کە دواتر لەم پاژەدا بۆی بادەدەینەوە. پـاش خوێندنەوەیەکی خورد لەسـەر جنچک و کرۆکـی کارەکان، بـڕێ دەرئەنجام دەردەکەون کە بریتین لە:

- ناوەڕۆکی بەرهەمەکان بە دڵی مێژووی کورددا شـەتەک دراون و نووسەرانی کورد لە هەر چەرخ و سـەردەمێکدا کەوتوونەتە ژێر باندۆری ڕەوشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی کوردسـتانەوە، بەڵام ئەمە گوزاریشـت لەوە ناکا کە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بابەتێکی سیاسەتاوی بێ، یان بە واتایەکی تر یەکلایەنە چووبێتە ژێر ڕکێفی ڕامیارییەوە. لە ڕاسـتیدا، هەڵبژاردنی بابەتەکان جۆرێ لە دەربڕینی هەسـت و سۆزی نووسـەر بووە بۆ خەڵک و خاکەکەی و شێوازێکیش بووە لە ڕەنگدانەوەی هۆشـیاریی هونەریی نقیسکار لەڕاست کۆمەڵگە دواکەوتوو و داگیرکراوەکەی. لەو پێناوەشدا، نووسەران کەوتوونە کەفتولەفتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگـەی هونەرەکەیانەوە ڕا و ڕوانگەیان بێننە زمـان، هەرچەند زۆر چەلان نەیانتوانیوە پارسەنگ لەنێوان ئەم ئامانجانەدا ڕاگرن.
- کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمانە کوردییەکان شـێواز[1] و پێوانە و کێشـانەی خۆیان هەیە، تەنانەت ئەگەر تخونی بابەتە گشـتی و جیهانییەکانیش کەوتبن،

1. Style

دیسانەوە شەقڵی کوردانەی خۆیان پاراستووە.

- پۆلێنکردنی ناوەڕۆکی کارەکان وەک ئەوەی پێشتر ڕیزبەندی کراوە، دەرخەری ئەوە نییە کە هەر دەقێک تەنیا لەخۆگری یەکێ لەم مژارانە بێ. بە پێچەوانەوە، چ لە ڕۆمان و چ لە چیرۆکدا، نووسەر دوو، یا سێ بابەت و تەنانەت زیاتریشی بەسەر کردووەتەوە، کەچی هەشبووە لەسەر تاقە تەوەرێک گەڕی خواردووە.

## مێژووی کورد

پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووس یەکەم کەس بووە کە لە ڕووی ئاگاییەوە، چیرۆکەکانی بە مێژووی گەلی کورد ئامێژەن کردووە. ئەگەرچی لەم بوارەدا چەندین شتی لێ بڵاو بووەتەوە، بەڵام لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێ ناوبراو دەسەڵاتێکی خشتی بەسەر ئەم مژارانەدا نەبووە. لەبەرامبەر ئەم لاوازییەدا، مرۆڤ دەتوانێ زمانی ئەدەبیی پیرەمێرد کە لە کورتەچیرۆک و هەڵبەست و وەرگێڕانەکانیدا بەکار هاتووە، وەک خاڵی بەهێزی ئەو دەستنیشان بکا. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پیرەمێرد لە ڕێگەی چیرۆکە مێژووییەکانیەوە بە شوێن مەبەستی ئەخلاقی و سیاسی و فێرکارییەوە بووە و لەو پێناوەدا، دوو چیرۆکی مێژوویی نووسیوە بە ناوەکانی «دوانزە سوارەی مەریوان» و «مەم و زین». مەم و زینیان کە حیسابی شانۆنامەشی بۆ دەکرێ، جگە لە ئامۆژگارییەکانی بەشی هەوەڵێی، کە تێیدا پەردەیەک هەڵدەدرێتەوە و دادرێتەوە، هیچ کەرەستە و پێداویستییەکی شانۆ و شانۆگەریی تێدا نابینرێ.

لە دوانزە سوارەی مەریواندا، پیرەمێرد هێمی چیرۆکەکەی لەسەر ڕووداوێکی سەدەی ١٨ هەڵدەبەستێ کە لەودا دوانزە شۆڕەسواری شامبۆز[1] و شێرای میرنشینی بابان ئانگژای[2] دوانزەهەزار سەربازی ئێرانی دەبنەوە. لە شەوێکدا تەپ دەدەنە سەریان و خوانی زینیان

1. Brave
2. Battle against

بەتاڵ دەکەن. دەیانگلێنن و دەیانبەزێنن و بەم جۆرە سەری سەربەخۆی میرنشینی بابان ڕادەگرن. وێڕای ئەوانە، دەچێتە سەر باسی هەندێ نەریتی ئەوێ سەردەمێ وەکوو تەلاری پاشا، شێوازی ڕاو و شکار، میوانداریێتی و هونەری دەهۆڵلێدانێ، بەڵام ئەوەی لەوانەش باییدارترە، گێڕانەوەی فەند و تاکتیکی شەڕ و شۆڕی ئەوسایە. ئەو بۆ وەسفی کەڵەمێری و کەلەشیی چاکەسوارانی کورد، شێوازەکەی فیردۆسی (٩٣٥-١٠٢٠) ڕەچاو دەکا کە لە شانامەدا هێناویێتی. پیرەمێرد (١٩٥٩، ل.١٩) سەرەتا بەم جۆرە پەسنێکی زۆری قۆشەن و لەشکری فارسان دەدا:

«سەلیم‌بەگ وای زانی کە تێی هەڵکردن ورە بەر ئەدەن و ئەشکێن... بە ڕاستی بە لێبوردووانە شەڕێکی ئازایانەیان کرد».

پێویستە بگوترێ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەی خەنیم، شێوازێکی سادەیە بۆ هەڵنان و سەنگلێنانی واقیعی لە سوارخاسانی کورد، کە سەرئەنجام ئەوانن ئاوقای لەشکری قوورس و گرانی دوژمن دەبن و وەکوو پاڵەوانیپاڵەوانان گۆی گۆڕەپانی شەڕ و شەرەف دەبەنەوە.

ئەگەر بێینە سەر باسی مەم و زینەکەی، دەشێ بڵێین ئەم بەرهەمە لەسەر بنەمای ئێپیکێکی فۆلکلۆری هەڵچنراوە، کە لە چەندین نوسخەی جیاوازدا هەیە و هەمان ئەو حیکایەتەشە کە ئەحمەدێ خانی شاعیر (١٦٥١-١٧٠٧) بەرهەمە بەناوبانگەکەی لەسەر ڕۆناوە. پیرەمێردیش هەر ئەو چیرۆکەی هێناوە و تەرخانی قۆناخێکی دیکەی مێژووی کوردی کردووە. بۆ ئەم مەبەستە، کراسی کوڕی میری «شارەزور»ێی کردووەتە قۆڵی «مەم»ی و ڕۆڵی خوشکی میری «ئامێد»ێشی ئەسپاردووەتە «زین»ێ.

ئەم کارەی پیرەمێرد نزیک بە ٢٥٠ ساڵ دوای بەرهەمەکەی خانی نووسراوە، کە بە هەڵسەنگاندنێکی ساکار و سەرپێیی لەنێوان ئەم دوو ئافراندنەدا، دەردەکەوێ چیرۆکەکەی پیرەمێرد لە هەرسێک بواری ڕوخسار و ناوەڕۆک و شێوازەوە لە کەمیدایە

و بەرەو سـنووری شلی و شـێواوییەوە دادەکشـێ. جیا لەوە، میر لە مەم و زینی خانیدا خونکارێکی دەسـتدار و ژیر و ژێهاتییە، بەڵام میری داسـتانی پیرەمێردی، کەسـێکی بێبـاڵ و کورتبین و دڵ لە هەرایە. ئەوانەش هیچ، دڵخەراپ و دەستنەڕۆیشتووشـە. جیا لەوە، زین لە گێڕانەوەی خانیدا لەگەڵ ئەوەی وا کەنیشـکێکی پێگەیشتوویە، شاکچ و دۆتمیرێکی[1] دوورەنوارو دڵدۆڕاوێکی[2] بەئەمەگیشە، کەچی هەمان کەسێتی لە چیرۆکی پیرەمێرددا دەچێتە نێو کلێشەی کچۆڵەیەکی تەنگەتیلکە، بزۆز، سەرشێت و کورتبیرەوە، کە جاروبار دەست بۆ پرسە جیددی و سیاسییەکان دەبا بە شێوەیەک کە لەتەک کەسێتی و جێگەوپێگەی ئەودا ناگونجێ. زین لە دڵداریشدا هێندە ساویلکەیە[3] (پیرەمێرد،١٩٦٨، ل.١٨)، کە لە یەکەم ژوانی مەمدا دەڵێ:

«ئەگەر خوا کردی و مام و بووم بە هاوسەرت، پەیمانم وایە تەنها یەک نەسلی نێرینەت بۆ کوردەواری پێ بگەیێنم و هیچی ترم ناوێ».

بە هەمان شـێوە، وتووێژی نێوان زین و پەریزادی قەرەواشـی[4] لە بواری شـێوازەوە کز و کەنەفت و دەسـتکرد و بێتامە، بە جۆرێ کە زین لە گێڕانەوەی سەربردەی باوان و مێژووی ماڵە میران، ئەسـتووران دەڕێسێ و بەردەنگان دادەهێزێنێ. سەرباری ئەوەش، ڕاوێـژی پەریزاد لەگەڵ مەمی میرزادە، پڕاوپڕە لە بێڕێزی، کە ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییانەیـە کە لە کۆمەڵـی کوردەواریدا لە کارەکەرێک دەکـرێ. هەروەها، ئەو وردەکارییەی لە کارەکەی خانیدا هەیە، چ لە ڕووی داڕێشتنی چیرۆکەکە و پێشخستنی ڕووداوەکانەوە و چ لە ڕووی باسـە قووڵەکانی فەلسەفە و سیاسەتەوە، لە هیچ شوێنێکی بەرهەمەکەی پیرەمێرددا نابینرێ.

بـە پێچەوانـەی پیرەمێـرد، عەلائەددیـن سـەججادی مێـژوو وەک ماتریالێکی

---

1. Princess
2. Lover
3. Gullible
4. Servant

سەرنجڕاکێش، بەژیان گرێ دەداتەوە و لە ڕوخسارێکی خەیاڵی و هونەریدا دەیگێڕێتەوە. ئەو لە کورتەچیرۆکی «جەوهەرئاغا»دا، دێتە سەر باسی گیانبەختکردنی ڕێبەری نیشتمانپەروەری کورد، جەوهەرئاغای سەرۆکهۆزی شکاک لە لایەن ئێرانییەکانەوە لە ساڵی ١٩٠٦دا، کەلەم بارەوە مارتین ڤان برونەسێن،[1] کوردناسی هۆلەندییش شۆپاندوویەتی و چۆنێتیی بانگێشتن و تیرۆرەکەی گێڕاوەتەوە (Van Bruinessen,1983). سەججادی ئەم کورتەچیرۆکەی لەسەر داروپەردووی گێڕانەوەی باوکی ڕۆناوە، کە لە کاتی تیرۆرەکەدا لە تەورێز بووە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا، بە پێچەوانەی پیرەمێرد، کارەکەی بە ڕاسپاردە و مۆژ و ئامۆژگاریی ئەخلاقییەوە نائاخنێ، وەلێ وەک دەرهێنەرێکی باشی فیلم دێتە دەست و یادەوەرییەکان بە پێشهاتە دیرۆکییەکانەوە جۆش دەدا. لەوانەش بترازێ، بە وردی پەنجە دەخاتە سەر ژیانی سەوداگەرانەی ئەوێ دەمێ و ڕۆشناییش دەهاوێژێتە سەر حیزەڵەیی و خوێڕیلەییی[2] بکوژانی جەوهەرئاغای. هاوکات، بەزیخی[3] و بەجەرگیی ئەو دوو پیاوەی وا لەو ڕەشەکوژییە دەرباز دەبن، دێنێتەوە بەر پەردەی بیری مرۆڤ.

جیا لەوانە، هەریەک لە مستەفا ساڵح کەریم و ڕەحیمی قازی دوو قۆناخی جیاوازی مێژووی کوردیان بڕ داوە و کردوویانەتە بنڕەخ و بناخەی کارە ئەدەبییەکانیان، کە بە دووی یەکدیدا لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦١ بڵاو کراونەتەوە. مستەفا ساڵح کەریم لە «شەهیدانی قەڵای دمدم»دا، ڕووداوی بەرخۆدانی ساڵی ١٦٠٨ی ئەمیرخانی برادۆستێ لە دژی شا عەبباسی دوویەم (١٥٨٥-١٦٢٨)، لە قاڵبی ئەدەبی زارەکی دەردێنێ[4] و دەیکاتە ناوەڕۆکی

1. Martin van Bruinessen
2. Cowardice
3. Courage

٤. حەماسەی دمدم ڕووداوێکی گرینگی مێژووی کوردستانە، کە لە مەڵبەندی «ورمێ» هاتووەتە ئاراوە. ئەم ڕووداوە مێژووییە جیا لەوەی بووەتە هەوێنێ گەلێ بەستە و بەیت و حەیرانان، بە هەردوو زاراوەی کرمانجیی ژووروو و خواروو، چووەتە نێو قاڵبی ئەدەبی نووسراوی کلاسیک و مۆدێرنیشەوە. لەم بارەوە وەک دەستەبژێر دەکرێ ئاماژە بە «دمدمنامە»ی مەلا عەبدولکەریمی هونەرمەند (فیدایی) و «کەلا دمدمێ»ی جان دۆست وەک هەڵبەست بکرێ و «قەڵای دمدم»ی عەرەبێ شەمۆ، «شەهیدانی قەڵای دمدم»ی «مستەفا ساڵح کەریم» و «بڵیند و نەوی»ی «نەسرینی جەعفەری»یش وەک نموونەکانی ڕۆمان و چیرۆک لەسەر ئەم مژارە بێنە ئەژمار [وەرگێڕ].

تێکستەکەی (کەریم،١٩٦٠، ل.٥٧). ئەگەرچی ئەو گەلێ لە وردوباریکیی خۆڕاگری و قەڵادارییی قارەمانانەی عەگیدان و خۆشەمێرانی میرنشینی «برادۆستێ»ی لە کارەکەدا جێ کردووتەوە و ئەم بابەتە وەک هێڵێک بە سەرتاسەری چیرۆکەکەدا دەڕوا، بەڵام هێڵێکی سەرەکیی دیکە دڵدارییی نێوان عەودال بەگی کوڕی ئەمیرخان و ڤیانی گراوی[1] و دەزگیرانێتی. دواجار، ئەم دوو بابەتە لەگەڵ بەردەستکردانی قەڵای دمدم و شکستی کوردان کۆتاییان پێ دێ.

بە بڕوای دانەری ئەم دێڕانە، خاڵێکی خەوشداری ئەم کارە ئەوەیە کە نووسەر ئیزن دەدا مەیل و خواستی سیاسیی کاراکتێرەکان هێندە جیددی و بەبڕشت بێ کە قارەمانانی داستان بەبێ هیچ دوودڵی و ڕاڕاییەک دڵ بدەنە سەر سەربەختکردن. وەک ئەوەی ڤیان لە کاتی ئاویلکەدانا و ئەو ساتەی وا خوێن لە برینانی دەچۆڕێ و جواناو لە لاجانگی لووزەو دەبەستێ و زەنگوڵزەنگوڵ بەرەو گۆنای دێتە خوار، چاوەکانی هەڵدەبڕێ و ڕووی دەمی لە عەودالبەگ دەکا (هەمان، ل.٧٥) و دەڵێ:

«... من وا چرام بەرەو کوژانەوە ئەچێ... بەڵام تۆ بچۆ بە لای قەڵاکەتەوە... شەڕ بکەن، یا هەمووتان ئەکوژرێن، یان سەر ئەکەون... تۆڵە ئەسێنن...».

هەرچەندکە ڕەحیمی قازی ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی وەکوو چیرۆک ناوزەد کردووە، بەڵام ئەم کارە نموونەیەکی گرینگی ڕۆمانە لە مێژووی وێژەی کوردیدا، کە لەودا نووسەر بە نیازی گێڕانەوەی مەودایەکی پێنج شەش ساڵەی مێژووی کورد لە ئێران بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ستایلی قازی لەم ڕۆمانەدا ڕیالیستانەی سادەیە و ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ کلکوگوێکردنی دەربڕینی هونەری و خەیاڵی نووسەر، ناوبراو لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکاندا لە کەسانی پێش خۆی تێپەڕاندووە و بە باشیش توانیوێتی کاراکتەرەکان تێکهەڵکێشی پلۆت و ناوەڕۆکەوە بکا. هەروەها، جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ئەم کارە

1. Fiancée

و کورتەچیرۆکە مێژووییەکانی تردا ئەوەیە کە نووسەر مل لە دارشتنەوەی کارەکەی دەنێ لەسەر بنەمای نوختەنیگایەکی مارکسیستی کلاسیکییەوە و بابەتە مێژووییەکان دەترنجێنێتە نێو ئەم تێنواڕینەوە. بۆ نموونە، لە بەراورد لەگەڵ چیرۆکی شەهیدانی قەڵای دمدم، لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا، ئاغا وەکوو خائینێکی مارز[1] و ستەمکار وێنا دەکرێ و کوڕەجووتیاریش وەکوو کەسانی شۆڕشگێر، نیشتمانپەروەر، جوامێر و دڵشێر لە بەرچاوی خوێنەر ڕادەنرێن. کەچی کەریم لە چیرۆکەکەیدا، پاش ئەوەی بە دوورودرێژی لەسەر باسی میرعەودالّ و ڤیانی گراویدا دەڕوا، «ڤیان»ی ئەڤینی میر لە لایەک و «مەحموودی کێهاکانی» خائینیش لە لایەکی تر وەک دوو کەسی سەربە بنیچەی نزار و هەژارانی کۆمەڵگە دەداتە ناساندن، بەڵام لە ئاخردا ئەوە خەڵکە کە میداڵیای پاڵەوانێتیی نەبەردەکەی لە سینگی دەدرێ.

هەر دەربارەی ڕۆمانەکەی قازی دەبێ بڵێین کە ناوبراو لە چەند جێگەدا سنووری نێوان چیرۆکێکی مێژوویی وەک کارێکی ئەدەبی و گێڕانەوەیەکی تەواومێژوویی هەڵبواردووە، بە جۆرێ کە نووسەر چووەتە سەر وردەکاریی ڕۆژ و ڕێکەوتی ڕووداوەکان و ئینجا تێکەڵ بە پلۆتی کارەکەی کردوون، کە ئەمەش هەودای هزری خوێنەر دەشێوێنێ. بۆ وێنە، قازی لەسەر هەلومەرجی دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان دەدوێ، یان دەچێتە سەر ڕۆڵی هەڵبەستی هێمنی موکریانی لە سەردەمی کۆماردا (قازی، ١٩٦١، لل.١٠١-١٠٨).

## کێشەی چینایەتی

کوردەواری لە دەیەی ١٩١٠، واتە ئەو ساتەی چەخماخەی گێڕانەوەی مۆدێرنی تێدا لێ دراوە، تا دەگاتە ساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠، جڤاتێکی چینەکی و کشتوکاڵی بووە؛ بۆیە ئەگەر ئەوساکە ناکۆکییەکیش هەبووبێ، تەنیا لەنێوان ئاغا و جووتێردا ڕووی داوە.

1. Ruthless

ئەوبەرتر لەو دوو بەرەیە، چینێکی شارنشـین هەبووە کە زیاتر سەرجەنجاڵی پیشەسازی و بازرگانی بوون. جگە لەوانە، چەندین دەسـتەی جیـاوازی تریش هەبوون، کە لێرەدا وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بە مەلا و فەقێ و خوێندەواری شـار لە لایەک و ڕەشـاییی گوند و خەڵکی بێکاری بازار بکرێ. لە سەرووی هەرەمی ئەم دەستە جۆراوجۆرانەشدا، دەسـەڵاتێکی کۆنبـاو و بیرۆکراتیک ئامادەییـی هەبووە، کە لە ڕێگـەی گەندەپیاوی بەوەزەند و بێسەنگوڕەنگ و بە یارمەتیی داروغە و بەندیخانە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئازار و ئەشکەنجەوە بەڕێوە چووە. خرابتر لەوانەش، گەلێ یاسای سەدەی نێوەڕاستی لە جڤاتگەدا جێبەجێ کراوە. لێرەشدا دەستداران و ڕاژووران کەڵکیان لەم ڕست و ڕێساگەلە وەرگرتـووە و بە لای قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا شـکاندوویاننەوە. کاتێکیش کار کەوتووەتە سەرخستن و سـەرکزکردن، خۆیان یەکەمین سەرپێچیکەرانی ئەم یاسا و ڕێسـایانە بوون. ڕانواندنی ئەم بارودۆخە، هەڵوێستگرتن لەسەر بویەر و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە، دەرخسـتنی دەنگوڕەنگی چەوسـاوەکان و هاندانی خەڵک بۆ شـۆڕش و گۆڕانکاری لە ژیانیاندا، بوونەتە تێمی سەرەکیی بەرهەمی نووسەرانی سێ قۆناخی یەکەم کە بڵێسـەی ئاگرەکەی لە سەرەتای شەستەکان دادەمرکێ؛ بۆیە بە دەگمەن دەبینرێ کە نووسـەرێک سـەرلەبەری کتێبەکەی، یا هەرنەبێ کورتەچیرۆکێکی خۆی بۆ ئەم مژارە تەرخان نەکردبێ.

ئەگـەر ئێمە هەوڵ بدەیـن بۆ نواندنی ئەم دووفاقایەتی و شـەڕە چینایەتییەی لەنێو گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا ئامادەیی بووە، بەرەوڕووی سێ خاڵی سەرەکیی خوارەوە دەبینەوە:

- ناکۆکیی نێوان وەرزێر و دەرەبەگ.
- ناکۆکیی نێوان وەرزێر و دەوڵەت.
- ناکۆکیی نێوان وەرزێر و بازرگان.

تایبەتمەندییەکی گشتی و هاوبەش لەنێو هەموو ئەو بەرهەمانەی بەزمی چینچینی و هەڵاوێرییان هێناوەتە بەر باس ئەوەیە کە سەرپاکیان هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان لەم بارەوە گرتووەتە بەر و بە تێکڕایی کەوتوونەتە بەرەی چینی جووتیار و وەرزیارەوە و ڕووی خۆیان لە هێڵی دەرەبەگ و پۆلیس و دەسەڵات وەرگێڕاوە. بە واتایەکی تر، ئەوان لەبەرامبەر چەوسێنەراندا، پشتی چەوساوانیان گرتووە و بۆ ئەم مەبەستەش گۆشەنیگای جیاوازیان ڕاناوە.

یەک لەو نووسەرانە ئەحمەد موختار جافە، کە لە مەسەلەی ویژداندا، پەردە لەسەر وردەکارییەکانی ژیانی وەرزێران و ڕەنجدەرانی خاکەسەر هەڵدەداتەوە و لەوێدا دێتە سەر ئەو باسە کە چۆن و بە چ شێوەیەک گەنجێکی دوورەچارە و هەژارۆکە و بێئەستێرە لەگەڵ بڕینی پەیژەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی و گەیشتنی بە پلەوپایەی بەڕێوەبەری شار، ئاخوڕی لێ تێک دەچێ و دەچێتە قاوخی کەسێکی نەباش و ناپەسندەوە.

ڕەوتی چیرۆکەکە بەم جۆرەیە کە «زۆراب»ی لاو دەست بۆ چەندین ئیش و کاری وەکوو شاگردی، دارتاشی، پێڵاودروویی،[1] بەردەستی لە دووکان، پشکێنەری، باجەوانی[2] و سیاسەتکاری دەبا. سەرەتا دەستی زۆراب دەکەوێتە بن باری ئەم و ئەو و مەسینەیان لە دوو هەڵدەگرێ، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کات، دەبێتە ئاغا و کوێخای خۆی و گۆڕانی بە سەردا دێ و ئیتر ئەوجارەکانێ خۆی دار دەدا لە ڕوحی خەڵکی.

لەو چیرۆکەدا، نەقڵکەری داستان تابلۆیەک دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، کە لەودا لە لایەک، وەرزێری گوند و پیشەکاری شار و لە لایەکی دیکەوە، دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و دەربەگ و بازرگانی سەربە دەوڵەت خویا دەبن؛ کاتێک تووتنەوان لە دێهاتی دەوروپشتەوە دێن و گەرەکیانە کارانەی ئەو تووتنەی وا وەختی خۆی شکاندوویانەتەوە و بۆ فرۆشتنیان ناردووە، لە تووتنکڕی شاری وەرگرن، جگە لە گەف و گرژی و

1. Shoemaker
2. Tax Collector

چاودەرپەڕاندنی تووتننووسان چ مز و هەقدەستێکیان وەگیر ناکەوێ. لە چیرۆکەکەدا کە گێڕەرەوە (جاف، ١٩٧٠، ل.٢٤) وەک ژمێریار و ڕاگری حیسابان ئیش دەکا، ئا بەم جۆرە بەسەر وەرزێراندا دەخوڕێ و چاوترسێنیان دەکا:

«لەوە زیاتر قسە مەکەن. وە ئیللا ئەڵێم بە پۆلیس، دەرتان بکات! بڕۆن شکاتم لێ بکەن، ئەوسا چاوتان بە خۆتان ئەکەوێت، ئەوانەی ئێوە شکاتی لە لا ئەکەن، هەموو شەو لە دیوەخانی منا قاوە و چایی ئەخۆنەوە!»

بەپێی ڕوانینی نووسەری چیرۆک، لە عێراق و کوردستانی سەردەمی بیستەکاندا، پارە و بێئەخلاقی و بێویژدانی بەردەبازی بازدانی مرۆڤەکان بەرەو سەرکەوتن بوون. ئەم تێڕوانینە لە چیرۆکەکەدا هێندە بەرهەستە کە تەنانەت خەڵکی ئاساییش دەتوانێ بە سانایی بۆی بچێ و لێی تێ بگا. لەو کارەدا، زۆراب (هەمان، ل‌ل.٣٢-٣٣) دوای تاقیکردنەوە و خۆخەریککردن بە چەندین پیشە، خەیاڵی گەیشتن بە پلەی بەرزی بەڕێوەبەریتی هەڵیدەگرێ و ئەم شتە لای برادەرێکی خۆی ئاوا دێنێتە بەر باس:

-عەزیزم! ئەوەڵەن پێم بڵێ پارەت هەیە یان نا؟

-مەبلەغێکی کافیم هەیە.

-کە وا بێ ئیتر هەموو شتێ سەهلە، ئەمما بەعزێ مەسلەک هەیە ئەبێ قەبووڵی بکەیت!

-وەکوو چی؟

-مەزەڕەت بۆ هاوجینسی خۆت، درۆزنی و خیانەت!

بەگوێرەی نووسەر، ڕاوەستان لە پێی ئەم پێشمەرجانە لەپێناو پێشکەوتنی تاکەکەسی و هاوێرکردنی ژیانی شەرافەتمەندانە لە ژیانی دەغەڵکارانە، پرسیارگەلێکن کە دەکەونە خانەی مەسەلەی ویژدانەوە. هەر بەم پێیەشە کە بەرهەمەکەی ئەحمەد موختار، دەتوانێ بەرکارێکی باش بێ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر نوختەنیگا فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکانی

نووسەر.

هەر لەم بارەوە، دەشێ بگوترێ کە زۆربەی نووسەرانی جیلی گەلاوێژ وەکوو شاکر فەتتــاح و عەلائەددین ســەججادی و ئیبراهیم ئەحمەد، هەرکەســە و بە نۆرەی خۆی، خۆی لە مــژاری جووتیاران وەرداوە، کە لەم بارەوە عارف (١٩٧٦،ص.١١٦) ئاوا کورت دەیبڕێتەوە:

«لەنێو بەرهەمە بەرز و بەناوبانگەکانیاندا، ئەوان تەرکیزیان خستووەتە سەر ئەو سەرکوت و مێتۆدانــەی لە لایــەن دەرەبەگ و دەوڵەتــە دواکەوتووەکانەوە جێبەجــێ کراوە، بە چەشــنێک کە ئەم دوو لایەنەی ناوبراو، هەرەوەزیان کــردووە بۆ ئەوەی نیری تیرۆر، چەوســاندنەوە و کۆیلەتی بخەنە ئەستۆی خەڵک بە گشــتی و وەرزێران و جووتێران بە تایبەتی. ســەرەڕای ئەو ڕاســتییەی وا ئەوان پەرژاونەتە ســەر بابەتگەلێکی وەکوو چەوسانەوەی ژنان، پرسە جڤاکییەکان و پێشنەکەوتوویی، دیسانەوە کێشەی چینایەتی و پرسی جووتیاران لای وان جێگەی لە سەرەوەی بابەتەکانی دیکەیە، بەڵام هەرچییەک بــێ، ئەم مژارانــە هەرکامیان بە جۆرێ لــە جۆرەکان هەلومەرجــی هەنووکەیی ئەوێ سەردەمێ دەدەنە بەر تیری ڕەخنە و پەتی تاوانی لە مل دەکەن».

جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیی نووسەران و ئاشنایەتییان لەتەک ژین و ژیواری کشتیار و زەویکێڵان،[1] گرینگ بووە بۆ ئەو شێوازەی وا ئەوان بابەتی تێکۆشانی جووتیارانیان پێ هێناوەتە گۆڕێ. ئەم هەڵوێستەشــیان دەربڕینێکی دیارە لە خاوەنداری و پشتەڤانییان لە پاڵە و دروێنەوانی گوند، کەچی کاتێ کار دەگاتە ســەر خســتنەڕووی ڕێکارەکان، هەر نووســەرە و بەگوێرەی بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیی خۆی ئاراســتەی جیاواز دەگرێتە بەر. بۆ نموونە، شاکر فەتتاح لە یەکێ لە کورتەچیرۆکەکانیدا کەسێک بە ناوی «مودیربەگ» وەک کاراکتەری ســەرەکی هەڵدەبژێرێ و ئەوجار دەچێتە سەر ئەوەی کە مودیربەگ

1. Peasant

چلۆن لە پلەوپایەی خۆی بۆ چەوساندنەوە و پووڕدانی وەرزێران کەڵک وەردەگرێ و لەپڕێکەوە دەبێتە کوڕێکی تێر و تەیار و دراودار (فەتتاح،١٩٤٣،لل.٦٤-٧١).

یەکێکی تر لە سێ نووسەرە سەرەکییەکەی بەرەی گەلاوێژ سەجادییە، کە ئاشنایەتییەکی باشتری لەگەڵ باری ژینی جووتبەندە و جووتێراندا هەیە و بە دەمودووانی وان دێتەدوو و ڕەوشی ژیانیان بە شێوازێکی سروشتی دێنێتەڕوو. ئەو جگە لە باسی شێوازە کۆنباوەکانی دەرەبەگ و دەوڵەتان بۆ چرووساندنەوەی[1] جووتیاران، هەندێ شتی بچووک و لە هەمان کاتدا گرینگی نێو ئەم پێوەندییانە دەبینێ، کە لە لایەن هاوکارەکانیەوە چاویان لێ نوقێنراوە. بۆ وێنە، لە کورتەچیرۆکی «شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو»دا، ئاغای بلەوەز و بێڕەحم دەچێتە نێو پێستی کەسێکی ئاساییەوە. ئەو بۆ سەلماندنی دۆستایەتی و نواندنی خزمایەتیی خوی، ڕەشۆک و ڕەشاییی[2] دێنشین بەسەر دەکاتەوە و دەکەوێتە کۆڕی شایی و لۆغانیان و دەستی دیلان و گەڕی ڕەشبەڵەکیان بەرنادا، بەڵام پاش قەدەرێکی، پەتەی دەکەوێتە سەر ئاوێ و تەمای ڕۆنیشتنی لەسەر کورسیی پارلەمان بۆ خەڵکی دەردەکەوێ. تەمایەک کە هانی دەدا بۆ ئەوەی بەڵێنیی پارچەزەوی و قوتابخانە و ڕێگەوبان بە جووتێران بدا، یان ئەوەی کە بە شان و باڵی خۆیدا هەڵبڵێ و ئاوەدانی و وێرانیی هۆبە و هەوار و شار و باژار بە بوون و نەبوونی خۆی وەک ئەندام پارلەمان گرێ بدا.

لە هەمان کاتدا، سەجادی پەردە لەسەر بیرکورتیی دێهاتی و دەشتەکییان هەڵدەداتەوە. ئەو باس لەوە دەکا کە چلۆن پاڵە و فەلەی گوند بە چەند قسەی خۆش دێنە بەربار و تاو دەکرێن، ڕابردوو لەبیر دەکەن و دەگەنە قەناعەتێک کە تێکڕا هاوار بکەن و بڵێن: «خوا لە ئێمەت نەستێنێ» (سەجادی، ١٩٦٠، ل. ٤٩). لە ئاخری چیرۆکەکەدا، سەجادی لا دەکاتەوە لە لایەنێکی تری کەسێتیی ئاغا و لەودا پارلەمانتارێک وێنا دەکا

1. Exploiting
2. Simple Peasant

کە لەبەر نەزانینی زمانی فەرمی، واتە عارەبی، قڕوقپ و خپ و خەمۆش لێی دادەنیشێ و بەڵێگۆیی بە بڕیارەکانی مەجلیس دەبێتە کار و هونەری ئەو.

ئیبراهیم ئەحمەدیش بە مەبەستی لەبەرددانی شووشەی ئابڕوو و ئاکاری خێچ‌وخواری بەڕێوەبەرێتیی گشتی و خوێندنەوەی دەستی دەستبڕی پۆلیس و هێزە چەکدارەکان، کەڵک لە داستانی دزرانی کەرەکەی مەنوچەر وەردەگرێ و لەوێدا نیشان دەدا کە حکوومەتەکان قەت لاگیری خەڵک نەبوون و کاریان بۆ تێهەڵێنانەوەی[1] زیانلێکەوتووان[2] نەکردووە، کەچی لەجیاتی ئەوە و لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە کە متمانەبەخۆیی خەڵک بۆیان مەترسیسازە، لەسەر خۆیان زانیوە ئەوەندەی بۆیان بکرێ لە ڕووتاندنەوە و سەرکوتکردنی خەڵکی دەست نەپارێزن و ئەوەندەشی بۆیان بلوێ لە تاریکستانی ئەنگوستەچاوی بەجێماوی و بێئاوەزیدا بیانهێڵنەوە؛ چونکە ئاشکرایە لەگەڵکوو گوێی گەل زرینگایەوە و تۆزی خەو لە چاوی خەڵک سڕایەوە، ترس و خورپە بە دەماری دەسەڵاتیاندا دەگەڕێ.

بابەت و تەوەری کورتەچیرۆکی «کوێرەوەری»ش هەر بەم جۆرەیە، بەڵام لێرەدا ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵێکی تایبەت دەداتە گەنجێک بە ناوی «سۆفی حەسەن» کە لە هەوڵدایە بۆ تاراندنی خەو لە چاوی بەرەی جووتیاران و دنەدانیان بۆ ڕابوون و ڕاپەڕین. کاراکتەرێ ناوبراو دەگیرێ و ئەشکەنجە دەکرێ. ئەو بە زمانێکی تژی لە ڕق و تووڕەیییەوە بەگژ بەگ و ئەفسەر و جاندرمەدا دێتەوە و دیسانەوە تووشی تێهەڵدان دەبێتەوە. لە ئاکامدا، ئەم ئازار و ئەشکەنجانە دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕ لە هۆشیاری و بەرزبوونەوەی پلەی بیرکردنەوەی سۆفی حەسەن و خوێنەریش لە دێڕەکانی دوایینی داستانەکەدا هەستی پێ دەکا (ئەحمەد، ١٩٥٩، ل. ٧٧).

مژاری جووتیاران لە جیلی دوایی‌شدا دیسانەکێ دەبێتە ناوئاخنی بەرهەمی

1. Redress
2. Wronged

نووسـەرانێکی لەگوێن جەمال نەبەز،[1] ڕەحیمی قازی، مەعرووف بەرزنجی و حەسەنی قزڵجی.

قزڵجی کورتەچیرۆکەکانی لەسەر پایەی کاراکتەری ژمارەیەک کرێکار و خەڵکی بەربێگار و بەختکەوتوو ڕۆدەنێ. ناوبراو لە دەستپێکی «پێکەنینی گەدا»دا، «حەمەڕەش» ناوێک دەکاتە کاراکتەری سەرەکیی داستانەکە؛ کەسێک کە بە هۆی برسێتی[2] و بێگیرفانی،[3] ماڵومنداڵی بەجێ دێڵێ و ڕووەو شار هەڵدێ و دەست دەداتە داری سواڵێ. قزڵجیش لە ڕێگەی ئەوەوە، دێت و چۆنێتیی ژیانکردن و ژانکێشانی بەشێکی تری نێو کۆمەڵگە پێشانی خوێنەر دەدا (قزڵجی، ١٩٧٢، ل.١٦).

لەنێو تازەنووسـەرانی کورتەچیرۆک و چیرۆکدا، حسێن عارف بەشێ لە کارەکانی تەرخانی ژیانی خەڵکی نەدار و کلۆڵی شارەکان دەکا. ئەو لە کورتەچیرۆکی «خوویەکی پووچ»دا تەرکیز دەخاتە سەر سواڵکەرێک و شاگرد قاوەچییەک و جیا لەو دووانە، خوێندەوارێکیشیان لەحاند دادەنێ. کابرای خوێندەوار کە پێی لە قاوەخانەکە نابڕێتەوە، گاڵتە بە کابرای پارسەک[4] دەکا و بە قشە لە پرسیاری فەلسەفیی وەردەدا. کەچی لەبەرامبەر وەبەرلێدانکەوتنی شاگرد قاوەچییەکە لە لایەن کابرای ئەفەندییەوە، خۆی بۆ ڕاناگیرێ و هەڵوێستەکەی خۆی وەک خوویەکی پووچ لە قەڵەم دەدا (عارف، ١٩٧١، ل.٥٩)، یان لە کورتەچیرۆکی «نان و کەوەری خوێناوی»دا، کەسێک بە ناوی «مارفی کۆڵهەڵگر» دەکاتە کاراکتەری سەرەکی و هەنگاو بە هەنگاو ڕۆژانی ڕەنج و کوێرەوەرییی ئەو وێنا

١. نەبەز لە پێشـەکیی «لالۆ کەریم»دا، بەڕە لەسـەر پرسێکی گرینگ هەڵدەداتەوە، کە ئەوەیش بریتییە لە بێبەریبوونی ئەم بەرهەمەی لە ئایدیۆلۆژیی چینەکی و مارکسـییەوە، واتە جەمال نەبەز وەک خۆی دەڵێ کتێبەکەی لەژێر پاڵەپەستۆی بیرگەری چەپگەرییەوە نەنووسیوە. جیا لەمانە، ئەو لای وابووە کە کێشەی نێوان چینەکانی ئەوساکە جیا لە پرسی ئابووری، گەلێ جاران وەک ئەم داسـتانەی، ناکۆکییەکی ئایینی و ویژدانی بووە و کەسێکی وەک لالۆ کەریم سوێندی بەدرۆی بۆ «کاکەڵا ئاغا»ی دەرەبەگ نەخواردووە و زمانی بە هەق گەڕاوە و لەو پێناوەشدا تووشی ئازار و گوندبەدەری بووەتەوە، نەک لەسەر پرسی فیکری و ئایدیۆلۆژیکی چەپ و سۆسیالیستییەوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
نەبەز، جەمال (١٩٨٦). لالۆ کەریم. چاپی دوویەم. ستۆکهۆڵم: بنکەی چاپەمەنیی ئازاد.

2. Hunger
3. Poverty
4. Beggar

دەکا و نیشان دەدا کە چلۆن ئەو کەسە بۆ کارانەیەکی کەم و لەبۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی ماڵومنداڵەکەی، شـــان دەداتە بەر بار و کاری قورس و گران، کەچی دواجار دەکەوێتە بەر گوللـــەیەکی وێڵی چەکدارانی حکوومەت؛ پێشـــهاتێک کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا قەوماوە و بووەتە هۆی گیانلەدەســـتدانی خەڵکی. لێرەش، عارف (هەمان، ل.٦٦) ئـــازاری دەروونی دەردئاژنی کابرا دەخاتە قاڵبێکی فەلســـەفییەوە و کافکائاســـا دوایین بەشەکانی کورتەچیرۆکەکە بەم جۆرە دوایی پێ دێنێ:

«...ڕۆژ داخزایە پشـــتی کەلەوە... مەلا بانگی ئێوارەی دا... دنیا تاریک داهات و باوکە هەر دیار نەبوو! باوکە لە مەیتخانەی خەستەخانەی سەرەوە، لاشەیەکی بێگیانی خەڵتانی خوێنێکی وشکەوەبوو بوو، کە بە کەمتەرخەمییەوە لەو ناوەدا فڕێ درابوو».

## خەباتی نەتەوایەتی

ئەگەرچی تێمای تێکۆشـــانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لـــە دەقی بەرهەمهاتووی نووسەرانی بەرەی گەلاوێژدا زۆر بە دەگمەن دێتە بەرچاو، بەڵام دەبێ بگوترێ ئەم بابەتە لە دەیەی پەنجاوە تا وەکوو ئێستا باسێکی هەرەگرینگی نێو گێڕانەوەی نوێباوی کوردی بووە و گەشـــە و گۆڕانیش لە ستایل و شـــێوازی ئاراستەکردنی ئەم مژارە هاوتەریب بووە لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنی خەباتی گەلی کورد بۆ سەربەستی. بۆ ئەنگاوتنی ئەم ئامانجە دوو شێوازی جیاواز لەئارادا بووە کە دەکرێ بە شێوەی خوارەوە ڕیزبەندی بکرێن:

- گێڕانەوەی ئەو زوڵم و زۆرییەی کە داگیرکەرانی کوردستان لەڕاست خەڵکی کورد بردوویانەتە سەر؛ هەر لە ئینکار و نکوڵی و ئەستاندنەوەی مافی مرۆڤ و فەرهەنگییەوە بگرە تا دەگاتە وڵامدانەوەی هەر هەوڵ و هاوار و هەڵسووڕانێکی ئازادیخوازانە بە زمانی زیندان و ئەشکەنجە و بۆردومان.
- هەڵبژاردنی خەباتکارێکی سیاســـی وەک کەسێک کـــە عەوداڵی ڕزگاریی گەلەکەیەتی و بۆی لە کەندوکۆدایە.

بە گشتی لەنێو ئەو توێژینەوانەی لەسەر گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی کراون، لێکۆڵینەوەیەکی کەم لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی کورد وەک مژارێکی ئەدەبی کراوە. ئەمەش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر گرینگیی باسەکە و ئەوەی کە دەزگای سانسۆری دەسەڵاتە ناوەندییەکان نەیانتوانیوە تەنانەت لە قەوارەی توێژینەوەیەکی ئەدەبیشدا لەگەڵ ئەو بابەتە هەڵکەن.

قارەمانی سیاسی لە کارەکانی مستەفا ساڵح کەریم و مارف خەزنەداردا، گەنجانی خوێندەوارن کە ئاگاییەکی ئەوتۆی سیاسییان لە باراندایە. لە یەکێ لە چیرۆکەکانی ساڵح کەریمدا، لاوێک بە ناوی «ئامانج» لە بەغدا خوێنی خۆی بە کچۆڵەیەکی «پڕشەنگ» ناو دەبەخشێ و لەوێ لەگەڵیا ئاشنا دەبێ. دواجار، ئامانج و پڕشەنگ لە کروکاشی ڕامیاریدا دەبنە هاوڕێ و وێکڕا دەست بە بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکی سیاسی و بەڕێکخستنکردنی خوێندکاران دەکەن. ئەم هاوکارییەشیان سێ ساڵی بە سەردا تێپەڕ دەبێ و لەو مەودایەدا، بەشداریی سەرجەم ئەو مەش و خۆپیشاندانانە دەکەن، کە لەودا پۆلیسی ڕژێم بە گازی ڕۆندکرێژ[1] و سەیارەی ئاوپرژێن[2] و تەقە و دەستڕێژ، بەرپەرچی خەڵکی داوەتەوە. پڕشەنگ لە یەکێ لەو خۆپیشاندانانەدا لەسەر پاسێک دێتەگۆ و خەڵکیش چەپڵەبارانی دەکەن، بەڵام هێندەی پێ ناچێ کە بە گوللەی دوژمن شەهید دەبێ، ئامانجیش بە شانازییەوە دەچێتە ژوور سەری و سۆزی بۆ دەکا (کەریم، ١٩٨٤، ل.٩٦).

لە کورتەچیرۆکەکانی خەزنەداردا، بەردەوام وێنەی ئەفسەری پۆلیس و گەنجی باڵبەستەی کورد لە زیندانی بەغدادا دەبینرێ. ئەو لە کورتەچیرۆکی «بە ئامانج گەیشت»دا دێتە سەر باسی بەسەرهاتی خوێندکارێک بە ناوی «دڵسۆز» کە بە جۆش وخرۆشەوە تەقلی چالاکیی سیاسی دەبێ، بەڵام لە ئاکامدا لە لایەن پۆلیسەوە دەگیرێ و هەناردەی بەندیخانەی بەغدا دەکرێ (خەزنەدار، ١٩٦٩، ل.٨٢)، یان لە چیرۆکی «سەرینەبۆر»دا،

1. Tear Gas
2. Water Cannon

خوێندکارێکی کورد لە سەفەرێکی خۆیدا بەتانی و باڵنجێکی پڕ لە بڵاڤۆک و نامیلکەی سیاســی لە بەغداوە دێنێتەوە کوردســتان و ئــەم باڵنجەش دەورێکــی گرینگ لەوێدا دەگێڕێ (هەمان، لل.١٠٧-١١١).

خەبات لە کوردســتانی عێراقی دەیەی پەنجادا ڕەهەندێکی تەواوسیاسیی هەبووە، کە ئەمــەش زۆرتر بریتی بووە لە ڕێکخســتنی خوێندکاران و قوتابییــان و ڕووناکبیران و فەرمانبــەران، بڵاوکردنــەوەی ڕاگەیەنــدراو لــە ڕۆژە نەتەوەییەکانــدا، ســەقادان[1] و ڕێکخســتنی خۆپێشاندان لە دژی دەسەڵاتی پاشــایەتیی گرێدراوی ئینگلیز لە عێراق. لەم ســۆنگەیەوە، پۆلیس چاو دەبڕێتە سەر خوێندکاران و لەگوێن کەسانی ئاژاوەگێڕی بێســەرەوبەرەخواز[2] دەیانهێنێتە ئەژمار و ڕاویان دەنێ و ڕەوانەی چاڵەڕەشەکانیان دەکا. شیاوی باسە کە ئەم پاشخان و تایبەتمەندییانە بەو شێوەی کە لە کورتەچیرۆکی پەنجاکاندا وێنا کراون، نموونەی ئاسایین لە خەباتی ڕزگاریخوازانە.

محەممــەد ئەمین بوزئەرســەلان لــە چیرۆکی «کومــێ تفتــک»دا جۆرێکی تری چەوســاندنەوە لە کوردستانی تورکیادا لە بەردەم خوێنەر ڕادەنێ. لەم چیرۆکەدا، «باران» ناوێک بە دەم گۆرانیچڕین و کەیفخۆشــییەوە ڕووەو شــار شەقاوی توند دەکا، کەچی کاتێ پێی دەگاتە وێ، جاندرمە بۆ داسەپاندنی یاسای یاساخبوونی جلوبەرگی کوردی،[3] دەگەنە سەری و سەری پێ ڕووت و کڵاوە کوردییەکەی بە چەقۆیان ونجڕونجڕ دەکەن (Bozarslan,1979, r.15).

1. Organize
2. Anarchists

٣. ئەو یاســایە وەک واقیعێکی مێژوویی، لەپێناو سەرخســتنی پڕۆژەی «مۆدێرنیزاسیۆنی فەرماندەرانە» و «ئەستوونی»، لە تورکیــای ســەردەمی ئەتاتورک و ئێرانی ســەردەمی ڕەزا پەهلەویدا جێبەجــێ کراوە، کە دواجــار وەک دژکردەوەیەک لەهەمبەر ئەم سیاسەتەدا، سەرهەڵدانی «مەلاخەلیلی گۆڕەمەڕی» (١٣٠٧ه/١٩٢٨ز) لە مەڵبەندی «سەردەشت» و «مەهاباد» و هەروەها، سەرهەڵدانی «ئیبراهیم ئاغای جەلالی» لە ناوچەی «ماکۆ» هاتووەتە ئاراوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

افخمی، ابراهیم (١٣٦٨). قیام ملاخلیل و رد فرمان رضاخان. سقز: انتشارات محمدی.

داودی، محمــد رضا (١٣٧٣). مهاباد در فاصله دو جنگ بین‌الملل اول و دوم (١٩٣٩-١٩١٨). ب. ش: ناشر-مؤلف. ص. ٣٣.

حەسەنی قزڵجی پاش ئەوەی لە نێوەڕاستی چلەکاندا بۆکانێ جێ دێڵێ و ئاودیوی دیوی گەرمێنێ[1] دەبێ، ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێ تا لەسەر دۆخی سیاسی و جڤاکیی ئەم دوو بەشە لە نیشتمانەکەی کەندوکۆژ بکا. ئەو لە «تاج و تەختی کوێخا هۆمەر»دا پلۆتی چیرۆکەکە لە دەوری جەغزی سەرهەڵدانێک دەسووڕێنێتەوە کە لە کلکەی ساڵەکانی دەیەی سـی و لەبەرامبەر پۆلیس و جاندرمەی شۆڤێنیست و ملهۆڕی ڕژێمی پەهلەوی و دەسـەڵاتدارانی ئەوێ سەردەمێدا لە ناوچەی سەردەشت ڕووی داوە.[2] لە ئاکامی ئەو ڕەوشەدا، «کوێخا هۆمەری سوێسنی»مل دانانوێنێ و شان هەڵدەتەکێنێ. لە دژی دەوڵەت ڕادەسێ، سەری سەربازی سەرکوتکەر دەهەنجنێ و قۆشەنی دوژمن تێک دەشکێنێ. ئیدی دەوڵەت دەکەوێتە خاک و پایەوە و لەوێ دەکشێتەوە و بەڕێوەبەرێتێکی مەدەنی لەژێر ناوی «دایرەی ئاسایشـی عەشایری» دادەمەزرێنێ. کەچی بە پێچەوانەی وەعد و بەڵێنییەکانیان، دوو ساڵی تێ وەرناسووڕێ کە هەمدیسان جاندرمەی بندەستی سەرهەنگ پزشکیان زاڵەی خەڵکی دێنن و دەیانهاروو‌ژێنن. لەگرەولا، جەماوەر کلک بە سەرهەنگ و سـەربازان هەڵدەگرن و بە تۆی جلی ژێرەوەیانەوە لە مەهابادەوە دەیانڕەوێننەوە بەرەو تارانی پێتەختی پاشای (قزڵجی، ١٩٧٢، ل.٥١).

ئەزموونێکی تر کە دەکرێ بە «نێوان کوردی»[3] ناوزەد بکرێ، لە چیرۆکی «شەهیدی زوڵمە و کفنێ و شـۆردنی ناوێ»ی قزڵجیدا بەدی دەکرێ؛ چیرۆکێک کە تێیدا ڕەوشی خراپـی ئابووریی ئێرانـی دەیەکانی پەنجا و دۆخی ناهەمواری کـوردان دێتە بەرباس؛ دۆخێـک کە لەودا بەشـێک لەوان بۆ دۆزینـەوەی کار و کاسـبییەکی گونجاو پەڕی

---

١. لە قاموسی گشتیی خەڵکدا، گەرمێن بریتییە لە کوردستانی عێراق [وەرگێڕ].

٢. ئەم سەرهەڵدانە لە ساڵی ١٣١٧ هەتاوی (١٩٣٨-١٩٣٩ز)دا، لە ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت وەک دژکردەوەیەک لەبەرامبەر یاسـای سەربازگیری زۆرەملی لەسەردەمی ڕەزاخانی پەهلەوی، لەژێر سەرکردایەتی «ئەمەرپاشای قەڵەڕەشێ»، ڕێک خراوە و بە سەدان سوار و چەکداری هۆزەکانی ناوچەی موکریان وەک سوێسنی، مڵکاری، بریاجی و گەورک تێیدا بەشدار بوون [وەرگێڕ]، بڕوانە:
حەکیمزادە، فەرەیدون (١٣٨٨). من پاشام و پاشای تارانێ... . گۆڤاری مەهاباد. (١٠٥).٨-١٠.

3. Interkurdish

خۆیان هەڵداوێن و ڕوو لە دیوی گەرمێنێ دەکەن، بەڵام لەو دیوی سنووریش لە لایەن پۆلیسەوە شـوێنپێیان هەڵدەگیرێ، دەستبەسەر دەکرێن و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر و ڕاگیرانیان، ڕادەسـت دەکرێنەوە و ئەوجـار داویان دەکەوێتە داوی پۆلیسـی ئێرانەوە. وەک چۆن «هەباس» لـەو چیرۆکەدا پاش چەندین ڕۆژ ڕێگەبڕین، دەگاتە شـارێکی کوردستانی گەرمێنێ و ڕاستەڕێ دەچێتە مزگەوتێ بۆ ئەوەی پشوویەک بداتەوە، کەچێ لەوێ بەگوێی هەڵدێننەوە کە مەترسـیی دەستبەسەربوونی لەسەرە و دەشێ دەستبەجێ هەڵێ. ناچار بەبێ ویسـتی خۆی دەڕوا و دواجار هەمان ڕۆژ بە مردوویی لە ئاقاری شار دەبینرێتەوە. مجێوری مزگەوتێ تەرمی هەباسی لەسەر تاتەشۆرێ دادەنێ و دەیهەوێ لە جامەمەرگییەوە بیپێچێ، بەڵام کەس بە دەمییەوە ناچێ و کەس دەست بە باڵیەوە ناگرێ. هەرچۆنێک بێ کابرای پێشخزمەت کەلاکی مردووەکە هەڵدەگرێ و هەر بە جلوبەرگی بەرییەوە بە گڵی دەسپێرێ و بەردانی پێدا ڕایەڵ دەکا (هەمان، ل.١٠١) و دەڵێ:

«شەهیدی زوڵمە. کفن و شۆردنی ناوێ».

پێوەنـد بەم مژارە، محەممەد مەولوود (مـەم) و کاووس قەفتان چیرۆکێکی خۆیان لەسەر دۆخی کوردسـتانی تورکیا دادەڕێژن. مەم لە «ئەگەڕێمەوە وڵاتم»دا، شوێنێکی تەریک لە کوردستان وەک گۆڕەپانی چیرۆکەکە هەڵدەبژێرێ. لەو داستانەدا، «گەنجۆ»ی لاو و تازەخـەت لـە کوێرەدێیەکەی خۆیان وەبەر ڕەشـبگیریی سـەربازی دەکەوێ و ڕەوانەی شەڕی سـاڵی ١٩٥١ی کۆریا دەکرێ. لە جەرگەی شەڕێدا ون دەبێ و سەر لە وڵاتی چین دەردێنێ. لەوێ ناوی خۆی بیر دەچێتەوە و زمانی خەڵکی ئەوێندەرێشی بۆ نامۆ دەبێ. ناچار بە دەم و بە دەست و قاچ دەیەوێ جووتیارە چینییەکان تێ بگەیێنێ هەتا ڕێگەی گەڕانەوەی کوردستانێی پێشان بدەن (مەولوود، ١٩٧٠، ل.١١٤).

کاووس قەفتانیـش لـە سـاڵی ١٩٦٠دا کورتەچیرۆکی «بەڵام کوردم» لە مۆسـکۆ دەنووسێ. ئەو لەوێدا «بەرلین»ی دەکاتە گۆڕەپانی ڕووداو و «شۆڕشی ئاگری»یش (١٩٢٨-

١٩٣٠) دەکاتە ئامیانی گێڕانەوەی چیرۆکەکە. گێڕەرەوەی داستان کە تورکێکی پەنابەری ئاڵمانیایە، بیرەوەرییەکانی خۆی لەو سەردەمە دێنێتە زمان. ناوبراو وێڕای باسی قەڵتوبڕی منداڵانی کورد لە لایەن سوپای تورکەوە، ئاماژە بە دڕندەیی یەکێ لە سەربازەکان دەدا کە چلۆن لەمەڕ کوشتنی زارۆکی کوردان و ڕفاندیان لەسەر لانکێ، فرمێسکی شادیی هەڵوەراندووە (قەفتان، ١٩٧٠، ل.٨١) و گوتوویە:

«... بیانکوژن! تا سبەینێ گەورە نەبن و سەرشاخمان لێ بگرن... لە ناویان بەرن... بە ڕەچەڵەکیانا بچنە خوارێ، تۆویان مەهێڵن ...!».

لە ساڵی ١٩٦١، بزاقی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق پێ دەخاتە وارێکی نوێ، واتە قۆناخی شەڕی چەکداری و ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی ناوەندیش چەندین شێواز بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کورد و وێرانکاریی کوردستان دەگرنەبەر وەکوو ئازار و ئەشکەنجە، ئابڵۆقەی ئابووری، کۆکوژی، بۆردومان و خاپوورکردنی شار و گوندەکان، کۆچی زۆرەملێ، گرتنەوەی سەرچاوەی ئاوەکان، بڕینەوەی دارستانان و کیمیابارانکردنی خەڵکی ئاسایی. لێرەدا، کاتێک بمانەوێ وێنەیەکی گشتگیری ئەم دۆخە لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا بێنینە بەرچاو، تەمی تاریکی بەرمان پێ دەگرێ و دەکەوینە نێو هەڵدێری ناهومێدییەوە؛ بەڵام ڕاستیی ئەم ڕەنگنەدانەوەیە لە کارە ئەدەبییەکاندا نابێ بە واتای بێتوانایی و بێبەهرەییی نووسەرانی ئەوساکە لێک بدرێتەوە؛ چونکە کێشەکە دەگەڕێتەوە سەر گەورەیی و کارەساتباریی ڕووداوەکان و ئاسانەبوونی ڕانواندنیان لەنێو بەرهەمی وێژەییدا. وێڕای ئەوەش، بێتوو کورتەچیرۆکێکیش ئارەزووی جووڵابێ بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵکوژیی کوردان، لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستاندا بواری بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخساوە. بەو حاڵەشەوە، ئەم قۆناخە کەموزۆر لە بەرهەمی چیرۆکنووساندا ئامادەییی هەبووە و نووسەرانیش هەرچەشنە هەلێکیان قۆستووەتەوە بۆ گێڕانەوەی ستەمکاریی دوژمن و خەباتی ئازادیخوازانەی گەل و ئاراستەکردنی سیلەی‌بینین و نوختەنیگاکانی

خۆیان. ئەوان گەلێک جاران بۆ پاراستنی خۆیان لەبەرامبەر دێوی دزێوی دەمبێنکەر، چارناچار دەستەوداوێنی هێماکان بوونەوە. ئەمەش زۆر کەڕەتان بووەتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر بە ئاسانی سەرەدەریان لێ دەرنەکا.

ڕۆمانی «ژانی گەل»[1]ی ئیبراهیم ئەحمەد یەکێکە لەو بەرهەمە وێژەییانەی کە بە شێوازێکی بەربڵاو چەندین لایەنی ساڵەکانی دەسپێکی ئەم قۆناخە دەگێڕێتەوە. ئەم ڕۆمانە بە ناخی قۆناخێکی ١١-١٢ ساڵەدا شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام بەشە گرینگەکەی جەخت دەکاتە سەر ساڵەکانی نێوان ١٩٦١-١٩٦٣. کاراکتەری سەرەکیی ژانی گەل، کەسێکە بە ناوی «جوامێر» کە لە ماڵەوە وەدەردەکەوێ بۆ ئەوەی مامانێک بێنێ بۆ «کاڵێ»ی خێزانی کە وا لەسەر زانێیە، بەڵام بە ڕێکەوت دەکەوێتە نێو خۆپێشاندانێکەوە و بریندار دەبێ. بە دوای ئەوەدا، دەستبەسەر و لە لایەن دادگای سەربازییەوە بە دە ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ. کاتێک پاش دە ساڵان لە بەندیخانە بەردەدرێ، بۆ دیتنەوەی خێزان و «هیوا»ی کوڕی وەباژوور دەکەوێ،[2] کەچی لەگەڵکوو دەبیسێ گوندی «گولان»، واتە ئەو دێیەی کاڵێ و هیوا لێی بوون، کەوتووەتە بەر شالاوی چەکی دوورئەنگێو و جوقەواری لێ بڕاوە، ئەژنۆی دەشکێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دوند و دهاری ڕۆمانەکە لە دوایین پەڕەکانیدا دەردەکەوێ کە لەوێدا پاش ئەوەی جوامێر چەکی پێشمەرگاتی دەکاتە شانی، نامەیەکی لە لایەنُ «لاوە»ی خوشکەزایەوە پێ دەگا، کە لەوێدا ڕازەکەی بۆ دەدرکێنی (ئەحمەد، ١٩٧٢، ل.٢٤٨) و دەڵێ:

«هات بە بیرما لە شەوەزەنگی ژیانتا مۆمێ داگیرسێنم تروسکایی بخاتە تاریکستانی زیندانەکەتەوە، هیوایەکت بدەمە دەست بە درێژایی ساڵانی بەندیخانە کاوێژی پێوە بکەیت و خەوی پێوە ببینیت، هیوایەکت بۆ بمێنێ و خۆتی بۆ هەڵگری».

---

١. ڕۆمانی ژانی گەل، بۆ یەکەم جار لە لایەن «عەلی شێر»ەوە کراوەتە کوردیی باکوور و لە وڵاتی سوێد بڵاو کراوەتەوە [وەرگێڕ]، بڕوانە:

Ehmed, Îbrahim (1992). Jana Gel. Wergêr: Elîşêr. Stockholm: Çap û Wêşanxana APEC.

2. Hopes to

ئەوجار پاش چەند دێڕی تر، بۆی دەنووسێ:

«بەڵێ کاکە جوامێر... کاڵێ مرد، بەڵام بەسەر منالەوە، خۆی و کوڕەکەی هەر ئەو ڕۆژە مردن کە تۆی تێدا بریندار کرایت».

ئاشـکرایە کە ئەم بەرهەمەی ئیبراهیم ئەحمەد لەچاو کارەکانی پێشوویدا، لە باری هونەر و زمان و قەوارەوە لە هەڵکشـاندا بووە. جگە لەوە، نووسـەری ڕۆمان لە ڕێگەی کەسایەتییەکی وەکوو جوامێرەوە، ڕۆشنایی خستووەتە سەر بابەتگەلێکی وەکوو شەڕی نێو شارەکان، ژیان لە ڕەوشی ڕیزپەڕ و ئەزموونی بەندیخانە. لە هەمان کاتدا، لە سۆنگەی کاراکتەری ناوبراوەوە هەندێ شت وێنا کراوە وەکوو بارودۆخی گوندەکانی کوردستان لە هەڕەمەی شـەڕ، خەباتی چەکـداری و چۆنێتیی ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان لە لایەن ڕێبەرانی شۆڕشەوە.

دۆرپێچـی ئابـووری[1] یەکێ لەو مێتۆدانە بـووە کە لە لایەن ڕژێمەوە بە گشـتی لە کوردستان و بە تایبەتی لەو گوندانەی کە ڕۆژانە لە دەست حکوومەتدا بوون و شەوانەش چوونەتـەوە بن باڵی پێشـمەرگەوە، جێبەجێ کـراوە، کەوابوو لـە دۆخێکی ڕیزپەڕی ئەوهادا سـەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان بە یاسایی لە شارەکانەوە نەچووەتە دەرێ و تەواوی ئەو سـەیارانەش کە بەرەو شـارۆچکە و گوندەکان چـوون، چەندین جار بە موسافیرەکانیشیانەوە پشـکێنراون. ئەم ڕەوشە لە چیرۆکی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە مژاری سـەرەکیی دوو کورتەچیرۆکی مەم و حسێن عارف، بە جۆرێک کە ئەم دوو نووسـەرە لێنووس و دەفتەریان پڕ دەکەن لە باسـی سـوتمانی گوندان، بۆردومان، خاشەکێشانی ژنان و منداڵان و شێوازەکانی تری تیرۆر و تۆقاندن لە لایەن داگیرکەرانەوە. لەبەرامبەر ئەم دۆخەشدا، بەرگری و تۆڵەسەندنەوە و کرداری پاڵەوانانەی جەنگاوەرانی کورد دێننە بەرباس و دەیکەنە لایەنی پێویست و تەواوکەری هاوکێشەکە.

1. Economic Blockade

لە چیرۆکێکــی مەمدا بە ناوی «مۆمەکەی شەماشــە دنحە»، مجێوری کڵێســا دوو بەســتە مۆمی ڕەنگاوڕەنگ دەکڕێ، بۆ ئەوەی «شــیرین»ی دەستگیرانی بیانبا و لەسەر گڵکۆی «ســووڕەحمان» هەڵیانبکا. لە ڕێگەدا، کابرای لێخوڕ (مەولوود، ١٩٧٠، ل. ٣٥) داوا لە موسافیران دەکا بەر لە ڕێگەبڕینێکی زۆرتر، هەر جۆرە شتومەک و کەلوپەلێکی قەدەغەکراو تووڕهەڵبدەن:

«ئەوەی قەدەغە و ترســناکە شەکرە، چایە، گەنمە، نانە، دەرمانە، قەڵەمە، کاغەزە، نەوتە، ڕووناکییە... هەر پیاوکوشتن و سووتاندن و ماڵ وێران کردن... قەدەغە نەبێت...

شەماشە دنحە کە ناوی نەوت و ڕووناکیی بیست دڵی کەوتە خورپە و ترس:

- خۆ مۆمیش قەدەغە نییە؟!

شۆفیر لەگەڵ پرسیارەکە ڕاچڵەکی و قیژاندی بەسەر خۆیدا:

- مۆم... مۆم ئەدی هەی هاوار نەمگوت... ڕووناکی قەدەغەیە، مۆم، نەوت، ڕووناکی، چاکە، پیاوەتی، شــەرەف، غیرەت، ناموس، بەزەیی، ئینســانییەت، هەموو ئەم شتانە قەدەغەن، لەم ڕێگایەدا هەتا ناو چیا... ئەتانەوێت ماڵم وێران بکەن؟!!»

حســێن عارفیش (١٩٧١، ل.٥) لە کورتەچیرۆکی «ڕووی کردەوە شاخ» دەپەرژێتە سەر هەمان مژار و ئاقار و لە زمان کاراکتەرێکی کارەکەیەوە دەڵێ:

«شــەکر... چــا... ڕۆن... برنــج... گشــتی قەدەغەیە!... ئێمەش و خۆشــتان تووشــی گێچەڵ مەکەن!... یەک بە یەکتان ئەگەڕێم.... ســێ خەتی ڕەشی باریکی سەرقۆڵ... کەلاشنیکۆفێکی کوڵی ناوشان، سامی مردنیان ئەخستە دڵەوە».

شــیاوی باســە، ئەگەر ئەم دوو بەرهەمە لە دەیەی پەنجای کوردســتاندا نووسرابان، ڕەنگبێ داســتانەکە بە گیرانی چەند موســافیرێک بڕابایەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، بە هۆی جیاوازیی ڕەوشی شەستەکان، هۆشیاریی سیاسی لەو سەردەمەدا دەگاتە قۆناخێکی

نوێ و خەباتەکەش ڕووخسارێکی تازە بە خۆیەوە دەگرێ؛ سابۆیە ئەگەر کوردێک بەرەنگاری ڕژێم بووبایەوە، تەنیا دەروازەکانی بەندیخانەی بەرەوڕووی خۆی نەدەدی، بەڵکوو ئامێزی ئاوەڵە و پەنادەری شاخیشی لە بەردەم خۆی دەبینی و دەیتوانی لەوێ تێکەڵ بە کاروانی خەبات بۆ ئازادی گەلەکەی بێ. ئەمەش ڕێک هەمان ئەم شتەیە کە قارەمانانی چیرۆکەکانی مەم دەیگرنە بەر و «دنحا» و گەنجەکەی نێو کورتەچیرۆکەکەی عارفیش دوای ئەوەی چیی تر دۆخەکەیان بۆ هەڵناگیرێ، بڕیارێکی هاوشێوە دەدەن و ڕوو دەکەنە چیا.

لە دەستپێکی دەیەی شەستدا، پێشمەرگە دەبێتە هێمای بەجەرگی،[1] مزگێنیدەری شادی[2] و شانازیی نەتەوەیی[3] و ئازادی.[4] هاوکات لەگەڵ ڕەگاژۆتربوونی ئەم چەمک و وێنایە، شەهادەتەکەشی[5] ڕەهەندی ئایینی و ئەفسانەیی بە خۆ دەگرێ و بەگوێرەی ئەم دەرئەنجامەش پێشمەرگە دەبێتە کەسێک کە بە مەرگی خۆی سنوور و تخووبی کۆچی ئاسایی دەبەزێنێ و بەرگی مرۆڤێکی پیرۆز[6] دەکاتە بەر. لەو پێوەندییەدا، کاکەمەم بۆتانی (١٩٧٣، ل.٤٠) لە «سێبەری سەرەمەرگ»دا، دیمەنی دیالۆگی نێوان دوژمن و پێشمەرگەیەکی زامدار ئاوا دەخاتە ڕوو:

- بۆ دواجار پێت دەڵێین، ئیتر تەقە بەسە... چەکەکەت توورهەڵدە و خۆت بە دەستەوە بدە... ژیانت ئەپارێزین!

- چاوەڕوان مەبن. من و ئێوە و دوا فیشەک و باوەشی تاکە ڕاستییەک کە تاکوو ئێستا پێی گەیشتووم.

جگە لەوە، لە کۆتاییی کورتەچیرۆکی «لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا»،

1. Symbol for Bravery
2. A Messenger of Happiness
3. National Pride
4. Liberation
5. Martyrdom
6. Saint

ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل باس لە گڵکۆی پێشمەرگەیەک و دایکی دەکا. داستانەکە بەو جۆرەیە کە پاش ئەوەی پێشـمەرگەیەک لە بۆسـەی[1] دوژمندا شەهید دەبێ، پوور «ئایشێ»ی دایکیشی دوو ڕۆژ دواتر لە حەژمەتان دڵی دەتۆقێ. بە دوای ئەوەدا نووسەر (١٩٨١،ل.٢٦) دیمەنێک لە نێوەڕاسـتی لەیلانەدەشـتێکدا وێنـا دەکا، کە تێیدا گۆڕی پێشمەرگە و دایکی شەهید دەبنە تاکە چێنکە[2] و سەوزەڵانی ئەو چۆڵەوارە:

«دەسـت بۆ چـاوت بکە چەتـر، تا چاو بـڕ دەکات کەسـەکڵ و خۆڵەسـوور. هەر گەردەلوولـی باریک باریکە و بەرەو ئاسـمان بەرز دەبێتەوە، بـۆ دوورتر هەڵڕوانە، نە گردێک نە سەوزاییەک نابینیت، لەپڕ ڕوانینەکەت لەنگەر دەگرێ. پاشماوەی کۆمەڵە خانوویەکی گڵین ئاوا نزیکەی بیسـت سـی ماڵێک، لە لای ڕۆژهەڵاتی بڕە ماڵەکەوە بەسـەر گردەکەوە قامیشەلانێک نزیکەی چوار پێنج بنجێک درژانگەیان بەسەر دوو گۆڕدا داداوە و سێبەری تەنکیان بۆ کردوون».

ڕەئووف بێگەردیش لە ڕۆچنەیەکی ترەوە پەردە لە ڕووی ئەم باسە هەڵدەماڵێ. ئەو کە هاوکات شـەڕ بە هۆکاری مەرگەساتان پێناسە دەکا، پێی وایە جگە لە چەوساوەکان، چەوسـێنەرانیش لێی دەرناچن، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایـە کە لایەنێک خەباتەکەی ڕەوایە،[3] بەڵام هیی لایەنەکەی تر ناڕەوایە.[4] بۆ وێنە، لە داستانی «ڕێگا و هەوار»دا، لاوێکی کورد بە ناوی «فەرهاد» و عارەبێک بە ناوی «حسێن»، کە لە شەڕی کورداندا دەستێکی پەڕیوە و یەکی دەسـتکردی داناوە، لە پاسـێکی بەغدا بۆ کوردستاندا هاوسەفەر دەبن. ڕۆژپـەڕی ئێوارێ و کاتێ دەگەنە جێ، فەرهاد کابرای عارەب بە میوانی دەباتەوە ماڵێ. لەوێ خانەخوێ بە پێشـاندانی لاقی پەڕیو و دەستکردی، حسێن تووشی سەرسووڕمان دەکا (بێگەرد، ١٩٨١، ل.١٠٣) و پێی دەڵێ:

1. Ambush
2. Green Spot
3. Righteous
4. Unjust

-منیش وەک تۆ.... لە شەڕدا وام لێ هات.

- ...!

-منیش زۆرم لا ناخۆشە بەشێکی لەشم بێگیانە و کراوەتە داری دەستکرد. تەنیا ئەوەم دەگەڵ تۆدا جیایە کە من دەزانم بۆ وام لێ هاتووە، لێشی پەشیمان نیم.

## پرسی ژنان

باسکردنی بە دانستەی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو و دواکەوتوودا خۆی لە خۆیدا شتێکی باو نییە و مشتومڕی لە دوویە. لە جیاتی ئەوە، توێژینەوە مرۆیی و ڕامیارییەکان بەر لە هەر پرسێک تەرخانی باسگەلێکی وەکوو نەداری،[1] نەخوێندەواری[2] و لەشبەباری[3] دەکرێن. لەم بەستێنەدایە کە کۆڵنەدان لەبەرامبەر داگیرکەر و هێزی سەربازی و ئابوورییەکەی، یان خەبات لەهەمبەر ڕووخسار و پاشماوەکانی داگیرکاری و دەرەبەگیتی دەبێتە تێکۆشانی سەرەکیی ژنان و پیاوانی وڵات؛ هەر بەم هۆکارەشە کە پرسی ژنان وەک باسێکی تاقانە و شیاوی ئاوڕلێدانەوەی جیدی تا کاتی دامەزراندن و دابینکردنی پێداویستییەکانی دەوڵەت، بێدەنگەی لێ ڕادەکێشرێ و لە دواجاردا، باسەکان دێن و بە دەوری ئەوەدا دەسووڕێنەوە کە ئایا دەشێ ژنان لە کۆمەڵگەی تازەدا مافی یەکسانیان هەبێ و ڕێگەی بەشدارییان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا بدرێتێ؟ یا ئەوەی کە ئاخۆ مافی ژنان دەبێ لە یاسای بنەڕەتی وڵاتدا بگونجێنرێ، یان نا؟

بەگوێرەی ئەوەی وا لە سەرەوە گوترا، نابێ ئەمە بەوە لێک بدرێتەوە کە لە قۆناخی پێش ڕزگاریدا، مەسەلەی ژنان لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە سەرپۆشی لەسەر نراوە و پووشبەسەر کراوە، بەڵکوو دەبێ ئەو ڕاستییە بزانرێ کە سەرەڕای قۆرغبوونی ڕابەرایەتیی

1. Poverty
2. Illiteracy
3. Disease

پارتەکان لە لایـەن پیاوان و مژوولبوونی حیزبەکان بە پرسـێکی گەورەتر، واتە خەباتی نەتەوەیی، دیسـانەوە لەمەڕ کێشەی ژنان هەڵوێسـت گیراوە و زانیاری و هۆشیاری بڵاو کراوەتەوە.

ئەگەرچی لە وڵاتێکی جیهانی سـێیەمی، کۆڵۆنیکراو و ستەمچێشـتووی چەشنی کـوردەواری، پرسـی ژنان تاقولۆقـە توانیوێتی ڕەهەندێکـی دادپەروەرانـە بە خۆیەوە بگرێ. بەو حاڵەشـەوە، پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان هەرکام بە جۆرێ لە جۆرەکان سـەریان لێ هەڵێناوەتەوە و پێنووسبەدەسـت و پڕبیری کوردیش نەک تەنیا پاشقولیان نەداوە، بەڵکوو کەموزۆر گۆشـەیەکی چاویان داوەتێ. بـەدەر لەوانەش، ئافرەتی کورد لەچاو دەستەخوشکەکانی خۆی لەنێو نەتەوەکانی تری وەک عارەب، فارس و تورکدا، پلەوپێگەیەکی بەهێز و ئازادییەکی زۆرتری بووە و ئەم ڕاستییەش لە لایەن زۆربەی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانەوە کە پێیان لە خاکی کوردستان ناوە ئۆباڵی بۆ کێشراوە.[1]

هـەر لەم بارەوە دەبـێ بڵێین کە لە سـەرەتاکانی دەیەی چـل و هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە جڤاتییەکان، پرسـی ژنان باوخۆش بـووە و هاتووەتە گۆڕێ. لەگرەودوا، لە لایەن چیرۆکنووسـانی کوردەوە ورووژێنراوە و لە دەلاقەی جوارجۆرەوە سـەری لەبەر نراوە و چەندین وێنا و واتاشی لێ بار کراوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

- ژن وەک قوربانیی چەوسانەوە.
- ژن وەک هاوژین و دڵەستێن.
- ژن وەک شەڕڤانی ئازادی.

هەندێ ڕۆڵی تریش لەنێو گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا بە ژنان دراوە، بەڵام لە هیچ کامیاندا وەک چینێکی خاوەن دۆزی تایبەت نیشـان نـەدراون. نموونەی ئەوە دەکرێ

١. بۆ باس لەسـەر ئەم مـژارە و ئاگاداربوون لە بۆچوونی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسـە بەناوبانگەکان لەمەڕ ڕەوشـی ژن لە کوردەواریدا و بەراوردی لەگەڵ گەلانی تر [وەرگێڕ]، بڕوانە:
خەلیقی، حسێن (١٩٩٢). کۆمەڵناسیی کوردەواری. بەرگی ٢. بەغدا: الحوادث. لل. ١٢٠-١٣٣.

لە باسی کێشـــەی نەریتیی نەحاوانەوەی بووک و خەسوودا ببینرێ کە بووەتە نێوئاخنی هەندێ لە حیکایەتە فۆلکلۆریکەکانیش.

عەلائەددین ســەججادی لە کورتەچیرۆکــی «لەپێناوی ئافرەتا»، دەپەرژێتە ســەر وێناکردنی چۆنێتیی ژیان و ڕێوشوێنی خێڵەساتان و لەو بوارەوە دابونەریتی پێوەندیدار بە پەڕگاڵی هۆز و عەشیرەت وەک بەربەستێک لەبەرامبەر ئازادیی ئافرەتاندا دێنێتە بەر باس. «گوڵئەندام» لەوێدا دەبێتە قوربانیی بەرچاوتەنگیی باوکی و لەم سۆنگەشەوەیە کە هەر حەوت برا و باوک و خۆشەویستەکەی، واتە «سەمسام» لەدەست دەدا. سەججادی لێرەدا وەک شــارەزاییێکی باشــی کۆمەڵگەی کوردی دەردەکــەوێ و چەندین نەریتی عەشیرەتی لەمەڕ ژنان دەخاتە ڕوو، کە ئەمانیش بریتین لە:

- زەماوەندی زۆرەملێ و پێشەمیی[1] کوڕەمام بۆ داواکردنی کچەمامی.[٢]
- مارەیی و شیربایی زۆر، کە لە توانای کابرای داواکار بەدەر بووە.
- دیــاردەی ڕەدووکەوتن، کــە لەوێدا پاش حەولودەولێکی زۆر بۆ هێنانەســەر ڕەدای مامی، سەمسام ناچار دەبێ گوڵئەندامی ئامۆزای هەڵگرێ.
- تۆڵەســەندنەوە بۆ گەڕاندنەوەی شــەرەفی لەدەســتچوو و شــکاندنی شەقڵی بێئاپڕوویــی لەســەر تەوێڵــی بنەماڵــە، لــە ڕێگەی کوشــتنی گوڵئەنــدام و خۆشەویستەکەی.
- بەینەتداریی کچ و سووربوونی لەسەر شەرتوشۆنی دڵداری.

ئەگەرچــی ســەججادی بە هێنانەتێــوی ئەم هەمــووە نەریتانە پــێ دەنێتە خانەی زێدەخوازییەوە، بەڵام هێندە وەســتایانە دێتە دەســت، کە داستانەکە پرژی تێ ناکەوێ.

1. Priority

٢. لەنێو فۆلکلۆری کوردیدا ئەم شتە وەک یاسایەکی ڕەها و نەگۆڕ سەیری کراوە. لە یەکێ لە پەندەکاندا دەگوترێ: «ئێژن ئامۆزا و ئامۆزا لەیەک/ مارەبڕاوان لە ئاسمانی یەک» [وەرگێڕ]، بڕوانە:
دەباغی، مەلا غەفوور (١٣٩٤). پەندی پێشــینان. ئامادەکردن: کەژاڵ دەباغی. ســەقز: فەرهەنگســەرای هونەر و ئەندیشە. ل. ٢١٩.

جگە لەوە، نووسـەر وێڕای وێناکردنی دیمەن و سروشتی ناوچەکە، دەچێتە سەر باسی ئەسپسواری و هەندێ بابەتی تر بە چەشنێک کە سەروبنی بەرهەمەکەی وەک فیلمێکی سینەمایی دێتە بەر پەردەی مێشکی خوێنەر. دواجار، سەججادی (١٩٦٠، ل.٣٢) لە زمان تاقە شایەدێکەوە، دەرئەنجامە تراژیدیک و خوێناوییەکەی داستانەکە ئاوا دەگێڕێتەوە:

«... من تا ئێستا خۆمم بۆ سەمسام دانابوو، بەڵام باوکم بۆ پارە ئەم کەتنەی گێڕا. ئیتر لە ئێستە بەدواوە خۆمم بۆ گڵ دانا. شیرەکەی باوکی -ئەو شیرەی کە سەمسامی پێ کوژرا- هەڵیگرت، تا وتم کچێ چی ئەکەی؟ لەسەر لەشەکەی سەمساما هێنای بە ملی خۆیا و بەسەر لەشەکەدا لار بووەوە و بۆ هەتاهەتایی باوەشیان کرد بە یەکا».

بەگشـتی، وێنـای ژن وەک مرۆڤێکی ژێرچەپۆکە و چەوسـاوە، جا ئەم سـتەمەی دەرهەقـی کراوە چ لە لایەن ڕەگـەزی بەرامبەری بووبێ، یان لە سـۆنگەی دابونەریتی کۆمەڵگەوە هاتبێتە ئاراوە، لە بەرهەمی نووسەراندا ورووژاوە و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەگوێرەی زەوینە و قەوارەی جڤاکی، سیاسـی و ئابووری و هەروەها بە سەرنجدانە سەر ئاستی تەشەنەی بەرەودواخزیوی و پاشکەوتوویی لە کۆمەڵگەدا، وەڕووخراوە.

بەشـوودانی زۆرەکی کاکڵی زۆربـەی بەرهەمەکانی پێوەندیدار بە پرسـی ژنان لە دەیەکانـی چل و پەنجادا بووە، کە تێیدا دراو[1] دەورێکـی باڵای بینیوە. باوترینی ئەوان حاڵەتێک بووە کە لەودا کچ سەرەڕای ئەوەی کە دڵی لەسەر کوڕێکی تر بووە، لە لایەن باوکییەوە لە دەسـتی پیاوێکـی دی نراوە. جاری وا بووە ئەم پیاوە لە کەوڵی کەسـێکی زەنگینی بەداروماڵدا[2] دەرکەوتووە، یان ئاغا و ئیختیارێک[3] بووە، تەنانەت هەڵکەوتووە کوڕێکـی جوان و جحێڵیـش ڕۆڵی ئەم پیاوە نەخـوازراوە بگێڕێ. جگە لەو شـێوازە زەماوەندە نابەدڵییە، چەشنێکی تر لە بەشوودانی ناچارەکیی کچ هەیە کە وەک ساتوسەودا

1. Money
2. Rich
3. Older Man

دێتە بەرچاوان و ئەویش ژنبەژنەیە، کە لەودا هەرکەسە و خوشکی خۆی، یا کچێکی خزمی نزیکی دەدا بە ئەوی تر. پێشهاتووە کە لایەنێکی ئەم کارە وێکیان هەڵنەکردووە و بوونەتە هۆی لێکترازانی تانوپۆی ژیانی لایەنەکەی تریش. جگە لە باسی بنپشک و بەژندان و بەژنچوون، فرەژنی مژارێکی تری نێو کورتەچیرۆک و چیرۆکی کوردی بووە.

خاڵێک کە دەبێ لێرەدا لە بەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە ئەم چیرۆکانە لە هەلومەرجی دەسەڵاتی دەرەبەگیتیدا نووسراون و پرسی ژنانیش لە هەمان قەبارەی ئاماژەپێکراودا هاتووەتە بەر باس. بەڵام لە ئاکامی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی لە حەفتاکان و هەشتاکاندا هاتووەتە ئاراوە وەکوو داکۆکی لە ژنان لە یاسای فەرمیدا، دانپێدانان بە مافەکانیان و ڕووەوهەڵکشانی ژمارە ئافرەتی خوێندەوار و هتد، پرسی ژنان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چەمکە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە.

ئیبراهیم ئەحمەد وەک نووسەرێکی دەیەی چل، کاتێ داستانی «خازێ» دەگێڕێتەوە، لە چوارچێوەی باسکراودا ئەم مژارە بەسەر دەکاتەوە. لەو چیرۆکەدا، باوکێک کچەکەی بە کۆنەساڵێکی دراودار دەفرۆشێ و هەر لە یەکەم ڕۆژی مارەبڕینەوە نەهامەتی بەرۆکی کچەکە دەگرێ. خازێ خۆی لە ماڵی پیرەمێردەکەی دەرباز دەکا و دەچێتە بەر داڵدەی ماڵە [بایز] ئاغای، کەچی لەوێ دەبێتە دیاریی دەستی ئاغا بۆ پیاوێکی تر و پێشکەشی «ن. بەگ» دەکرێ. دواجار کە بەگ خازێ بەڕەڵڵا دەکا، براکانی سوێندی لێ دەخۆن و بە ڕەووەزەبەردانیدا دەدەن و دەیدەنە بەر خەنجەران (ئەحمەد، ١٩٥٩، لل.٤٧-٥٦)، کە ئەم نیشانەگەلە گشتیان دەرخەری دەرئەنجامێکی لۆژیکین لەمەڕ پرسێکی بنەمەکی و بنەڕەتی.

جیا لەوانە، محەممەد ئەمین بوزئەرسەلان سێ لە کورتەچیرۆکەکانی خۆی بۆ باسی ژنان و جێگەوپێگەی ئەوان لە کوردستانی تورکیا تەرخان کردووە، کە لەو بەرهەمانەدا ژنان بریتین لە ئافرەتی کارەکەر و زەحمەتکێشی گوند، واتە کەسانێک کە بێجگە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی دایکێتی و بەخێوکردنی زارۆکان، لە مووچە و مەزرادا ڕۆڵی

هاوکار و یاریدەدەری پیاوەکانیشیان دەگێڕن. ئەو لە کورتەچیرۆکی «زاڤایێ دەهسالی»دا، هاوشێوەی نووسەرانی کوردستانی عێراق پرسی ژنان دێنێتە بەر باس، کە لەوێدا پیاوێکی دەوڵەمەند، شەنگەکچی ئاوایی کە دڵی لەلای کەسێکی تر جێماوە، بۆ کوڕە دەساڵانەکەی دەخوازێ و بە زەبری پووڵ و پارە و چەکمەڕەقیی باوکی بووکێ و ئیزنی مەلای مێزەربەسەر، کچەکە بە نابەدڵی دەخرێتە باخەڵی کوڕەی باوک زەنگینەوە. بەڵام سەرئەنجام، تازەبووک ماڵ و مێردی نەخوازراوی جێ دەهێڵێ و بۆ هەتیوحەیرانیی دەکا حەشایە (Bozarslan,1979, r.53).

ئەگەرچی وێنەی ژنی غەدرلێکراو لەنێو گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا مژارێکی برەودار بووە، بەڵام پێچەوانەکەشی هەبووە کە ژن وەک بوونەوەرێکی دڵڕەقی زۆردار و غەدار پێناسەکراوە. لەو بوارەدا، شاکر فەتتاح بناغەی یەکێ لە چیرۆکەکانی خۆی لەسەر پێوەندیی نێوان بووکێکی دەهۆباز و دڵبەرد لە لایەک و خەسوویەکی گردەنشینی کەنەفت لە لایەکی ترەوە دادەڕێژێ (فەتتاح، ١٩٤٤، ل‌ل. ١٨-٢١). جەمال بابانیش لە کورتەچیرۆکی «ببووم بە دەرکی مەم و زین»دا دڕندەییی باوەژنێک لەڕاست زڕکچەکەی[1] ڕادەنوێنێ (بابان،١٩٦٩،ل.١٨). دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە هەردوو چیرۆکەکەدا لەحاند ژنی زۆرزان و ڕووهەڵماڵراو، گێلەپیاوێکی حۆل و حەپۆل[2] دانراوە، کە بێ یەکودوو چاوبەست دەکرێ و دەکەوێتە داوی چاووڕاو و فێڵ و فەرەجانەوە.

جیا لەو نموونانە، محەممەد فەریق حەسەن لەکورتەچیرۆکی «خاچ»دا، بە جۆشدانی مژاری ئایین و پرسی ژن، دەست دەکا بە گێڕانەوەی داستانێک کە لەودا گوڵی ئەوینی کەنیشکێکی خاچپەرەست بە دڵی کوڕێکی موسڵمانەوە دەلکێ، بەڵام ئایین لێیان دەبێتە لەمپەر و بەر بە بەخت و خۆشەویستییان دەگرێ. لە دوایین دێڕەکاندا نووسەر (١٩٧٨،ل.٣٩) لە زمانی سیروانەوە دێتەدوو و هەڵوێستی خۆی لەم بارەوە بە

1. Stepdaughter
2. Foolish Men

ڕوونی دەردەبڕێ:

«دەبـێ ئەم ئێوارەیە چاوم پێی بکـەوێ و تێی بگەیێنم... مرۆڤ خۆی سـنوورەکان دەکێشێ، دەبێ هەر خۆیشی بیانڕووخێنێ».

وێنەیەکی تری ژن لە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا ئەوەیە کە وەکوو تێکۆشەرێک شانبەشانی پیاوان هەڵدەسـووڕێ و لەپێناو ئازادیدا دەجەنگێ. ڕۆڵی ئەم جۆرە ژنانە لە زۆربەی بەرهەمەکانی مستەفا ساڵح کەریمدا دەبینرێ. وەکی لە پێشوودا باسی لێوە کرا، ئەو لە یەکێ لە کارەکانی ١٩٥٨ی خۆیدا، باس لە کچێک بە ناوی پرشـەنگ دەکا کە لە ڕێکخراوەی قوتابیانـدا چالاکی دەنوێنێ، نامیلکە و ڕاگەیاندراوەکان بڵاو دەکاتەوە. سەرەنجام، دوای بەشداری لە خۆپێشاندانێکی سیاسیدا، بە تەقەی سەربازانی حکوومەت دەپێکـرێ (کەریـم، ١٩٥٨، ل.٩٧). هەمان نووسـەر لـە یەکێکی تر لـە کارەکانیدا بە نـاوی «تەزووی خـەم لە گۆرانییە دڵدارییەکاندا» (١٩٧٦)، دێتە سـەر باسـی چیرۆکی ژن و پیاوێکی کورد کە لە شـاری قاهیرە نیگای خۆشەویسـتییان تێک هەڵدەنگوێ و سەودای عەشـق و ئەوین دەکەوێتە سـەریان. دێت و ڕادەبرێ، «نێرگیز» لە لایەن دوو پیاوەوە سـواری سەیارەیەکی ڕەشـی ناوەندە ئەمنییەکانی عێراق دەکرێ و هەمان ڕۆژ، کەلاکەکەی لەحاند دەرگای ماڵەکەی هەڵدەپەسێردرێ (کەریم، ١٩٨٤، لل.٦١-٧٢). جیا لەوانەش، مستەفا ساڵح کەریم لە «ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم»دا چارەنووسی ژنێکی نێو جەرگەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی بە جوانی لەبەر خوێنەر ڕادەنێ. داسـتانەکە بەو جۆرە دەبێ، کە «شـوان» و «سـیروان» وەک ئەندامی ڕێکخستنی نهێنی، بەردەوام لـە دیدار و هاتوچـووی یەکدا دەبن و وای لێ دێ کە موویـان لەبەینەوە ناچێ و بەبێ یەکتری ئاوێ ناخۆنەوە. لەو نێوەشدا، شوان گیرۆدەی «نیان»ی خوشکی سیروان دەبێ و دەیخوازێ. دوای قەدرێکی، ئەم شتانەی وا شوان و سیروان لێی دەترسان و نیانیان پێ وە دڵەڕاوکێ دەخسـت، ڕوو دەدا. جووتەی هاوڕێیان دەستبەسەر دەکرێن و دەخرێنە بەر

پەتی سێدارە و مەیتەکانیشیان ڕادەستی نیان ناکرێتەوە. لەگرەولا، نیان دەبێتە ئەو بێوەژنە لاوە ڕەشپۆشەی، کە بیرەوەریی مێرد و براکەی بۆ هەتاهەتایە لەنێو دڵیدا شەپۆلان دەدا و لە کوورەی ئاگری یادی پڕپەرەنگیاندا دەتوێتەوە (هەمان، ١٩٨٤). ئاشکرایە کە ژن لەو چیرۆکەدا، ڕاستەوخۆ لە تێکۆشانی سیاسیدا دەور ناگێڕێ، بەڵام بە ئاوری کەسوکارییەوە دەسووتێ و ئازاری بێبڕانەوە ڕێگەی تەوێڵی دەدۆزێتەوە و تراژیدی و کارەساتیش پڕ بە بازنەی ژیانی پەنگ دەخواتەوە.

ئەحلام مەنسوور (١٩٥١-٢٠١٣) نووسەرێکی ژنە کە لە دەیەی حەفتا بەولاوە دەستی بە بەرهەمهێنانی چیرۆک و ڕۆمان کردووە. ڕەنگە لێرەدا مرۆڤ بەوە هەڵخەڵەتێ کە نووسەرانی ژن لە سۆنگەی ژنێتیی خۆیانەوە، باشتر توانیبێتیان کێشە و تێکۆشانی ئافرەتان لەنێو بەرهەمەکانیاندا بخونجێنن، بەڵام کارەکانی ئەحلام مەنسوور ئەو گریمانەیە ڕەد دەکەنەوە و ئەو پرسە بە قۆناخەکانەوە دەبستنەوە. بۆ نموونە، لە چیرۆکەکانی ئەحلامدا پرسی ژنان وەک هەموو بەرهەمەکانی دیکەی ئەو دەورەیە بە دانسقە نەهاتووەتە بەر باس. ئەحلام لە چیرۆکی «فەقێ عەباس و دیمەنێکی لەیادنەچوو»دا، دەچێتە سەر دڵدارییەکی گەرموگوڕ کە لە پاش زەماوەندێکی داسەپاودا لەنێو ژن و مێردێکدا دێتە ئاراوە. لێرەدا ئەگەرچی ئەحلام مەسەلەی بە زۆر بەشوودانی ژن دەکاتە ناوەڕۆکی کارەکەی، بەڵام دیسانەوە هەر لە قاڵبی پەنجاکان و شەستەکاندا دەمێنێتەوە (مەنسوور، ١٩٨١، لل. ٣-٢٢).

هەر لەبابەت پرسی ژنانەوە، دەبێ بگوترێ کە لە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا «لەشفرۆش» تاقوواز هاتووەتە بەر باس و لە لایەن زۆربەی نووسەرانەوە بەردی لەسەر دانراوە. ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە دێ کە لەشفرۆشی لەنێو کورداندا دیاردەیەکی ناباو و نائاسایی بووە.

بۆ باسی ژنانی دڵپارسەک و داوێنپیس وحەکەداریش، دەبێ بگوترێ کە لە چەند چیرۆکدا ئاماژەیان پێ کراوە. بۆ وێنە، «ڕەئووف حەسەن» لە بەرهەمێکی خۆیدا بە ناوی «ببووره ماڵی جەنابتان نییە»، دیاردەیەکی وەها دەخاتە بەرچاوی خوێنەر. ئەو لەوێدا بە

کەڵکوەرگرتن لە ئایدیای داشبەداشــی و بەرابەری، پاساو بۆ کردەوەی ژنەکە دێنێتەوە و دەیکاتــە بنەمایەک بۆ باســەکەی. چیرۆکەکە بەو جۆرە دەبێ کــە لەگەڵکوو کابرای خانەبێزار بۆ ژنبازی و گەشــتوگوزار دەچێتە ســەفەران، ژنەکەشی پاک لە پاک دەرگای ماڵیی دەخاتە ســەر پشــت بۆ هەتیومەتیو و کەڵەگایان. ڕەئووف حەســەن لە درێژەی چیرۆکەکەدا باس لە ماکی کێشــەکە دەکا و هۆکارەکەشــی دەگەڕێنێتەوە ســەر یەکەم ڕۆژی زەماوەنــد و ژاکانی چرۆی ئەوین و متمانە لەنێو دڵیاندا. ئەم ڕاســتییەش کاتێ لە چیرۆکەکەدا دەدرکێنرێ کە «نازدار» بەر لەوەی خوێنی هەڵچێ و تەلێفون لەسەر مێردی دوورەشار و تەرکەماڵی دانێتەوە (حەسەن،١٩٧٩،ل٣٩)، ئاوا دێتە دووانێ:

«مێردە خۆشەویستەکەم! ئا. ئەیچۆن! بێتاقەتی ئەمشەو و شەوانی ڕابردووشم. هەر من نا. بێگومانم تۆیش. تۆیش لە من نەخۆشتر و بێتاقەتتریت. ناساغییەکەی هەردووکمان پەتایــەک بــوو. لە یێکەم ڕۆژی بە یێک گەیشــتنمانەوە تەشــەنەی کرد. جەســتەی هەردووکمانی بە تەواوەتی تەنیوە. هەر یێکەشمان دەبێت چارەسەری خۆی لە لایێکی تر بکات».

ژنان لــە قۆناخەکانی دوویەم و ســێیەمدا گەلێــک جاران دەبنە بابەتی نووســینی نووســەران، کەچی ئەم بەرکارە لە قۆناخەکانی دواییدا بەرتەسک دەبێتەوە، کە ئەمەش زادەی ئەم دوو هۆکارەی خوارەوەیە:

- گۆڕانی سیاسی و جڤاکی پێگە و بایەخێکی نوێ دەبەخشێتە ژنان و بەرەوڕووی کۆمەڵێک گیروگرفتی تازەشیان دەکاتەوە.
- ململانــێ و کێشمەکێشــی بــەردەوام و هەمەلایەنــەی نێوان گەلــی کورد و داگیرکــەران، پرســی ژنان دەخاتە نێو ئــەو بازنەیەوە و هەر لــەو چوارچێوە و بەستێنەشدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

## دواکەوتوویی

نووسەرانی کورد لەگەڵ ئەوەی تیشکیان خستووەتە سەر ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی دواکەوتوویی و تیری توانج و تانەی خۆیان تێ گرتووە، تێکۆشـاون هەتا هەتوانێکیان بکەن و بیانڕەوێننەوە. ئەم ڕەهەندانەش لە دوو ئاستی سەرەکیی خوارەوەدا بوون:

- **تاک**: لـەو ئاسـتەدا دیـاردەی وەکـوو قومـار، دزی، خووگرتن بـە مەی و مەیگووسـاری، مرخخۆشکەری و چاوچنۆکی و فێڵ و گزی و هتد هاتووەتە بەر باس.
- **جڤاک**: لەو ئاستەدا مژاری وەکوو داردەستکردنی ئایین بۆ تەفرەدانی خەڵک و گیرۆدەیی بە پێوارە ئەوپەڕسروشتییەکان[1] بەسەر کراوەتەوە.

ئەو نووسەرانەی بابەتەکانیان لە ئاستی تاکدا هێناوەتە بەر باس، سەرەتا ڕووداوێکی تایبەتییان وەک دەستپێکی کارەکە هەڵبژاردووە و ئینجا تخونی خوویەکی دزێوی وەک قومار، دزی و هتد بوونەتەوە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری خەڵکی بکەن و ئاوی گوێچکەیان بدەنــەوە. بۆ نموونە، کاووس قەفتان، ژیانی زەنگینێکــی زوفت و زێدەخواز دێنێتە بەر باس کە خاوەنێتیی نیوەی دووکان و خانوبەرەی شارەکەی بە دەستەوەیە، کەچی لەسەر ئەو حاڵەشەوە ژن و منداڵەکانی لە ترسانی ناوێرن چایەک لەپێش میوانان دانێن، تەنانەت بۆ کەسانی پرسەکەریش کە بۆ سەرسـاخی و سەرەخۆشی دێنە سەردانیان. سەرئەنجام کابــرای نانکوێــر و پاروبڕێــر داری دنیایەی لێ دەبێتــە بە کۆی زوخـاڵ و زووخاوێ هەڵدێنێ و لــە داخان دەمرێ (قەفتــان،١٩٦٩،ل.٦٥). جەمال بابانیش بــە قێز و بێزەوە دیــاردەی قومارکردن دێنێتە بەرڕوانین و تیغی تیژی ڕەخنەی پێدا دێنێ. ئەو لە یەکێ لە کارەکانیدا باسی گەنجێک دەکا کە دارونەداری خۆی و میراتی پێبڕاوی باوکی، لەسەر قومار دادەنێ و تەنانەت ژنە جوان و جەحێڵەکەشی لەو پێناوەدا دەدۆڕێنێ (بابان، ١٩٦٩،

---

1. Supernatural Beings

ل.٤٤)، یان ئەوەی کە حسـێن عارف لە چیرۆکی «ڕایسز لە خوێنیانا ئەژی» قوماریکی مۆدێرنـتر دێنێتە بەر باس و جەسـتەی کارەکـەی بە ناو و زاراوەگەلی شـەڕناخێوی[1] و گرێوەغاریێ دەئاخنێتەوە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەو وەک باقی نووسەرانی تر ئەوەیە کە لە کۆتاییدا ئامۆژگارییەکانی خۆی هەڵڕێـژێ. لێرەدایە کە عارف (١٩٧١، ل.٤٤) لە زمانی کارەکتەرەکەیەوە دەڵێ:

«ئەوەی ئەیەوێ سـەر بکا بە ڕایسزا، ئەبێ پێشـەکی بڕیاری فرۆشتنی ژنەکەی خۆی دابێ...».

حەسەنی قزڵجی و محەممەد ئەمین بوزئەرسەلان لە هەمووان زێدەتر ئاگاداری ڕۆڵی مەزهەب بۆ لەخشتەبردنی خەڵک بوون و لەوەش تێگەیشتوون کە باوەڕ بە هەبوویەکی شـاراوە و دەرهەست و هەستنەکراو کە ئاوەزی مرۆ نایگاتێ، کارتێکەری لەسەر مەردم دادەنێ. «نووشـتەکەی ئامینەخان» و «خەملێ پەمۆ»ی قزڵجی دوو چیرۆکن کە تێیاندا مەزهەب وەک هێزێکی دژەگەلی و بەتڵێنەری دێمۆکراسییەت ڕادەنوێنرێ. لە چیرۆکی یەکەمیندا، «ئامینەخان» سـەرەڕای نەخوێندەواریی خـۆی، جێگەی باوکی دەگرێتەوە و دەبێتـە جێی بانگ‌وهاواری خەڵکی گوند و لە ڕێگەی نووشتەنووسـین و وەرگرتنی سەرقەڵەمانە خۆی دەوڵەمەند دەکا. لە چیرۆکی دوویەمدا، قزڵجی داستانێک دەگێڕێتەوە کە لەودا کاتێ «شـێخ»ی خودان مڵکوماش بەرژەوەندیی خۆی دێتەوە بیر، هەڵوێستی لەمەڕ کێشـەکان دەگۆڕێ و دەکەوێتە نێو دووڕیانێک کە لەودا لە لایەک گەرەکیەتی بەینەت و بەقای[2] «سۆفی نامێق» ڕاگرێ و لە لایەکی تریشەوە، نایهەوێ دۆستایەتی خۆی لەگەڵ زۆراببەگ تێک بدا. کاتێ بەگ وڵامی لێ دەنێرێ و ڕایدەسپێرێ کە نەکا ڕوو بداتە ڕەشە و مسکێنان،[3] شێخ داوا لە سۆفی نامێق دەکا هەتا لەگەڵ وەکیلی بەگ ڕێک کەوێ و باییی خەملەکە پیتاکیان بداتێ چونکە ویسـت و خواستی خوایە و چی لەگەڵ

1. Horse Racing
2. Loyalty
3. Subordinates

ناکرێ، بەڵام سۆفی نامێق وێڕای ڕێزگرتن لە شێخ و دەستڕاموسیی ئەو، بە دەم ڕێگەوە (قزڵجی، ١٩٧٢، ل. ٧٠) دەڵێ:

«هەزار قەزا و قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ...».

بوزئەرسەلانیش لێزانانە لەمەڕ باوەڕی باوی کوردان لەسەر بابەتە ناخۆئاساییەکان[1] دەدوێ. بۆ نموونە، دێتە سەر باسی دیاردەی بەستنی دەمی گورگ، واتە ئەو کاتەی لە ئاقاری گوند، یا لە تەلانان مەڕێک خۆڕایی و ئاوەکی دەبێ، گەلەوان، یا مەڕدار خۆ لە ماڵە بەرنوێژی ئاوایی داوێ بۆ ئەوەی دەمبەستی بۆ بکا؛ مەلاش بۆ ئەم مەبەستە سوڕەتی ٩١ (الشمس) بەسەر چەقۆیەکدا دەخوێنێ، کە دواجار نابێ وە عەرزی کەوێ. لە کورتەچیرۆکی «دەڤی گور»دا، ڕۆژێک مانگایەکی خات «زەرۆ»ی پشتپەڕ دەبێ و لە گاڕانێ هەڵدەبڕێ، ئەویش پەنا دەباتە بەر پێشنوێژی ئاوەدانێ هەتا زاربەستی گورگی[2] بداتێ. خات زەرۆ سبەینەکەی بە شوێن زیندەماڵەکەیدا دەگەڕێ، کاتێ دەیدۆزێتەوە، دەبینێ کە گورگی ورگدڕ جگە لە سەر و کلک و چەند ئێسک‌وپروسکێک چ شتێکی تری لێ نەهێشتووەتەوە (Bozarslan,1979, r.44).

خاڵێکی چاوڕاکێش پێوەند بە قزڵجی و بوزئەرسەلان هەیە. ئەویش بریتییە لە بێپێچوپەنایی و بێگرێوگۆڵیی بەرهەمەکانیان بە جۆرێک کە خوێنەر زوویەکی دەگاتە قەناعەتێک کە ئەم نووسراوانە هەڵقوڵاوی ژیان و ئەزموونی دەستە ئەوەڵیانن. بە پێچەوانەی ئەوان، کەسانێکیش هەبوون کە لەگەڵکوو لایان لەم باسانە کردووەتەوە، کاری دەستکرد و دژواری وەڕەزکەر و سست و سیخنیان بەرهەم هێناوە.

لەپاڵ ئەم مژارە سەرەکییانەدا، چەندین بوار و بابەتی تریش لە ئاستێکی بەرتەسکتردا دەبینرێن. یەک لەوان مژاری زانستی-خیاڵییە[3] کە لە نووسینەکانی ڕەئووف حەسەندا

1. Supernatural
2. The Jaws of the Wolf
3. Science Fiction

بەرچاوە. حەسەن لەو بەرهەمانەیدا، دۆخی کورد تێکەڵ بە بوارەکانی زانستی و خەیاڵی دەکا وەکوو سەفەری ڕۆبۆت بۆ بۆشاییی ئاسمان، یان باسی کیژە کوردێکی شیاو و هەڵبژاردە لە ئاستی جیهاندا دێنێتە گۆڕێ بە ناوی «جوان»، کە «ئێرنێست مولێر» ناوێک گیرۆدەی دەبێ و گەلێک داهێنان و ئافراندنی خۆی لە هەوێنی ئەو ئەوینەوە وەردەگرێ (حەسەن،۱۹۸۸، لل.۱۰-۱٦).

وەک دواوتەی ئەم بەشە، دەبێ بڵێم کە ڕۆمانی «شار»ی حسێن عارف لەخۆگری سەرجەم ئەم بابەتانەیە کە لە سەرەوەدا هاتنە بەرباس. سەرەڕای ئەوەش کە گەوی یەکەمی ڕۆمانێکی سێیینەیە و هێشتا تەواو نەکراوە، مێژووی کورد لە ماوەدای ساڵەکانی ۱۹٤۸-۱۹٥۸ تێیدا دەگێڕدرێتەوە و هەموو لایەنە گرینگەکانی ژیانی سیاسی و جڤاکی و فەرهەنگیی ئەوساکەشی تێدا بەسەر دەکرێتەوە (عارف،۱۹۸٦).

## فۆرم لە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیدا

ئــەو ئاڵوگــۆڕەی کە لە فۆرم و توێــکڵ و تەکنیکی گێڕانــەوەی مۆدێرنی کوردیدا دەبینرێ، بارتەقای ئەوە نییە کە لە بواری ناوەڕۆک و کاکڵ و بابەتدا ڕووی خۆی نواندووە. بە واتایەکی تر، پێشــکەوتنەکان پتر لە بواری ناوەڕۆک و بابەتدا بووە تا لە بواری فۆرم و تەکنیک و شێوازدا بە جۆرێ کە زۆربەی هەوڵەکان بۆ نوێکردنەوە لە فۆرم و تەکنیک و بە تایبەتی لە فۆڕمی ناوەوە، لە دەیەی حەفتا بۆ ئەم لاوە هاتوونەتە ئاراوە. حسێن عارف (١٩٨٤، ص.١٢٥) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە تەکنیک لە کورتەچیرۆکی کوردیدا، ئاوا دەڵێ:

«لە هونەری کورتەچیرۆکدا، لە ساڵی ١٩٢٥ تا دەگاتە کۆتاییی دەیەی ١٩٦٠، نەقڵکردن شــێوازی زاڵ بووە. ئەوەش درێژدادڕی لە گێڕانــەوەی وردەکارییەکان، کورتهێنان لە دۆزینەوەی ڕێکارەکان و ئاراســتەکردنێکی زۆری ئامــۆژگاری لەگەڵ خۆی بەرهەم هێناوە. جگە لەوانەش، بە شێوەیەکی ڕووکەشی و سەرسەری ڕووداو و کاراکتەرەکان باس کراون و زۆر جاریش زیادەڕۆییان لەبارەوە کراوە».

عارف (هەمان، ص.١٢٥) لە درێژەی قسەکانیدا، ئەو گەشە و بەردەوامییە ئاوا کورت دەبڕێتەوە:

«پرسیار لەسەر ڕوخسـاره نوێ و جیاوازەکانی تەکنیک لە دەستپێکی دەیەی حەفتدا برەو دەستێنێ، کاتێک کە ئەدەبیات بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی پێشتر بینراوە، بە تەکنیکی نوێوە پەرە دەستێنێ و بەربڵاو دەبێتەوە».

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدرێ بۆ ئەوەی فۆرمە جیاوازەکان ڕووماڵ بکرێن و بخرێنە نێو بازنە و بەستێنی مێژوویی خۆیانەوە، کە سێ لایەنی فۆرم لەو پێوەندییەدا باس دەکرێن و ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم.** فۆرمی دەرەوە.

**دوویەم.** فۆرمی ناوەوە.

**سێیەم.** زمان و فۆرمی دەربڕین.

لێرەدا، تەنیا لە ڕۆچنەیەکی مێژووییەوە ئەم گەشە و گۆڕانانە تاوتوێ دەکرێن و هیچ چەشنە جەختێک لەسەر ڕەهەندی تیۆریک و ئایدیای جوانیناسانەیان ناکرێتەوە.

## فۆرمی دەرەوە

نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا بە سێ چەشنی جیاواز چوارچێوەکانیان دەکار کردووە کە بریتین لە:،

**یەکەم:**

بـە هۆی ئەوەی کورتەچیرۆک شـێوەی باو و باڵادەسـت بووە، لـە قۆناخی یەکەمدا نووسـەران پەرژاونەتە سـەر گێڕانەوەی تاقە باس و بابەتێک، لـە حاڵێکدا بەرهەمی قۆناخەکانی تر بووەتـە هەڵگری چەندین مژار و بەرهەمەکان بە سـەر چەندین پاژدا دابەش و بۆ گێڕانەوەی چەندین بابەت تەرخان بوون. هەرکام لەم بەشانەش لە ڕێگەی دانانی ژمارە لەنێو بەرهەمی سـاڵانی دەیەی ٥٠ و ٦٠دا دیـاری کراون. دواجار، دانانی سەردێڕ بۆ هەرپاژێک بووەتە باو و ئەوەش لە کورتەچیرۆکێکی حسێن عارف (١٩٧١،

لل.٣٩-٤٥) بە ناوی «ڕایسز لە خوێنیانا» ئەژیدا دەبیرێ، کە لەودا دەقەکە بەسەر چەند پاژی لاوەکیدا دابەش دەکرێ، وەک:

«ئەودیوی یەکەم، ئەودیوی دوویەم، ئەودیوی سێیەم، گفتوگۆ و من».

**دوویەم:**

نموونەکانی چیرۆکی درێژ دەچنەوە سەر بنچوبناوانێکی دووری چیرۆکەکورتەکان وەک جۆرێک لە وێژە. ئەوساکە، هەڵکەوتووە کە ژمارەی لاپەڕەکانیان گەیوەتە سەد. بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرەش، ئەو نووسەرانەی فۆرمەتێکی لەم جۆرەیان هەڵبژاردووە، ویستوویانە چیرۆکە درێژەکەیان بە تەنیا لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ کەن و هیچ شتێکی تری لەپاڵدا جێ نەکەنەوە. لە پێوەندی لەگەڵ نموونەگەلی سەرەتایی لەم بوارەوە، دەکرێ ئاماژە بە بەرهەمەکانی جەمیل سائیب (لە خەوما) و ئەحمەد موختار جاف (مەسەلەی ویژدان) بکرێ. لەنێو نووسەرانی دواییشدا، جەمال بابان، محەممەد ساڵح سەعید و جەمال نەبەز لەم جۆرە فۆرمە کەڵکیان وەرگرتووە.

**سێیەم:**

فۆرمێکی نوێ کە هەڵگری پێنج شەش دێڕە و بە کورتیلەچیرۆک[1] ناوزەد کراوە، لە دوایین ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دا لە لایەن ژمارەیەک لە نووسەرانەوە دادێت هەتا لە میانەی ئەم فۆرمە کورتەدا کە لەگەڵ هایکۆی ژاپۆنیش[2] بەراورد دەکرێ، ناوەڕۆک و مژارێک بەیان بکرێ کە لە قەوارە و چوارچێوەیەکی بەربڵاوتریشدا بواری هاتنە بەر باسی بووە.

1. Utterly Short Short story
2. Japanese

## فۆرمی ناوەوە[1]

### فۆرمی گێڕانەوە[2]

زۆربەی نووسەرانی کورد شێوەیەک لە گێڕانەوەیان بەکار هێناوە کە لەودا سەرتاپێی باسەکە دەخرێتە ڕوو. گەلێ جاریش، وەسفی دیمەن، قۆناخ و کاراکتەرەکانی داستانەکەیان ئاوێتەی کارەکە کردووە و نووسەر تێیدا کەوتووەتە درێژدادڕی و ئەوەش پڕووکانی تاقەت و ماندووبوونی خوێنەری لە دووی خۆی هێناوە. لەو شێوازە باوەدا، تەنیا ڕووواڵەت و ڕەوتاری ڕووکەشی کاراکتەرەکان ئاوڕی لێ دراوەتەوە و قووڵاییی دەروونیان بەسەر نەکراوەتەوە، یان ئەوەی کە داستانەکان تایبەتمەندییەکی فۆتۆگرافیکیان وەرگرتووە و وەکوو وێنە هاتوونەتە بەردیدی خوێنەرەوە. ئەم چەشنە گێڕانەوەیە، بە گشتی لەخۆگری سێ بەشە کە بریتین لە پێشەکی،[3] ترۆپک[4] و دەرئەنجام[5]. لێرەدا، باسەکان زۆر جار ئاوێتەی تەلاس و زیادەڕەوی دەبن و چەشنی شتێکی سەرسوڕهێن و لەباوەڕبەدوور دێنە بەرچاو و دەبنە هۆی ئەوەی کە کاردانەوەی خوێنەری لێ بکەوێتەوە. بۆ وێنە، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩٥٩، ل.٧) لە یەکێ لە چیرۆکەکانیدا بەم جۆرە باسی نێومالی دەشتەکییان دەکا:

«... بەدەوری کانییەکەدا لباد و بەڕە داخرابوون. هەندێکیان دۆشەگ و سەرینی زل زلیشیان لەسەر دانرابوو کە تێکڕا لە ماڵی هەموو پیاوماقووڵ و خواپێداوی دێیەکەوە هێنرابوون. بەڵام هیچیان لەبەر شڕی و چڵکنی و کۆنی نە ڕەنگ و نە گوڵیان بەدەرەوە نەبوو. ئەگەر سەرنجت بدایە کاروانی ئەسپێت ئەدی وەکوو شارە مێروولە ڕێچکەی بەستووە...».

---

1. The Inner Form
2. The Form of Narration
3. Introduction
4. Climax
5. Conclusion

## دیالۆگ

ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە دیالۆگ پێکهاتە و توخمێکی سەرەکیی چیرۆک و ڕۆمان بووە، لێ ئەم تایبەتمەندییە بە یەک چەشن بەکار نەهێنراوە و خۆی لە شێوازی جۆراوجۆردا نیشان داوە. لە نموونە بەراییەکاندا وتەی قسەکەران بەبێ کەڵکوەرگرتن لە هەرچەشنە هێما و خاڵبەندییەک تێکەڵ بە دەقی گێڕانەوەکە کراوە، بەڵام بۆ هەرقسە و گێڕانەوەیەک، لانی کەم ناوی قسەبێژەکەیان هاتووە، وەکوو دیالۆگی نێو کورتەچیرۆکەکەی فوئاد تەمۆ (١٩١٣) کە لە خوارەوە دەیبینن:

«ریسپیی هوندر داهات، شڤان را گۆ شڤانۆ، تو ئیرۆ بۆچ وسان درەنگ مایی، نیڤرۆ بوویە، پەز هێژ ناڤا هەوشێدا مایە. برچی ئو بێ خوەییە، گوندی گال‌گال دکەن. شڤان ژی گۆ ریسپی، ئەز چ بێژم، تۆ من دەبینی، ئەز ئیرۆ نەخوەشم».

جگە لەوە، هەمان شێواز لە لایەن جەمیل سائیب (١٩٧٥، ل.٣٣) دەکار کراوە:

«ئەم جارە یەکێکیان شخارتەیەکی داگیرساند و تەماشایەکی کرد وتی ئەمە چییە؟ کێیە، لە کوێوە هاتووە، بۆ کوێ ئەچێ؟ کابرای کاروانچی وتی ئەمە پیاوێکی غەریبە، لە گەرمیانەوە هاتووە لێرە کاسبی بکا، فەقیرە، بێدەسەڵاتە، وتیان نابێ هەڵبەت ئەمە شتێکی لەژێر سەردا هەیە».

چەند نموونە لە دیالۆگ بە شێوازی نوێباو لە دەقە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتوون، کە لەودا نیشانەی تەقەڵ[1] لە پێش هەر وتەیەک[2] دانراوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جاف (١٩٧٠، ل.٣٠)، دیالۆگێکی لەم چەشنە دەبینرێ:

دانیشتم ئێوارە لەبەر عاجزی نانم پێ نەخورا، شەوێ کەفیلەکەم هاتە لام وتی:

-عەزیزم عاجزی فائیدەی نییە، هەڵسە بڕۆ عیلاجی خۆت بکە!

---

1. Dash
2. Utterance

-عیلاجم چییە؟

-پارەت هەیە؟

-بەڵێ!

-ڕەئیس موعتەمیدێکی هەیە، بچۆ تەشەبوسی پێ بکە!

-ئاخر نایناسم؟

-مەراق مەکە من دێم لە تەکتا».

## گێڕەرەوە[1]

پەنجەخستنە سەر ئاکاروکرداری کەسایەتییەکانی داستان، باوترین ئامراز و شێوازی گێڕانەوەیە لە چیرۆک و کورتەچیرۆکی کوردیدا. لەم مۆدێلەدا، خوێنەر شتەکان لە دیدی دانەرەوە دەبینێ، تەنانەت ئەگەر دانەر خۆی یەکێ لە کاراکتەرەکانی نێو داستانەکەش نەبێ، ئەوا خوێنەر ڕووداوەکان بەگوێرەی وەسف و باسەکانی نووسەرەوە فام دەکا. لێرەدا، ڕاناوی کەسی[2] کە بەکار دەهێنرێ، بریتییە لە تاکی کەسی سێیەم،[3] یان کۆی کەسی سێیەم، یا بە واتایەکی تر ڕاناو و جێناوی «ئەو» و «ئەوان».

لە شێوازێکی تردا، چیرۆکنووس دێت و بە دەنگێکی گێڕانەوەییەوە[4] خۆی دەناسێنێ و لەو پێوەندییەدا لە کەسی یەکەمی تاک،[5] واتە «من» کەڵک وەردەگرێ؛ خوێنەریش لەسەر هەمان پێودان و لە دەلاقەی ئەو منەیە کە بەدوای ڕووداوەکاندا دەچێ. نووسەریش بێ ئەوەی پێویست بێ هەتا خۆی لەنێوان خوێنەر و کاراکتەری سەرەکیدا دەربخا، لە ڕێگەی دەنگی کەسی یەکەمەوە دەردەکەوێ.

---

1. The Narrator
2. The Personal Pronouns
3. Third Person Singular
4. Narrative Voice
5. First Person Singular

تەکنیکی سێیەمی گێڕانەوە بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە کەسی دوویەمی تاک،[1] یا هەمان «تۆ». لێرەدا، تۆ وەک کاراکتەری سەرەکی دەور دەگێڕێ، بەڵام ئەوەی وا جڵەوی ئەم «تۆ»یەی لە مستدایە و لە ڕاستیدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، کەسێکی دیکەیە کە ڕەنگە خودی نووسەرەکە بێ، واتە کەسێک کە ئەڵقەی پێوەندی نێوان خوێنەر و کاراکتەری سەرەکیی داستانە. بە واتایەکی تر، ئەوە خودی نووسەرە کە لە ڕێگەی «تۆ»وە پێوەندیی نێوان خوێنەر و قارەمانی داستان پێک دێنێ. جگە لە نووسەر، دەکرێ کەسانی تر وەک «کەسی سێیەمی کۆ»، واتە «ئەوان» و «کەسی سێیەمی تاک»، واتە «ئەو»، ببنە نەقڵگێڕەوە. شیاوی باسە کە ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە مێژووی گێڕانەوەی کوردیدا شتێکی تەواو تازەیە و تەنیا لە لایەن نووسەرانی نوێ وەکوو حسێن عارف، مستەفا ساڵح کەریم و ڕەئووف حەسەنەوە کاری پێ کراوە. بۆ وێنە، حسێن عارف (١٩٧٩، ل.١٠٥) لە «کانییە ڕەحمان»دا ئاوا دەنووسێ:

«تۆ بە ناچاری هەڵسایت. جامەکەت پڕ کردەوە لە ئاو. ماسییە پەنجەتووتە، لەنێویدا کەوتەوە پێچوخول. کاتێ گەڕانەوە ماڵەوە، بۆ خۆت خستتە مەنجەڵێک ئاوەوە. خۆشی چوو تۆزێ نانەوردەی تێ فڕێ دا. شەو کە نووستیت، خەونێکی سەیرت بینی».

## مۆنۆلۆگی دەروونی[2]

مۆنۆلۆگ لە ئەدەبیاتی جیهاندا دیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر کارەکانی «جەیمس جۆیس»[3]ی داهێنەری شێوازی خوڕاوگەی بیر؛[4] شێوازێک کە لەودا مەبەست وێنابوونی ئازادانە و بەبێ سانسۆری هەست و نەستی دەروونی کاراکتەرەکانە لە لایەن نووسەرەوە بۆ خوێنەر، بە جۆرێ کە لەو ستایلەدا

1. The Second Person Singular
2. The Inner Monologue
3. James Joyce
4. Stream of Consciousness

قووڵترین هزر و هەستی کەسایەتییەکان لە بیچمی سەرەتاییی خۆیاندا دادەڕێژرین، بەر لەوەی کە ئەوەندە بڕسکێن و بگوورێن تا لەنێو لۆژیک و ئاخاوتنی زمانی دەربڕینی ڕۆژانەدا بگونجێن.

سەبارەت بە مژاری مۆنۆلۆگی دەروونی و ئەدەبی کوردییەوە دەبێ بڵێین کە لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەم شێوازە بە ڕادەیەکی کەم لە کارە کوردییەکاندا بەکار هاتووە. جاروبارێش ڕێک کەوتووە کە ئەم جۆرە وتوویرە و مۆنۆلۆگە لە ڕێگەی «فۆنتی زەق» و یان نووسینی لەنێو «کەوانە»دا پێشاندراوە. کەڕەتی واش هەبووە کە لە بەشی جیا و سەربەخۆدا و یان وەکوو یەک، یا چەند ڕستەی لێکبەستراو و پەیوەستەدا لە نێوەڕاستی پاڕاگرافێکدا دەرکەوتووە. ڕەئووف حەسەن (١٩٧٩، ل.١٠) لە یەکێ لە کورتەچیرۆکەکانی خۆیدا ئا بەم شێوەیە لە مۆنۆلۆگی دەروونی کەڵک وەردەگرێ:

> «قەڵەمەکەی خستە سەر دەفتەرەکەی و نووسی [ئەندامی زاوزێ]... وەستا... زەردەییێک گرتی... لە منداڵییەوە لە کچدا - دایپۆشن - و لە کوڕدا - با بە دەرەوە بێت - لەگەڵ ئەوەشدا - ئەندامی زاوزێ - ناوێکی خانەدانانەیە... لە مەجلیسا شەرمی ناوێ... تەنها بۆ زاوزێیە و بەس...».

## کورتکردنەوە[1]

ژمارەیەک لە نووسەرانی کورد بە جۆرێ کورتکردنەوەیان دەکار کردووە کە لە لایەک، بووەتە هۆی کەمهێزیی کارەکەیان و لە لایەکی تریشەوە، سەرلێشێواوی خوێنەری لێ بەرهەمهاتووە. بە گشتی، ئەم کورتکراوانە زیاتر بۆ ناوی گوند و باژار و ئەو ناوە تایبەتییانەی کە باشتر بووە ناوی خەیاڵییان لەجیاتی دابنرێ، کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لەم بوارەدا، ئیبراهیم ئەحمەد گەلێ جاران ئەم تەکنیکەی بەکار هێناوە. بۆ وێنە، لە

1. Abbreviations

کورتەچیرۆکی «کەرەلۆتیی مەنوچەر»دا، کورتکراوەگەلێکی وەکوو شاری «ح»، شاری «پ»، گوندی «د»، گوندی «ح»ی دەکار کردووە و بەشێ لە ڕستەکانی ئەم چیرۆکەی بە کورتەناو و کورتکراوەکانەوە ئاخنیوەتەوە، کە وەک کۆد و هێما و نیشانە لای بەردەنگ خۆیان دەنوێنن. ئەمەش لە ڕاستیدا زنجیری بیری خوێنەر دەپچڕێنێ و ئاستی پێوەندیی ئەو لەگەڵ دەق دادەبەزێنێ، وەک ئەوەی ناوبراو (١٩٥٩، ل.٧٨) نووسیوێتی:

«م. بەگ ووتی:- بیبا بۆ دێی (س) بیدا بە ((ع))ی وەکیلم».

## زمان و فۆرمی دەربڕین

### وێنای سانا[1]

ئەگەرچی زۆربەی نووسەران زمانێکی ساکاریان لە بەرهەمەکانیاندا خستووەتە گەڕ، بەڵام ئەم سادەنووسینەی ئەوان بەوە لێک نادرێتەوە کە زمانەکەیان لە تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان هەڵتەکابێ، بەڵکوو ئەمە بەو واتایە دێ کە لەواندا وشە و دەربڕین هەر بە مانای واقیعیی خۆیان دەکار کراوە، بێ ئەوەی مەودایەکی دیکەیان بخرێتە سەر، جا چ مێژوویی بێ، یا دینی.

بێتوو ئەم دەقانە لە دەلاقەی جوانیناسی، ڕێزمان و پێوەرەکانی زمانەوە لایان لێ بکرێتەوە، ئەوسا دەرەکەوێ کە نووسەرەکانیان لە ئاستی جیاواز و جۆراوجۆردا کەوتوونە دەشت. بۆ وێنە، بە بەراوردێکی سەرپێیی لەنێوان عەلائەددین سەججادی و کاووس قەفتاندا دەردەکەوێ کە زمانی سەججادی پەتی و پاراوە و هیچ شوێنەوارێکی دەرەکیش بەسەر کۆگای وشە و ڕێزمان و سینتاکسی دەقەکانییەوە نییە. لە حاڵێکدا، وشە و وتەی قەفتان لەگەڵ ئەوەی کوردییەکی تەواوە، لە بواری قەوارە و سینتاکسی ڕستەکانییەوە کەوتووەتە ژێر کارتێکەریی زمانی عارەبییەوە.

1. Simple Imagery

## هێماکان

لە سۆنگەی دۆخی سیاسەتبردووی کوردستان و باڵکێشانی هەوری سانسۆر و سنوور بەسەر ئاسمانی ئەو وڵاتەدا، نووسەرانی کورد گەلێ جار چارناچار دەستەوداوێنی هێماکان بوونەتەوە. ئەوان ئەگەرچی بە نیازی ڕەواندنەوەی تەمی سڕینەوە پەنایان بۆ ئەم مێتۆدە بردووە، بەڵام لە هەمان حاڵدا مەترسیی پرینگانەوە و پچڕانی پێوەندیی بەردەنگیان لەگەڵ دەق زیاد کردووە.

قەرزوەرگرتن لە ئەفسانەکان یەکێ لە شێوازەکانی بەکارهێنانی سیمبۆلگەرێتی و هێماخوازیی بووە. بۆ وێنە، نووسەر بۆ باس لەسەر بارودۆخی کوردستان، داستانی بازارێکی داهێناوە کە تێیدا سوڵتانێکی چنگبەخوێن لە ڕێگەی ڕێسایەکی نامۆوە بەڕێوەی بردووە. هەندێ جاریش کەوتووەتە گێڕانەوەی هەقایەتی هەژدیهایەکی حەوتسەر کە بەری بە سەرچاوەی ئاوی شاردا گرتووە و پاش قەدەرێکی پاڵەوانێک پەیدا بووە و ئەم حەزیایەی لەوێ تاراندووە. گەلێ جاریش، هەڵکەوتووە کە نووسەر خۆی لە ڕێگەی داهێنانی زمانییەوە سیمبۆلەکانی خوڵقاندووە، هەرچەند کە ئەم جۆرە هێماگەلە نە ڕیشەیان لە مێژوودا بووە و نە توانیویشیانە سوود لە ئەفسانەکان وەرگرن و لەوانەش بترازێ، تێگەیشتن لێیان دژوار بووە و لە ڕاستییەکانیش هەڵاتوون. وەک ئەوەی وا ڕەئووف بێگەرد لە چیرۆکێکی خۆیدا باسی کاروانێک دەگێڕێتەوە کە لە ڕۆژێکی تەڕوتووشی زستاندا، ئاودیوی گوند دەبێ و لە ڕێگەدا تەنگانەی لێ دێ (بێگەرد، ١٩٧٧، ل.٣)، یان ئەوەی کە قزڵجی هاتووە و «کەشکۆڵی جادوویی»ی کردووەتە هێمای خەیاڵپڵاو و سازوسەودای پاڵە و سەپانان؛ کەشکۆڵێک کە ئاوێتەی هێزێکی ئەوپەڕسروشتییە و دەمودەست مزاری[1] وەرزێران حاسڵ دەکا، بەڵام کاتێ ئاغای گوند سەرەکەی لادەبا، لەجێ دوو مستی قورس و قایم لە کەشکۆڵ دێنە دەرێ و سەروسەکتی دەنگێون (قزڵجی، ١٩٧٢، ل.٣٩).

1. Wishe

## زمانی دەستکرد

لە دەیەکانی چل و پەنجادا کە مژاری ناکۆکیی نێوان جووتیار و دەرەبەگان لە برەودا بووە، ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکنووسانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتتاح، جەمال نەبەز، مستەفا ساڵح کەریم و جەمال بابان لە سۆنگەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەوە پرسی سیاسی و نیشتمانپەروەرییان کردووەتە هەوێنی کارەکانیان، بەڵام بە هۆی هەڵقولانیان لە کانگەیەکی ڕووناکبیری و نەبانبوونیان لە ژیان و ڕاوێژی زاری جووتێران، کردوکۆشیان بۆ وەباوخستنەوە و ژیاندنەوەی دەمودوویی خەڵکی دێهات و دەواران سەرکەوتوو نەبووە. لە هەندێ حاڵەتیشدا زمانێکیان داوەتە پاڵ کارەکتەرەکان کە لەگەڵ پایەی هۆشیاری و تەمەن و پلەی کۆمەڵایەتیی ئەواندا نەیخوێندووەتەوە. وەک نموونە، کوڕێژگە، یاخود کیژۆڵەیەکی تازەلاویان هێناوە و کردوویانەتە گەروویەک بۆ دەربڕینی مەسەلە گشتییەکان.

# سووکەئاوڕێک لە بەرهەمی ساڵەکانی (١٩٨٨-٢٠٠٠)

## پاشخانی سیاسی

ساڵی ١٩٨٨ لە هەردوو بواری سیاسی و فەرهەنگییەوە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان[1] لە مێژووی نۆژین و مۆدێرنی کورددا. لە سەرەبەهاری ئەو ساڵەدا دەسەڵاتی داگیرکەری عێراق شاری هەڵەبجە دەداتە بەر بۆردومانی چەکی کیمیایی و خاکی بە توورەکە دەبێژێ و شەش‌هەزار مرۆڤی لێ دەکوژێ، کە زۆربەیان ژن و زارۆک[2] و زورهان[3] بوون. وێڕای ئەوانە، ئەنفال وەکوو زنجیرە ئۆپێراسیۆنێکی چەندقۆناخیی شەڕوگەڕ بۆ پاکتاوکردنی پانتاییەکی بەرینی خاکی کوردستان لە ڕێگەی کوێرکردنەوەی واری ژیان و ژینگەی کوردان و داسڕین و خاشەبڕینی گوندەکانیان، دەست پێ دەکا. لە ئاکامی ئەم کوشتوبڕ و کاولکارییانەدا دەبێ کە زیاتر لە چوارهەزار ئاوایی داریان بەسەر پەردوو نامێنێ و سەدوهەشتاودووهەزار مرۆڤی کوردیش یەخسیر دەکرێن و بەڕێدەکرێنە باوەشی مەرگ لە سارا و ساکەدەشتی کراڕ و قاقڕی باشووری عێراق.[4] دوابەدوای ئەوە، سەرنجی

1. Turning Point
2. Childeren
3. Elderly

٤. بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ دڕندەیی عێراقییەکان لەڕاست گەلی کورد و بە تایبەتی لەسەر کەیسی هەڵەبجە و ئەنفال گەلێک بەڵگەنامە و سەرچاوە هەیە. لەم بارەوە بۆ وێنە بڕوانە:

(a) Human Rights Watch / Middle East Watch: Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds

ڕێژەیەکی زۆری میدیای گشتی لە ئاستی جیهانیدا بۆ لای ئەم کارەساتانە ڕادەکێشرێ و لە وتار و نووسراوەی سیاســی و تا ڕادەیەکیش لەنێو هەڵبەستی کوردیدا ڕەنگدانەوەیان دەبێ. لەو بوارەدا بەشێک لە هۆزانڤانانی کورد ئەم کارەساتە دەکەنە هەوێنی هەڵبەستیان و هــەوڵ دەدەن ئــەدگاری ئەم ڕووداوانــە بگۆڕن و بیانکەنــە یادگارییەکی هونەری و وێنایەکی هەرمان لە یادگەی نەتەوەی کوردا، بەڵام ئەوەی ڕاســتی بێ شۆقدانەوەی ئەم چەرمەســەرییانە لەنێو گێڕانەوەی تازەی کوردیدا لە ســنووری خاوی و خلیچدا خولی خواردووەتــەوە و زۆری پێ چووە هەتا ئەم تراژیدیانــە ببنە بابەتێکی هونەری و بگەنە ئاســتی دەربڕین، هەرچەندە لەنێو ئەوانەش کە هاتوونەتە ســەر پەڕاوان، شتێکی ئەوتۆ نابینرێ کە لە بواری ئەدەبییەوە پیاو دڵی پێ خۆش بکا.

ئەگەرچی بنەبانی دەیەی هەشــتا بۆ کورد و باقیی گەلانی تــری ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دەبێتە مزگێنیی بڕانەوەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، کەچی ئەو قۆناخە زۆر ناخایێنێ و دەبێتە دەستپێکی هەڵایسانەوەی شەڕ و قەرقەش و گۆنگەڵێکی تر لە دەیەی نەوەددا، بە جۆرێک کە ســەرەتا عێراق لە وڵاتی کوەیت بەر دەبێ و دەســتی بەسەردا دەگرێ. پاشان، هێزەکانی بەردەستی ئامریکا دێن و پێشاوبڕکێی قۆشەنی عێراق دەدەنەوە و پاشەکەشیان پێ دەکەن، بەڵام ئامریکا و سوێندخۆرانی بەرژەوەندیی جیۆپۆلتیکی و هەلومەرجی ئەوســاکەیان لە ناوچەدا لە سەرووی گشت شتێ دادەنێن و دەستەوساری دەسەڵات لە دەستی سەدام داناماڵن و لەسەر تەختی میرکاریدا دەیهێڵنەوە.

بەو حاڵەشەوە، بۆڕخواردنی[1] دەســەڵاتی بەغدا لە شەڕی کەنداو دەرەتانێکی لەبار بۆ کورد لە عێراق ســاز دەدا و دەبێتە هاندەر و تەکاندەرێکیش بۆ وەرگەڕانەوە لە ڕووی دەســەڵاتی داگیرکەر. وای لێ دێ کە هێــزە کوردییەکان زۆربەی هــەرەزۆری خاکی کوردستان لە چنگ ڕژێمی عێراق ڕزگار و بۆ ماوەیەکیش بێ داگیرکەران بژار و بەرباد

(1993); and:

(b) Makiya, Kanan (1993). Cruelty & Silence. London: Jonathan Cape.

1. Defeat

دەکەن، دەیانڕەتێنن و لە زێدی باوانان دەریاندەپەڕێنن، بەڵام زۆری پێ ناچێ کە بە هۆی سەپاندنی سیاسەتی پارسەنگیی هێز لە لایەن ئامریکاوە، ڕەوشی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ؛ بوار بۆ گەڕانەوەی هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق دەڕەخسێ و ڕیسی ڕاپەڕینەکەش دەبێتەوە خوری. بەو حاڵەشەوە، سەرهەڵدانەکە بێبەروبۆ نامێنێتەوە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێڵێک بە باکووری عیراقدا دێنێ و دەیکاتە بازنەیەکی ئارام بۆ گەلی کورد. لەگرەودوا، ئەو ناوچەیە دەبێتە هێلانەیەکی هێور و بەستێنێکی لەبار بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان[1] و ڕۆنانی پارلەمانی و دامودەزگای کوردی لە کوردستانی عێراقدا. هاوکات لەگەڵ ئەو دەرهاویشە ئەرێنییانە، پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان[2] وەک دوو خەنیمی سەرەکیی نێو گۆڕەپانی سیاسی و شۆڕشگێڕیی کوردی، دەست دەنێنە خنخنۆکەی یەکدی و نوقمی جلیتاوی جەنگی براکوژی دەبن.[3] لەولاشەوە، کێشەی قووڵی سیاسی و ئابووری پێسیری هەرێم دەگرێ، کە بەشێ لەو ئاریشانە دەگەڕێنەوە سەر ئابڵۆقەی ئابووریی سەپێنراو لە لایەن ڕژێمی عێراق و بەشێکی تریشیان، پەیوەست دەبن بە ساوایی و لە کڵ دەرنەهاتوویی لە بەڕێوەبردنی نیشتمانێکی کاولکراودا؛ وڵاتێک کە پاش نەمانی حوکمی دوژمن هیچ جۆرە ژێرخان و سەرخانێکی بۆ نامێنێ هەتا لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانێ کاروباری دەر و ژووری خۆی پێ ڕاپەڕێنێ.

لە مەودای ١٩٩٢-١٩٩٦، واتە لە سەرەتای ساڵەکانی دوای ڕاپەڕیندا، ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامەی سەربە پارتە سیاسییەکان بڵاو دەبنەوە، کە بەشێکی زۆری وزەی خۆیان تەرخانی گوریسکێشەکێ و ململانێی حیزبی دەکەن.[4] لە ئاکامی ئەم دژایەتی و سڵبیە

1. Kurdistan Regional Government
2. Patriotic Union of Kurdistan

٣. بۆ باس لەسەر هۆکارەکانی ئەم مژارە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
گوندی، کرمانج (١٩٩٠). *سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران*. سوێد. لل.١٠٢-١١٣.

٤. عەتا قەرەداخی لە دوو دەلاقەی خێڵایەتی و دەمارگیری لە لایەک و تەریقەت و تەسەوفی قادری و نەقشبەندی لە لایەکی ترەوە، ناکۆکیی ئەم دوو پارتە دەگەڕێنێتەوە بۆ زەمەنێکی زووتر [وەرگێڕ]، بڕوانە:
عەتا، قەرەداخی (١٩٩٦). *بنەما مێژووییەکانی کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی*. سەراب. (٣-٤). ١١-٢٤.

سیاسییانەی دێنە ئاراوە، کەسایەتی و ناوەندە فەرهەنگییەکان پەکیان دەکەوێ و تووشی جۆرێ لە ئیفلیجی دەبن، بەڵام ئەم دۆخە دوای پێنج شەش ساڵان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەردا دێ و ژمارەیەکی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و پەڕتووک لە چاپخانەکانی سەر بەو دوو پارتە دێتە دەرێ. ئەمەش وەک حەولی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕانانی دەستداری و هێژمۆنیی خۆیان لە گۆڕەپانی فەرهەنگیی کوردا دێتە ئەژمار و دەبێتە بەرهەمهێنەوەی دۆخێک کە تێیدا چاند و ڕۆشنبیریی کوردی لە دوو سەرەوە تووشی زەرەر و قازانج دێ.

ئێستاکە بە سەدان بڵاوکراوە لە هەرێمی کوردستان لە گەڕدان، کە سێ لەوان ڕۆژنامەن و هەموو ڕۆژێ دێنە دەرێ، نزیکەی دە دانەیان حەوتەنامەن و ئەوانی تریشیان زیاتر وەرزنامەن. پازدە بیست بنکە و دەزگاش لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا چالاکن. وێڕای ئەوانەش، پازدە ئێستگەی تەلەڤیزیۆن هەیە، کە زۆربەیان نێونەتەوەیین و لە ئاستی وڵاتانی ئامریکا، ئوسترالیا، ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بڵاو دەبنەوە و نزیک بە سەد وێستگەی ناوچەیی و خۆجێیی تی ڤی و ڕادیۆش هەن.[1] کەچی سەرەڕای ئەوە، هەلومەرجی ڕاگەیاندن تا ڕادەیەک بۆ پێنووسبەدەستان و گەشبیرانی کورد دژوارە بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەرچەند کە ئەم دۆخە لە زۆر حاڵەتدا هانی بەشێ لە ڕۆشنبیرانی داوە بۆ ئەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کار بکەن، یاخود ببنە بەردەستی کەسێتێکی فەرهەنگی و لەبری نووسینەکانیان، پاداشتیان بدرێتێ. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تەوەری بەرهەمەکان بەرەو ئاراستەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ هەڵخزێ و لە ئاستێکی ڕواڵەتی و ڕووکەشییانەدا[2] بمێننەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە نووسراوەی سەرپاکی نووسەران لەو پلەیەدا پاوەجێ بێ؛ چونکە هەنووکەش کەسانێک هەن کە بەرهەمی بەبایەخ دەڕسکێنن و بە خۆبواردن لە دووانگە و ڕۆژنامەی بازاڕی،

١. مەبەست تا کاتی نووسینی ئەو توێژینەوەیە، دەنا ئێستاکە ئەم ژمارە و ئامارە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لە داهاتووشدا بەسەری دێ [وەرگێڕ].

2. Superficial

هەست و ویستی خۆیان دەسازۆ دەکەن و ناهێڵن ئاواتی ناودیاری بە سەریاندا بشکێتەوە.

هەر لەم بارەیەوە و سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی چاپکراوەکان کەوتوونەتە خانەی شیعر و هەڵبەستەوە، نووسەرانی کورد لەپێناو گەشەپێدانی توێژینەوە ئەدەبی و مێژوویی و هونەرییەکانیشدا تێکۆشاون و لە زمانەکانی تری وەک فارسی، فرانسی، ئینگلیزی و سوێدییەوە بەرهەمیان هێناوەتە سەر زمانی کوردی. ڕۆمانێکی زۆریش لە مەودایەکی کەمدا چاپ و بڵاو بووەتەوە، کە ئەوەش لە چاو دەیەکانی پێشوو، وەکوو هەڵگەڕانێک بەرەو ترۆپکی سەرکەوتنی ئەدەبی ئەژمار دەکرێ. وێڕای ئەوانەش، لەم دە ساڵەی دواییدا پرسی مێژوو و سیاسەت بووەتە بابەتی سەرەکیی ڕۆمان و چیرۆکان و پرسیارگەلی گرینگی سیاسی و جڤاکیی کۆمەڵگەی نوێی کوردستانیش لە لایەن بەشێ لە نووسەرانەوە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە.

خاڵێکی دی ئەوەیە کە زۆربەی بەرهەمەکان بایەخێکی ئەوتۆی ئەدەبییان نییە و وەک دووپاتەی ئەزموونی نووسەرانی دەیەکانی هەشتا و نەوەد خۆ دەنوێنن. ئەو ئاڵوگۆڕەش کە لە ئەدەبی گێڕانەوەی مۆدێرنی ئەم مەڵبەندەدا هاتووەتە گۆڕێ، پتر هەڵگری ڕەهەندی چەندێتییە[1] و لە بواری چلۆنایەتییەوە شتێکی ئەوتۆیان لێ هەڵناکرێنرێ.

بۆ باس لەسەر کوردستانی تورکیا دەبێ بڵێین کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠دا، جۆرێک کرانەوە لەڕاست پرسی کورد، ڕوانگەی دەوڵەتی تورک دادەگرێ و گوشاری تێکدەرانەش تا ڕادەیەک لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی دەرەوێتەوە. سەرەڕای نەبوونی ناوەندێکی میری بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگیی کورد لە تورکیا، ژمارەیەک دەزگای فەرهەنگی و وێژەیی ڕۆدەنرێن و چەندین ڕۆژنامە و وەرزنامە چاپ و بڵاو دەبنەوە و بەرهەمی نووسەرانی تاراوگەنشینیش زۆر ئاسان دەگاتە دەستی بەردەنگەکانیان لە تورکیا. ئەم ئاڵوگۆڕانەش لە سۆنگەی هەندێ هۆکارەوە دێن وەکوو ڕووداوە کارەساتبارەکانی ناوچە، بە نێودەوڵەتیبوون و بوونە ئەمری واقیعی پرسی کورد لە عێراق، هاتنەگۆڕێی

1. Quantitative

گۆڕانکاریی گرینگ لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا و گوشاری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا.

لە کوردستانی ئێرانیش، دوابەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی، گوشارەکان لەسەر گۆڕەپانی فەرهەنگی و ئەدەبی کوردی کەم دەبێتەوە و دۆخەکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەقامگیرتر دەبێ. هەندێ دامودەزگای نافەرمی وەکار دەکەون. کۆڕ و کۆبوونەوە پێک دێن و ژمارەیەک گۆڤاری کوردی دەردەچن؛ سروە و ئاوێنە بڵاو دەبنەوە و دوای ماوەیەکی، ئاویەر، زرێبار، مەهاباد، ڕوانگە و سیروانیش دێنە مەیدانەوە، کە لە بواری فەرهەنگییەوە دەورێکی باش دەگێڕن و دەبنە پاڵپشتی چالاکییە ئەدەبییەکان بە تایبەتی لەنێو گەنجاندا. بەشێک لە خوێنەرانیش بەبۆنەی ئەم بڵاوکراوانەوە خوو دەدەنە خوێندن و نووسینی کوردی و دەستەیەکیشیان دەست دەکەن بە دانانی شێعر و تاقمێکیشیان سەر لە نووسینی پەرتووک دەردێنن. لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە بڵاوکراوەکانی باشوور بە یاسایی و نایاسایی سنوورەکان دەبڕن و لەنێو ڕۆژهەڵاتدا بڵاو دەبنەوە. تاقمێک لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتیش پەڕیوەی باشوور دەبن و لە دامودەزگای فەرهەنگی و میدیای گشتیدا کار دەکەن. بەشێک لەوانەش کە نیشتەجێی ئەودیون، بەرهەمەکانیان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەنێرنە دیوی گەرمێنێ و بەم جۆرە تێکەڵ بە کاروباری فەرهەنگیی باشوور دەبن.

بە پێچەوانەی ئەم پێشکەوتنە فەرهەنگییانەی کە لەم دواییانەدا لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە، ئەم بابەتە لە وڵاتانی سۆڤیێتی پێشوو و بە تایبەتی لە ئەرمەنستاندا بە سەر ڕەوشێکی تووش و ئەستەمدا دەکەوێ و دوابەدوای چەندقەڵشتبوونی ڕژێمی کۆمیونیستی شوڕەوی و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنستان، نکوڵی لە مافی فەرهەنگیی کوردان لە لایەن دەوڵەتی ناوبراوەوە دەکرێ. لە ئەنجامدا، بەشێکی زۆری پڕبیران و پێنووسبەدەستانی کورد ناچار بە جێهێشتنی وڵات و کۆچ لە ئەرمەنستان بەرەو ڕووسیا و ئەورووپا و ئوسترالیا دەبن. ئەوانەشی کە دڵیان بەرایی نادا نیشتمان جێ

بێڵن، دەبنە گاوگەردوونی هەڵاواردنی ئۆلی و ڕەگەزپەرەستانە و هێلانەیان لێ دەشێوێ و وەیلانی وڵاتی دی دەکرێن.

## سەراسوێیەکی بەرهەمەکان

شێرزاد حەسەن (١٩٥١)لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم وەکوو نووسەرێکی جیددی دەردەکەوێ و لە کۆتاییەکانی هەمان دەیەشدا پێشکەوتنی مەزن تۆمار دەکا. ئەو وێڕای نووسینی دوو کۆمەڵەچیرۆک بە ناوەکانی «تەنیایی» لە ساڵی ١٩٨٣ و «گوڵی ڕەش» لە ساڵی ١٩٨٨دا، ڕۆمانێکی کورتیش کە بە نۆڤێلتیش[1] دەناسرێ، بە ناوی «حەسار» لە ساڵی ١٩٩٦دا بڵاو دەکاتەوە.

بە گشتی کارەکانی شێرزاد حەسەن، ڕەنگدانەوەی ناخی مرۆڤی مۆدێرنن کە نووسەر تێدەکۆشێ ئەم هەست و نەستە تایبەت و کەوینەکراوانە بە شێوازێکی هونەرییانە بگێڕێتەوە، یان ئەوەی کە دێ و ئەوبەرتر لە کاراکتەرەکانی دەوێستێ و ئیزنیان پێ دەدا کە چییان گەرەک بێ، بیڵێن. هەروسا، هەندێ چەمک و بابەتی پێوەندیدار بە دەروونشیکاری مۆدێرن لە کارەکانیدا بەرچاون و بە جۆرێکیش دەنووسێ کە خوێنەر زووبەزوو خۆی لەنێو کاراکتەرەکاندا دەبینێتەوە و دەتوانێ بە سەراسوێیەکی ئەم بەرهەمانەی، لەوە تێ بگا کە چۆن دنیای ناوەوەیان بیچم دەگرێ و کردارییان لە سۆنگەی چییە. خاڵێکی تری جێگەی سەرنج سەبارەت بە کاراکتەری نێو چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن ئەوەیە کە نە تەنیا شەقڵی جڤاکی کوردییان بە تەوێڵەوە نییە، بەڵکوو کەسانێکی ئاسایین کە ئامپا و هاوتایان[2] لە کۆمەڵی تریشدا هەیە.

چیرۆکی «میم» یەکێ لە کارەکانی شێرزاد حەسەنە کە تێیدا حاڵوباڵی نالەباری نووسەرێکی کورد دێتە بەرباس؛ کەسێک کە خۆی لەنێوان دوو هێزی پێکناکۆکدا

---

١. زاراوەی نۆڤلێت هەڵقوڵاوی ئەدەبی ئینگلیزییە و لەنێو وێژەی کوردیدا شتێکی تازەباوە.

2. Counterparts

دەبینێتەوە. لایەکیان بریتییە لەو بیروباوەڕە مۆدێرنانەی لە ڕێگەی خوێندنەوەی پەڕتووکانەوە هەڵیهێنجاون و لایەکەی تریشیان ئەو ڕەوشت و فیکرە نەریتییانە دەگرێتەوە کە بە هۆی ئەزموونی ژیانی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا خووی پێ گرتوون. کاراکتەرەکە لەبەرامبەر ئەم نەریتانەدا دەوەستێتەوە و دەیهەوێ خۆی لە کۆتوبەندی باو ڕزگار بکا، بەڵام لە ئاکامدا تاکی بەئاگا و ڕوونبیر دەرۆستی کۆمەڵگە نایە و دوورەپەرێزیی هەڵدەبژێرێ.

حەسار (١٩٩٦) یەکێکی ترە لە بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن کە دەتوانێ وەک ڕۆمانی کورت، یان بە بارێکی تردا وەک چیرۆکێکی درێژ بێتە ئەژمار. لەم کارەدا، باوکی ماڵێ کە مرۆڤێکی چەکمەڕەق و بەخۆپەرموویە، وەک نموونەیەکی زەق و زیندووی دەسەڵاتی ئەخلاقی و جڤاکی و سیاسی دێتە بەر باس؛ کەسێک کە ئەگەرچی خۆی خولقاوی خەڵکە، بەڵام ژیان دەکاتە ژان لە کۆمەڵگە. تا ئەوەی کە کوڕی نۆبەرەی خەنجەری لێ لە کالان دەردەکێشێ و ئاوڕیشی دەبێتەوە و دەستی پێ لە دنیایە بەردەدا. لەو کاتەدا کە سێبەری باوکی دەستڕۆیشتوو لەسەر سەری ماڵێ نامێنێ، هەموو ئەوەی وا لە پاشی جێ دەمێنێ هەر لە هەوێکانەوە بگرە تا دەگاتە ئاحێلەکوڕ و قەیرەکچانی، کە گشتیان هێمان بۆ کۆمەڵگە، دەکەونە دەراوی تەنگی سەرلێشێواوی و بشێوییەوە و لە کردایان تەڕیق دەبنەوە و دەیانەوێ بۆی تێهەڵچنەوە و لەسەر جێگەی پێشووی داینێنەوە. ئەوەی لێرەدا نووسەر دەیهەوێ بە خوێنەری بڵێ بریتییە لەوەی کە ڕزگاریی ڕەها لە ڕێگەی کوشتنی چەند تاکەکەسێکەوە دەستەبەر نابێ، بەڵکە گەیشتن بەو ئامانجە حەوجەمەندی هەڵکشانی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤە لە بناغە و بنەڕەتەکانی کۆمەڵگە.

عەتا نەهایی (١٩٦٠) یەکێ لە نووسەرانی بواری چیرۆک و ڕۆمانە لە کوردستانی ئێراندا. ئەو لەم ساڵانەی دواییدا وێڕای بڵاوکردنەوەی برێ لە نووسینەکانی خۆی لە گۆڤارە کوردییەکانی ئێران، دوو کۆمەڵە کتێبی ڕۆمان و کورتەچیرۆکی بە چاپ گەیاندووە، کە بە هۆی تەنراویی ئەم کارانەی بە تانوپۆی زمانێکی کێشدار و کوتانی

ڕچـــەی گێڕانەوەی مۆدێرن، هۆی داوەتەوە و جیاواز دەرکەوتووە. ئەو لە بەرهەمەکانیدا بە مژارگەلی بــاو و پڕپێچ‌وپلووچی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە خەریک بووە و وەکوو تێمی بەرکارەکانی خەملاندوونی، کە ئەوانیش گشتیان گوزاریشتن لە ڕۆچوونی ناوبراو بە ناخی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی بەسەر بابەتەکاندا.

نەهایــی لە ڕۆمانی «گوڵی شـۆڕان»دا، مێــژووی کوردانی ڕۆژهــەڵات لە مەودای نێوەڕاســتەکانی دەیەی ١٩٤٠دا بەســەر دەکاتــەوە، واتە ئەو ســاتەوەختەی ئینگلیز لە باشــووری ئێران دایدەکوتێ و ســۆڤییتیش دەخزێتە نکاڵی باکووری ئــەم وڵاتە و لەو نێوەدا کوردەکان هەلەکە دەقۆزنەوە و دەوڵەتــی کوردی، واتە کۆمارە یازدە مانگەکەی خۆیان ڕادەگەیەنن. دواجار، کۆماری ســاوای کوردان بە سەر دەرئەنجامێکی ناخۆش و نەخوازراودا دەکەوێ؛ ســەرۆککۆمار و هەژمارێک لە ســەرداران دەچنە ســەر دار و دەوڵەتەکە دەڕوخێ. هەرچەندە ئێستاشــی لەگەڵدا بێ نووســین لەســەر ئەم قۆناخە بە شێوەیەک لە شێوەکان بڤەیە،[1] بەو حاڵەشەوە، عەتا نەهایی لە گوڵی شۆڕاندا تانوپۆیەکی باش بۆ ئەم ڕووداو و قۆناخە هەڵدەبەستێ و بە خۆبواردن لە زمانی سیاسەت و لە ڕێگەی دەکارکردنی هێما و خوازەکان[2] بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، هێز و جوانی بە بەرهەمەکەی دەبەخشێ. لەم ڕۆمانەدا، کە کاراکتەری سەرەکی «لاس» کوڕی وسوئاغا و لە خێزانێکی مامناوەندی شاری بانەیە، بە کۆڵەبارێک هیوا و ئاواتەوە بەشداری بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد دەبێ و بە هەرەسی کۆماریش، کۆڵ نادا و لەو پێناوەدا پازدە ساڵان ئاوارەیی و دەربەدەری دەچێژێ. کاتێ دەگەڕێتەوە ئامێزی بنەماڵەکەی و حەوتوویەک لای دایک و برا چکۆلەکەی دەمێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە باوکی ســەری ئاوابووە[3] و ژنەکەشی

---

١. جیا لە پێشمەرگە و گوڵی شۆڕان، «جان دۆست»ی ڕۆماننووسی کوردستانی سوریاش، ئەم قۆناخەی کردووەتە هەوێنی یەکێ لە ڕۆمانەکانی و بە ناوی «مژاباد»، کە وەرگێڕانی دەقاودەقی کرمانجیی وشەی مەهابادە لە ٢٠٠٣دا بڵاوی کردووەتەوە. بۆ خوێندنەوەی دارشتی سۆرانیی ڕۆمانەکە [وەرگێڕ]، بڕوانە:
دۆست، جان(٢٠١٦). مژاباد. وەرگێڕانی بۆ سۆرانی فەرهاد چۆمانی. هەولێر:ماڵی وەفایی.

2. Metaphors
3. has died

لە هێوەری خۆی مارە کراوەتەوە و تەنیا شـتێک لێرەدا بۆی ماوەتەوە کوڕەکەیەتی، کە ئەویش مشووری لێ ناخوا و بەخێرهاتنەوەی ناکا. ناچار بە جێیان دێڵێ. زۆری پێ ناچێ کە لە کوێرەدێیەکی چەپەک، جەندەکی دەدۆزرێتەوە. لەوحەلەدا کە تابووتەکەی بەرەو گۆڕسـتان لەسـەر شـانانە، کوڕەکەی دەگاتێ و دەدا لە بانگ و هاوارێ و دەڵێ: «ئەوە باوکی منە مردووە». مردنی ئەم باوکە وەک هێمایەک بۆ مەرگی هزرێکی سیاسـی وێنا دەبێ و کوڕەکەش وەک جیلی نوێ دێتە پێناسەکردن، بەڵام هیچ شتێک لەسەر داهاتوو ناگوترێ (نەهایی، ١٩٩٩).

حەلیم یووسـف (١٩٦٧) نووسـەری کوردی خەڵکی «عامووده»ی کوردسـتانی سـوریایە کـە زۆربەی کارەکانی بـە زمانی عارەبی نووسـیوە، بەڵام دواتر بەشـێکیانی هێناوەتە سـەر زمانی کوردی. وێڕای ئەوانەش، چەند بەرهەمی تریشی ڕاستەوڕاست بە زمانی زگماکی خۆی داناوە. ئەگەر بێینە سەر باسی بەراوردکێ، دەکرێ بڵێین کارەکانی حەلیم یووسف لە چەندین بوارەوە هاوشێوەی کارەکانی شێرزاد حەسەنن، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ وروژاندنی ئەو پرسـیارە بوونگەرایانەی کە لە دەروون و دەروونخانی تاکی مۆدێرندا کەڵەکە بوون. لە بواری تەکنیکیشەوە، ڕوونە کە ناوبراو شوێنهەڵگرەوەی «سـەلیم بەرەکات»ی بە ڕەچەڵەک کورد، بەڵام بە پێنووس پێشەنگ و ناوداری ئەدەب و ڕۆمانی عارەبییە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش، ناکرێ باسی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بکەین و خۆ بوێرین لە ناوهێنانی دوو قەڵەمبەدەستی باکوور، کە بەرهەمە تازەکانیان لە هەردوو نوختەنیگای ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە، ئاوێتەی گۆڕان و گەشەیەکی هونەریی بەرچاون. ئەم دووانەش کەسێ نین جگە لە «فرات جەوەری» و «حەسەنێ مەتێ».

فرات جەوەری (١٩٥٩) خەڵکی «دێرک»ی کوردستانی تورکیا و کوڕی خێزانێکی مامناوەندیی ئەم مەڵبەندەیە. ئەو پاش ڕابواردنی تافی ساوایەتی و زارۆکێتی لە گوند، ڕوو لە یەکێ لە شارەکانی کوردسـتان دەکا. کەچی لەبەر چالاکیی سیاسی، لە وڵاتی خۆی

تەرە دەکرێ و چارناچار وەکوو پەنابەر سەر وە وڵاتی سویدێ دەکا.

فرات سەردەقی کاری ئەدەبیی خۆی بە هۆنینەوەی هۆزان و هەڵبەست دەشکێنێ. ئینجا، بۆ ڕەخساندنی بوارێکی بێتر بۆ گێڕانەوەی سەربردەی خۆی، دەست بۆ نووسینی چیرۆک دەبا و لە ساڵی ١٩٨٦دا یەکەمین کورتەچیرۆکی خۆی بە ناوی «گرتی» بڵاو دەکاتەوە. شیاوی باسە کە زۆربەی بەرهەمەکانی ناوبراو گرێدراوی ئەزموونی ژیانی تاکەکەسیی ئەون لە گوند و شێوازی گێڕانەوەشیان ساکار و نەریتییە و مژار و تێمی سەرەکیشیان، کێشەی چینایەتییە، واتە ناکۆکی و ڕکەبەریی نێوان جووتیاران و دەرەبەگی گرێدراوی ڕژێمی تورکان. لەگەڵ ئەوانەشدا، دەرکەوتنی فرات جەوەری وەکوو نووسەرێکی سەرڕەو و سەرکەوتووی بواری چیرۆکنووسی، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دەیەی نەوەد و بڵاوبوونەوەی کۆچیرۆکی «کەڤۆکا سپی». ناوبراو لەم کارەیدا بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی پێشووی، هوردبینانەتر مژارەکانی دەست دەداتێ و وێڕای نەبواردنی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان، سەر دەبەر ژیانی تاراوگە دەنێ و لەو بارەیەوە هەڵوێست و پەرچەکرداری خۆی دەخاتە ڕوو (Cewerî,2002)؛ بۆیە دەکرێ بڵێین «کەڤۆکا سپی» یەکێکە لە بەرهەمە باشەکانی فرات جەوەری، کە لەوێدا زۆر لێزانانە کاراکتەرەکان شەن و شرۆڤە دەکرێن و هەردوو لایەنی دەروونی و دەرەکیی ئەوان تێکدەچنرێ. ئەمەش دەبێتە دەرفەتێک بۆ خوێنەر هەتا ئەم دوو جیهانە ئەزموون بکا کە زۆر جاران دژبەیەک و لێکنەچوون. لەگەڵ هەموو ئەوانەش، ترۆپکی سەرکەوتنی فرات لە زنجیرەیەکی کورتدایە، کە لەوێدا برایەک بڕیاری کوشتنی خوشکی خۆی دەدا و ئەوجار، لە زمان براکە، یان هەمان بکوژەکەوە دێ و باسی ئەو هێزە پێکناکۆکانە دەکا کە هانیان داوە بۆ ئەوەی بڕیاری جیاواز بدا. جیا لەوە، ستایل و هونەری گێڕانەوەی فرات جەوەری لەم کۆچیرۆکەیدا گەلێک باشترە لە چاو ئەوانی پێشووی. هەروەها، لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا، وەستایانە گرینگیتیی خەون و خولیای قارەمانی چیرۆک ڕادەنوێنێ و پێی دەنێتە سەرای دەروونیانەوە.

حەســەنێ مەتــێ (١٩٥٧) یەکێکــی تر لە چیرۆکنووســانی کوردســتانی تورکیا و لەدایکبووی ئەرگانێیە. ئەو ماوەیەکی زۆر وەکوو مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی تورکیادا کاری کردووە، بەڵام بە هۆی هەڵسووڕانی سیاسی وڵاتی جێ هێشتووە و ساڵی ١٩٨٥ وەکوو پەناخواز ئاودیوی سوێد بووە. تاوەکوو ئێستا مەتێ دوو کۆمەڵەچیرۆک، ڕۆمانێک و داســتانێکی کورتی بەرهەم هێناوە. لە بــواری هەڵبژاردنی مژار و بەرکاری کارەکانیشــی، دەکرێ بڵێین کە مەتێ چەشــنی شێرزاد حەســەن و حەلیم یووسف، لە دووی شــتی تایبەت و تاقانەدا هەڵوەدا بووە و لەو بارەشەوە زۆر بەتەنگ ئەوەوە نەبووە کە داخۆ ئەم بابەتانە لە کۆمەڵی کوردیدا دیاردەیەکی باو و گشتین، یا ئەوەی کە دەگمەن و ڕیزپەڕن.

کاتێ مەتێ نەســت و نــاخ و ئاوەر و ئــاوەزی کاراکتەری ســەرەکی هەڵدەکۆڵێ و سروشــتی نابەرهەســت و نەدیــاری دێنێتە گــۆڕێ، دەردەکەوێ کــە تایبەتمەندییە دەروونییــەکان گەلێک جاران لــە ڕووی ڕەهەندە دەرەکییەکانی مرۆڤدا دەوەســتنەوە. ئەمــەش وەک گرینگیدانی مەتێ بە بواری دەروونشــیکاری،[1] بەســوودە و خوێنەر لە سۆنگەی ئاکار و کردارە ئاساییەکانی تاکەکان دەگەیەنێ. جیا لەوانە، تەکنیکی سەرەکی لــە کارەکانی مەتێدا خوڕاوگەی بیرە،[2] بەو واتایە کە دوو ڕووداو، یان دوو فیکر لە یەک کاتدا دەچۆڕێنە نێو مێشــکی خوێنەر و پەردە لەسەر دوو جیهانی جیاواز هەڵدەدەنەوە. دواجار، ئەم دوو ڕەوتە هاوتەریب لەنێو چیرۆکەکەدا گەشــە دەکەن و دەبنە تەواوکەری یەکدی. جاری واشــە، هەڵسوکەوتی تایبەتیی کاراکتەرە سەرەکییەکان ڕەنگوڕوویەکی گاڵتەئامێزانــە وەخۆ دەگــرێ و ناکۆکیی نێوان کاراکتــەرەکان و تایبەتمەندییەکانیان بە ڕەنگێک دەبێ کە حەولودەولی شــانۆیەکی هەڵیتپەڵیت بۆ پڕوپووچ پێشاندانی ژیان وەبیر دێنێتەوە.

1. Psychoanalysis
2. Stream of Consciousness

بێتوو شێوازی گێڕانەوە لەنێو چیرۆکی جەوەری و مەتێ لەگەڵ یەک بەراورد کەین و هەڵیانسەنگێنین، ڕەنگە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە بگەین:

- لەبواری ناوەڕۆک و تەکنیکی نەقڵکردن، هەردووکیان لە دوایین کۆبەرهەمەکانیاندا سەرکەوتوو بوون.
- فرات جەوەری جەختێکی زۆر لەسەر تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی کاراکتەرەکان دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا نیشان دەدا کە بارودۆخی هەنووکەیی دەورێکی باڵا دەبینێ بۆ ڕسکانی خەسڵەتەکانی مرۆڤ، کە بۆ باسکردنی ئەم تایبەتمەندییانە کەڵک لە زمانێکی پاراو و پڕ لە وێنا و جوانکاری وەردەگرێ. بە پێچەوانە، حەسەنێ مەتێ زۆرترین بیری بە لای ناخی نەبینراو و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی کاراکتێرەکانیدا دەلەنگێ بۆ ئەوەی پەردە لەسەر شتە شاراوەکان هەڵداتەوە. جگە لەوانە، شێوازی گێڕانەوەی مەتێ ستوونییە[1] لە حاڵێکدا، ستایلی جەوەری ئاسۆییە.[2]
- جەوەری و مەتێ وەک زۆربەی هەرەزۆری نووسەرانی کوردستانی تورکیا خۆیان لە پرسی سیاسەت لە تورکیا نەبواردووە و لانی کەمی یەک یا چەند کاری خۆیان تەرخانی ئەم کێشەیە کردووە. بۆ نموونە، لە کورتەچیرۆکی «ئێپیلۆگ»دا، مەتێ داستانی گەنجێکی ڕەهەندەی دوورەوڵات دەگێڕێتەوە کە بەردەوام لە مەنفاوە بە تەلێفون لەتەک دایکیدا قسە دەکا و دایکەش بە زمانێکی خۆماڵییانە هەواڵی سیاسی و دەنگوباسی خەڵکی بۆ دەگێڕێتەوە و نووکوبەدی ئەو شتانەی قەوماوە لە مستی کوڕەکەی دەنێ (Metê, 1988). فرات جەوەریش لە ڕێگەی کاراکتەری دوکتۆرێکەوە، کە دواجار لە لایەن پۆلیسی هەواڵگریی تورکەوە بە تاوانی یارمەتیدانی گەریلا دەستبەسەر و ئەشکەنجە دەکرێ، خوێنەر لەگەڵ گۆڕانە سیاسییەکان ئاشنا دەکا (Cewerî,1986).

1. Vertical
2. Horizontal

پاش دەرچوونی ڕۆمانی «شـار» لە سـاڵی ١٩٨٤، حسـێن عارف دوو ڕۆمانی تری خۆی بە ناوەکانی «ئەندێشـەی مرۆڤێک» لـە ١٩٩٠ و ڕۆمانی «هێلانە» لە ١٩٩٩دا بڵاو دەکاتەوە. ئەو لە ئەندێشـەی مرۆڤێکدا دەکەوێتە باسـی ڕۆشـنبیرێکی تازەگەرا کە لە دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا دادەمێنێ. ئەو بۆ دۆزینەوەی ئۆقرە و ئارامی،[1] واتە ئەو ویستەی وا لەنێو شـار و جەماوەرەکەیدا قەت نەیتوانیوە پێی بگا، ڕوو دەکاتە گۆڕسـتان (عارف، ١٩٩٠). جیاواز لە بەرهەمەکانی دیکەی حسێن عارف، هێلانە ڕۆمانێکی ڕامیارییە و نووسـەر تێیدا باس لە ڕووداوەکانی ١٩٨٨ی کوردسـتانی عێـراق دەکا وەکوو کۆمەڵکوژی، هەڵەبجە و ئەنفال و هتـد. ڕۆمانەکە بەو جۆرەیە کە سێ کاراکتەری سـەرەکیی داستان، واتە سـوبحان، جافر و مینا کە پێشتر هەریەکەو لە ژیاندا بە شـوێن شتێکەوە بووە، چارەنووسـیان لێک گرێ دەدرێ و لە خەباتی سیاسی دژی دەسـەڵاتی عێراق و لە هەڕەمەی کارەسـاتی ئەنفال و سـووتمانی گوندەکەیان و لە چەقوتەفی دوورخرانەوە و توونبەتوونچوونی خزموکەسـیان لە کەمپەکانی باشووری عێراقدا، یەک دەگرنەوە (عارف، ١٩٩٩).

بۆ باس لەسـەر تایبەتمەندییەکانی ئـەم دوو ڕۆمانەی دوایـەی عارفدا دەبێ بڵێین کـە دابەزینێکی بەرچاو لە نووسـینی نووسـەرە پێشـڕەوەکەی بـەرەی بووژێنەرەوانی کورتەچیرۆک و چیرۆکی کوردیدا بەدی دەکرێ، بە جۆرێ کە ناوبراو زمانێکی سادە و بەدەر لە جوانکارییەکانی بەرهەمەکانی پێشووی خۆی دەکار دەکا و لە بواری فۆرمیشەوە، هێلانە لە تەکنیکە هونەرییەکانی دەیەی حەفتا هەڵدەبڕێ.

عەبدوڵڵا سیراج (١٩٣٧) نووسەری کەرکووکی، لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕۆمانی «هەڵکشان بەرەو لوتکە» بڵاو دەکاتەوە و سـاڵێک دوای وی ئیسماعیل ڕەسووڵ (١٩٢٨-١٩٩١)، ڕۆمانی «پەرسـتگای دڵداران» دەخاتە بازاڕ. لە سـاڵی ١٩٩٥شدا ڕۆمانی «ڕێگا» دەبێتە پاشـمەرگەی دانەرەکەی، واتە محەممەد مەولوود (مەم)ی مەزنەنووسەری کورد. جگە

1. Peace & Tranquility

لەوانە، ساڵی ١٩٨٥ محەممەد موکری ڕۆمانی «هەرەس» لە دوو بەشدا بەرهەم دێنێ. لە ساڵی ١٩٦٦شدا، ڕۆمانی «گوندکێ دۆنۆ» لە نووسینی مەحموود باکسی (١٩٤٤-٢٠٠٠) بڵاو دەبێتەوە. هەروەها، محەممەد ئوزون (١٩٥٣-٢٠٠٧) بە ڕۆمانەکانی «تو»، «سیا ئەڤینێ»، «بیرا قەدەرێ» و «هاوارێ دیجلەیێ» لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەردەکەوێ.

لە پێوەندی لەگەڵ باکسی و ئوزوندا، دەبێ بگوترێ کە باکسی بۆ مژاری کارەکانی، یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی هەڵگرتووە و ئوزونیش ژیاننامەی ڕێبەرانی کوردی وەکوو مەمدووح سەلیم و جەلادەت عالی بەدرخان کردووەتە تێمی ڕۆمانەکانی. بێجگە لەوە، ئەم دوو نووسەرە لە دوو باردا لە یەک دەچن. ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان لە سەرێکەوە نەیانتوانیوە بەرهەمەکانیان بە زمانێکی تەڕ و پاراو تیفتیقە بدەن و لە سەرێکی تریشەوە، لە چەپەرێکی قەتیسماوی وشەدا خولیان خواردووەتەوە. ئەوانەش کاریگەریی خراپیان لەسەر بەرهەمەکانیان داناوە و خستوونییە خانەی کارێکی فەرمی و دۆکومێنتارییەوە. واوەتر لەوانە، ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی ئوزون کراوە کە ناوبراو لە بواری ئەدەبییەوە دەمەلاسکێی ئەملا و ئەولای کردووەتەوە (Ferhad,1933).

خوسرەو جاف و عەزیزی مەلای ڕەشیش لەبەر ئەوەی وا لە لایەک، بەرهەمهێن بوون و لە لایەکی تریشەوە، کارەکانیان بە دەوری مێژووی کوردستاندا گێژوخولیان خواردووەتەوە، وەک دوو ڕۆماننووسی بەرچاوی ئەو قۆناخە دادەنرێن.

خوسرەو جاف (١٩٤٠) نووسەری لەدایکبووی کەلاری مەڵبەندی گەرمیان، لەم ساڵانەدا کۆمەڵێک ڕۆمان بە ناوەکانی «هیچ» (١٩٩١)، «پاشایان کوشت» (١٩٩٣)، «ڕاز» (١٩٩٤)، «گەماڵ» (١٩٩٥)، «دەربار» (٢٠١١) و «دەغدو» (٢٠١٣) بڵاو دەکاتەوە، کە خوێنەر بە خوێندنەوەی هەرکامیان پەلکێشی داهێنان و بزۆزیی زمانی نووسەر دەبێ و دەبینێ گشت بوارەکانی سیاسی، جڤاکی، زانستی و خەیاڵی لە لایەن جافەوە بەسەر کراونەتەوە.

لە ڕۆمانی «هیچ»دا، کە سـۆزانییەک[1] دەوری کاراکتەری سەرەکی دەگێڕێ، جاف ڕووداوەکانی دەیەی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ی ناوچەی گەرمیان دەگێڕێتەوە، کە لەودا وەرزێران و جەماوەری کوردی ناوچە بە پاڵپشتی و هاندانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی شـیوعیی عێراق،[2] دەسـت دەکەنەوە لەبەرامبەر هێزەکانی ڕژێمی پاشـایەتیی عێراقی داردەسـتی بەریتانیایە (جاف،١٩٩١). لە ڕۆمانی «پاشـایان کوشـت»دا نووسەر وێڕای نیشاندانی ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای جۆراوجۆری سیاسی، مێژوویی و فەرهەنگییەوە، دەپەرژێتە سـەر سـەربردە و سەرێنی دەسـەڵاتی سـێ نەوە لە مەزنەپیاوانی جاف، کە باب‌وکالی خۆی بوون و نازناوی پاشایەتییان لە سوڵتانی عوسمانیی ئەوسا وەرگرتووە و بوونەتە جڵەودار و جڵەوکێشـی جافی گەورەهۆزی کوردستان. پاشا لەم ڕۆمانەدا وەک کەسایەتییەک وێنا دەکرێ کە لەپێناو ئاوات و ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیدا لەنێوان دوو دەسـەڵاتی ئەوکات، واتە عوسـمانی و قاجار و میرنشینەکانی کورددا لە ڕایەڵکەدا دەبێ (جاف،١٩٩٣).

«گەماڵ» وەک ڕۆمانێکی دیکەی خوسرەو جاف، لەگەڵ ئەوەی وا کەوتووەتە ژێر شـەپۆلی زەریای قـووڵ و بێکەناری بنزاراوەی گەرمیان و لە زمانـی پێوەر تەکیوەتەوە، لەچاو کارەکانی دیکەیدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە و لە بواری سـتایل و شێوازیشەوە هاوشێوەی مەزرای ئاژەڵان[3]ی جۆرج ئۆروێڵە،[4] کە لەوێدا زمانی هێمایی و سیمبۆلیک دەبێتە ئامرازی باسـکردنی دڕندەیی و هەڕەشـەی دەوڵەتی عێـراق لەهەمبەر خەڵکی کوردسـتان. لەم کارەدا ڕۆڵی سەرەکی دەدرێتە سەگێک کە بە ڕێکەوت سەر لە وڵاتی بەریتانیا دەردێنێ، بەڵام لەوێ توند و وێڕای سـەدان ئاژەڵی تر ڕەوانەی دابڕگە[5] دەکرێ. ئاخرسەر، گەماڵ و ژمارەیەکی زۆر لەو ئاژەڵانەی لەتەکیا گیرابوون، لە لایەن بەریتانیاوە

1. Prostitute
2. Iraqi Communist Party
3. Animal Farm
4. George Orwell
5. Quarantine

مافی پەنابەرییان دەدرێتێ (جاف،١٩٩٥).

عەزیـزی مـەلای ڕەش (١٩٤٠) نووسـەرێکە خاڵـی هاوبەشـی زۆری لەگـەڵ خوسرەو جافدا هەیە؛ لە سـەرێکەوە، هەردووکیان سـەرپاکی تین و تواناییان لەجیاتی چیرۆکنووسین، تەرخانی ڕۆمان کردووە. لە سەرێکی ترەوە، هەردوو نووسەر شێوەزاری مەڵبەندی خۆیان، واتە دەشـتی هەولێر و گەرمیانیان بۆ نووسـینەکانیان دەکار کردووە. مەلای ڕەش تاوەکوو ئێستا چوار ڕۆمانی بە ناوەکانی «*کوێخا سێوە*» (١٩٨٦)، «*غەوارە*» (١٩٩١)، «*خاک و چەوسـاندنەوە*» (١٩٩٨)، «*خاک و کێشـەی مان*» (١٩٩٩) چاپ و بڵاو کردووەتەوە. ئەوەی لە بەرهەمەکانی عەزیزی مەلای ڕەشـدا وەک پەیامی سیاسی دێنە بەرچاو، دەرخەری دوو ڕەهەندن کە یەکیان خەباتی نەتەوەیییە بۆ پاراستنی نیشتمان لەبەرامبەر پرۆژەی بەعارەبکردنی کوردستان. ئەوی تریشیان، کێشەی چینایەتی و پرسی جووتیارانـی بێدەرەتان و بابەدەسـتی[1] گوندە لەبەرامبەر ئاغـا و دەرەبەگی دەوڵەمەند. جگە لەوانە، نووسـەری ناوبراو کارەکانی بـە ڕایەڵوپۆی ئەدەبـی بەرەنگاریی نەریتی و کلاسـیکەوە دەبەسـتێتەوە. ئەمەش وەبیرهێنـەوەی ئەو ئەدەبیاتەیە کە نووسـەرانی ئەلجەزائیری لەبەرامبەر داگیرکاریی فرانسـادا نووسـیویانە، بەڵام شـتێک کە عەزیزی مەلای ڕەش لە ئەلجەزائیرییەکان هەڵداوێرێ ئەوەیە کە ناوبراو بە زمانی زگماکی خۆی، واتە کوردی تاوێ داوەتە پێنووسێ، کەچی دانانی بەرهەمی ئەلجەزائیرییەکان بە زمانی داگیرکەرەکەیان بووە.

وەک ئاشـکرایە، لەنێو جیهانی گێڕانەوەی مۆدێرنـی کوردیدا خەڵکانێکی تریش هەن کە دەشـێ لە سۆنگەی ڕێژەی بەشدارییان لە گەشەونەشـەی ئەم ژانرە لە ئەدەبی کوردیدا بە سەر بکرێنەوە. ئەمانیش بەشێکیان بریتین لە کەسانێکی وەکوو فازل کەریم ئەحمەد، کەریم دانشیار، ناجی کوتلای، مونزور چەم، ئەکرەم عەلی، سەعید ناکام، باقیێ نازێ، فەواز حسێن، سلێمان دەمیر، سدقی هروری، مەهاباد قەرەداغی، مستەفا ئایدۆگان،

1. Indigent

حەمەکەریم عارف، ئارام کاکەی فەلاح، شـاهین بەکر سورەکلی، حەکیم کاکەوەیس، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، کاروان عومەر کاکە سوور، هیوا قادر، جەمال جەبار غەریب، توانا ئەمین، بەختیار عەلی، عەتا محەممەد، عیززەدین یووسف و هتد، کە لە ڕاستیدا ئەگەرچی پەرژانە سـەر بەرهەمی هەمووی ئەم کەسـایەتییانە لە دەرەوەی مەودای جوسـتوجۆی ئێستادا بووە، بەڵام شۆڕبوونەوی زیاتر بە ناخی دەسکەوت و دەرئەنجامی بەرهەمی ئەم دەساڵەی دوایی نووسەرانی ناوبراودا، بابەتێکی پێویستە کە تینووی تەتەڵەی تایبەت و لەکەودانی دانستەیە.[١]

١. کەسانی تریش هەن کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەنووکە خەریکی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانن. سەرەتا بەنیاز بووم ناوەکانیان لێرە ڕیز بکەم، بەڵام چونکە ئەو بابەتە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئەم توێژینەوەیە، خۆم لە نووسینی ناوەکان و باسکردنی بەرهەمەکانیان بواردووە و ئەم مژارەم داناوە بۆ توێژینەوەیەکی تر [وەرگێڕ].

# ئەنجامگری

مێژووی زۆربەی دەقە سەرەتاییەکانی پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە سەر سەدەی بیستەم و ئەمەش لە لایەن بەشێکی زۆری پەیجۆران و پسپۆڕانی مێژووی وێژەی کوردییەوە وەک بنەمای گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی هاتووەتە ئەژمار. تێڕوانینێکی ورد لەسـەر ئەم تێکسـتانە دەرخەری ئەوەیە کە ئەم نووسراوانە زیاتر ڕەنگ و بۆنی ئاینی و فێرکارییـان هەبووە، یا لانی کەم هەوڵێک بوون لەپێناو تۆمارکردنی ئەفسـانە و چیرۆکە زارەکییەکان. ئەم ڕەوتە بەردەوام بووە تا ئەوەی کە لەو هەلوهاتەدا پۆلێک دەق بە شەقڵ و مۆرکی چیرۆکەوە پێیان ناوەتە جەغزی جیهانەوە و بوونەتە دووبەردە و بەردی بناغەی دانانی دیواری ئەم ژانرە نوێیە لە وێژەی کوردیدا.

پرسیارێک کە زاف جاران لەو بارەیەوە دەورووژێنرێ، ئەوەیە کە ئاخۆ نووسەرانی بواری گێڕانـەوەی مۆدێرنی کوردی کەوتوونەتە داوی نەریتـی گێڕانەوەی ڕۆژاوا، یان داخوا نووسـەرانی کورد ئاگاداری ڕەوتی ڕۆمان و چیرۆکنووسی ڕۆژاوا بوون، یا نە؟ لە وڵامی ئەم پرسیارانەدا دەبێ بگوترێ کە ئەو نموونە بەراییانەی کە تا دەیەی ١٩٣٠ بڵاو کراونەتەوە، پاڵپشتی ئەم بۆچوونە ناکەن، بەڵام لەو بەرهەمانەی کە لە قۆناخی دەرکردنی گۆڤارەکانـی هاوار و گەلاوێـژدا بڵاو بوونەتەوە، ئەم شـوێندانەرییە بەسـەر بەرهەمی نووسەرانی کورددا دەبینرێ، بە شـێوەیەک کە بەڕێوەبەران و نووسەرانی ئەم گۆڤارانە

کەوتوونەتە سەر ئارەزووی ناساندنی کورتەچیرۆک و چیرۆکی ڕۆژاوایی بە خوێنەری کورد و بۆ ئەم مەبەستەش لە ساناترین چارەڕێ، واتە وەرگێڕانی ئەم دەقانە بۆ زمانی کوردی کەڵکیان وەرگرتووە. ئەمەش وەرگێڕانی ڕێژەیەکی زۆری ڕۆمان و چیرۆک بۆ سەر زمانی کوردی لە ساڵەکانی دەیەی حەفتا و هەشتادا لێ کەوتووەتەوە.

ئاڵوگۆڕ لە هەلومەرجی سیاسیی کوردستان هاوکات لەگەڵ گۆڕانی ئایدیۆلۆژیی سیاسی، کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر پەرەسەندنی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٤٠دا. لە دەیەی ١٩٨٠شدا، لە سۆنگەی داکەوتنی درمی چەپێتی و سۆسیالیستی، بەرهەمی بەشێک لە نووسەران بە سووراوی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ڕەنگڕێژ بووە. هەروەها، ژێرکەوتن و شکستە سیاسییەکان لە لایەک و پەرەسەندنی بیرۆکەی بوونگەراییی فرانسی لە لایەکی تر، بوونەتە هۆی نیشتنی کەڕووی پوچگەری بەسەر بەشێ لە بەرهەمە کوردییەکان. وێڕای ئەوانە، ئەدەبی بەرەنگاری وەک هەڵوێست و پەرچەکرداری نووسەرانی کورد لەئاست دۆخی داسەپاوی سیاسی و تیغی سانسۆر و سڕینەوەدا، سەری هەڵبڕیوە و لەو پێناوەشدا چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بوونەتە کەرەستەیەکی هونەری بۆ داشداری و بەرەوەپێشبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

لە باسوخواسی پێوەندیدار بە گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی، ئیدعای ئەوە هەیە کە نووسەرانی دەیەی ١٩٧٠، براوەی مەیدانن و کەوتوونەتە ڕیزی سەرەوە. ئەم جۆرە بۆچوون و دەرئەنجاموەرگرتنە خۆی لە خۆیدا دەرخەری ئەم گریمانەیە کە هەر دە ساڵ جارێک نەوەیەکی نوێی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس سەری هەڵداوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە وردانەی لەسەر مێژووی وێژەی کوردی کراون، ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ کە لەدایکبوونی هەر نەوەیەکی نوێ لەو نووسەرانە لە سۆنگەی قەیران و ئاریشەی مێژوویی و سیاسی لە کوردستاندا بووە. جگە لەوە، ڕەوشی تازەی هەرێمی کوردستان، جیلێکی نوێی نووسەری کورد پێ گەیاندووە، بەڵام ئەوانەشی لەگەڵ بێ، کەسانێکی دەیەی حەفتاکانیان تێدایە، کە هەنووکەش چەرخی چالاکی و نووسینیان لە گەڕدایە.

لەم دە ساڵەی دواییدا، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسێکی زۆر لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا ناویان هاتووەتە نێو ناوان، کە ئەم ڕێژەیە لە داهاتوودا دەبنە ماک و کاکڵی ڕەوتێکی نوێ لە وێژەی کوردیدا، کەچی بەو حاڵەشەوە، ڕووماڵی گشت ئەم بابەتانەی وا بڵاو دەکرێنەوە شتێکی ئاسان نییە و لەبری ئەوە قسەکانم بەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەبڕمەوە:

- ئەگەر پێشتر بەشێکی زۆری ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عێراق بەرهەم دەهات، ئەوە ئێستاکە گەشەیەکی باش لەو بوارەوە لە هەموو پارچەکان لە ئارادایە.
- زمانی فەریکەنووسەران لە ئاستێکی بەرز و بەجێدا نییە و بازنەی وشەکانیشیان بەرتەسکە.
- ڕێژەی ئەو ڕۆمانە نوێیانەی ئێستاکە دەردەکەون، زۆرترە لەچاو ئەو ژمارەیەی وا لە لایەن نووسەرانی دەیەکانی پێشووە بەرهەم هاتوون. لە دە ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ڕۆمانی چاپکراو نزیک بە حەوت قات زیاتر بووە لە تەواوی ئەو بەرهەمانەی کە لە ڕابردووی مێژووی ئەدەبی کوردیدا بڵاو بوونەتەوە و هەژمارێکی زۆریش لە گەنجان دەستیان داوەتە قەڵەم و لە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانیاندا خێران.

سەرەڕای هەموو ئەمانە و وەک خاڵی کۆتایی، دەبێ بڵێین کە بەشێکی زۆری داهاتوو و دوورەدیمەنی وێژەی کوردی گرێدراوی هەڵکشانی هەلومەرجی ڕامیاریی کوردستانە، هەڵبەت تەنیا کەسێکی نووسەرە کە سەرکێشی و سەرەڕۆییەکی وەها دەکا و داهاتوو دێنێتە پێش چاوان و خەتی لێ دەکێشێ، ئەگینا نوقڵانەلێدان و پێشدیتنی پاشەڕۆژێ کارێکی هەروا ئاسان و ئاوانتە نییە.

# کتێبنامە

## کوردی


- ئەحمەد، ئیبراهیم. (١٩٥٩). کوێرەوەری. بەغدا: نجاح.

— (١٩٧٢). ژانی گەل. سلێمانی: کاکەی فەلاح.

- ئەحمەد، کەمال مەزهەر. (١٩٧٨). تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

- ئەمین، موحەڕەم محەممەد. (١٩٥٩). مام هۆمەر. هەولێر: کوردستان.

— (١٩٦٩). ئادەمیزاد. سلێمانی: کامەران.

- ئیسماعیل، ئەحمەد محەممەد. (١٩٦٧). دارەکەی بەرماڵمان. بەغدا: سلمان الاعظمي.

— (١٩٧٣). دەستی ئۆخەی. سلێمانی: ڕاپەڕین.

— (١٩٧٨). ئەسپ. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری.

— (١٩٨٢). چاوەڕوانی. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری.

- بابان، جەمال. (١٩٥٧). خانزاد. بەغدا: کتێبخانەی گەلاوێژ.

— (١٩٦٩). سەید کەڵەک. بەغدا: أسعد.

— (١٩٧٣). مامەیارە. بەغدا: دار الجاحظ.

- بایەزیدی، مەلا مەحموود. (١٩٦٣). عادات و ڕوسووماتنامەی ئەکرادییە. نوسخەی م.ب. ڕۆدینکۆ. مۆسکۆ.

— (١٩٨٦). تەواریخی قەدیمی کوردستان. نوسخەی ک.ک. کوردۆییف و ز.س. موسایلیان. مۆسکۆ.

- بۆتانی، کاکەمەم. (١٩٦٩). بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا. بەغدا: ڕاپەڕین.

— (١٩٧٣). سمکۆڵی ئەهریمەن. سلێمانی: ڕاپەڕین.

— (١٩٧٩). بازنە. هەولێر: شارەوانی.

- بەرزنجی، عومەر مەعرووف. (١٩٧٨). لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی١٩٢٥-١٩٦٩. بەغدا:

کۆڕی زانیاریی کورد.
- بەرزنجی، مارف. (١٩٩٣). سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید. هەولێر: ڕۆشنبیری.
- بێگەرد، ڕەئووف. (١٩٧٧). بوار. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

—(١٩٩١). بەرەو چیا. سلێمانی: شەهید عەبدولخالق مەعرووف.

—(١٩٩٣). کۆلان. ستۆکهۆلم: وەشانخانا ئاپێک.

- پەیمانا نوو (١٨٧٢). ستەمبوول.
- پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (١٩٣٤). مەم و زین. سلێمانی: ژین.

—(١٩٣٥). دوانزە سوارەی مەریوان. سلێمانی: ژیان.

- تەمۆ، فوئاد. (١٩١٣). چیرۆک. ڕۆژی کورد، (٢).
- جاف، حەسەن. (١٩٨٥). چیرۆکی نوێی کوردی. بەغدا: ڕۆشنبیری.

—(١٩٨٦). لە خەونەکانی نامۆیەک. هەولێر: ڕۆشنبیری.

- جاف، خوسرەو. (١٩٨٩). کۆردەرە. بەغدا: دارالجماهیر.

—(١٩٩١). هیچ. بەغدا: دار الرسالة.

—(١٩٩٣). پاشایان کوشت. بەغدا: دار الرسالة.

—(١٩٩٤). ڕاز. بەغدا: دارالحریة.

—(١٩٩٥). گەماڵ. بەغدا: دار الحریة.

—(٢٠١١). دەربار. هەولێر: ئاراس.

—(٢٠١٣). دەغدو. هەولێر: ئاراس.

- جاف، ئەحمەد موختار. (١٩٧٠). مەسەلەی ویژدان. پێشەکی و لێکۆڵینەوەی د. ئێحسان فوئاد. بەغدا: ارشاد.
- حەسەن، ڕەئووف. (١٩٧٩). سبەینێ باوکت دێتەوە. بەغدا: دارالحریة.

—(١٩٨٢). کرێکار و چیرۆکی کوردی. بەغدا: عەلاء.

—(١٩٨٨). تەوقەی خۆشەویستی. بەیان، (١٤٨)، ١٠-١٦.

- حەسەن، شێرزاد. (١٩٨٣). تەنیایی. بەغدا: ئەمینداریێتیی گشتی.

—(١٩٨٨). گوڵی ڕەش. بەغدا: ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

—(١٩٩٦). حەسار. هەولێر: پەروەردە.

- حەسەن، محەممەد فەریق. (١٩٧٧). سێبەری ئەسپەشێ. سلێمانی: کامەرانی.

—(١٩٧٩). ڕستێک زەنگیانەی ئاوی. بەغدا: عەلاء.

- خانی، ئەحمەد. (١٩٦٢). مەم و زین. ئامادەکردنی م.ب، ڕۆدینکۆ. مۆسکۆ.
- خەزنەدار، مارف. (١٩٦٩). ئەڵەمان کوردی. بەغدا: أسعد.

— (١٩٦٩). بووکەشووشە. بەغدا: أسعد.

— (پێداچوونەوە) (١٩٧٦). چیرۆکی هەڵبژاردە. بەغدا: ڕۆژی کوردستان.

- ڕۆژی کورد. (١٩٨١). بڵاوکردنەوە و پێشەکیی جەمال خەزنەدار. بەغدا: الموسسة العراقية.
- سائیب، جەمیل. (١٩٧٥). لە خەوما. پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.
- سەججادی، عەلائەددین. (١٩٦٠). هەمیشە بەهار. بەغدا: المعارف.

— (١٩٧٨). دەقەکانی ئەدەبی کوردی. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

- سەعید، محەممەد ساڵح. (١٩٥٧). کاروانی. بەغدا: سلمان الاعظمي.

— (١٩٦٧). شمشاڵی شوان. بەغدا: سلمان الاعظمي.

— (١٩٧٠). ئاشتیی کوردستان. بەغدا: العربيه.

- سیراج، عەبدوڵڵا. (١٩٨٠). لاکێشە ڕووناکەکان. بەغدا: ڕۆشنبیری و بڵاوکرنەوەی کوردی.

— (١٩٨١). مردوو خەون نابینێ. بەغدا: کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی.

— (١٩٨٢). بارام ناوێک هەبوو. بەغدا: کۆڕی زانیاریی عێراق/دەستەی کورد.

— (١٩٨٩). هەڵکشان بەرەو لوتکە. بەغدا: ڕۆشنبیری و بڵاوکرنەوەی کوردی.

— (١٩٩٥). پەیک. فرانسا: Éditions aapkf.

- عارف، حسێن. (١٩٥٩). لە کۆڕی خەباتا. سلێمانی: کامەران.

— (١٩٧١). کەلافەیەک ژانی تووڕە. نەجەف: النعمان.

— (١٩٧٦). شەفەق، لە «چیرۆکی هەڵبژاردە». بەغدا: حوادث.

— (١٩٧٧). چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠. بەغدا: ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

— (١٩٧٩). توێشووی سەفەرێکی سەخت. بەغدا: دارالسلام.

— (١٩٨٣). گەلەگورگ. بەغدا: ئەمینداریتیی گشتی.

— (١٩٨٦). شار. بەغدا: ئەمینداریتیی گشتی.

— (١٩٨٧). بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی١٩٢٥-١٩٨٣. بەغدا: ئەمینداریتیی گشتی.

— (١٩٩٠). ئەندیشەی مرۆڤێک. بەغدا: الاجيال البياع.

— (١٩٩٩). هێلانە. سلێمانی: سەردەم.

- غالب، سەباحی. (١٩٧٩). ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا؛ ١٩٢٥-١٩٧٠. بەغدا: ڕۆشنبیری.

- فەتتاح، شاکر. (١٩٤٣). مودیربەگ. گەلاوێژ، (١٠)، ٦٤-٧١.

— (١٩٤٤). بووک و خەسوو. گەلاوێژ، (٥)، ١٨-٢١.

— (١٩٤٧). شەبەنگە بەڕۆژ. بەغدا: المعارف.

- قازی، ئەحمەد. (١٩٨١). باقەبێن. تاران: گرافیک فیلم.
- قازی، ڕەحیم. (١٩٦٢). پێشمەرگە. بەغدا: الوفاء.
- قازی، شێخ حسێن. (١٩٣٥). مەولوودنامە بە زمانی کوردی. بەغدا: نجاح.
- قزڵجی، حەسەن. (١٩٧٢). پێکەنینی گەدا. بەغدا: بنکەی پێشەوا.
- قەفتان، کاووس. (١٩٦٩). دە چیرۆک. بەغدا: سلمان الاعظمي.

— (١٩٧٠). خۆری ئاوابوو. سلێمانی: کامەران.

— (١٩٧١). ڕاوەبەران. سلێمانی: کامەران.

— (١٩٧٩). نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ. بەغدا: ڕۆشنبیری.

— (١٩٨٥). پێنج تابلۆی شێواو و چەند چیرۆکی تر. بەغدا: حوادث.

— (٢٠٠٠). ژووری میوان. سلێمانی: سەردەم.

- کاکەی فەلاح، ئارام. (١٩٩١). زەراب. ستۆکهۆڵم: بنکەی سارا.

— (١٩٩٢). چاوەڕوانی. ستۆکهۆڵم.

— (١٩٩٨). بەیازی گوڵفرۆشێک. ستۆکهۆڵم: میدیا.

— (٢٠٠٣). وێنەکان دووبارە دەبنەوە. سلێمانی.

— (٢٠٠٧). نووسینەوەی درک. سلێمانی: ڕۆژنامەی ئاوێنە.

- کۆیی، حاجی قادر. (١٩٨٦). دیوانی حاجی قادری کۆیی. ئامادەکردنی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. بەغدا: ئەمینداریێتیی گشتی.
- کەریم، مستەفا ساڵح. (١٩٥٨). زرەی زنجیر. سلێمانی: ژین.

— (١٩٦٠). شەهیدانی قەڵای دمدم. بەغدا: نەقابەی مامۆستایان.

— (١٩٨٤). ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم. بەغدا: الادیب.

- هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە. (١٩٥٣). وەرگێڕانی گۆران. بەغدا: المعارف.
- مەلا کەریم، محەممەد. (١٩٨١). عەقیدەی کوردی مەولانا خالیدی نەقشبەندی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق «دەستەی کورد»، (٨)، ١٩٩-٢٢٢.
- مەلای ڕەش، عەزیز. (١٩٨٦). کوێخا سێوە. هەولێر: ئەمینداریێتیی گشتی.

— (١٩٩١). بۆرە. بەغدا: الزمان.

— (١٩٩١). غەوارە. بەغدا.

— (١٩٩٨). خاک و چەوسانەوە. هەولێر: ڕۆشنبیری.

— (١٩٩٩). خاک و کێشەی مان. هەولێر: ئاراس.

- مەنسوور، ئەحلام. (١٩٨١). پرد. بەغدا: ڕۆشنبیری.
- مەولوود، محەممەد. (١٩٧٠). چیرۆکەکانی مەم. بەرگی ١. بەغدا: بەڕێوەبەرێتیی گشتی.

— (١٩٨٤). چیرۆکەکانی مەم. بەرگی ٢. هەولێر: ڕۆشنبیری.

— (١٩٨٦). پاییزە خەون. بەغدا: دارالحرية.

— (١٩٩٤). ڕێگا. ستۆکهۆڵم.

- نەبەز، جەمال. (١٩٥٦). لالۆ کەریم. هەولێر: کوردستان.
- نەریمان، مستەفا. (١٩٧٧). بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٧٥. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

— (١٩٨٦). فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد. بەغدا: ئەمینداریێتیی گشتی.

— (١٩٨٨). بیبلیۆگرافیای دوو سەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٨٦. بەغدا: ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- نەهایی، عەتا. (١٩٩٢). زریکە. بانە: ناجی.

— (١٩٩٥). تەنگانە. تەوریز: ناشر-مولف.

— (١٩٩٩). گوڵی شۆڕان؛ لە شوێن چارەنووسێکی ون. سەقز: محەممەدی.

— (٢٠٠٤). ئەو باڵندە بریندارە کە منم. سلێمانی: سەردەم.

— (٢٠٠٧). باڵندەکانی دەم با. سنە: ژیار.

— (٢٠٠٧). گرەوی بەختی هەڵاڵە. سلێمانی: ڕەنج.

**Kurdî**

- Barnas, Rojen. (1997). Hingê. weşanên Nûdem. Stockholm: Nûdem.
- Bedirxan, Celadet Alî. (1932). Ber Tevna Mehfûrê.hawar, (4),1-4.
- Bekir, Mihemed. (1987)." Pêşgotin "Di: Hwar; Kovara Kurdî. (1-9). VII.
- Bozarslan, Mehmed Emîn. (1979). Meyro. Stenbol: Deng.
- Cewerî, Firat. (1992). Kevoka Spî. Stockholm: Nûdem.

— (1986). Girtî. Stockholm: Nûdem.

— (2002). Romanseke çilmisî. Stockholm: Nûdem.

— (2005). Payiza Dereng. Stockholm: Nûdem.

- Ferhad, Xalîd. (1933). Mehmed Uzun û çîroka dizya Tu, Armanc. (142).
- Metê, Hesenê. (1991). Smîrnoff. Stockholm: Welat.

— (1994). Labîrenta cinan. Huddinge: Welat.

— (1998). Epîlog. Järfälla: Nûdem.
— (2000). Tofan. Spånga: Apec.
— (2007). Gotinên Gunehkar. Stembol: Avesta.
— (2011). Li Dêrê. Stembol: Nûdem.
— (2013). Pêsîrên Dayê. Spånga: Apec.
— (2014). Îşev û çîroka dawîn. Stembol: Peywend.

- Sadînî, M. Xalid. (2000). Feqiyê Teyran Jiyan, Berhem û Helbestên Wî. Stembol: Nûbihar.
- Zaza, Nûredîn. (1941). Xurşîd. hawar. (27),10.

— (1941). Gulê.hawar. (29).8-9.
— (1995). Keskesor. Stockholm: Nûdem.

### عربی

- الحيدری، جمشيد. (١٩٨٤). تاريخ تطور النثر الفني الكوردي في العراق ١٩٢٥-١٩٦٠، (١)، ٨٢-٩٣.
- الخالدی المقدسی، يوسف ضياءالدين پاشا. (١٨٩٣). الهدية الحميدية فی اللغة الكردية؛ معجم كردي- عربي. حققه وقدم له مع دراسات لغوية الأستاذ الدكتور محمد مكري. بيروت: مكتبة لبنان.
- الزفنگی، احمد بن الملا محمد. (١٩٨٧). العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري. الطبعة الثانية. الصباح.
- رسول، عزالدين مصطفی. (١٩٨٤). آراء في القصة الكُردية، الاقلام، (٢-٣)، ١١٢-١٢٢.
- سعيد، نورالدين محمد. (١٩٧٨). القصة الكُردية في ملتقى صلاح الدين، العراق، (٧٦٤)، ٣.
- عارف، حسين (١٩٧٨). الواقعية الانتقاديه في القصة الكُردية، الاقلام، (٢)، ١١٢-١٣١.

— (١٩٨٤). اشكال التكنيك الحديثة في القصة الكُردية ١٩٧٠ وما بعدها. الاقلام، (٢-٣)، ١٢٣-١٣٥.
— (١٩٨٥). عشرون قصة الكُردية. بغداد: منشورات مجله كاراون.
— (١٩٨٦). مختارات من الادب الكُردي. بغداد: منشورات مجلة كاروان.

### English

- Genocide in Iraq; The Anfal Campaign Against the Kurds (1993). Human Rights Watch / Middle East Watch.
- Makiya, Kanan. (1993). Cruelty & Silence. London: Jonathan Cape.
- The Encyclopaedia of Islam. (1981). Kurds, Kurdistan, (New edition), (V).
- Van Bruinessen, Martin. (1983). "Kurdish Tribes and the State of Iran: The Case of Simko's Revolt" in: Tapper, Richard (ed): The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan, London, 364–400.

### France

- Jaba, M. Alexander. (1860). Recueil de notices et récits Kourdes.St-Pétersbourg.

# لیزگەی ناوەکان


ا

الاخبار: ٨٠

الهدية الحميدية في اللغة الكردية: ٣٦

ئـ

ئازەربایجان: ٢١

ئاسیا: ٢٢

ئاشەوان: ٨٧

ئافریقا: ٢٢

ئاگری: ٦٦

ئاگرین، عەبدوڵڵا: ٨٥

ئاڵمانیا: ١٠٩

ئامریکا: ١٤٢، ١٤٤

ئامێد: ٩٢

ئاوات: ٦٦

ئاوجی، زیا: ٧٨

ئاوێنە: ١٤٦

ئاویەر: ١٤٦

ئایدۆگان، مستەفا: ٣٤، ١٥٧

ئوزون، محەممەد: ٤٦، ١٥٥

ئوستراليا: ١٤٤، ١٤٦

ئووتاس، بوو: ٢٨

ئۆپسالا: ٢٢

ئۆروێل، جۆرج: ١٥٦

ئۆزدەمیر: ٦٢

ئەتاتورک: ١٠٦

ئەحمەد، فازل کەریم: ١٥٧

ئەحمەد، کەمال مەزهەر: ٤٦

ئەحمەد، ئیبراهیم: ٤٢، ٦٨، ٧٠، ٨٥، ١٠٠، ١٠٢، ١١٠، ١١١، ١١٩، ١٣٢، ١٣٦، ١٣٩

ئەرگان: ١٥٢

ئەرمەنستان: ٢٠، ٣٤، ١٤٦

ئەرمەنی: ٢٧، ٥٤

ئەستەمبووڵ: ٣٦، ٤٠، ٥٤، ٥٥، ٥٦

ئەسەد، میرۆیێ: ٢٢

ئەشۆ، وەزیرێ: ٢٢

ئەفریقی: ٢٣

ئەفغانی، عەلی محەممەد: ٢٥، ٤٨

ئەگەرێمەوە وڵاتم: ١٠٨

ئەلجەزائیری: ١٥٧

ئەلئەقلام: ٤٣

ئەمین، توانا: ١٥٨

ئەمین، موحەڕەم محەممەد: ٣٩، ٧٦

ئەندێشەی مرۆڤێک: ١٥٤

ئەورووپا: ١٩، ٢٤، ٥٥، ٥٨، ٨٣، ١٤٤، ١٤٦

ئیبۆ، سەعیدێ: ٢٢

ئێپیلۆگ: ١٥٣

ئێران: ٢٥، ٦٥، ٨٧، ٩١، ٩٤، ٩٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٤٢، ١٤٦، ١٤٨، ١٤٩

ئیرەوان: ٣٤، ٧٨

ئیسماعیل، ئەحمەد محەممەد: ٩، ٨١، ١١٤

ئیلخانیزادە، مستەفا: ٨٧

ئینگلیز: ٢٣، ٢٦، ٢٩، ٣٨، ٣٩، ٥٤، ٦٣، ٦٦، ٧٩، ١٤٥، ١٤٧

ئێهرەنبورگ، ئیلیا: ٦٧

بـ

بابان، جەمال: ٣٩، ٦١، ٧٧، ١٢٠، ١٢٤، ١٣١، ١٣٩

بابێ ڕەشۆ: ٦٠

بارزانی: ٦٥، ٧٣

بارزانی، مەلا مستەفا: ٧٤

باڤێ نازێ: ١٥٧

باکسی، مەحموود: ١٥٥

بالزاک، هۆنۆ دێ: ٦٧

بانە: ١٤٩

بایەزیدی، مورادخان: ٥٣

بایەزیدی، مەلا مەحموود: ٣٦، ٥٣، ٥٤
بایەزیدی، ئیسماعیل: ٥٣
ببووره ماڵی جەنابتان نییە: ١٢٢
ببووم بە دڕکی مەم و زین: ١٢٠
بتلیسی، شەرەفخان: ٥٤
برادۆست: ٩٥
برادۆست، ئەمیر خان: ٩٤
برایەتی: ٨١
برياجی: ١٠٧
بڵیند و نەوی: ٩٤
بوزئەرسەلان، محەممەد ئەمین: ٨٦، ١٠٦، ١١٩، ١٢٥، ١٢٦
بووا، تۆما: ٤٦
بوونگەراییی فرانسی: ١٦٠
بۆتانی، کاکەمەم: ٨٥، ١١٣
بۆکان: ٨٧، ١٠٧
بە ئامانج گەیشت: ١٠٥
بەدرخان، جەلادەت: ٤٨
بەدرخان، جەلادەت عالی: ٥، ٣٧، ٦٢، ٦٣، ١٥٥
بەدرخان، کامەران: ٢٤
بەدرخان، میقداد میدحەت: ٥٥
بەر تەڤنا مەحفووری: ٣٧، ٦٢
بەرزنجی، عومەر مەعرووف: ٤٢، ٤٣، ٤٨، ٥٧، ٥٨، ١٠٣
بەرزنجی، لەتیف حامید: ٤٨
بەرزنجی، مارف: ٧٩
بەرلین: ١٠٨
بەریتانی: ٦٢
بەریتانیا: ٦٢، ١٥٦
بەرەکات، سەلیم: ٢٤، ٤٨، ١٥٠
بەعس: ١٩، ٨٣
بەغدا: ٣٤، ٤٠، ٤١، ٥٦، ٦٥، ٧٣، ٧٨، ٨١، ١٠٥، ١٠٦، ١١٤، ١١٦، ١٤٢
بەکۆ، ئووسڤێ: ٢٢
بەڵام کوردم: ١٠٨
بەیان: ٨١
بیرا قەدەرێ: ١٥٥
بێکەس، شێرکۆ: ٤٧
بێگەرد، ڕەئووف: ٩، ٨٥، ١١٤، ١٣٨

پ

پارتی دیمۆکراتی کوردستان: ٦٥، ٧٩، ١٤٣، ١٤٤، ١٥٦
پاریس: ٢٥
پاشایان کوشت: ١٥٥، ١٥٦
پوچگەری: ١٦٠
پۆرتوگالی: ٢٣
پەرستگای دڵداران: ١٥٤
پەهلەوی: ١٠٧
پەهلەوی، ڕەزاخان: ١٠٧
پەیمانا نوو: ٥٤
پیرەمێرد: ٦٤، ٦٧، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤
پێشمەرگە: ٧٨، ٩٥، ٩٦، ١٤٩
پێکەنینی گەدا: ١٠٣

ت

تاج و تەختی کوێخا هۆمەر: ١٠٧
تاران: ٤٦، ٥٦، ١٠٧
تاڵەبانی، حەسەن: ٦٥
تاڵەبانی، فازل ڕەئووف: ٦٥
تو: ١٥٥
تورکیا: ٤٩، ٨٦، ١٠٦، ١٠٨، ١١٩، ١٤٥، ١٤٦، ١٥٠، ١٥٢، ١٥٣
تووتن: ٧٩
تۆتانی، فلیت: ٨٦
تۆفیق بەگ: ٣٦
تۆڵستۆی، لیۆ: ٦٧
تەرماخی، مەلا عەلی: ٥١
تەزووی خەم لە گۆرانییە دڵدارییەکاندا: ١٢١
تەسریفی کرمانجی: ٥١

تەمۆ، فوئاد: ٣٦، ٣٧، ٦٠، ١٣٣
تەنیایی: ١٤٧
تەواریخی قەدیمی کوردستان: ٤٥
تەورێز: ٩٤
تەیموور، محەممەد: ٢٤، ٤٨
تەیموور، مەحموود: ٢٤
تیرێژ: ٨٦، ٨٧
ج
جاف، حەسەن: ٤٥
جاف، خوسرەو: ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧
جاف، وەسمان پاشا: ٦٤
جاف، ئەحمەد موختار: ٦٣، ٦٤، ٩٨، ٩٩، ١٣١، ١٣٣
جامیع یێ ڕیسالەیان و حیکایەتان: ٥٣
جڤاتا تەلەبەیێن کوردان: ٣٦
جندی، حەجیێ: ٢٣، ٣٤
جۆرجیا: ٢٠
جۆیس، جەیمس: ١٣٥
جەبار غەریب، جەمال: ١٥٨
جەبار، ئاسیا: ٢٣
جەعفەری، نەسرین: ٩٤
جەلالی، ئیبراهیم ئاغا: ١٠٦
جەمیل پاشا، فواد: ٧١
جەمیل پاشا، قەدری: ٣٦
جەهانی، کارینا: ٢٩
جەوهەراغا: ٦٩
جەوەری، فرات: ١٥٠، ١٥١، ١٥٣
جێنێڤ: ٥٦
چ
چارەڕەشیی وەرزێر: ٢٥
چای شیرین: ٧٨
چەپێتی: ١٦٠
چەم، مونزور: ١٥٧
چێخۆف، ئانتۆن: ٦٧
چیرۆکی کرمانجا: ٦٠
چین: ١٠٨
ح
حسێن، فەواز: ١٥٧
حوزنی موکریانی، حسێن: ٦٦
حەریری، عەلی: ٥٤
حەزرەتی محەممەد: ٥٢
حەسار: ١٤٧، ١٤٨
حەسەن، ڕەئووف: ٤٥، ٨١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٦، ١٣٥، ١٣٦
حەسەن، شێرزاد: ١٤٧، ١٤٨، ١٥٠، ١٥٢
حەسەن، محەممەد فەریق: ٨٥، ١٢٠
حەسەنیانی، عەلی: ٨٧
حەڵەب: ٥٤
حەیدەری، جەمشید: ٤٦
حیزبی دێمۆکراتی کوردستان: ٦٥
حیزبی شیوعیی عێراق: ١٥٦
حیزبی هیوا: ٦٥
حیلمی، ڕەفیق: ٦٥
خ
خاتێ خانم: ٣٤
خاچ: ١٢٠
خازێ: ١١٩
خاک و چەوساندنەوە: ١٥٧
خاک و کێشەی مان: ١٥٧
خانزاد: ٣٩، ٧٧
خانی، ئەحمەدێ: ٣٥، ٤٠، ٥٣، ٩٢، ٩٣
خودادادەی کورد دینەوەری، ئەحمەد عەلی: ٢٥
خوڕاوگەی بیر: ١٣٥، ١٥٢
خورشید: ٧٢
خوویەکی پووچ: ١٠٣
خەزنەدار، مارف: ٤٦، ٥٨، ٨٥، ١٠٥
خەملّی پەمۆ: ١٢٥
د
دانشیار، کەریم: ١٥٧

داوودی، زوهدی: ٤٨
دایرەی ئاسایشی عەشایری: ١٠٧
دڵسۆز: ٦٦
دلێر، خالید: ٣٩
دمدمنامە: ٩٤
دوانزە سوارەی مەریوان: ٦٤، ٩١
دوای سەرخۆشیی زۆر شێتییە: ٦٤
دو موپاسان، گی: ٦٧
دۆست، جان: ٩٤، ١٤٩
دەربار: ١٥٥
دەروێشیان، عەلی ئەشرەف: ٢٥، ٤٨
دەشتی هەولێر: ١٥٧
دەغدو: ١٥٥
دەڤی گور: ١٢٦
دەمیر، سلێمان: ١٥٧
دەنگی ڕاستی: ٦٦
دەنگی کورد: ٦٦
دەنگی گێتیی تازە: ٦٦
دیاریی لاوان: ٦٤، ٦٥
دێرک: ١٥٠
دیلان، محەممەد ساڵح: ٤٧
دیمەشق: ٥٢، ٧٠
ر
ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک: ٦٦، ٦٧
ڕاز: ١٥٥
ڕایسز لە خوێنیانا ئەژی: ١٢٥، ١٣١
ڕیالیزمی سۆسیالیستی: ١٦٠
ڕزگاری: ٨١، ٨٦
ڕوانگە: ١٤٦
روز سیاه کارگر: ٢٥
ڕوشدییە: ٥٥
ڕووسیا: ٢١، ٢٢، ١٤٦
ڕووناکی: ٦٤، ٨١
ڕووی کردەوە شاخ: ١٢٢
ڕۆدینکۆ: ٥٣
ڕۆژا نوو: ٦٧
ڕۆژا وڵات: ٨٦
ڕۆژی کورد: ٣٦، ٣٧، ٦٠
ڕۆناهی: ٦٧
ڕەسووڵ، شوکریە: ٥٣
ڕەسووڵ، ئیسماعیل: ١٥٤
ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم: ١٢١
ڕەشید، تۆسنێ: ٢٢
ڕەواندز: ٦٢
ڕێکخراوی لاوانی دارکەر: ٦٥
ڕێگا: ١٥٤
ڕێگا و هەوار: ١١٤
ڕێگای ئازادی: ٨٦
ز
زازا، نوورەددین: ٣٤، ٧١
زاقایێ دەهسالی: ١٢٠
زانست: ٦٦
زرێبار: ١٤٦
زەکی بەگ، جەرراحزادە: ٣٦
زەکی بەگ، ئەمین: ٦٥
زەنگەنە، موحییەدین: ٢٤، ٤٨
زیوەر، فایق: ٦٦
ژ
ژابا: ٥٣، ٥٤
ژابا، ئەلیکساندەر: ٣٦، ٥٣
ژانی گەل: ١١٠
ژیان: ٦١
ژیانەوە: ٦١، ٦٢
ژین: ٧٣
س
ساڵانی بێدەنگی: ٤٣
ساڵح سەعید، تاهیر: ٨٥
ساڵح عەبدوڵڵا، غەفور: ١٥٨

سانت پیتەرسبورگ: ٥٣
سائیب، جەمیل: ٦١، ٦٢، ٦٣، ١٣١، ١٣٣
ستۆکهۆڵم: ١٠٣
ستێتییە، سەلاح: ٢٣
ستێر: ٦٧
سروە: ١٤٦
سریانی: ٥٤
سلێمانی: ٢٩، ٥٣، ٥٥، ٦١، ٦٢، ٦٥، ٦٦، ٧٩، ٨١
سوریا: ٢٤، ٦٧، ٧٠، ١٤٩
سورەکلی، شاهین بەکر: ١٥٨
سوڵتان عەبدولحەمید: ٥٥
سوید: ٧٨، ١١٠، ١٤٣، ١٤٥، ١٥١، ١٥٢
سوێسنایەتیی سەردەشت: ١٠٧
سوێسنی، کوێخا هۆمەر: ١٠٧
سوێسنی: ١٠٧
سۆڤێت: ٢٠، ٢١، ٢٧، ٣٣، ٣٤، ٤٠، ٦٦، ١٤٦، ١٤٩
سەبری، عوسمان: ٧١
سەجادی، عەلائەددین: ٥٣، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧٨، ٩٣، ٩٤، ١٠٠، ١٠١، ١١٧، ١١٨، ١٣٧
سەدام: ١٤٢
سەدام حسێن: ١٩
سەردار، عەمەریکێ: ٢٢
سەردەشت: ١٠٦، ١٠٧
سەرفی کوردی: ٥١
سەرهەنگ پزیشکیان: ١٠٧
سەرینەبۆر: ١٠٥
سەعید، محەممەد سالح: ٣٩، ٧٩، ١٣١
سەگمان، بەشارێ: ٧١
سەلاحەدین: ٤٣
سەلیم، مەمدووح: ١٥٥
سیا ئەڤینێ: ١٥٥
سێبەری سەرەمەرگ: ١١٣
سیراج، عەبدوڵلا: ٨٥، ١٥٤
سیروان: ١٤٦

## ش

شا عەبباسی دوویەم: ٩٤
شار: ١٢٧، ١٥٤
شارەزور: ٩٢
شاکەلی، فەرهاد: ٩، ١٩، ٢٩، ٤٠، ٥٣
شانامە: ٩٢
شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو: ١٠١
شکاک: ٩٤
شوانی کورد: ٢٤، ٣٤
شوڕەوی: ١٤٦
شۆڕشی ئاگری: ١٠٨
شەبەنگە بە ڕۆژ: ٦٩
شەڕەفخان: ٥٤
شەفەق: ٧٣، ٧٧
شەکسپیر: ٧٤
شەمۆ، عەرەبێ: ٢٤، ٣٤، ٩٤
شەهیدانی قەڵای دمدم: ٧٧، ٩٤، ٩٦
شەهیدی زوڵمە و کفن و شۆردنی ناوێ: ١٠٧
شەوێش: ٦٠
شێخ سەعیدی پیران: ٦٣
شێخ مەحموود: ٦٢، ٦٣
شێخ مەحموودی حەفید: ٥٦، ٦٢

## ع

عادات و ڕوسووماتنامەی ئەکرادییە: ٥٣
عارف، حسێن: ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٦١، ٦٢، ٦٤، ٦٦، ٦٧، ٧٨، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٤، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١٢٥، ١٢٧، ١٢٩، ١٣٠، ١٣٥، ١٥٤
عارف، حەمەکەریم: ١٥٨
عارف، سەدرەدین: ٨١
عامووده: ١٥٠
عوسمانی: ٥٥، ٥٦، ١٥٦
عەبدوڕڕەحمان، عەلیێ: ٢٢، ٣٤
عەقیدەنامەی کوردی: ٤٦، ٥٢
عەقیدەی کوردی: ٥٢

عەلی شێر: ١١٠
عەلی، بەختیار: ١٥٨
عەلی، ئەکرەم: ١٥٧
عێـراق: ١٨، ٢٤، ٢٧، ٣٣، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٧، ٤٩، ٥٦، ٦٣، ٦٥، ٦٦، ٦٩، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٣، ٨٥، ٨٦، ٩٠، ٩٩، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١٢٠، ١٢١، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٥، ١٥٤، ١٥٦، ١٦١
عیرفان، جەمال: ٦٢

**غ**

غالب، سەباحی: ٤٥
غەوارە: ١٥٧

**ف**

فرانسا: ٢٦، ٦٦، ٦٧، ١٥٧
فرانسی: ٢٣، ٣٦، ٥٤، ١٤٥، ١٦٠
فوئاد، کەمال: ٥٦
فۆڵکستۆن: ٥٦
فەتتاح، شاکر: ٦٥، ٦٨، ١٠٠، ١٢٠، ١٣٩
فەتتاح، محەممەد ڕەشید: ٨٥
فەرەج، حامد: ٦٥
فەقێ عەباس و دیمەنێکی لەیادنەچوو: ١٢٢
فەقییێ تەیران: ٣٥، ٥٣
فەلەستین: ٦٦، ٦٨
فیدایی: ٩٤
فیردۆسی: ٩٢
فیرعەون، مەولوود: ٢٣

**ڤ**

ڤان برونەسێن، مارتین: ٩٤
ڤۆڵتێر: ٧٤

**ق**

قاجار: ١٥٦
قادر، هیوا: ١٥٨
قارس: ٣٤
قازی، ڕەحیم: ٣٩، ٧٨، ٧٩، ٨٧، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١٠٣
قازی، شێخ حسێن: ٥١، ٥٢، ٥٣
قازی، ئەحمەد: ٨٧
قاسم، عەبدولکەریم: ٧٤
قاهیرە: ٥٦، ١٢١
قزڵجی، حەسەن: ٧٨، ١٠٣، ١٠٧، ١٢٥، ١٢٦، ١٣٨
قەدریجان: ٤٧، ٧١
قەرەداخی، مستەفا: ٣٩
قەرەداغی، مەهاباد: ١٥٧
قەفتان، کاووس: ٧٩، ١٠٨، ١٠٩، ١٢٤، ١٣٧
قەڵای دمدم: ٩٤، ٩٥
قەلەڕەشێ، ئەمەر پاشا: ١٠٧

**ک**

کارمامز: ٨٧
کاروان: ٤٤
کاروانی: ٣٩
کاکە سوور، کاروان عومەر: ١٥٨
کاکەوەیس، حەکیم: ١٥٨
کاکەی فەلاح، ئارام: ١٥٨
کانییە ڕەحمان: ١٣٥
کرماشان: ٢٥
کوتلای، ناجی: ١٥٧
کوردستان: ٣١، ٤٠، ٦٦
کوردی، محەممەد عەلی: ٦٤
کۆڕی پەروەردە: ٨١
کۆڕی زانیاریی کورد: ٣٤، ٤٠، ٦٥، ٨١
کۆریا: ١٠٨
کۆلۆنیالیست: ٢٢، ٢٣
کۆماری کوردستان: ٦٥، ٧٨، ٧٩
کومێ تفتک: ١٠٦
کۆمیونیزم: ٦٦
کۆمەڵی لاوان: ٦٥
کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی: ٨١
کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک): ٦٥
کوەیت: ١٤٢
کوێخا سێوە: ١٥٧

کوێرەوەری: ١٠٢
کۆیی، حاجی قادر: ٤٠
کەرکووک: ٨١، ١٥٤
کەریم، مستەفا ساڵح: ٣٩، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٨٣، ٨٥، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١٠٥، ١٢١، ١٣٥، ١٣٩
کەرەلۆتیی مەنوچەر: ١٣٧
کەشکۆڵی جادوویی: ١٣٨
کەڤۆکا سپی: ١٥١
کەلا دمدمێ: ٩٤
کەلار: ١٥٥
کەلەش، بابایێ: ٢٢
کەمال، یاشار: ٢٥، ٤٨
کەمانچەژەن: ٦٧
کەندوو: ٦٠

گ

گرتی: ١٥١
گرۆگاڵی منداڵانی کورد: ٦٦
گولێ: ٧٢
گوڵی ڕەش: ١٤٧
گوندکێ دۆنۆ: ١٥٥
گوندێ مێرخاسان: ٣٤
گویناى، ییلماز: ٤٨
گۆران: ٣٧، ٣٨، ٦٧، ٦٨
گۆرکی، ماکسیم: ٦٧
گۆڕەمەڕی، مەلاخەلیل: ١٠٦
گۆڤاری کوردستان: ٤٠، ٦٦
گۆگۆڵ: ٧٤
گوڵی شۆڕان: ١٤٩
گەلاوێژ: ٣٧، ٤٢، ٦٥، ٦٧، ٦٨، ٧٠، ٧١، ٧٣، ٧٥، ٨٣، ١٠٠، ١٠١، ١٠٤، ١٥٩
گەماڵ: ١٥٥، ١٥٦
گەورک: ١٠٧
گێسنەر، کریس: ٢٩


ل

لالۆ کەریم: ٧٧، ١٠٣
لاهووتی، ئەبولقاسم: ٢٥
لوبنان: ٢٣، ٦٧
لوتفی، عەبدولمەجید: ٤٨
لە پێناوی ئافرەتا: ٦٩، ١١٧
لە خەوما: ٦١، ٦٣، ٨٧، ١٣١
لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا: ١١٣
لە کۆڕی خەباتا: ٨٣
لەعبی، عەبدوللەتیف: ٢٣
لەندەن: ٥٦
لینینگراد: ٥٣

م

ماکۆ: ١٠٦
محەممەد سالح سەعید: ٣٩، ٧٩، ١٣١
محەممەد، عەتا: ١٥٨
مراد، قاچاخێ: ٢٢
مرادۆڤ، خەلیلێ: ٢٢
مژاباد: ١٤٩
مستەفا ڕەسووڵ، عیزەدین: ٤٤، ٥٩
مستەفا، شوکور: ٣٤
مستەفا، ئیحسان: ٦٦
مڵکاری: ١٠٧
مودیر بەگ: ١٠٠
موکریانی، هێمن: ٩٦
موکری، کامەران: ٤٧
موکری، محەممەد: ٨٥، ١٥٥
مۆسکۆ: ١٠٨
مۆمەکەی شەمامە دنحە: ١١٢
مەتێ، حەسەنێ: ١٥٠، ١٥٢، ١٥٣
مەدهۆش، محەممەد عەلی: ٣٩
مەردوخ، عەبدوڵڵا: ٢٥
مەزرای ئاژەڵان: ١٥٦
مەسەلەی ویژدان: ٦٣، ٨٧، ٩٨، ٩٩، ١٣١، ١٣٣
مەغریب: ٢٣

مەلا کەریم، محەممەد: ٢٩، ٤٦، ٥١، ٥٢
مەلای باتەیی: ٥٣
مەلای ڕەش، عەزیز: ١٥٥، ١٥٧
مەلایێ جەزیری: ٣٥، ٥٣
مەم و زین: ٣٥، ٤٠، ٦٤، ٩١، ٩٢، ٩٣، ١٢٠
مەنسوور، ئەحلام: ١٢٢
مەنمی، سەلام: ٨٥
مەهاباد: ١٥، ٥٤، ٦٥، ٧٩، ٨٧، ١٠٦، ١٠٧، ١٤٦، ١٤٩
مەولانا: ٥٢
مەولوود، محەممەد: ٧٦، ١٠٨، ١١٢، ١٥٤
مەولوودنامە: ٣٦
مەولوودنامەی شێخ حسێنی قازی: ٥٢
میرزاکەریم، غەفور: ٦٥
میرنشینی بابان: ٥٧، ٩١، ٩٢
میسر: ٢٤، ٥٥
میم: ١٤٧
ن
نازدار: ٦٤
ناکام، سەعید: ١٥٧
نان و کەوەری خوێناوی: ١٠٣
نوورەدین، بوار: ٥٨
نووشتەکەی ئامینەخان: ١٢٥
نۆبل: ٢٥
نەبەز، جەمال: ٣٩، ٧٥، ٧٧، ١٠٣، ١٣١، ١٣٩
نەریمان، مستەفا: ٥٧، ٨٠
نەقشبەندی: ٥٢، ١٤٣
نەقشبەندی شارەزوری، مەولانا خالید: ٥٢
نەهایی، عەتا: ١٤٨، ١٤٩
نیشتمان: ٦٦، ٩٦
نێوان کوردی: ١٠٧
و
وان: ٣٦
وایلد، ئۆسکار: ٦٧
ورمێ: ٩٤
هـ
هاشمی: ٧٣
هاوار: ٣٧، ٤٩، ٦٢، ٦٧، ٧٠، ٧١، ١٥٩
هاوار، محەممەد ڕەسووڵ: ٤٧
هاوارا دیجلەیێ: ١٥٥
هاوارێ: ٣٤
هاواری کورد: ٦٦
هاواری نیشتمان: ٦٦
هروری، سدقی: ١٥٧
هونەرمەند، مەلا عەبدولکەریم: ٩٤
هەتاوی کورد: ٣٦
هەرەس: ١٥٥
هەکاری، میر شەرەفخان: ٥٣
هەڵاڵە: ٦٦
هەڵکشان بەرەو لوتکە: ١٥٤
هەڵۆی کوردستان: ٢٤
هەڵەبجە: ٦٤، ١٤١، ١٥٤
هەمیشە بەهار: ٦٩
هەولێر: ١٩، ٢١، ٤٠، ٦٦، ٧٩، ١٤٩، ١٥٧
هیچ: ١٥٥، ١٥٦
هێڤی: ٣٦
هێلانە: ١٥٤
هیندستان: ٢٣
هیوا: ٧٣
ی
یادگاری لاوان: ٦٦
یاسین، کاتب: ٢٣
یافا: ٦٨
یاقووتی، مەنسوور: ٢٥، ٤٨
یامولکی، مستەفا پاشا: ٦٢
یووسف، حەلیم: ١٥٠، ١٥٢
یووسف، عیززەدین: ١٥٨



وێژەی مۆدێرن لە چاو جۆرەکانی تر هەڵگری ماتەوزەیەکی پترە و ئامیار و ئاریکارێکی باشتریشە بۆ مرۆڤی وەیلان بە شوێن خۆیدا بە چەشنێک کە ئادەمیزاد لە کلاورۆژنەی ئەدەبییاتەوە دەتوانێ سەر بەماڵی ڕابردوو، زەینییەت، ژیوار و ژینگاری خۆی و ئەوانی تردا بکا و جێگەوپێگەی ئێستای خۆی باشتر بناسێ. هەر لەم سۆنگەیەوە، ئەم ڕاستییە بۆ مرۆڤی کوردیش دەتوانێ لە سەرێکەوە ببێتە پێوادانێک بۆ ناسینی خۆی و مێژوو و ماکی ئەدەبەکەی و لە سەرێکی تریشەوە، دەتوانێ ببێتە دەلاقەیەک بۆ سەرەتاتکێی بەشێک لە ڕاستییەکان و سەراسوێی ئاوەز و ئاخاڤتەی زاڵ بەسەر خۆی و دەوروپشتیدا. جگە لەوانە، لە ئالیی جوانیناسیشەوە ناخی وشکارۆ و پرسۆی بە ئاوی کانیاوی ئەدەبەکەی ئاوپرژێن دەبێ و ڕۆحی پرژەنگوزار و شەکەت و شەلاڵیشی بە شنەی شەماڵی دیرۆکەکەی ڤێنکاییی پێ دەبەخشرێ.

9 786226 525527